حکومەتــــــی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانـــــــــــــــی / کۆلێژی زمان
بەشـــــــی کوردی

# کاریگەری بێهوودەیی لە کورتەچیرۆکی کوردیی

# کرمانجیی خواروودا ( 0791 – 0791 )

نامەیەکە

ئیبراهیم لەتیف حوسێن

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە ، بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر
لە ئەدەبـــــــــــــی کوردیدا

بەسەرپەرشتی : پ . ی . د محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری )

0901 ك 0100 ز

# پیشـــــــەكی

ئەم نامەیە كە ناونیشانی ( كاریگەری بێهوودەیی ئەوروپی لە چیرۆكی هونەری كوردیی كرمانجیی خواروودا 1791-1791 ) ی لە خۆگرتووە ، هەوڵدانێكە بۆ ناساندنی چەمكەكانی بێهوودەیی كە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی و لە ئەنجامی كارەسات وماڵ وێرانییەكانی جەنگەوە لە ئەوروپا سەری هەڵدا . بنەڕەتی ئەم فەلسەفەیە لەسەر بنەمای پووچی و بێمانایی ژیان دامەزراوە . ئەگەرچی پرسەكانی بوون و نەبوون لە قوڵایی مێژوودا لەلایەن خاوەن هزر و بیرەكانەوە جێگای تێڕامان بووە ، بەڵام تـــــــا دەركەوتنی ( ئەفسانەی سیزیف ) ی ئەلبێر كامۆ ئەم فەلسەفەیە دەرفەتی چێوەیەكی لۆجیكی بۆ نەڕەخسا . لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە كۆمەڵە نووسەرێكی بەناوبانگ تێڕوانینی بێمانایی و ناماقوڵیی ژیان و زمانی فەڕەنسی كۆی كردبوونەوە ، بیكیت و یونسكۆ و ئادەمۆف و بنتەر لە دیارترین ئەو نووسەرانەن . ئەمانە پتر لە هونەری درامادا دید و تێڕوانینەكانیان خستبووە ڕوو . ئەم ڕیبازە كەوەك ڕێبازێكی فیكری و ئەدەبی ناسرا ، سەرەتا لە فەڕەنسا و دواتر بە زۆر وڵاتانی ئەورووپیدا بڵاوبووەوە . دواتریش كاریگەری ئەم بیروباوەڕانە زوو بە ڕۆژهەڵات گەیشت و لە ڕێی ئەدەبی عەرەبییەوە لە سەرەتای حەفتاكاندا لە ئەنجامی زەمینەیەكی ڕۆشنبیری ڕەخساودا بەناوی تازەگەرییەوە بە ئەدەبی كوردی لە كوردستانی باشوردا گەیشت .

## هۆكارەكانی هەڵبژاردنی بابەتەكە :

هونەری كورتە چیرۆك لە ئەدەبی كوردیدا لەپاش بەیانی یازدەی ئازارەوە ، هەنگاوی باش و بەهێزی بە ئاراستەی پەرەسەندندا نا و لە ناوەڕۆكدا بیر و بابەتی تازەی وەك بێهوودەیی و هاوكات لە تەكنیكیشدا ، تەكنیك و شێوازی نوێی گێڕانەوەی بە كاریگەری ئەدەبی ئەورووپی بۆ دروست بوو . لە ڕاستیشدا لێكۆڵینەوەیەكی ئەدەبی سەبارەت بە كاریگەری بیروباوەڕە نوێیەكانی مۆدێرنزم وەك بێهوودەیی لەسەر چیرۆكی كوردی بەدی ناكەین . لە كاتێكدا هەست بە كاریگەریان دەكرێت لە چیرۆكی كوردی ئەو قۆناغەدا . بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم لێكۆڵینەوەیە لەو بارەیەوە ئەنجام بدەین . ئاشكراشە لێكۆڵینەوەكەمان تەنها كورتە

چیرۆکی هونەری کرمانجیی خواروو ( کوردستانی باشور ) دەگرێتەوە . بێگومان لە ڕێڕەوی ئەم توێژینەوەیەدا کەمی سەرچاوە و کزی کتێبخانەی کوردی و لەبەردەستانەبوونی سەرچاوە عەرەبییەکانیش ، گرفتێکی سەرەکی توێژینەوەکە بووە .

## میتۆدی بەکارهاتوو:

دیارە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی زانستی پشتمان بە پتر لە میتۆدێك بەستووە ، بۆیە دەتوانین بڵێین توێژینەوەکەمان توێژینەوەیەکی مێژوویی وەسفی شیکارییە .

## پلانـــی نامەکە :

لە پێناو سەرکەوتنی کارەکەدا ، پلانێکمان داناوە کە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و ڕیزکردنی سەرچاوەکان و کورتەی عەرەبی و ئینگلیزی توێژینەوەکە پێکهاتووە ، بەم شێوەیە :

**بەشی یەکەم :** چەمك و مێژووی بێهوودەیی و هۆکارەکانی سەرهەڵدان کە لەم تەوەرانە پێکهاتووە :

تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمکی بێهوودەیی
تەوەری دووەم : مێژووی ئەدەبی بێهوودەیی
تەوەری سێیەم : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی بێهوودەیی
تەوەری چوارەم : تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی بێهوودەیی
تەوەری پێنجەم : شێوەکانی بێهوودەیی

**بەشی دووەم :** دەرکەوتنی بێهوودەیی لە ئەدەبی عەرەبی و کوردیدا
کە لەم تەوەرانە پێکهاتووە :

تەوەری یەکەم : سەرهەڵدانی بێهوودەیی لە ئەدەبی عەرەبیدا
تەوەری دووەم : بزوتنەوە ئەدەبییەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەدەبی کوردیدا
تەوەری سێیەم : بێهوودەیی لە کورتە چیرۆکی کوردی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا

**بەشی سێیەم :** بێهوودەیی لە چیرۆکی کوردیی کرمانجیی خواروودا (1791– 1791)
کە لەم تەوەرانە پێکهاتووە :

تەوەری یەکەم : بەیانی یازدەی ئازار و کرانەوەی چیرۆکی کوردی بە ڕووی جیهاندا
تەوەری دووەم : بێهوودەیی لە چیرۆکی کوردی پاش بەیانی یازدەی ئازار
تەوەری سێیەم : هەرەس و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر چیرۆکی کوردی

# بەشی یـــەکەم / مێژوو و چەمکی بێهوودەیی و هۆکارەکانـی سەرهەڵدان

**تەوەری یەکەم : مێژووی ئەدەبی بێهوودەیی**

**تەوەری دووەم : زاراوە و چەمکی بێهوودەیی**

**تەوەری سێیەم : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی بێهوودەیی**

**تەوەری چوارەم : تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی بێهوودەیی**

**تەوەری پێنجەم : شێوەکانی بێهوودەیی**

# تەوەری یەکەم : مێژووی ئەدەبی بێهوودەیی

مرۆڤایەتی هەر لەو ڕۆژەوەی خاوەن هزر و هۆش و لێکدانەوە و زانین بووە ، هەمیشە پرسیاری سەبارەت بە بوونی خۆی لە دنیادا لا دروست بووە ، ئەڵبەتە تا مرۆڤیش بمێنێ ئەم پرسیارانە سەبارەت بە بوون و نەبوون مایەی تێڕامانی مرۆڤ دەبێت . زۆر لە فەیلەسوفان و بیرمەندان بە درێژایی مێژوو قسەوباسیان لە سەر پرس گەلێ هەبووە ، کە پەیوەندی بە دژبوونی دنیاو بوونەوە هەبووە . ماکی ڕاستەقینەی ژیان و نرخاندنی مرۆڤ لە ژیاندا و بایەخ و ڕۆڵیان لە نێو دنیا و کۆمەڵگاکەیدا خستۆتە ژێر تیشکی سەرنجەوە . بەڵام دیارە ئەم پرسانە ڕوونتر و بەهێزتر لە دەسپێکی سەدەی بیستەمەوە دەردەکەون ، بە تایبەتی کە سەدەی بیستەم بە سەدەی پەرەسەندنی بەهێزی تەکنەلۆژیاو سەدەی ململانێو جەنگە خوێناوییەکان دەناسرێ . فەلسەفەی عەبەسی ئەگەرچی تا دەرکەوتنی کامۆ بە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانییەوە بە تایبەت ئەفسانەی سیزیف ، چێوەیەکی لۆجیکی بۆ نەڕەخسا ، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ئەم بیرباوەڕانە بە قوڵایی مێژوودا ڕۆدەچن و لە مێژوویەکی دێریندا ئەم بیروباوەڕانە لە دیدو تێڕوانینی خاوەن بیرەکاندا بەدی دەکەین .

ئەگەر سەرنج لە مێژووی فەلسەفە بدەین ، دەبینین پرسەکانی بوون مایەی تێڕامانی زۆر لە فەیلەسوفەکان بووە لە ڕابردوودا . لە ڕاستیدا (( بەر لەوەی سوکرات و ئەفلاتون توخمی ئەقلانییەت بێننە ناو فەلسەفەوە ، فەیلەسوفەکان لەگەڵ ( مەسەلەی بوون ) دەستەوئێخە ببوون و پرسیاری ئەوەش کە مانای زیندووبوون چییە و بوون چی دەگەیەنێ زۆربەیانی سەرسام کردبوو .. هەندێ لە فەیلەسوفان بەر لە سوکراتیش بێ‌ئەوەی ئاگایان لە ئالۆزییەکانی فیکری فەلسەفەی داهاتوو بێت سەرگەرمی وەڵامدانەوەی جیدیانەی ئەم جۆرە پرسیارانە بوون . پارانیدی کە لەسەدەی پێنجەمی بەر لە زایندا لە کۆڵۆنییەکی یۆنانیدا لە باشوری ئیتالیا ( کە پێیان دەوت ئیلیا ) دەژیا ، بڕوای وابوو ( بوون ) توخمێکی تاقانە و نەگۆڕی گشت وجودە . بەواتایەکی دی بە بۆچوونی ئەو ( هەموو شتێك یەك شتە ) شتی وەکو فرە چەشنی و گۆڕان و جووڵە جگە لە دیاردەیەکی ڕووکەش هیچی دی نین . فەیلەسوفە یۆنانییەکانی تری پێش سوکراتیش پرسیار لە بارەی جیاوازی بوونی شتی واقیعی و چەمکە ئەبستراکت و شتە خەیاڵییەکانەوە دەکرد )) [1] . هەروەها لە کتێبی پیرۆزی

[1] پۆڵ ستراتێرن ، کیرکەگۆر ، و: ئازاد بەرزنجی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2113 ، ل 14- 15

( سفری جامعە ) دا زۆر لێکدانەوە سەبارەت بە بوون و نەبوونی مرۆڤ و بێمانابییەکانی ژیان بەدی دەکرێت و زۆر پرسیار لەو لایەنەوە خراوەتە ڕوو : (( پوچی پوچەکان هەموو پوچن.. ئەبێ سودی مرۆڤ چی بێ لەو هەموو هیلاکی و ماندووبوونەی لە ژێر هەتاودا دەیبینێ .. چەرخێ دەڕواو و چەرخێ دێ و زەویش هەر جێگیرە .. ))[1] . لە بەشی دووەمی ( اصحاح الثانی ) ئەم کتێبە پیرۆزەدا ( جامعەی کوری داودی پێغەمبەر ) باس لەوە دەکات کە چی هەرچی خۆشی و خۆشگوزەرانی جوانی و بەرزی و بەنرخی و شادمانییەك هەیە بەدەستی هێناوە و پادشای پادشاکان بووە و خۆشی و جوانییەك نەماوە بەدەستی نەهێنێ ، بەڵام دواجار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (( سەرجەم ئەو کار و کردەوانەم ڕق لێ دەبێتەوە کە لەژێر هەتاودا کردوومن ، چونکە دەبێ بۆ یەکێکی دیکەی بەجێبێڵم ))[2] . ئەم باوەڕە تێڕوانینێکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە مردن وەك ڕوودا و کارەساتێ هەمیشە ماك و بایەخ و بوونی مرۆڤ بێهوودە دەکات . دیارە ئێمە مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ هەرکاتێ خاوەن هزر و هۆش بووبێ ، ڕەنگە پرسیاری سەبارەت بە گەردوون و بوون وڕۆڵی مرۆڤ لە دنیادا لادروست بووبێ . پێویستە ئەوەش دووپات بکەینەوە کە بێهوودەیی وەك هەستێکی مرۆڤایەتی ڕەنگە لای هەر کەسێ لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بەدی بکرێ بە جیاوازی بیروباوەڕ و ئاستی ڕۆشنبیرییانەوە . هەروەك کامۆ دەڵێ : (( پووچی ژیان شتێ نییە ئادەمیزاد لە کتێب و تێۆرە ئایدۆلۆژییەکانەوە فێری ببێ ، بەڵکو ئەم هەستە لە ژیان خۆیەوە بەرەو ناخی مرۆڤ دەکشێ ))[3] . دیارە ئەوەش گومانی تێدا نییە کە هۆکاری گرنگ و بەهێز هەن لە دەرکەوتنی بێهوودەیی لای نەوەیەك لە قۆناغێکی دیاریکراودا ، (( لە ڕاستیدا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە دیدی زۆر لەوانەی خاوەن بیرو هۆش و لێکدانەوەی وردن ، مانای تەواوی لەدەستداوە و ئەوەی تا پێش ئەم قۆناغە بە ڕاست و نەگۆڕ و چەسپاو دادەنرا و دەبینرا لێك هەڵوەشانەوە و سەرجەم هیواو ئاواتەکانی مرۆڤایەتی هەرەسیان هێنا . لەم نێوەندەدا مرۆڤ خۆی لە بەردەم دنیایەکی ترسێنەر و نالۆجیك و ناماقوڵدا بینیەوە ))[4] . دیارە دەرنجامی ئەم ڕەوشە بۆشایی ڕوحی لە ئەورپادا پەرەی سەند و مرۆڤیش سەنگ و قورسایی و بوونی خۆی لەدەستدا بە تایبەت کە نەیتوانی لە بەرامبەر کارەسات و مەینەتییەکانی جەنگدا بوونی خۆی و کۆمەڵگاکەی بسەلمێنێ . ئالێرەوە نەوەیەك لە

[1] سفر الجامعة ، الاصحاح الاول http://www.st-takla.org/

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە

[3] چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری ، ل 74

[4] مارتن اسلن ، دراما اللامعقول ، ص 13

ئەوروپادا سەرهەڵدەدەن کە بڕواو متمانەیان بەسەرجەم بەها کۆمەڵایەتی و دامەزراوە ڕامیارییەکان لە دەستداوە ، تەواو وێڵ و گۆشەگیر و دابڕاو دەبینرێن . پتر لە هەموو کاتێکیش هەست بە پووچی و بێمانایی دنیاو بێهوودەیی هەوڵەکانی مرۆڤیش لە گەردونێکی ناماقوڵدا دەکەن .

ئەڵبەتە ئەدەب وەك سەرخان لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا دەستبەرداری ژێرخانە ئابوری و ڕامیاریەکانی و قۆناغە مێژووییەکەشی نابێ ، بۆیە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵە نووسەرێ لە ئەوروپا لە پاش جەنگی جیهانی دووەم دەردەکەون کە دەرهاویشتەی ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و شێواوە بوون . دیارە ئەم کۆمەڵە نووسەرە پتر لە هونەری شانۆدا بیروباوەڕە بێهوودەکانی خۆیان دەخستە ڕوو دواتریش بە ئەدەبی عەبەسی یان ناماقوڵ ناسران . ئەم نووسەرانە پێیان وابوو سەرجەم دەرەنجامەکانی جەنگ نەگێتف و پڕ لە کارەسات و ڕووخێنەر بوون ، دەرەنجامەکانی جەنگ دەروونێکیان خوڵقاند ، بێمتمانەیی و گۆشەگیری و تاکێتی سیمای دیاریان بوو . ئەم بیروباوەڕانە هەروەك وتمان بە شێوەیەکی ڕوون لە جەنگی جیهانی دووەمەوە و لە پاش نووسینە جۆراوجۆرەکانی کامۆ یەوە دەبینرێ ، چونکە چێوە لۆجیکییەکەی ئەم فەلسەفەیە ئەو دایڕشت و سودی زۆریشی لە فەلسەفەکانی پێشووتر بینی . بەتایبەت فەلسەفەی بوونگەرایی و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی بێهوودەیی لە نێو منداڵدانی بوونگەراییەوە نەشونمای کرد و (( خاڵی هاوبەشی نێوانیان بڕوانەبوون و ڕەتکردنەوەی سیستەمە ڕوشنبیری و ڕامیارییەکانی دنیای بورجوازییەتە ، چونکە ئەم دنیایە بە دنیای جەنگ و ململانێی خوێناوی و وەهمی سەرکەتن و پڕوکانی ڕوح و بالادەست بوونی ئامێر و تێکشکانی تاکێتی مرۆڤ دەناسرێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی دامەزراوە بەهێز و تواناکانی بۆرجوازییەتدا )) [1] .

بە بڕوای شارەزایان لە پێش ئەم قۆناغەشدا و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دادائیەکان Dadaisme دوای ئەوانیش سورياليیەکانLasurealisme دەرهاویشتەی ڕەوش و قۆناغێکی نزیك و هاوشێوەی عەبەسییەکان بوو بە تایبەت لە نێو تەپوتۆزی جەنگی جیهانی یەکەمدا کاتێ (( ئایدیاڵە بەرزەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر تاوانە زلەکانی شەڕ و لافاوی خوێن و دەنگی زوڵاڵی لەناوبردن و ڕووخاندن ، بوونە پووشی دەم ڕەشەباوە ، دادایزم لەدایك بوو )) [2] . ئەم ڕێبازە ئەدەبییە (( وەك بزوتنەوەیەکی نەهلیستی لە ئەدەب و

---

[1] سامی خشبة ، قضايا مسرح المعاصر ، منشورات وزراة الاعلام العراقية ، دار الحرية للطباعة ، بغداد 1799 ، ص 11

[2] کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، 1797 ، ل 316

هونەری تەشکیلیدا دەرکەوت ))[1] دیارە ئەو کۆمەڵە شاعیر و نووسەرەی کە لە دەوری ئەم ڕێبازەوە کۆبوونەوە و دیارترینیان ( کریستیان تزارا ، ئەندریە بریتۆن، ئەراگۆن ، رایمۆن ، ... ) بوو ، ئەمانە (( کۆمەڵە گەنجێ بوون تاڵی و ناسۆرییەکانی جەنگیان دەچەشت و لێوان لێو بوون لە ڕق و تووڕەیی دژ بە جەنگ و هۆکارەکانی جەنگ . باوەڕیان بۆ داڕمانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا و تێکشکانی لۆجیك و قایل نەبوونیان بەو بیرە باوانەی کە چیتر لای ئەوان بەنرخ نەبوون و بێمانا دەبینران ))[2] کۆی کردبوونەوە . سەرەڕای ئەوەش هیچ باوەڕ و متمانەیەکیان بە ئەدەب و هونەر و ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگادا نەما . ئەمانە چیدی ئامانجیان لە هونەردا نەدەبینیەوە بە تایبەت کە ئەو هەموو کلتورە دەوڵەمەند و کەڵەکەبووەی مرۆڤایەتی نەیان توانی بۆ تەنها ساتێکیش کارەساتەکانی جەنگ لە کۆمەڵگای ئەوروپایی دووربخەنەوە . بۆیە (( فەلسەفەی دادایزم فەلسەفەی هیچە .. یاساکەی بێ یاسایە . هونەرەکەی تێکدان و شێواندنی هونەرە ))[3] . سەرەڕای ئەوەی کە (( ئەم گروپە هەموو پێوەرێکی ئایدۆلۆژی و ئیستاتیکی سەردەمەکەی خۆیان ڕەفز دەکردەوە ، دەیانویست بێهوودەیی و بێواتایی و ناماقوڵێتی سەردەمە پڕ جەنگەکەی خۆیان دەربڕن . هەموو شێواز و تەکنیك و ئامرازە کۆنەباوەکانی دەربڕین بخەنە ژێر پرسیارەوە ))[4] . بەو پێەی ئەم کۆمەڵەیە هیچ باوەڕێکیان بە ڕۆڵی ئەدەب و هونەر نەمابوو ، بۆیە لە ساڵی 2211 لە پاریس بڕیاری ناشتنی تەرمی دادایان ڕاگەیاند . دیارە ئەمەش باشترین بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم ڕێبازە دەرهاویشتەی ڕەوش و قۆناغێکی مێژووی دیاریکراو بوو . هەندێ لە ڕابەرانی ئەم ڕێبازە کە دیاترینیان ( ئەندریە بریتۆن ) بوو لەم کۆمەڵەیە جیابوونەوە و ڕێبازێکی نوێیان پێکهێنا کە بە سوریالیزم ناسرا و بووە میراتگری دادایزم .

سوریالیزم کە لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە نێو هەناوی دادائیزمەکانەوە سەریانهەڵدا ، هەڵگری زۆر لە بیروباوەڕەکانی ئەوان بوون بە هەمان شێوەی ئەوان دەرهاویشتەی کارەساتە تاڵ و سامناکەکانی پاش جەنگ بوون ، بەڵام دیارە ئەوان لەو لایەنەوە لەوان جیاوازبوون کە (( دژی ڕەوتی عەدەمییەت و عەبەسی و گومڕای ، دادائیەکان وەستانەوە ، چونکە ئەمان بەداوی ڕێگاری ڕزگاری بووندا دەگەڕان . بە مەزەندەی خۆیان ئەو ڕێگایەیان لەو ساتانەدا ئەدۆزیەوە کە مرۆڤ بۆ سەرووی خۆی و بۆسەرووی ژیانی

[1] عبدالرزاق الاصفر ، المذاهب الادبية لدى الغرب ، من منشورات اتحاد كتاب العرب ، 1777 ، ص 169

[2] د. علی جواد الطاهر ، الخلاصة فی مذاهب الادب الغربی ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1793 ، ل 91

[3] کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، ل 319

[4] د.فەرهاد پیربال ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، دەزگای وەرگێڕان ، چاپخانەی منارە ، چ 2 ، هەولێر 2116 ، ل 315

ئاسایی بەرزدەبێتەوە .. لێرەوە بریتۆن خوی دایە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە سروشتییەی لە نێوان میکانیزمی خەون و هەڵقوڵاوی شیعردا هەیە و سەلماندی کە ئەوەی دووەمیان لە یەکەمیانەوە هەڵدەقوڵێ . ئەم دۆزینەوەی بیرتۆن وەك شەهادەی لەدایك بووانی سوریالیزم بوو )) [1] . ئەمانە هەمیشە لە هەوڵی ڕەتکردنەوەی واقیعدا بوون و بڕوای پتەویان بە لایەنی نەستی مرۆڤ هەبووە ، پێیان وابوو ڕاستی ئەو ڕاستییەیە کە هەڵقوڵاوی بێئاگاییەکانی مرۆڤ بێ . ئەم ڕاستییە ( د. هیمداد حوسین ) جەختی لەسەر ئەکاتەوە (( لەناوبردن و یاخیبوون لە واقیع و بەدواداگەڕانی واقیعێکی باڵاتر لە واقیعی ڕاستەقینە . پشت بەستن بە جیهانی نەست ، کە سێ بەش یان زیاتری عەقڵی مرۆڤی داگیرکردووە )) [2] ئامانجێکی سەرەکی ئەم ڕێبازەیە . بۆیە (( سریالییەکان هەوڵدەدەن پەیوەندی نێوان شتەکان لە جیهانی بێئاگایی و خەون و شێتی دا ، یان حاڵەتی ڕێکەوت و ئۆتۆماتیکیەتی دوور لە بۆتەی ڕێکخستنی عەقڵییەوە بدۆزنەوە . ئەوان گومان لە بابەتەکانی سروشت دەکەن ڕازی نابن بە بینینیان وەك هەن . بەڵکو دەیان گۆڕنەوە بە شتی سەرووی واقیع )) [3] . بە واتایەکی دیکە (( ئەمانە دژی ڕواڵەتی شتەکان دەوەستن ، بە ڕادەیەك مەنتیقی عەقڵ و سۆزی قوڵ لە کارەکانیان دووردەخەنەوە ، جوداتر لەوەی هەیە ڕەنگی شتەکان لە بەرهەمەکانیاندا دەردەخەن )) [4] ئەم ڕێبازە لەو لایەنەوە پتر وەك ڕەگ و ڕیشەی ئەدەبی بێهوودەیی سەیردەکرێ ، بە واقیع ڕازی نابن و خەون و بێ ئاگایی سەرچاوەیەکی گرنگی نووسینە لایان . ئەم گرنگی خەون و خەیاڵە نوسەرێکی وەك ( اونیکۆ ) وای دەبینێت کە (( ئەگەرچی ڕیالیزم سوسیالیستیش بێ ، ناتوانێ درك بە واقیع بکات ، چونکە واقیع لە خەون و خەیاڵماندایە )) [5] . ئاشکرایە نووسەرانی ئەم ڕێبازەش (( خو دەدەنە پشکنینی قوڵاییەکانی دەرون و جیهانی نهێنییەکانی بێئاگایی و بە باڵی خەون دەفڕن بۆ سەرووی واقیع )) [6] . هەر لە میانەی پەیوەندی نێوان بێهوودەیی و سریالییەکان ، مارتن ئیسلن بۆ ئەوە دەچێ (( کە پەیوەندی لە نێوان بیکیت و سریالییەکانی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم هەبێ ، بە تایبەت بەکارهێنانی ڕێگەی خۆڕەس لە هونەری نووسیندا کە پشت بە

---

[1] کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، ل 317-311

[2] د. هیمدا حوسێن ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چ 1 ، هەولێر ، 2119 ، ل 221

[3] کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، ل 311

[4] موعتەسەم ساڵەیی ، سوریالیزم ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 119 ، حوزەیرانی 1799 ، ل 125

[5] یوسف عبدالمسیح ثروت ، مسرح اللاعقول وقضایا اخری ، ص 56

[6] کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، ل311

ڕاوێژێکی چڕی دەنگی دەبەستێ لە قوڵاییەکانی نووسەردا ، وا لە لێکۆڵەر دەکات کە هەست بە بوونی پەیوەندی نێوانیان بکات ))[1] .

بەدەر لەم لایەنانەی کە ئاماژەمان پێکرد سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکەی ئەم فەلسەفەیە ، گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین کە تەعبیرییەکان وەك بزەتنەوەیەکی ئەدەبی هونەری یاخی هەروەك ( د . محمد غنیمی هلال ) ئاماژەی پێدەکات (( لە ئەڵمانیا سەریان هەڵدا و دواتر بە نێو ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەشدا بڵاوبوونەوە ، کاریگەری بەهێزیان لەسەر شانۆی بێهوودەیی بەجێهێشتووە،بەتایبەت لەو لایەنەوە کە وێنای نەست دەکات بە پشت بەستن بە دۆزینەوە زانستییەکانی فرۆید لە دونیای بێئاگایدا ))[2] . دیارە سروش پێدەری ڕاستەقینەی ئەم کۆمەڵەیە ( نیچە ) یە کە توانی لە ڕێی بیروباوەڕە نوێیەکانییەوە ، بیروڕا چەسپیو و ڕەهاکانی سەدەکەی بێنێتە لەرزین. هەمیشە ئەم کۆمەڵەیە (( دەیان ویست هەموو شێوەکانی ئەو واقیعە داوەشاوە بسڕنەوە کە شەڕی جیهانی هەڵی تەکاندبوو .. بە تەواوەتی بەسەر بایەخەکانی میرات و ژیانی بۆرژوازی و سیاسی و هونەریدا زاڵ ببێ ، ئەو بایەخانەی نەیانتوانی بەرەو ڕووی ڕوودانی کارەساتی شەڕی جیهانی بووەستن . هەر لە سەرەتاوە بەرهەڵستی ئەو ڕەوتە فۆرمالیستی و ئیستاتیکییە پەتییەیان کرد کە تەنها بۆ بەدیهێانی فۆرمی تەواو هەوڵیان دەدا وەك ڕەمزییەت . بۆیە هەوڵیان دەدا بچنە ناو قوڵاییە شاراوەکانی مرۆڤەوە ))[3] . دیارە لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا ئاماژە بە هەندێ لایەنی دیکە لە مێژووی ئەم ئەدەبە نوێیە دەکرێ ، لەوانەش :

2 – ئەدەبی ئەفسانەو پڕوپوچی سەدەی شازدەهەم بە تایبەت کە ئەفسانە هەندێ جار بە هەوڵێکی میتافیزیکی بۆ بەزاندنی سنورەکانی لۆجیك دادەنرێ .

1 – ئەدەبی هێما و خەونەکان ، یەکەم کەس لە شانۆی هاوچەرخدا دنیای خەونەکانی بە بیرێکی بسیکۆلۆجی پێشکەشکرد ( ئوگست ستریندبرغ ) بوو بە تایبەت لە شانۆکانی ( بەرەو دیمەشق 2121 ) و ( خەون 2291 ) و ( سوناتای خێو 2291 ) . ئەم کارانە بە سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی شانۆی ناماقوڵ دادەنرێ لەبەرئەوەی ئەم شانۆیانە لە ڕاستی بابەتی و دەرەکییەوە دووردەکەوتنەوە و بەرەو ڕاستی خودی و ناوەکی دەچوون

3 – داستان : ئەوەی زانراوە داستان خەونێکی هاوبەش و گشتییە .[4]

---

[1] موسی السودانی ، دراسات فی المسرحیة الحدیثة ، منشورات وزارة الاعلام العراقیة ، بغداد ، 1795 ، ل 21

[2] د. محمد غنیمی هلال ، فی النقد المسرحی ، دار النهظة للطبع و النشر ، القاهرة ، 1755 ، ص 34

[3] کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، ل 277 – 311

[4] http://fononsalamieh.yoo7.com/montada-f5/topic-t129.htm

## تەوەری دووەم : زاراوەوچەمکی بێهوودەیـــی

زاراوەی بێهوودەیی لە زمانە ئەوروپییەکاندا بە ئەبسێرد (Absurd) ناودەبرێت لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و بە مانای نەشاز یان شتێ کە مانای نەبێت بەکاردەهێنرێت [1] . بێهوودەیی لە ئەدەبدا ناماقوڵیشی پێدەوترێت کە هەر (( وەرگێڕانی زاراوەی (Absurd)ە بە پیتی گەورە ، لە دۆخی ناویدا ، ئەمەیش زاراوەیەکی شانۆیی و نۆڤێڵییە و پشت بە فەلسەفەی عەبەسی (Absurdity) دەبستێت وەکاتێ پیتی یەکەم بە بچوك بێت وشەکە سیفەتی هیچ و پووچ و ناماقوڵ دەگرێتەوە و ناوەکەش دەبێتە پووچی یان دژ بەعەقڵ . بۆیە زاراوەی ناماقوڵ پتر زاراوەیەکی ئەدەبییە و بێهوودەیی یان عەبەسیش زاراوەیەکی فەلسەفییە )) [2] . ( محەمەد کەریم هەورامی ) یش دەڵێ :(( ئەبسێرد لە زمانی ئینگلیزیدا مانای ناماقوڵ دەبەخشێ ، بەڵام پاش جەنگی دووەمی جیهانی وەك زاراوە بەباڵای ئەو درامایەدا بڕا کە لەسەر ڕێبیری فەلسەفەی بێهوودەیی دارێژرا ، بێهوودەییش بە ڕاڤەی ئەو شتانە دەوترێت کە لەگەڵ هۆش و ژیریدا نەگونجێت و بێمەبەست و والآبێ و لەسەر یەك ڕوو ڕانەوەستێ )) [3] . لە ڕاستیدا زاراوەکانی بێهوودەیی و ناماقوڵ زۆر تێکەڵ لەبری یەکتری بەکاردەهێنرێن وەك ئاماژەکردن بۆ ئەو فەلسەفەیە پێی دەوترێت ( العبثیة - Absurdity ) . ئەم حاڵەتە ئێمە بۆ ئەوەی دەگێڕینەوە کە نووسەرانی ناماقوڵ وەك ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکانی پێشتر نەبوون ڕێبازێ یان قوتابخانەیەکی دیاریکراو کۆیان کاتەوە ، دواتر بەرهەمەکانینان (( بە هیچ جۆرێ زادەی کاری دەستە نووسەرێکی دیاریکراو و بەرهەمی هاوکاری و هاوفیکرییەکی تایبەت نەبوونە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی کۆك و جێگیر )) [4] . بە واتایەکی دی ئەمان وەك ڕێبازە ئەدەبییەکانی پێش خۆیان کۆڕ و کۆبوونەوەی هاوبەشیان نەبوو تا خاوەن بەیاننامەو مانفێستێکی تایبەتی بن . بەڵکو ئەم نازناوە جۆراوجۆرەکانیان دواتر لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بەسەرداڕاوە [5] . دیارە ئەم نووسەرانەی کە بەرهەمەکانیان کردبووە مینبەرێك بۆ فەلسەفەی بێهوودەیی دووشت کۆی کردبوونەوە : یەکەمیان زمانی فەڕەنسی ئەگەرچی بە ڕەگەزیش فەڕەنسی نەبوون ،

---

[1] http://www.banias.net/nuke/html/modules.php?name=News&file=article&sid=3714

[2] انولد.ب.هنجلف ، موسوعة المصطلح النقدی اللامعقول 5 ، ت: د.عبدالواحد لؤلؤة ، دار الحریة للطباعة ، بغداد ،1797 ، ص 7

[3] محەمەد کەریم هەوامی ، درامای کوردی لە نێو درامای جیهانیدا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2111 ، ل 294

[4] ڕەزا سەید حسێنی ، قوتابخانە ئەدەبییەکان ، و : حەمە کەریم عارف ، چ 1 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، 2116 ، ل 296

[5] حسن محسن ، المؤثرات الغربیة فی المسرح المصری المعاصر ، دار النهضة العربیة ، 1797 ، ص 67

**دووەمیان یەك هەڵوێستی فەلسەفی بۆ ژیان . کە پێیان وایە (( ژیانی مرۆڤ و دەوروبەری مرۆڤ بێهوودەو ناماقوڵە )) [1] .**

**فەیلەسوفی دانیمارکی کیرکگارد** Kierkegaard (1913-1955 ) **یەکەمین کەسە کە بێژەی** Absurd **بە مانای بوونی مرۆڤ لە دنیایەکی نائەقڵانی و خاڵی لە مانادا بەکارهێنابێ . ئەو پێی وابوو نەسرانییەت پووچ و بێهوودەیە ، چونکە بە پێی پرنسیپەکانی خۆشی شرۆڤەکردن و تێگەیشتنی لە توانای کەسدا نییە . لە لایەکی دیکەوە ( ئەلبێر کامۆ** Albert Camus) **یەکەمین کەسە ئەم فەلسەفەیەی لە نێو ئەدەبدا و لە ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی ( نامۆ ) بەکارهێنابێ [2] . لە ڕاستیدا (( کامۆ لەوەدا بلیمەت و ڕەسەن بوو کە دەیتوانی بە لێزانی ئەندێشە فەلسەفییەکان بچێنێتە نێو فۆرمە ئەدەبییەکانەوە )) [3] . ئەو کۆمەڵە دراما نووسەی کە لەپاش جەنگی جیهانی دووەم بەگژاچوونەوەو ڕەتکردنەوەی تەواوی ژیان کۆی کردبوونەوە ، ( مارتن ئیسلن ) یەکەمین ڕەخنەگرە کە ناوێکی بەسەریاندا دابڕیبێ لە کتێبە بەناوبانگەکەی ( درامـــا اللامعقول** The Theater of the absurd ) [4] **. لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە درامایانە (( بە درامای پێشڕەویش ناودەبرێن کە گوایە وەك پێشڕەوێك وایە بۆ گۆڕین و تازەکردنەوەی شێوەو ناوەڕۆکی شانۆ )) [5] .**

**هەروەك ( غازی فاتح وەیس ) دەڵێ : لە ناو کورددا وشەی بێهوودە یان ناماقوڵ بۆ ناولێنانی ئەم ئەدەبە بەکارهێنراوە [6] . بەڵام لە ڕاستیدا وشەکانی عەبەسی و پووچگەرایی وبێ‌پەروایش دێتە بەرچاو و بۆ ناولێنانی ئەم ئەدەبە بەکاردێن [7] . بەو پێیەی ناوەڕۆکی ئەم ئەم ئەدەبە باس لە ناماقوڵی و بێ‌مانایییەکانی ژیان دەکات و سەرجەم ئەو زاراوانەش گوزارشت لەو دۆخە دەکەن بێ‌ئەوەی هەست بە دابڕانێکی گەورە بکەین لە نێوان ناو و ناوەڕۆکەکەیدا ، ئێمە کێشەیەك لە بەکارهێنانی ئەم زاراوە جیاوازانەدا نابینینەوە . ئەگەر قسەش لەسەر هەڵبژاردنی زاراوەیەکی کوردی بێت ، ئەوا پێم وایە بێهوودەیی جێی خۆی گرتووە و ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پتر ئەم زاراوەیە بەکاربێنین .**

---

[1] **موعتەسەم ساڵەیی ، شانۆی بێهوودەیی ، گ : ڕۆشنبیرە نوێ ، ژ** 99 **، تەموزی** 1791 **، ل** 54

[2] http://www.banias.net/nuke/html/modules.php?name=News&file=article&sid=3714

[3] **فایلێك لەسەر کامۆ ، گ : ئایدیا ، ژ :** 21-22 **، ئازاری** 2111 **، ل** 39

[4] **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : مارتن اسلن ، دراما اللامعقول ، ت : صدقی عبدالله خطاب ، وزارة ارشاد و الانباء ، کویت ،** 1791 **، ص** 9

[5] **موعتەسەم ساڵەیی ، شانۆی بێهوودەیی ، ل** 54

[6] **غازی فاتیح وەیس ، ئەدەبی بێهوودە بۆ بێهوودەیە ، گ : بەیان ، ژ** 111 **، ئابی** 1795 **، ل** 34

[7] **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ڕەزا سەید حسێنی ، قوتابخانە ئەدەبییەکان ، ل** 294-271 **؛ هەروەها بڕوانە سامی خشبە ، کێشەکانی شانۆی هاوچەرخ ، و : مەحمود زامدار ، دار الحریە للگباعە ، بغداد ،** 1793 **، ل** 17-25 **؛ هەروەها بڕوانە : ئەنوەر قادر ڕەشید ، شانۆ و مرۆڤ و مێژوو ، گ : ڕۆژی کوردستان ، ژ** 45-46 **، ئازار و نیسانی** 1799 **، ل** 59-63

# چەمکـــی بێهوودەیی

ئاشکرایە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دوو جەنگی وێرانکەر بەرۆکی مرۆڤایەتیان گرت و گەلێ دەرەنجامی تراژیدی لێ کەوتەوە و بە ملیۆنەها مرۆڤ بوونە سوتەمەنی ئەو دوو جەنگە ، گەلێ لەو شار و ناوەندە ڕۆشنبیرییانەی کە بە درێژایی چەندین سەدە ناوەندی ڕۆشنبیری مەزن بوون و خزمەتی زۆریان بە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی کردبوو ، کەوتنە ژێر پێی جەنگەوە . دەرەنجامی ئەم جەنگانە کۆمەڵگای ئەوروپی ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی نائومێدی و ڕەشبینییەکی زۆر بوو . لێرەوە چەندین بیروباوەڕ و دیدی جیاواز سەریان هەڵدا کە گوزارشتیان لەو دۆخە ناسروشتییە دەکرد . سەرجەم ئەم باوەڕە نوێیانە لە نێو بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگیان دایەوە بە تایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا یاخود دەتوانین بڵێین کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغە دەرفەتێکی ڕەخساو بوون بۆ سەرهەڵدانی چەندین تێروانینی نوێ بۆ خودی ژیان . ڕێبازەکانی دادائییزم و سوریالیزم و بوونخوازی و بێهوودەیی و هێماگەرایی و ... ئەو ڕێبازانە بوون کە دەرەنجامی جەنگ و نائومێدییەکانی بوون .

لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم جۆرێ لە بیروباوەڕ لە دەرەنجامی جەنگی جیهانی دووەم بڵاوبووەوە کە پێی وابوو مرۆڤ بوونەوەرێکە لە دنیایەکی نائەقڵانی و خاڵی لە مانادا دەژی و لە سەرجەم هەوڵەکانیشیدا بۆ دۆزینەوەی سیستەمێك بۆ ڕێکخستنی ژیان ڕووبەڕووی ململانێی بەردەوام دەبێتەوە ، لێرەوە و لەسەر ئەم بیروباوەڕە فەلسەفەی بێهوودەیی ( عەبەسی ) یان ناماقوڵییەت سەری هەڵدا .دیارە ئێمە بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە چەمکەکانی ئەم فەلسەفەیە پێویستە هەڵوێستە لای باوەڕەکانی ئەلبیر کامۆ ، ساموئێل بیکیت ، یوجین یونسکۆ ، جان جینیە و ئارسەر ئادامۆف ،.. چەندانی دیکەش لە پێشەنگەکانی فەلسەفەی بێهوودەیی بکەین کە بە ڕوونی لە نێو بەرهەمەکانیاندا ئەم باوەڕانە دەبینرێن . ئەم پێشەنگانەی بێهوودەیی ئەگەرچی فەرەنسیش نین ، بەڵام لەوێ ناوبانگیان دەرکردو لە ژێر کاریگەریی و ڕۆشنبیری گونجاوی ئەوێدا دەستیان بە نووسین کرد . هەر ئەم دۆخە ڕۆشنبیرییە ڕەخساوە وای لە( ساموئیل بیکیت ) ی بە ڕەگەز ئێرلەندی کردووە بڵێ:(( فەرەنسام لە کاتی جەنگدا باشتر زانی لە ئێرلەندا لە کاتی ئاشتیدا ))[1] . لە ڕاستیدا

[1] سامئیل بیکیت ، کۆمەڵە وتارێکی وەرگێڕاو : شۆڕش مجەمەد حوسێن ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2114 ، ل61

فەرەنسا لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەدا بوو کە کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتیان لە سەدەی بیستەمدا بینی ئەوەشیان بۆ ڕوون بووەوە کە لە دنیایەکدا دەژین تەواو ناماقوڵ و بێ مانایە . بۆیە (( هەستکردن بەبێهوودەیی ژیان ، گوێپێنەدان ، ڕەتکردنەوە ، یاخی بوون ، نائومێدی ، هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژیانێکی نوێ و بەهای نوێش هەندی لەو وێنانەیە کە شانۆ و ڕۆمانی فەرەنسی گوزارشتیان لێ دەکرد سەبارەت بە کارەساتی مرۆڤی هاوچەرخ))[1] . دیارە بیروباوەڕی ئەم پێشەنگانە لە ڕەدکرنەوەو تووڕەبوون و نەمانی باوەڕ بەسەرجەم بەها ئەخلاقی و دامەزراوە سیاسییەکانی پاش جەنگەوە دەسەت پێدەکات . ئەو دەمەی نەوەیەك لە پاش جەنگ دێنە پێش کە تەواو ونبوون و لە نێو واقیعە تاڵەکانی پاش جەنگدا باوەڕیان بە هیچ ئایدۆلۆجیاو نەریتێك نەماوە و سەرجەم ئەو بەها کۆمەڵایەتی و ئاکارییانەش ڕەتدەکەنەوە کە نەیان توانی ڕێگربن لە بەرامبەر هەڵایسان و کارەساتەکانی جەنگدا . لەم نێوەندەدا کۆمەڵە نووسەرێك پەیدابوون کە تێڕوانینە نائومێد و ڕەشبینەکانیان خستە ڕوو . دواتر بە شانۆی بێهوودەیی یان ناماقوڵییەت ناسرا . دیارە ( ساموئیل بیکیت ) و ( یوجین یونسکۆ ) و ( جان جینی ) دیارترین نووسەرانی ئەم جۆرە شانۆیە بوون . بێگومان ( ئەلبێر کامو ) پێشتر لە نووسینە جۆراوجۆرەکانیدا بە تیۆری و پراکتیکی ئاماژەی بەم جۆرە بیروباوەڕانە کردووە . کە دەڵێین نووسینی جۆراوجۆر مەبەستمان لەوەیە ئەم نووسەرە بەناوبانگە بە زۆر شێواز و هەمە چەشنەی نووسین کاری جیاوازی نووسینی هەبووە ، لەوانە شانۆ ، ڕۆمان ، وتاری ئەدەبی ، لێکۆڵینەوە ، ....

ئێمە بۆ خستنە ڕووی چەمکی ئەم فەلسەفەیە لای ئەلبیر کامۆ (1713-1761 ) وە دەستپێدەکەین ، چونکە (( ئەو یەکەم کەس بووە کە زۆر لە بەرهەمەکانی بۆ گوزارشتکردن لەو گەردەش و پەشێوییە تەرخان کردووە کە دنیای گرتووە ، یەکەم کەسیش بووە هەوڵی داوە دیدگای خۆی لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا بخاتە ڕوو .. کامۆ پاڵەوان گەلێ لە شانۆکانیدا پێشکەش دەکات کە لێوان لێون لە هەستی بێهوودەییدا لە بەرامبەر دنیایەکی ناماقوڵدا کە لەسەر بنەمای لۆجیك پێکنەهاتووە ))[2] . ئەمە و زۆر لە بیروڕاکانی دیکە لەم ڕووەوە ئەوە دەسەلمێنن باوەڕەکانی کامو لە نووسینە جۆراوجۆرەکانیدا پەند و کرۆکی ناماقوڵییەت پێکدەهێنن و لەسەردەستی ئەم نووسەرە بەنابانگە چەمکەکانی ئەم فەلسەفەیە خراونەتەڕوو . کامۆ بە پتر لە ڕەنگێ و شێوازی جیاواز نووسین بیروباوەڕەکانی سەبارەت

[1] د . سامية احمد اسعد ، فى الادب الفرنسى المعاصر ، القاهرة ، مطابع الهيئة المصرية العامة ، 1796 ، ص 9-9

[2] د. عمادالدين خليل ، فوضى العالم فى المسرح الغربى المعاصر ، مؤسسة الرسالة ، سوريا ، 1799 ص 115- 116

**به بێهوودەیی خستووتە ڕوو [*] . پەیوەندیکەی بەهێزیش لە نێوان بـەرهەمە جۆراوجۆراکانیدا هەیە [1] .**

**به بڕوای زۆر لە شارەزایان ( ئەفسانەی سیزیف ) بە گرنگترین بەرهەمی فەلسەفەی بێهوودەیی دەژمێردرێ نەك هەر لە نێو بەرهەمەکانی کامۆدا بەڵکو لە نێو بەرهەمی زۆربەی نوسەرانی ناماقوڵدا و (( هەر بە بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە ناوی فەیلەسوفی پووچی (فەیلەسوفی ئەبسێرد) بەسەر کامۆدا بڕا )) [2] . کامۆ لەم بەرهەمە بەناوبانگەیدا ، (( مرۆڤ دەشوبهێنێ بە سیزیف و ژیانیش بە تاوێرە بەردەکە . لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی خوداوەندەکان سزای سیزیف ئەدەن بەوەی کە دەبێ بۆ هەتا هەتایە تاوێرە بەردێك بۆ سەر لوتکەی شاخێك بەرێت و ، کاتێ دەگاتە لوتکەکە تاوێرە بەردەکە بۆ خوارەوە خلۆردەبێتەوە و ئەویش هەمدیسان بۆ هەمیشە دەبێ بچێتەوە تاوێرە بەردەکە بخاتە سەر شانی و بەرەو ترۆپکی شاخەکەی بباتەوە )) [3] . دیارە قورسی و پووچی کارەکەش ئەو کاتە دەست پێدەکات کە سیزیف هەست بە بێئەنجامی کارەکەی دەکات . ( جورج ولورث ) ئاماژە بە گرنگی ئەم بەرهەمە لەم بوارەدا دەکات کە (( فەلسەفەی بێهوودەیی دەرفەتی پێکهاتنێکی لۆجیکی بۆ نەدەڕەخسا تا دەرکەوتنی ئەفسانەی سیزیفی ئەلبێر کامۆ )) [4] . هەستکردنی بەهێزی مرۆڤ بۆ ناماقوڵی و شێوە ئامێری ژیان دووبارە بوونەوەی بەردەوامیان ، کامۆ لە ( ئەفسانەی سیزیف ) دا پەنجەی دەخاتەسەر (( هەڵسان ، ترام ، چوار کاژێر کارکردن ، ژەمە خواردنێ ، نووستن ، دووشەم ، سێ شەم ، چوارشەم ، پێنج شەم ، هەینی ، شەممە.. بەهەمان ڕێکخستن و بەهەمان شێواز . دیارە کارێکی ئاسانە ڕۆشتن بەم ڕێڕەوەدا ، بەڵام سەرەنجامیش هەستکردنە بە بێزاری و بێهوودەیی لەم شێوازە میکانیکییەی ژیاندا )) [5] . ئەم هەستکردنە بۆ بە ئامێربونی ژیان لای کامۆ فاکتەرێکی سەرەکی بێهوودە بوونە لە ژیاندا .**

---

* لە گرنگترین بەرهەمەکانی : (( لە ساڵی 1739 دا کۆمەڵە وتارێ بەناوی ( پشت و ڕوو – الظهر و الوجه ) و لە ساڵی 1739( شادی – العرس ) بڵاودەکاتەوە . لە هەمان ساڵدا دەست بە نووسینی ( کالیگۆلا ) دەکات ، بەڵام تا ساڵی 1745 بڵاوناکرێتەوە . دواتر لە ساڵی 1743 ( ئەفسانەی سیزیف ) پێشکەشدەکات . لە بواری شانۆدا ، کامۆ خاوەن بەرهەم گەلێکی گرنگە لەوانە : ( بەدحاڵی بوون ) – 1744، (کالیگۆلا) – 1745 هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ( دادپەوەران ) – 1747 . لە ساڵی 1751 ساڵی بڵاوکردنەوەی ( مرۆڤی یاخی ) یە ، ڕۆمانەکانی ( نامۆ 1742 ) و ( تاعون 1749 ) لە گرنگترین ڕۆمانەکانی ئەون ، سەرەڕای بەرهەم گەلێکی جۆراوجۆری تریش . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : بیر لویس دی ، لێکدانەوەیەك لە مەڕ کامۆ ، و : حەمە کەریم عارف ، چاپخانەی دار الشؤن الثقافیة العامة ، بغداد 2116 ، ل 96–99

[1] د. سامیة احمد اسعد ، فی الادب الفرنسی المعاصر ، ص 236 ، هەروەها لێکدانەوەیەك لە مەڕ کامۆ ، ل 69

[2] چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری ، وەرگێڕان و نووسینی : ئازاد بەرزنجی ، چاپ و پەخشی سەردەم ، هەولێر ، 2116 ، ل 76

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە . ل 76

[4] جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و التناقض ، المرکز العربی للثقافة والعلوم ، بیروت ، ص 71

[5] البیر کامو ، اسطورة سیزیف ، ت : انیس زکی ، منشورات دار مکتبة الحیاة ، بیروت ، ص 21

**له ڕۆمانی ( تاعون ) یشدا ئەگەرچی بە قۆناغێکی تری کامڵبوونی بیری کامۆ دادەنرێ تارمایی هەمان هەست بەدی دەکرێ ، چونکە (( ئەو شارە پێش ئەوەی بەڵای لێ بباریێت و تووشی ئەو پەتایە بێت ، شارێکە خەڵکەکەی نوقمی ژیانی ڕۆژانەیانن و ئەوپەڕی چالاکییەکانیان کارکردن و خواردن و خەوتنە . شارێك بەتاڵ لە هەر چەشنە عەشق و خۆشەویستی و بەزەیی و بیرکردنەوەیەك . مرۆڤەکانی ئەو شارە نوقمی ژیانی ماشێنین . بوونەتە ڕۆبۆت و بیرناکەنەوە ، کەس بیر نەك لە کەسی تر ، بەڵکو لە خۆشی ناکاتەوە ))[1] . ئەمەش ئەو باوەڕەمان بۆ دەسەلمێنێ کە جیاکردنەوەی بیری کامۆ کارێکی سەخت و ئێجگار دژوارە**

**کامۆ بەشێوازێکی دوور و درێژ و فەلسەفی باس لە خۆکوشتن دەکات کە بە دەرەنجامی ناماقوڵی و بێهوودەیی دەزانێ ، بە بڕوای ئەو (( ئەو دنیایەی کە دەکرێ شرۆڤە بکرێ ئەگەرچی لەبەر هۆکاری بێکەڵك و خراپیش بێ ، ئەوە دنیایەکی نائاساییە. لەلایەکی دیکەوە ئەوە دەبینین کە مرۆڤ هەست بە نامۆیی دەکات لە دنیایەکدا کە بە تەنها لە وەهم و ژاوەژاو پێکهاتووە . بوونیشی لەم دنیایەدا بێچارەسەرە ، چونکە بێبەری کراوە لە نیشتیمانێکی ونبوو و هیواو ئاواتی زەوییەکی کات دیاریکراو . ئەم جیابوونەوەیەش لە نێوان مرۆڤ و ژیانیدا نموونەی ڕاستەقینەی پوچییە ، ئەو دەمەش کە مرۆڤ بە ئاگا ئەگات بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە ، بۆیە دەتوانین ئەوە بەدی بکەین کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەستکردن بە پوچی و پەرۆشی بۆ مردندا هەیە ))[2] و پێی وایە کە (( مردن و خۆکوشتن باشترین کاردانەوەیە مرۆڤ لە بەرامبەر ژیان و بێهوودەییەکانی ژیاندا بیگرێتەبەر ))[3] ، بەڵام کامۆ هەم خۆکوشتنی فەلسەفی پێقبوڵ نییە کە بە بڕوای ئەو بریتییە لە نەفی کردنی عەقڵ و باوەڕهێنان بە دنیایەك یان ئەلتەرناتیڤێکی دی کە لە ئیمانەوە سەرچاوە وەردەگرێ ، هەم باوەڕی بە خۆکوشتنی جەستەیش نییە ، چونکە ڕەتکردنەوەی لۆژیکی پووچییە[4] .**

**کامۆ لە سەرەتای تێڕوانینەکانی بۆ بێهوودەیی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پرسی ژیان ئەو پرسە سەرەکییەیە کە فەلسەفە لێی دەکۆڵێتەوە . لێرەوە کامۆ هەوڵی ئەوەی دەدا کە لە قولاییدا لە پەیوەندی نێوان بوونی بێهوودەیی و هەستی بێهوودەیی لە بەرامبەر ژیان و خۆکوشتن و هیوا و ئازادی و کاریگەریشیان بڕوانێ . دیارە هەمیشە هەوڵی ئەدا لە**

---

[1] ڕەسوڵ سوڵتانی ، (تاعون) نەبێت لە خەوی هەمیشەییماندا بۆگەن دەکەین ، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ، ژ : 5197 ، ساڵی 2111 ، ل 4

[2] البیر کامو ، اسطورة سیزیف ، ص 14-15

[3] یاسین عومەر ، کیمیاگەرانی وشە ، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم ، 2116 ، ل 21

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری ، ل 77

هۆکارەکانی خۆکوشتن بگات و سەرەنجام بە واتای هەستکردن بە بێهوودەیی گەیشت ، کە دەرەنجامی دژبوونی نێوان مرۆڤ و دنیای دەرەوەیەتی . کاتێ مرۆڤ توانی بە ڕاڤەیەکی سەلمێنراو بگات ، ئەوا تاڕادەیەك دنیا لای تێگەیشتوو و قبوڵکراو دەبێ ، بەڵام کە هەست بە وەهمی ئەم ڕاڤەیە دەکات ، ئەوا بەخێرایی هەست بە نامۆیی لە گەردوندا دەکات و لە بەرامبەر پرسیارێکدا هەڵوێستە دەکات ئایا ژیان ئەوە ئەهێنێ مرۆڤ تێدا بژێت ؟ ئالێرەوە هەستکردن بە بێهوودەیی لە دایك دەبێ [1] . دیارە ئەم سۆزە بۆ مردن بە شێوەیەکە کە کامۆ لەسەرتای ئەم وتارە فەلسەفییە درێژەیدا مەسەلەی خۆکوشتن بە پرسێکی فەلسەفی گرنگ دیاری بکات . کامۆ لە ئەفسانەی سیزیفدا ئاماژە بەوە دەکات (( کە دنیا ناماقوڵە ، بەڵام پوچی و بێهوودەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناماقوڵی دنیادا بەدی دەکرێ )) [2] ، بە واتایەکی دیکە (( تراژیدیای مرۆڤایەتی بەلای کامۆوە لە ناماقوڵی ژیاندایە . ئەو ناماقوڵییە تەنها لەوەوە سەرهەڵنادات کە مرۆڤ بەرامبەر مردن وەستاوە ، بەڵکو لەبەرئەوەشە لە نێو ئاژاوەدا ، لە نێو بێدادی و ناعەقڵانییەتدا دەژێت ... ژیان ناماقوڵە هەرچی مرۆڤیش دەیکات لە چوارچێوەی ئەو ناماقوڵییەدایە لەبەرئەوە مرۆڤ سیزیفەو هیچی تر )) [3] ، هەرچەندیش هەوڵ بدات بە ماناو لێکدانەوەیەکی لۆجیکی ناگات .

لە ( نامۆ ) دا کامۆ وێنەی مرۆڤێکمان پێشکەش دەکات کە ژیانێکی بێهوودە بەسەردەبات کاتێ لەگەڵ یاساو سیستمە کۆمەڵایەتییە باوەکاندا یەك ناگرێتەوە . ڕاستگۆیی ( مەرسۆ ) ی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەبێتە مایەی بێزاری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکە . بێهوودەیی لە زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا دەبینرێ . هەر لە یەکەم ڕستەی ڕۆمانەکەوە ئەمە بەدی دەکەین (( ئەوڕۆ دایکت مرد .. چ دەکرێ ئەوە ژیانە ، نازانم ڕەنگە دوێنێ مردبێ )) [4] . کامۆ بەم شێوە بێهوودانە دەست بە ڕۆمانی (نامۆ) دەکات و ( مەرسۆ ) ی پاڵەوان نازانێ دایکی کەی مردووە و لە ڕاستیدا بۆشی گرنگ نییە بزانێ کەی مردووە . کە بەڕێدا بۆ داڵدەی پیرو کەنەفتەکارەکان دەڕوات هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکات نەك لەبەر مردنی دایکی بەڵکو لەبەر دووری ڕێگاکە جەستەی ماندوو ئەبێ و کە دەشگاتە ئەوێ هیچ پرسیارێ سەبارەت بە مردنی دایکی و هیچ پەژارەیەك لەو ڕووەوە نیشان نادات . ئەو شەوەی بە دیار تەرمی دایکییەوە دادەنیشێ ئەوەندەی دیمەنی هۆڵەکە

---

[1] بڕوانە : البیر کامو ، اسطورة سیزیف ، ص 15

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 31

[3] کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، 1797 ، ل 354-355

[4] ئەلبیر کامۆ ، ڕۆمانی نامۆ و لێکدانەوەیەك ، و : حەمە کەریم عارف ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر 2113، ل 21

سەرنج و بیری داگیردەکات ، ئەوەندە بیری بۆلای تەرمەکەی دایکی ناڕوات . جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و تا ڕادەیەکیش کەیف خۆشە چونکە چیدی دایکی ڕێگری لە جگەرە کێشانیدا ناکات . ڕۆژی دوای ناشتنی تەرمەکەی دایکی لەگەڵ ماری هاوڕێدا لەسەر دەریا یەکدی دەبینن و تێر مەلەو گەمە و ئەشقبازی دەکەن . ماری بە مردنی دایکی نازانێ تا مەرسۆ بۆینباخێکی ڕەش لە مل دەکات و دەچن بۆ سینەما بۆ دیتنی فلیمێکی پێکەنیناوی . تەنانەت کە لەسەر کێشەی (ریمۆن) ی هاوسێی کە کابرا عەرەبەکە دەکوژێ ، بێ ئەوەی هەست بە قورسایی تاوانەکە بکات زۆر بەئاسایی دەیکوژێ وەك هەڵقولانی هەر کردارێکی سروشتی ئەو دنیا بێهوودەی تێدا دەژی . بۆیە بەوپەڕی بێهوودەییەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات لەبەرئەوەی حەزی کرد بیکا وەك چون نان خواردنی لەبەر برسی بوونی و خەوتنیشی لەبەر ماندووبوونێتی .

لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا کە باس لە بەندیخانە و دانیشتنە زۆرەکانی دادگایکردنی دەکات ، وا باس لە ڕووداوەکان دەکات وەك ئەوەی خۆی لە دەرەوەی ڕووداو و کێشەکاندا بێت . تەنانەت ئەو لەکاتی دادگایکردندا پتر بە ڕوخساری دادوەرەکان و ئامادەبوان و هۆڵەکەوە خەریکەو هەرگیز وا هەست ناکات کە دادگایی دەکرێ . درۆنەکردنی ئەو دەبێتە مایەی پتر ئالۆزبوون و دژواربوونی بۆ تێکەڵبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵدا ، ئەم حاڵەش سیستەمە کۆمەلایەتیە باوەکەی هێنایە لەرزین ، لەبەرئەوە بڕیاری لە سێدارەدانی ئاکامی پیاوکوشتن نەبوو ، بەڵکو بێبایەخی و گوێپێنەدانەبوو بەرامبەر بە مردنی دایکی و سیستمە کۆمەلایەتیەکە و دادگایی و زیندانیکردنیشی کە بەوپەڕی خەمساردییەوە دەیگوزەرێنێ بە ڕادەیەك کە وەك ئەوەی ڕووداوەکان بەسەر کەسێکی دیکەدا بێن . لە ڕاستیدا (( ئەو تاوانەی کە ڕێکەوتێکی کوێر کردی بە ڕیشییەوە ، تیشکی خستە سەر ئەو ژیانەی کە تا ئێستا بە خەمساردی و بێموبالاتی گوزەراندوویەتی . ئەو جگەرەیەی کە بەبێ مەبەست لەبەردەم لاشەی دایکی ، ئەو فرمێسکانەی کە بۆ ناشتنی دایکی نەیڕشت ، ئەو چاوگەرمکردنە کەمەی ، ئەو فلیمەی لەگەڵ ماری دۆستیدا دوای مردنی دایکی بە ماوەیەکی کەم بۆی چوو ، هەموو ئەمانەی ئەبن بە تاوانێ کە کەس نایەوێ پێی ببەخشێ ))[1] . دیارە گوێنەدان بێبایەخ سەیرکردنی ژیان لە زۆر دیمەنی دیکەی چیرۆکەکەدا لای ( مەرسۆ ) دەبینرێتەوە ، لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ( ماری ) و ( قەشەی بەندیخانەکە ) دا و لە زۆر دیمەنی دیکەشدا دەبینرێ . کە ماری لێی دەپرسێ خۆشی ئەوێ یان ئامادەیە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات ؟ لە

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 7-11

وەلأمدا ئەڵێ : (( کە ئەو مەسەلەیە گرنگ نییە ، ئەگەر ئەو بیەوێ بـــــێ بیرکردنەوە دەیهێنێت )) [1] . نامۆبوونی ( مەرسۆ ) بە جۆرێکە کە (( هەستی بێهوودەیی لەسەرەتادا بەرامبەر بە ژیان لا دروست نەبووە ئەگەرچی تەواو لە ڕووی دەرونییەوە بۆ ئامادەیە ، چونکە ئەو باوەڕی بۆ بەهاو کلتورە بەنرخە تەقلیدییەکان لە دەست داوە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ ژیاندا دەکرد کە تەواو بێمانایە و لەم ڕووەوە نامۆ دەردەکەوت لەوانەی لەدەوری دان )) [2] . ئەم هەستە بەردەوامی دەبێ ، چونکە ( مەرسۆ ) مرۆڤێکی هەستیی تەواوە و ژیان لای ئەو تێرکردنێکی جەستەیی بەردەوامە ، بۆنموونە ئەو دەمەی کە بەدیار تەرمەکەی دایکییەوەیە ماندوو بوونی جەستەو هۆشی ناچاری دەکا کە چاوێ گەرم بکات . تا ئەو دەمەی کە حوکمی خنکاندنی بەئاگای دەهێنێتەوە و هەستی بێهوودەیی لەلا دەگاتە هۆشیاری . لە کاتێکدا قەشە داوای ئیمان لێ دەکاو بەڵێنی شادی ئەو دنیای دەداتێ ئەو بەبیردکردنەوەی خۆشی و شادی ئەم دنیایەوە خەریکە و بەڕووی قەشەکەدا هەڵ دەچێ . لە ڕاستیدا ئەمە ئەو یاخی بوونەیە کە زۆر ڕەخنەگران باسی لێوە دەکەن و بە قۆناغی دووەمی بیری بێهوودەیی کامۆ ناوی دەبەن .

شانۆی ( کالیگۆلا ) کە لە ساڵی 2231 دا نوسراوە ، بەلأم بەهۆی جەنگەوە تا ساڵی 2291 بلأونەکرایەوە . ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کامۆ لە پێش ڕۆماندا گرنگی بە شانۆ داوە . مەبەستی ئەو لەم شانۆیەدا (( دەرخستنی کارەساتێکە لە کارەساتە دژوارەکانی ئەم سەردەمە .. بەرهەمێکی توند وتیژە لەو بەرهەمانەی کە شەپۆلێکی فیکری سییەکان و چلەکانی ئەوروپا نیشان دەدات کە لە ئەنجامی دڕندایەتی باری جەنگی یەکەم و دووەم هاتە کایەوە .. تێدا نرخی مرۆڤ هاتە سەر نرخی ئاژەڵ و هەستی بە بێهوودەیی و ناماقوڵی ژیان دەکرد )) [3] . ( د.سامیە اسعد ) پێی وایە کە (( دەکرێ کالیگۆلا بە ڕاڤەو ڕوونکردنەوەی ئەفسانەی سیزیف دابنرێ)) [4] گەرچی بەسەرهاتی شانۆگەرییەکە مێژووییە ، بەلأم (( کامۆ باری مێژووی کالیگۆلا بە دۆخێکی عەبەسی ئەم سەردەمەوە بەستۆتەوە ، کە تێدا مردنی درۆزیلا و نهێنی بێهوودەیی ژیان دەدۆزێتەوە )) [5] ، چونکە ئەو لە پاش مردنی خوشکەکەی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 37

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 9

[3] لە پێشەکی : ئەلبێر کامۆ ، کالیگۆلا ، و : فوئاد عەبدوڕەحمان ، چاپخانەی نەوەرەس ، سلێمانی ، 1794 ، ل 11

[4] د.سامیة احمد اسعد ، فی الادب الفرنسی المعاصر ، ص 236-239

[5] پێشەکی کالیگۆلا ، ل 11

که عاشقیشی بووه ، ئەو ڕاستیەی بۆ دەردەکەێ که ((خەڵکی دەمرن و بەختەوەریش نین))[1] . ئەم باوەڕە وای لیَدەکات که پەیڕەوی لۆجیکێکی توندوتیژ بکات بڕیاری کوشتنی نەیار و یارەکانیشی چوون یەك بدات ، چونکە ئەو پێی وایە مردنێك لە چاوەڕێی هەر یەکێکماندایە ئەبێ پێشیان خۆش بێت بەو چارە نووسەیان دەگەیەنم .

لە شانۆی ( بەدحاڵی بوون ) دا ، کامۆ وێنەی کچ و دایکێکمان پێشکەش دەکات کە تاوانێ ئەنجام ئەدەن دەرحەق بە میوانێ کە پاشتر بۆیان دەردەکەوێ ئەو کوڕەی خۆیانە کە پێش بیست و پێنج ساڵ زێدی خۆیانی بەجێهێشتبوو لە پێناو خۆ دەوڵەمەند کردن . لەپاش گەڕانەوەی بە خێزانێك و پارەیەکی زۆرەوە بۆ یارمەتی دانیان پێی باشە لە هەلو مەرجێکی ڕەخساودا خۆی پێیان بناسێنێتەوە ئەگەرچی خێزانەکەی ئەمەی پێ قبوڵ نابێ وەك ئەوەی هەست بە تارمایی کارەساتێ بکا . دیارە ( جان ) سەرکەوتوو نابێ لەم کارەیدا ، چونکە دایك و خوشکەکەی لە پێناو پێکەوە نانی بڕە پارەیەکی باش خۆڕزگارکردن لە ئەورووپای هەمیشە سارد و بێ هەتاو و بەهار بۆ وڵاتێك کە هەتاو و دەریای هەبێ و ئاسودە بژێن ، کوڕەکەی خۆیان دەکوژن : (( تاوانی چی !چیدی گوێ بەتاوان نادەین ! من سەرلەنوێ لەدایك بوومەتەوە ، دەمەوێ بچم بۆ ئەو شارەی تێیدا شاد دەبم ))[2] . پاش زانینی قەبارەی کارەساتەکە ، دایك و کچەکە خۆیان دەکوژن . ئەوەی جێگەی سەرنج بێ ئەوەیە کە لە سەرجەم بەرهەمەکانی کامۆدا چەمکی مردن ئامادەبوونی هەیە تەنانەت ئەو کاتانەش کە خۆشەویستی بۆ ژیان بەهێزە . کە دەکری بە خاڵێکی هاوبەشی نووسینە هەمە جۆرەکانی لە قەڵەم بدرێ . ئەم ڕاستییە کامۆ لە ( نامۆ ) دا لەسەر زاری ( مەرسۆ ) لە دواین ساتەکانی ژیانیدا بە ڕووی قەشەکەدا بەیانی دەکات و دەڵێ : (( هەموو کەس دەزانن کە ژیان هێندە بە نرخ نییە مرۆڤ بیەوێ بژی ، ژیان ئەوە ناهێنێ بژی و هەمیشی بمێنی . ئەوەشم بە لاوە ئاشکرابوو کە مردن لە سی ساڵیدا یان حەفتا ساڵیدا وەك یەکە و چ جیاوازییەکی نییە ، چونکە لەو ماوەیەدا هەزاران ژن و پیاوی دی دێنە دنیاوە و دەژین و ئەم بەرنامەیە هەر دووبارە دەبێتەوە ))[3] ، بۆیە بوونی مرۆڤ لەم دنیایەدا بێنرخ و بایەخە .

ئەگەرچی کامۆ زۆر جار ناوی بە بوونگەر ( وجودی ) دەبرێ ، بەوێنە کە ( گیشاۆرنو ) باس لە سەرەتاکانی بیروباوەڕی خۆی لەگەڵ فەلسەفەی بونخوازیدا بەیان دەکات ئاماژە بە

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 22

[2] ئەلبیر کامۆ ، بەدحاڵی بوون ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە : حەمە کەریم عارف ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2113 ، ل 153

[3] ئەلبیر کامۆ ، نامۆ ، ل 92

کافکا و ( هێڵنج _ سارتەر ) و ( نامۆ _ کامۆ ) دەکات بە پێیەی کە ئەمانە بەرهەم گەلێکن کە مانا و ناونیشانی تەواو بە ئەزموونی بوونخوازییەت دەبەخشن [1] ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو (( چەندین جار موخالەفاتی خۆی لەگەڵ فەلسەفەی وجودیدا بەیان کردووە و دەتوانین بڵێین بابایەکی سەر بە ڕێبازی ناماقوڵ بووە )) [2] . هەروەك چۆن ڕۆمانی ( نامۆ ) بە پراکتیکی (ئەفسانەی سیزیف) ناودەبرێ (( پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە (بەدحاڵی بوون) یش بەهەمان شێوە درێژەی بیروباوەڕەی میتافیزیکی (ئەفسانەی سیزیف) ە کە پێمان دەڵێ : مرۆڤ لە مەنفادایەو ، خوداش وەڵام ناداتەوە )) [3] . دیارە ئەم باوەڕە لە کۆتای شانۆکەدا بە ڕوونی دیاردەکەوێ کاتێ ( ماریا ) ی خێزانی ( جان ) دەستی پاڕانەوە لە ئەنجامی کارەساتەکەدا بۆ خودا بەرزدەکاتەوە : (( ئەھ ! خودایە من ناتوانم لەم بیابانە چۆڵەدا بژیم ! لە تۆ زیاتر کەسم نییە، منیش ڕوو لە تۆ دەکەم قسەم لەگەڵ تۆیە ، خۆم بە تۆ دەسپێرم ، ڕەحمم پێ بکە )) [4] ، بەڵام دیارە وەڵامەکەی تەنها بە : نەئ [5] دەبێ لەلایەن ئەو پیرەمێردەی کە هەمیشە ئامادەیەو هیچ کاتیش قسە ناکات . ئەوەی پێویست وگرنگە بووترێ سەبارەت بە کامڵ بوونی بیری کامۆ لەسەرجەم بەرهەمە جۆراو جۆرەکانیدا ، ئەوەیە کە دەکرێ دوو قۆناغ لە نووسینەکانیدا دیاری بکەین : (( قۆناغی ناماقوڵ و قۆناغی یاخی بوون )) [6] . دواجاریش لەم بەرهەمە جۆراوجۆرانەوە ئەوە دەبینین کە (( کامۆ هونەر دەبەستێتەوە بە هەڵوێستی میتافیزیکی مرۆڤەوە ، بڕیار دەدا کە پێویستە بوونەوەری مرۆیی فەیلەسوف بێت یان هونەرمەند بەو پەڕی ئازادی و یاخیبوون و توانای ئەفراندنەوە ڕووبەڕووی ئەو بێهوودەییە ببێتەوە کە گەردوونی تەنیووە )) [7] . بۆیە دەتوانین بڵێین بێهوودەیی و یاخی بوون دوو بنەمای سەرەکین لە فەلسەفە و بیری کامۆدا .

وەك دەردەکەوێ کامۆ چۆن سودی زۆری لە ئەفسانەی کۆنی یونانی بینیوە ، لە هەمان کاتدا کاریگەری زۆری کافکاشی لەسەر بووە . کافکا ( 1993 – 1724 ) زۆر بەرهەمەکانی (( ڕەمزی و ناعەقڵانین و بە ڕادەیەکی زۆر لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دووردەکەونەوە و شێوەیەکی تەمومژاوی بە خۆیانەوە دەگرن و بە واقیعێکی خەونیانەوە خۆیان دەپێچنەوە .

---

[1] موسوعة المصطلح النقدی اللامعقول ، ص 46

[2] لێکدانەوەیەك لە مەڕ کامۆ ، ل 121

[3] د.سامیة احمد اسعد ، فی الادب الفرنسی المعاصر ، ص 241

[4] ئەلبیر کامۆ ، بەدحاڵی بوون ، 162

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 162

[6] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 235

[7] د.زەکەریا ئیبراهیم ، فەلسەفەی هونەر لای کامۆ ، و : شاهۆ سەعید ، گ : سەردەم ، ژ : 22 ساڵی 2112 ، ل 152

**لە چیرۆکەکانی کافکادا کەسانی چیرۆك لە واقیع دابڕاون و لە ژیانی ڕاستەقینەی بینراوی ڕۆژانەوە دوورن . بێناونیشان و پسولەو هەویەی تایبەتی دەژین ))[1] . ئەم ڕەوشە ئاڵۆزەش وەك دەردەکەوێ ، کاردانەوەی سەردەمی منالّی پێوە دیارە . ئەو هەڕەشەو ترسە گەورەیەی کە باوکی بۆی دروست کردبوو ، هەستی خۆ بەکەم زانینی بە شێوەیەك لا دروست کردبوو کە لە تەواوی بەرهەمەکانیدا ڕەنگی دابۆوە . سەرجەم چیرۆکەکانی (( نیشاندەری بێگانەبوونی خەڵکی سەدەی بیستەمە ))[2] . چیرۆکی دادگا یەکێکە لە چیرۆکە بەناوبانگەکانی ، پاڵەوانی چیرۆکەکە کە ناوی ( ك ) ە بە تاوانێك دادگایی دەکرێت کە بۆخۆشی نازانێت خەتاکەی چییە ، کە دواجاریش دەیکوژن هەر بۆی ڕوونابێتەوە ، تەناها یەك هاوار دەکات ئەڵێ : وەکو سەگ[3] . ئەم خۆ نزم کردنەوەیە لە لایەن کافکاوە ، ئاماژە بۆ بۆ کەم بایەخی و بێنرخی مرۆڤی هاوچەرخ . هەروەك ( موراد حوسێن عەباسپوور ) دەڵـــێ (( ڕەنگ بێ تا ئێستا هیچ کتێبێك بە ڕادەی فرانتس کافکا ، نەیتوانی بێ سەرگەردانی و بێپشتیوانی مرۆڤی هاوچەرخ وێنا بکا ))[4] . کافکا هێندە نائومێد و ڕەشبین ڕەشبین بووە لە ژیانیدا کە کەمترین بەرهەمەی هەبووە و لەسەرەمەرگدا داوا لە (ماکس برۆد) ی هاوڕێی دەکات سەرجەم بەرهەمەم دەسنووسەکانی بسوتێنێ و لەناوی ببات ، چونکە پێی وابووە کە (( بەرهەمەکانیشی وەکو ژیانی خۆی پووچ و بێ مانان ))[5] . بەڵام دیارە هاوڕێکەی بەقسەی نەکرد بەمەش دنیای بە شاکار گەلێ ناساند کە لە ڕۆخی مەرگدا بوون .**

**یەکێکی تر لە پێشڕەوانی ئەدەبی ناماقوڵ کە زۆر جار بە شانۆی پێشڕەویش ناودەبرێ ساموئیل بیکیت (1716 – 1797 ) ی ئیرلەندییە ، ئەگەر نایارانی ئەم نووسەرە بە ئاڵۆزی و نادیاری و ورووژاندنی بێزاری تۆمەتباری بکەن ، ئەوا لایەنگرانی بە یەکێ لە ڕابەرانی ئەدەبی هاوچەرخ و داهێنەری ڕاستەقینەی چەمکی شانۆی ناماقوڵی دادەنێن . ئەم نووسەرە بەناوبانگەی شانۆی هاوچەرخ تافی لاوی شۆرەتیشی لە فەڕەنسا بەدەست هێناوە . ماوەیەکی چەند ساڵێك جیمس جۆیس بووە و وەك قوتابییەك سودی زۆری لێبینیوە . ئەو ماوەیە لە گەڵیدا بووە کە چیرۆکە بەناوبانگەکەی ( یولیسیس ) ی نووسیوە و ڕێبازی**

[1] موعتەسەم ساڵەیی ، شانۆی بێهوودەیی ، گ : ڕۆشنبیرە نوێ ، ژ 99 ، تەموزی 1791 ، ل 56

[2] عەزیم ئومێدی ، ك. وەکو کافکا ، لە ژیان و کەسایەتی کافکاوە وەرگیراوە ، و : ئیسمایل ئیسمایل زادە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، 2119 ، ل 45 .

[3] فرانز کافکا ، دادگایی ، و : کاروان حەسەن ، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، سلێمانی ، 2117 ، ل 317

[4] موراد حوسێن عەباسپوور ، ژیان و کەسایەتی کافکا ، ل 111

[5] نامە دڵدارییەکانی کافکا بۆ میلینیای خۆشەویستی ، و : ئەنوەر قادر محەمەد ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 65 ، کانوونی دووەم و شوباتی 1799 ، ل 11

شەپۆلی هۆشی تێدا پەیڕەو کردووە [1] . پوچی و بێمانایی دونیا (( ئەو مۆرکەیە کە تان و پۆی شانۆکانی ئەوی گرتووە )) [2] . ونبوونی مرۆڤ و نەمانی مانا بۆ ڕەفتار و هەڵس وکەوتەکانی لە ژیانی هاوچەرخدا لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە پوچەڵ بوونی بیروباوەڕەکانی سیمای هەرە دیاری شانۆکانی بیکێتن و گەپچاڕانە هەوڵی چارەسەرکردنی پرس گەلێ ئەدەن کە پەیوەندیان بە بێبایەخیی بوونی مرۆڤەوە هەیە .

شانۆی ( لە چاوەڕوانی گۆدۆ ) کە لە ساڵی 1753 بڵاوکرایەوە بە یەکێ بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەدبی ناماقوڵ دادەنرێن ، سەداو ناوبانگی ئەم شانۆیە بە جۆرێکە کە تا ئێستا لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێ و بۆ زۆر لە زمانەکانی جیهان وەرگێرراوە . ئەم درامایە باس لە بەسەرهاتی دوو مرۆڤی بێهوودە دەکات کە هەمیشە لە چاوەڕوانی پەرستراوێکدان و سەرەنجامیش پێی ناگەن . چاوەڕوانی بەردەوام تووشی شۆك و داڕمان و بێهوودەییان دەکات تا ئەو ئەندازەی چەند جارێ هەوڵی خۆ خنکاندن دەدەن ، بەڵام توانایان بەسەر خۆخنکاندنیشدا ناشکێ . سەرەنجام بڕیاری هەڵهاتن دەدەن و توانای ئەوەشیان نییە بۆیە خۆیان مل کەچ بە چارەنووس دەکەن . دیارە سەرەتا ئەم شانۆیە ڕووبەڕووی ڕەخنە و دژایەتییەکی زۆر بووبووەوە لەو ڕووەوە کە ئاکام و ئامانج لە شانۆکەدا دیار نییە و بە بابەتێکی تەواو بێمانا تەماشا دەکرا ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بۆ خۆی ئامانجی نووسەر بووە .

ئەم بنەما و سیما دیارانەی کە لەسەرجەم بەرهەمەکانی ( بیکیت ) دا دەبینرێن بە ئەندازێکە (( کە سەرجەم بەرهەمەکانی لە ناوەڕۆکدا لەیەکەوە نزیکن و هەمیشە تێڕوانینی بۆ ژیان ئاماژە بۆکردن بووە ، هەرگیز ئەم ڕاستییە گۆڕان و پەرەسەندنی بەخۆوە نەدیووە )) [3] . باشترین نموونەی لە یەکەوە نزیکی بەرهەمەکانی بیکیت ، ڕۆڵ و لێکدانەوە و بیرکردنەوەکانی کارەکتەرەکانێتی کە بەردەوام لە مەنۆلۆجێکی هەمیشەییدا دەبینرێن و بێدەنگیش گوزارشت لە تەنیایی قوڵیان دەکات و ئاخاوتنی بێ ماناو بێ ناوەڕۆك سیمای دیاری گفتوگۆکانیانە . بۆ نموونە ( بوزو ) کە کاراکتەری شانۆی ( لە چاوەڕوانی گۆدۆدا ) یە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ( هام ) ی کاراکتەری ( کۆتایی گەمە ) نییە کە ئاماژەن بۆ ستەم و دەسەڵات . بە هەمان شێوە کەسایەتی ( لاکی ) یش زۆر جیاواز لە (کلۆف) نابینرێ

---

[1] د. محمد مندور ، الادب و مذاهبه ، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع ، ط 7 ، مصر- الجيزة ، 2111 ، ص 157

[2] نعيم عطية ، مسرح العبث مفهمه وجذوره واعلامه ، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر ، القاهرة ، 1791 ، ص 429

[3] كولن ولسن ، المعقول واللامعقول فى الادب الحديث ، ت : انيس ذكى حسن ، منشورات دار الادب ، ط 4 ، بيروت ، 1799 ، ص 121

**که بەردەوام خزمەت بە گەورەکانیان دەکەن. بە واتایەکی دیکە (( هام و کلۆف درێژکراوەیەکی لۆژیکی فلادیمێر و ئیستیراگۆنن )) [1] . بۆیە دەتوانین بڵێین لێکچوونێکی زۆر لە نێوان کاراکتەرەکانی و بیرکردنەوەشیاندا هەن . لەلایەکی دیکەوە ئەم کاراکتەرانە (( نەك تەنها هیواو و ئومێدیان ون کردووە ، بەڵکو هەموو جۆرە پەیوەندییەکیان بە ژیان و مرۆڤەوە لە دەست داوە و چاوەڕوانی مەرگ دەکەن . کارەساتیش لەوەدایە کە چاوەڕوانی ساتێك ئەکەن زۆر خاو و لەسەرخۆ دێتە پێشەوە و سەرنجام بە هیچ و نەبوونیش بە کۆتا دەگەن . سەرەڕای دابڕانیان لە دەوروبەر ، لە ڕووبەڕووی هێزی دژوار و ڕووخێنەری زەمەنیشدان )) [2] . ئەم هەستکردنە بە دژواری زەمەن ، بیکت لەسەر زاری ( بوزو ) دا ئاشکرا بەیانی دەکات : (( ئازاردانم تەواو نەبوو بەم پرسیارە پیسانە دەربارەی کات ؟ شتێکە ڕوویداوە ، کەی ؟ کەی ؟ کەی؟ ڕۆژێك لە ڕۆژان باش نییە ، ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی کە لە هەموو ڕۆژانی تر ئەچێت لاڵ بووین ، هەر لە ڕۆژێ لەو ڕۆژانەشدا کەڕیش ئەبین ، هەر ڕۆژێ لەو ڕۆژانەشدا لەدایك بووین و هەر ڕۆژێکیش وەك ئەو ڕۆژانە دەمرین ...)) [3] . لەلایەکی دیکەوە چاوەڕوانی کردن لەم شانۆیەدا ئامارژەکردنە بۆ ڕاستییەکی دی کە چۆن مرۆڤ بتوانێ زەمەن تێپەڕێنێ لە کاتێکدا چواردەوەری ، سنورەکانی بە بێمانایی و ناماقوڵی تەنراوە. دواجاریش کە ( فلادیمیر ) و ( ئیسترگۆن ) دەسەڵاتیان بەسەر خۆ خنکاندندا ناشکێ و قبوڵکردنی ژیان لایان قبوڵکردنی بێمانایی و بێدەسەڵاتییەکانی ژیان و چارەنووسی ونبوویانە . کەسیان توانای ڕزگارکردن و هاوکاریکردنی ئەوی دیکەیان نییە مل کەچکردن دوا قەدەریانە . چونکە سەرجەم ڕەفتار و بۆچوونەکانیان دوورن لە ئیلتیزام و پەیامداری ، بۆیە (( بێکەڵکی و پووچی بیریش کە مایەی کزی و لاوازی سەرجەم کارەکانی مرۆڤە لە بوونی هەر مانایەکدا ، ئەو بابەتەیە کە جار لە دوای جار لە کارەکانی بیکیتدا سەرهەڵدەدەنەوە . ئەمەش ئەو خاڵە ترسناکەیە کە سەرجەم بیری ئەوی تیا ئۆقرە ئەگرێ )) [4] . دواتر ئەم شانۆیە وا دێتە پێش چاو کە زمان ماك و بایەخی خۆی لەدەست دابێ کە لە ڕاستیدا هۆکارێکی سەرەکی پەیوەندی کردن و لێك تێگەیشتنە ، دیارە ئەم حاڵەتە بەمەبەست کاری بۆ کراوە لە پێناو دەرخستنی دژواری و ناماقوڵی ژیان و نیشاندانی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان نەوەی مرۆڤایەتیدا دەبینرێ لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە**

[1] ساموئێل بیکیت ، کۆتاییی گەمە ، و : مستەفا قەسیم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، 2119 ، ل 21

[2] د.سامیة احمد اسعد ، فی الادب الفرنسی المعاصر ، ص 9

[3] ساموئیل بیکیت ، لەچاوەڕوانی گۆدۆدا ، و : ئەحمەد محەمەد ئابلاخی ، چاپخانەی دار الحریە ، بغداد 1791 ، ل 145-146

[4] جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و التناقض ، ص 92-93

خستنە ڕووی ئەو دوورییە زۆرەی کە لە نێوان واقیعی ژیانی مرۆڤ و خەون و ئاواتەکانیدا هەیە.

ئەگەر (( بیکیت شانۆی لە چاوەڕوانی گۆدۆی لە سەر تارمایی چاوەڕوانکردنێکی پووچ بنیاد نابێ ، ئەوا لە شانۆی کۆتایی گەمەدا لە بەرامبەر ڕۆشتنێکی بێ مانادا دامان دەنێ )) [1] . درامای ( کۆتایی گەمەش ) لە زۆر ڕووەوە لە ( لە چاوەڕوانی گۆدۆ ) دەچێ و تا ڕادەیەکی زۆر دووبارە بوونەوەی هەمان ناوەڕۆکی( لە چاوەڕوانی گۆدۆدا ) یە . ( هام ) کاراکتەرێکە ، کوێر و ئیفلیجە کە هەرگیز توانای هەڵسانی نییە ، ( کلۆف ) ی خزمەتکاریشی کە بەردەوام بە پێوەیە و توانای دانیشتنی نییە . ( ناگ ) و ( نێڵ ) دایك و باوکی ( هام ) یش کە لە ناو تەنەکەی خۆڵدا دانراون . ئەم مرۆڤانە لەناو ژوورێکی تەنگ و تاریکدا ژیان بەسەردەبەن و پێیان وایە لە ئەنجامی کارەساتێکی گەورە بە تەنها خۆیان لە نەوەی مرۆڤایەتی ماون . حاڵی نەبوون و ناکۆکیەکانی نێوان ( هام ) و ( کلۆف ) ، چەشنی ناحاڵی بوونەکەی نێوان ( بوزو ) و (لکی) یە . لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵ و بیری ئەم کاراکتەرانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە (( شانۆی بیکیت کەسێتی پاڵەوانی بە مانا باو و بڵاوەکەی تێدا نابینرێ هەروەك چۆن لە ڕێبازە شانۆییەکانی دیکەدا بەدی دەکرێ ، چونکە نووسەری ناماقوڵ پێی وانییە کە سنورێ بۆ سیما و بیروباوەڕەکانی کاراکتەرەکانی هەبێ )) [2] ، بەمەش تا ڕادەیەك توانییان خۆیان لە بینای هونەری شانۆی تەقلیدی ئازاد بکەن .

یوجین یەنسکۆ ( 2291 – 2229 ) کە بەیەکێ لە پێشەنگەکانی ئەدەبی ناماقوڵ دادەنرێ ، لە بەرهەمەکانیدا هەمیشە هەوڵی داوە وێنەی نامۆبوون و پووچی و بێهوودەیی دنیای لە سایەی تێکشکانی مرۆڤ بەها مرۆڤایەتیەکاندا پێشکەش بکات . لە ڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر پێشەنگێتی و ڕوونکردنەوەی چەمکی ئەم ڕێبازە لە ئەوروپادا بۆ ئەم دەگەڕێتەوە ، چونکە (( یونسکۆ تێبینی و ڕاڤەی زۆرتری لە نێو ئەم بزوتنەوە ئەدەبییەدا پتر لە هاوڕێکانی پێشکەش کردووە ، لەم ڕووەوە دەکرێ بە قسەکەری ناڕاستەوخۆیان دابنرێ )) [3] . لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەرنج لە بەرهەمە شانۆییەکانی بدەین ، دەبینین (( پڕن لە واتای جیاواز ، کە دەکرێ هەر یەکێ لەو واتایانە مانای مەبەست بێ . هەرچەندە ئەم جۆرە شانۆیانە خاڵین لە ئامانج و چارەسەری گونجاو ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی یونسکۆ پابەندی

---

[1] د. يحيى البشتاوى ، دراسات فى الادب المسرحى ، دار اكندى للنشر و التوزيع ، ط 1 ، 2117 ، ص 119

[2] جاك جويشاردنو و جين بيكلمان ، دراسات فى المسرح الفرنسى المعاصر ، ت : شاكر النابلسى ، دار الفكر ، القاهرة ، 1761 ، ص 95

[3] موسوعة المصطلح النقدى اللامعقول ، هامش ص 66

یەك دیدگای دیاریکراو نییە ، چونکە ئەو باوەڕی وایە کە سەرجەم بۆچوون و دیدگاکان پووچ و بێ کەڵکن . بۆیە بەرهەمەکانی بەو ئاراستەیەدا ئەڕۆن کە سەختی ژیان و دژواری ئاواتەکانی بەیان بکەن ))[1] . ئەو کارەساتە دڵ تەزێن و دیمەنە تالاَنەی کە یونسکۆ لەسەردەمی منداڵیدا لە بوخارست لە دەوروبەری جەنگی جیهانیدا بینیبوونی ، جۆرێ لە ترس و دڵەڕاوکێی لە ناخدا چاندبوو ، وەك دەردەکەوێ کاریگەری وشوێنەواری لە دروستکردنی کەسێتی و بیری ئەودا هەبووە (( هۆکاری سەرەکی هەست کردن بە غوربەت بوون لای یونسکۆ لە زێدی خۆیدا ، هۆکاریش بوون بۆ جیابوونەوە لەو کۆمەڵگایەی کە تێدا دەژیا و ناچاربوو بۆ خۆ دۆزینەوە لە نیشتیمانێکی دیدا کە لە فەڕەنسا بەدی کرد ))[2] . دیارە دەرکەوتنی هەست و دیمەنە تاڵەکانی جەنگ لە کەسێتی و بیری یونسکۆدا کارێکی ئاساییە ، کە دەرونێکی پڕ لە ژان و پەشیمانی و حەسرەت و بۆشایی ڕۆحی نەبێ ، چیدی تیا بەدی ناکرێ . بۆیە شانۆی یونسکۆ (( هەوڵ ئەدات بینەری شانۆکانی هەست بەو تەنهایی و گۆشەگیریە هاوبەشەی نێوانیان و ئەو بۆشاییە زۆرەش بکەن کە ژیانی ڕۆژانەیانی داگیرکردووە و هیچ مانایەکی نییە و بەشی هەرە زۆری بوونی ئەوان لە دونیادا پێك دێنێ ))[3] . دیارە جێگای سەرسوڕمان نییە کە کاراکتەرەکانی یونسکۆ لە تەنیایی و گۆشەگیریدا بەدی بکەین ، هەستکردن بە ونبوونیان نەك بە تەنها لەبەرامبەر کۆمەڵدا بەدی دەکرێ ، بەڵکو لە بەرامبەر خودی خۆشیاندا هەستی پێ دەکرێ . سەرەڕای هەستکردنیان بە ترس و دڵە ڕاکێ لە بەرامبەر پێشهاتە نادیار و نەبینراوەکانی قەدەردا. لەلای یونسکۆ (( تێڕوانینی نائومێد و ڕەشبینی لەگەڵ نووسەرانی ناماقوڵدا وەك کارێکی هەمیشەیی دەبینرا بە تایبەت کە کاریگەربوون بە واقیعی تاڵ و پڕ لە کارەساتی مرۆڤی هاوچەرخ و لەگەڵ ڕووداوە خەماوییەکانی سەدەی بیستەمدا ژیانیان دەگوزەراند . لەبەرئەوە هەستکردن بە ترس و تراجیدیای ژیان دەستی گرتبوو بەسەر سەرجەم بیر و لایەنی دەرونی و کۆمەلاَیەتی کاراکتەرەکانیدا ))[4] .

سەرەتای کاری شانۆیی و نوسین لای یونسکۆ بۆ پاش جەنگی جیهانی دووەم دەگەڕێتەوە . ئەو دەمەی کە جۆرێ لە بیروباوەڕ و هەست لای نووسەران و بیرمەندان پەیدا بووبوو بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و نالەبارە پڕ لە کارەساتەی کە دەرەنجامەکانی

---

[1] جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ، ص 99

[2] حمادة ابراهيم ، اعمال يونسكو ، وزارة الاعلام الكويتية ، كويت 1799 ، ص 5

[3] يوسف عبدالمسيح ثروت ، دراسات فى المسرح المعاصر ، ص 42

[4] هە ئەو سەرچاوەیە ، ل 4-6

جەنگ خولْقاندبوویان . ئەگەرچی ئەم سەرەتایە بۆ جۆرێك لە ڕێکەوت (مارتن ایسلن ) دەیگێڕێتەوە [1] ، بەلاّم یەکەم کاری شانۆیی ئەو بۆ سالّی 2291 دەگەڕێتەوە کە شانۆی ( المغنیة الصلعاء ) ی بەرهەمهێناوە لێرە بە دواوە ئەزموونی بیری و هونەری ئەو ڕوو لە پەرەسەندن دەکات و شوێن و پێگەی خۆی لە نێو نووسەرانی هاوکاتی خۆیدا دیاریدەکات . سەبارەت بە ناو ناوەڕۆکی ئەم شانۆیە ، لە ڕاستیدا گۆرانی بێژێکی کەچەلْ بوونی نەبوو ، بەلْکو گۆرانی بێژێکی سورباو (BLOND) هەبووە ، یەکی لە ئەکتەرەکان لەکاتی پرۆڤەکردندا ، هەلّە بە (BLAD) واتە کەچەلْ دەردەبڕێت . ئەم هەلّە زمانییە پاش ئەوەی دەبێتە مایەی پێکەنینی یونسکۆ و سەرجەم ئەوانەی لەگەلّیدان ، دەشبێتە ناونیشانی شانۆکەی [2] . پێش ئەم ڕێکەوتە (( یونسکۆ ڕاڕا بوو لە دانانی ناونیشانێ بۆ ئەم شانۆیەی . بیری لەوە دەکردەوە ناوی بنێ ( کاژمێری ئینگلیزی ) یا ( فیری زمانی ئینگلیزی بە بێ ماندووبوون ) یا ( ئاسمان سەگ و پشیلە دەبارێنێ ) لە ڕاستیشدا سەرجەم ئەم ناونیشانانە دژ بە چەمکی ناونیشان بوون )) [3] . وەك ئاماژەکردنێك بۆ تەنگەژەیەی کە تووشی زمان هاتووە .

لەم شانۆیەدا وێنەی ژن وپیاوێکی نەگونجاومان پێشکەشدەکات ، کە هەمیشە ناحالّی بوون بالّی بەسەر گفتوگۆکانیاندا کێشاوە . ژن وپیاوێکی دیش دێن بۆ سەردانیان تێکەلْ بەو تێنەگەیشتن و گەڕەلاوژێیەی ئەوان دەبن . کێشە و قسە و باسی بێماناو پڕوپوچی ئەمان لەسەر ئەوەیە کە یەکتری ناناسن هەرچەندە بەیەکیشەوە هاتوون ، لە میانەی قسەوباسە بێماناکەیاندا بۆیان دەردەکەوێ کە لە خانەی سێیەمی هەمان شەمەندەفەر لە مانجستەرەوە هاتوون و زیاتر لەوەش لەیەك نهۆمی بالّەخانەیەکەوە هاتوون و لە یەك ژووردا دەژین و هەردووکیشیان یەك مندالّیان هەیە کە چاوێکی سپی و ئەوی تریان سورە . ئەم لێکدانەوە لۆجیکیە دەیان گەیەنێتە ئەوەی کە ڕەنگە ژن و مێردی یەکتر بن ، بەلاّم سەرەنجام ناگەنە ئەوەی یەکتری بناسن . دیارە یونسکۆ (( ئەم شێوازە تایبەتە لە گفتوگۆ بەتالْ و خالّی لە مانایەکی دیاریکراو بۆ دەرخستنی دیمەنێ لە دیمەنەکانی بۆشایی و بێهوودەیی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێنێت و ئەوەش بەیان دەکات کە زانستی زمان تووشـــی چ داڕمانێ بووە )) [4] . ئەم داڕمانە (نعیم عطیة) یەش پەنجەی دەخاتەسەر و پێی وایە کە (( یونسکۆ پتر

---

[1] مارتن اسلن ، دراما اللامعقول ، ت : صدقی عبدالله خطاب ، وزارة ارشاد و الانباء ، کویت ، 1791 ، ص 134-135

[2] حسن محسن ، المؤثرات الغربیة فی المسرح المصری المعاصر ، دار النهضة العربیة ، القاهرة ، 1797 ، ص 64

[3] کلود ابستادو ، یوجین یونسکو ، ت : قیس خضور ، منشورات اتحاد کتاب العرب ، 1777 ، ص 46

[4] جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ، ص 72

**گرنگی و بایەخ بەو فۆرمە زمانییانە دەدات ، کە خاڵین لە مانا ))[1] . بۆیە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ((یەنسکۆ پتر لە هەموو شتێ کاری لەسەر پووچی و بێهوودەیی زمان کردووە ))[2] . ئەوەی ئەم نووسەر لەم درامایەدا ئەیەوێ بیگەیەنێ ، ئەوەیە کە (( مرۆڤ با لە یەکتری بە ڕواڵەت نزیك بن کەچی لە ڕاستیدا لە یەکترییەوە دوورن کەس بەڕاستی کەسی تر ناناسێ .. ئەوەی پێی بووترێ ناسین تەنیا ئەو وەهمەیە کە تارمایی یەکتری تیا بەدی دەکەین ))[3] یونسکۆ لە درێژەی ئەم باوەڕانەیدا بۆ ئەو تەنگەژەیەی کە ڕووبەڕوی زمان بۆتەوە پێی وایە (( ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی و بەردەوام بوونی ئەگەر ماقوڵ بن یان ناماقوڵ بەستراوە بە شێوازەکانی گفتوگۆکردنەوە. بۆیە ئەگەر شێوازەکانی پەیوەندی کردن نابەجێ و ناماقوڵ بن ، ئەوا ژیانی ڕۆژانەش بەهەمان شێوە نابەجێ و ناماقوڵ دەبێ ))[4] . لەبەرئەوە پاش تێکشکانی زمان و دیالۆك لەم شانۆیەدا ، کەسەکانیش تووشی تێکشکان و داڕمان دەبن . سەرەنجام یونسکۆ لەم شانۆیەدا دەیەوێ (( ئەوە بەیان کات کە خەڵکی لە تەنیایی و گۆشەگیری لە بەرامبەر یەکتریدا دەژین و هەرگیز وەك پێویست یەکتری ناناسن ، ئەگەرچی ژیان ئەوان لە پەیوەندی توندوتۆڵ و بەهێزدا کۆدەکاتەوە... بیرکردنەوەو لێکدانەوەی لۆجیکیش هەرچەند بەهێز و دامەزراو بێ ، هەر خێراش تووشی داڕمان ئەبێ . بنەڕەتی فەلسەفەی بێهوودەییش لەم دیدگایەوە سەرچاوە ئەگرێ کە پێی وایە لۆجیك وەك پێویست بۆ ئەوەمان نابات کە لە واقیعدا هەیە ))[5] .**

**شانۆی ( کورسیەکان ) کە لەساڵی 2211 دا پێشکەشکراوە (( لە باڵادەستی هێزی نێو بۆشایی و بێ مانایی ژیان دەدوێت ))[6] ، باس لە ژن وپیاوێکی پیر دەکات کە لە دوورگەیەکی دووردا ژیان بەسەردەبەن . پیاوەکە هەست دەکات کە پەیامێکی گرنگ و پلانێکی پێیە بۆ ڕزگارکردنی جیهان کە لەماوەی نەوت و پێنج ساڵی تەمەنیدا بەدەستی هێناوە و پێویستە بیگەیەنێ پێش ئەوەی بمرێ . لەم ڕووەوە ژنەکەی هانی زۆری ئەدات (( ئەوە ئەرکێکی پیرۆزە ، حەق نییە لە پەیامەکەت بێدەنگ بیت ، پێویستە بۆ خەڵکی ئاشکرا**

---

[1] **نعیم عطیة ، مسرح العبث مفهمه وجذوره واعلامه ، ص** 417

[2] **صبری حافظ ، اللغة واللامعقول فی مسرح یونسکؤ ، م : الاداب ، ع** 11 **، اکتوبر** 1763 **، ص** 26

[3] **درامای کوردی لە نێو درامای جیهانیدا ، ل** 291

[4] **جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ،** ص 72

[5] **هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل** 75

[6] **جورج رسل تیلر ، یونسکۆ نموونەیەکی زیندووی شانۆی بێهوودە ، و : یاسین قادر بەرزنجی ، لە چەند باسێکی شانۆییەوە وەرگیراوە ، چاپخانەی : دەزگای ئاراس ، هەولێر ،** 2119 **، ل** 34

کەیت ، ئەوان چاوەڕوانی پەیامەکەت دەکەن ، جیهان چاوەڕوانی تۆیە ))[1] . پێی باشە لەبەر گرنگی پلانەکە ، ڕاگەیاندنی بە بێژەرێکی قسەزان و لێهاتوو ڕاسپێرێ ، چونکە بۆ خۆی کێشەی لە گوزارشتکردندا هەیە ... (( ئەی خودایە گرانییەکی گەورە ئەبینم لە گوزارشتکردن . هیچ شتێك مەسەلەکەم بۆ ئاسان ناکات))[2] . بۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی خەڵکێکی زۆر دەکات کە لە پاشماوەی مرۆڤایەتین . کورسییەکی زۆر ڕیزدەکات و خەڵکێکی زۆر لە شانۆکە ئامادە دەبن ، بەڵام هەر کورسی بەتاڵ دیارە ، چونکە ئامادەبووەکان وەهمین . پیرە پیاوەکە پێشوازی ئامادەبووەکان دەکات پێیان ڕادەگەیەنێ کە بێژەرێ لەبری خۆی ناوەڕۆکی نەخشەکە و نهێنی نەخشەکەیان بۆ بەیان دەکات . پاش ئەمە خۆی و ژنەکەی هەر یەکەیان لە پەنجەرەیەکەوە خۆیان فڕێ دەدەنە خوارەوە و خۆیان دەکوژن و بێژەرەکەش قسەی بۆ ناکرێ چونکە زمان لە دمیدا نییەو کەڕولاڵە . یونسکۆ لەم شانۆیەدا پێی وایە کە پەیوەندیکردن و بەردەوامی پەیوەندی نێوان تاکی مرۆڤایەتی کارێکی ئاستەمە . چونکە (( ژیان دۆزەخە بۆ هەموو تاکێکی مرۆڤایەتی ، هەموو تاکێ گیرۆدەی بەندی تایبەتی خۆیەتی کە تەواو دای ئەبڕێ لە دەنگەکانی دەوروبەری خۆی . کەس نایبینێ و کەسیش دەنگی نابیستێ . پەیوەندی نێوان مرۆڤیش وەهم و درۆ نەبێ هیچی تر نییە ، پەیوەندی تەنهاو ڕاستەقینە ئەو پەیوەندییەیە کە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ خودی خۆیدا هەیەتی ))[3] . ئەم ڕاستییە یونسکۆ لەسەر زاری پیرە ژنەکە ئاشکرا بەیانی ئەکات (( مێردەکەم بێ ئەوەی ڕقی لە مرۆڤ بێ ، حەز بە تەنیایی دەکات ))[4] . ئاشکرایە یونسکۆ لەگەڵ نوسەرانی دیکەی ناماقوڵ هەوڵی قوڵ نیشاندانی بیری پوچ دەدات لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و جەخت لەسەر گۆشەگیرکردنی مرۆڤی دەکاتەوە لە کۆمەڵگا مەدەنییەکاندا بە تایبەت کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێیەکان ، لەم ناوەندەدا بوونی مرۆڤ بێبایەخ و پوچە ، چونکە مرۆڤی نێو ئەم کۆمەڵگایانە هەمیشە چاوەڕێی کوتایی هاتنی دواین هیواو و ئاواتەکانێتی . دیارە دنیای یونسکۆ بەو شێوەیەی کە ( یوسف عبدالمسیح ثروت ) ئاماژەی پێدەکات : (( دنیایەکە سەرجەم لایەنە بەهێزەکانی خۆی لەدەست داوە و مرۆڤیش لەم دنیایەدا هەموو بەها بەنرخەکانی لێ ون بووە کە سەردەمانێکی دوور و درێژ دەستی پێوە گرتوون و داکۆکی لێکردوون و لە پێناو بە ئاکام گەیشتنیان هەوڵی زۆری داوە . بە لەدەستدانی دنیاش بۆ

[1] یوجین یونسکۆ ، کورسییەکان ، و : هەورامان وریا قانع ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی 2112 ، ل 111
[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 112
[3] جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ، ص 79
[4] یوجین یونسکۆ ، کورسییەکان ، ل 111

بەهاکانی ، تەواو کاریگەری لە ویژدانی مرۆڤی هاوچەرخ و سەرجەم چالاکییە دەروونی و بیرییەکانی هەبووە ))[1] . یونسکۆ لە پاش ( کچە گۆرانی بێژە کەچەڵەکە 2231 ) و ( پاشا دەمرێت2211 ) و کۆمەڵە شانۆیەکی دیکەش پێشکەش دەکات[2] .

یەکێکی دیکە لە پەیڕەوکەرانی شانۆی بێهوودەیی ( هارلۆد بنتر ) ە ، تەمومژی و نادیاری باڵی بەسەر تەواوی بەرهەمەکانیدا کێشاوە . خوێنەر یا بینەر ڕاڤەو لێکدانەوەیەکی دروست نە بۆ کەسایەتییەکان و نە بۆ ڕووداوەکانیش بەدی ناکات . زۆرجاریش دەرکەوتنی کەسەکان لە کات و شوێنی دیاریکراودا لە خۆوە دەبێ . ڕەوشی گشتی شانۆکانی بنتەر دەکرێ بڵێین خوازەییە و جۆرێك لە لاسایی کردنەوەی واقیعی تێدایە بەڵام بە مانا تەقلیدییەکەی نا . لە ڕاستیدا ئەو واقعەی لە شانۆی ناماقوڵدا دەبینرێ شێوازێکی گەپجاڕی هەیە . بەڵام تەوس و تەنزێکی ترسناك و نادیار. دیارە ئامادە نەوبوونی دیالۆگیش بە مانا زانراوەکەی ، هێمای نادیاری و تەنیایی‌یە کە مرۆڤی پاش جەنگی جیهانی دووەم تووشی بووبوو . ئەوانەی لە گڕکانەکانی جەنگ دەرباز بووبوون ، ڕووبەڕووی مەترسییەکی بەهێزتر بوونەوە کە دەرەنجامە پڕ لە کارەساتەکانی جەنگ بوون . شانۆی ( ئاهەنگی جەژنی لە دایك بوون ) یەکەمین بەرهەمی شانۆی بنتەرە کە لەساڵی 2211 دا نوسیویەتییەوە . شانۆکانـــــی ( گەڕانەوە بۆ ماڵ ) و ( خیانەت ) بەناوبانگترین شانۆکانی ناوبراون[3] . دیارە تایبەتمەندییەکانی شانۆی پنتەر هەروەك ( یوسف عبدالمسیح ثروت ) ئاماژەی پێدەکات : نادیاری و تەمومژی ، هەستکردن بە ترسێکی دەرەکی بە شێوازێکی هەمیشەیی ، گرنگی دان بە هەڵوێستەکان پتر لە کەسەکان ، هەوڵدان بۆ نیشاندانی ناماقوڵی دنیاو هەڵهاتن لێی ، گوێ پێنەدان و ساردییەکی بەهێز ، هەوڵدان بۆ چڕ نیشاندانی پووچی دنیا ، سەختی لە دیتنی ڕاستیدا چونکە چەمکی ڕاستی بۆخۆی لەژێر گوماندایە ، ...[4]

ئارسەر ئادەمۆفی بە ڕەچەڵەك ئەرمەنی کە لە فەڕەنسا ناوبانگی دەرکرد ، یەکێکی دیکەیە لە نووسەرانی ناماقوڵ . کارەسات و مەینەتییەکانی سەدەی بیستەم مایەی هەژانی دەروونی ئەم نووسەرە بوو . کە (( بە شێوەیەکی ڕوون و ترسێنەر تەنگەژەی تاکی ئەورووپی لە دیدێکی میتافیزیکیەوە وێنا دەکات ، گۆشەگیری مرۆڤی ئەورووپی لە نێو دنیا و

[1] یوسف عبدالمسیح ثروت ، مسرح اللامعقول و قضایا اخری ، منشورات مكتبة النهضة ، بیروت _ بغداد ، ص 33

[2] محمد مندور ، فی المسرح العالمی ، دار الكتب ، القاهرة ، 1767 ، ص 153

[3] هارولد بنتر في المسرح كان عبثیا وفي الحیاة ملتزما/http://www.BBCArabic.com

[4] یوسف عبدالمسیح ثروت ، مسرح اللامعقول و قضایا اخری ، ص 56

**گەردووندا زەق نیشان داوە ))[1] . تێڕوانینی ئادەمۆف بۆ ژیان (( وەك زۆر لە درامانوسە ناماقوڵەکان، تا ئەو پەڕی سنوور تێڕوانینێکی نائومێدی و ڕەشبینە ))[2] و لە بەرهەمەکانیشیدا ((کاریگەری زۆری ئەنتوان ئارتۆ و ستریندبێرگ و کافکای لەسەر بووە))[3] .**

**دیارە ئێمە لە پاش خستنە ڕووی بیروباوەڕی ئەم نووسەرە ناودارانەی ئەدەبی بێهوودەیی لە دوو توێی هەندێ لە بەرهەمەکانیانەوە ، هاوکات هەندێ لێکدانەوەی سادەو ساکار بۆیان بە پشت بەستن بە کۆمەڵێ سەرچاوەی جۆراوجۆر ، دەکرێ لە چەند پەیڤێکدا ڕاڤەیەکی کورت یان تاریفێکی کورت بۆ بێهوودەیی بەم شێوەیە بخەینەڕوو : بێهوودەیی جۆرە هەستێکی کتوپڕە سەبارەت بە پووچی و بێ مانایيەکانی ژیان و ئاکامەکانی بوون لە گەردوندا ، کە دەشێ بۆ هەر مرۆڤێ بە جیاوازی پلەی ڕۆشنبیرییەوە لە کات و ساتێکی دیاری نەکراودا دروست ببێ. دیارە ئەم هەستە ئەو دەمە بە مرۆڤ دەگات کە هۆشی بەر دیوارە ناماقوڵەکانی ژیان دەکەوێ و لێرەوە خۆی بە نامۆ لەگەڵ دنیای دەوروبەردا دەبینێتەوە و دواتریش ئەقڵی لە هەستکردن بۆ بوونی ئامانج بۆ ژیان دەوەستێ . گەرچی مرۆڤ هەر لە مێژوویەکی دێریندا پرسیارەکانی لە بارەی بوون و نەبوون و ماکی ئەو لە بووندا لادروست بووە ، بەڵام دیارە ئەم هەستانە لە سەردەمانی تاریکی و جەنگە بێبەزەیی و وێرانکەرەکاندا چڕتر لای مرۆڤ بەرجەستە دەبن . ئاشکراشە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم سەردەمانێکە کە ماناکان لە ژیان دائەبڕێن و لێکدانەوە ئەقڵییەکان لەبەرامبەر دنیای ناماقوڵدا کاڵ دەبنەوە و چەمکەکانی مردن و حەقیقەتی مردن و دەربازنەبوونیش لەمردن سەنگ و قورسایی پووچی و بێهوودەیی ژیان لای مرۆڤی هاوچەرخ قورستر دەکەن .**

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 21

[2] جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ، ص 51

[3] موعتەسەم ساڵەیی ، شانۆی بێهوودەیی ، ل 54

# تەوەری سێیەم : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی بێهوودەیی

بیروباوەڕ و دیدگا نوێیەکان لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا سەرهەڵدەدەن ، وابەستەی کۆمەڵێ هۆکار و فاکتەری تایبەتین و دەرهاویشتەی ڕەوش و قۆناغێکی دیاریکراون . فەلسەفەی بێهوودەیی وەك لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێکرد ئەگەرچی مێژوویەکی دێرینی هەیەو بە قوڵایی مێژوودا ڕۆدەچێ و پرسیارەکان سەبارەت بە بوون و نەبوون هەمیشە لای مرۆڤەوە کراون ، بەڵام دیارە بەو شێوەیەی کە چێوەیەکی فەلسەفی لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە بۆ ڕەخسا ، ئەوا دەتوانین چەند هۆکارێکی بابەتی و خودی و مێژووی دیاری بکەین کە بە فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم فەلسەفەیە دادەنرێن . کامۆ لە ( ئەفسانەی سیزیف ) دا باس لە سەرچاوەکانی هەست کردن بە بێهوودەیی لای مرۆڤ دەکات کە پێی وایە لەیەکێ لەم ڕێگایانەوە بەمرۆڤ دەگات . بە واتایەکی دیکە کامۆ ئەمان بە فاکتەری خودی دەزانێ لە هەست کردن بە بێهوودەیی لای مرۆڤ :

2- سروشتی میکانیکی ژیانی زۆرینەی مرۆڤ وایان لێ دەکات کە پرسیار لە بارەی نرخ و بەهای بوون و ئامانجیانەوە بکەن ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بە بێهوودەیی.

1- هەستکردن بە تیژتێپەڕی کات یا هەستکردن بەوەی کە زەمەن هێزێکی ڕووخێنەرە

3- هەستکردن بە دابڕان لەگەڵ دەوروبەر و بەوەی کە مرۆڤ تەنیایە و لە دنیایەکی نامۆدا بەجێهێڵراوە .[2] دیارە نامۆبوونەکەش هەم نامۆبوونە لەبەرامبەر خودا و هەم نامۆبوونیشە لەبەرامبەر دنیای دەرەوەی خوددا

بەدەر لەمانە دیارە کۆمەڵە هۆکارێکی دیکەش هەن کە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە چڕ و بەهێز نیشاندانی هەست کردن بە بێهودەیی لای مرۆڤی هاوچەرخ . هەوڵدەدەین لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەیەنەوە :

2-جەنگ هەمیشە ئەو کارەساتەیە کە بوونی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسییەوە ، هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەبەردەم ڕەوتی ئاسایی ژیان و ئازادی مرۆڤدا . هەردەمێك بڵێسەی جەنگ و دەرەنجامەکانیان بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شکابێتەوە ، نرخ و بایەخی ژیانیان لای مرۆڤ کاڵ کردۆتەوە . دیارە هەردوو جەنگی جیهانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم چڕتر ئەم چەمکانەی لای مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی ڕۆژئاوایی بەرجەستەکرد . هەروەك

---

[1] انولد.ب.هنجلف ، موسوعة المصطلح النقدى اللامعقول ، ص49

[2] حياة جاسم محمد ، الدراما التجربية فى مصر والتاثير الغربى عليها ، دار الاداب ، بيروت ، 1793 ، ص 124

( غازی فاتیح وەیس ) یش  ئاماژەی پێدەکات (( ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهان و ئەو ئێش و ئازارە سەختەی کە مرۆڤ بەهۆی ئەو شەڕەوە تووشی بوو ، گەلێ دەوری هەبوو لە دروست کردن و خۆش کردنی ڕێگەی دروست  بوونی جۆرە ئەدەبێك لەبارەی بێنرخی و هیچ و پووچی ژیان بکۆڵێتەوە و ئەو ئێش و ئازارە پسشان بدات)) [1] . دواتر ناوبراو باوەڕی وایەکە کارەسات و دەرەنجامە تراژیدییەکانی دووەم جەنگی جیهانی (( برینی مرۆڤی دووبارە کولانەوە و ئەتوانرا بەئاسانی هەست و نەستی مرۆڤ دەستکاری بکرێت . هەروەها لە زۆر شوێن وکاتدا دڕندەیی مرۆڤ دەرکەوت و مرۆڤ بێبەزەییانە ئازاری مرۆڤی ئەدا . ئەم کردارانە بە جارێك لە مێشکی مرۆڤدا ڕەنگیان دایەوە و خواخوای هەڵوێستێك بوو دژی ژیان بدوێ و ئەو کارەساتە ناهەموارانە پێشێل بکات . لە ئەنجامدا  ئەدەبی بێهوودەیی هاتە کایەوە )) [2] و ئەوەش دووپات بووەوە کە جەنگەکان بە ئەندازێك کاریگەری لەسەر مرۆڤ بەجێ‌دێڵن کە هەست بە پووچی و بێمانایی بوونی خۆیان بکەنەوە .

1- ئەو ئاستە بەرز و پێشکەوتووەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بوارەکانی زانستە ڕووتەکان و تەکنەلۆجیای سەردەمدا بەدەستی هێنا و دواتریش دژ بە مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤایەتی بەکارهێنران مایەی لێکهەڵوەشانەوە و لێکترازانی کۆمەڵگای ئەوروپی بوو ، بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خستە ژێر مەترسییەکی ڕاستەقینەوە . ئەمە سەرەڕای بە ئامێربوونی ژیانی مرۆڤی ئەوروپی لە سایەی پێشکەوتنە مەزنەکانی زانستەوە ، چونکە (( زانست کە هەمیشە بە دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرەکانی دەمان تاسێنێ ، دەشێ دواجار ڕەگەزی مرۆڤایەتی تێکشکێنێ بەو پێیەی جۆری وای تێدایە کە تائێستا نەمان زانیوەو نەمان بیستووە و هیچ ئەقڵێ لە ئەقڵە بێکەڵك و نەبووەکانی ئێمە بەرگەی ناگرێ )) [3] و لە جیاتی ئەوەی زانست لە خزمەتی مرۆڤدا بێت ، ئەوا هاوکێشەکە ئاوەژوو بۆتەوە  . ئە پێشکەوتنە مەزنەی زانست (( وا لە مرۆڤ دەکات لە کەسایەتی خۆی دابماڵرێت و وەك ئامێری لێ بێت ، لە پێناو ئامانجێکدا بخولێتەوە کە ئامانجی ڕاستەقینەی وجود و ژیان مرۆڤایەتی نییە )) [4] لە ڕاستیدا ئەمە واقیع و دەرەنجامی سەرمایەدارییە لەسەرجەم کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا .

---

[1] غازی فاتیح وەیس ، ئەدەبی بێهوودەیی بۆ بێهوودەیە ، گۆڤاری بەیان ، ژ 111 ، ئابی 1795، ل 31

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 31

[3] کولن ولسن ، المعقول واللامعقول فی الادب الحدیث ، ص 29

[4] عوسمان یاسین ، فردیرك نیتشە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، چ : 1 ، هەولێر ، 2111 ، ل 46

3- نەمانی ماناو مەبەست لە بەرامبەر ڕەفتاری مرۆڤ لە دنیای هاوچەرخدا کە دەرەنجامی ئەو بۆشاییە ڕوحییە بوو بەهۆی دوورکەوتنەوە و نەمانی متمانە و باوەڕ بۆ ئاین ، کە هەمیشە وەك تویشوویەکی ڕووحی مرۆڤ سەیردەکرێ . لە ڕاستیدا (( ئادەمیزادی ئەم چاخە ، ئادەمیزادێکی ئاساییەو حەقی خۆی لە پاکی گومکردووە ، نەخوازەلا لەو ڕۆژەوەی زانیویەتی ، ئافریندەیەکی ئاژەڵ ئامێزە و لە قوڕە چەورەو لەسەر وێنەی یەزدان نەخوڵقاوە ، بەڵکو لە ڕەچەڵەکی مەیموونە پێشکەوتووەکانەوە پەرەی سەندووە )) [1] ، هـــــەروەها (( ئەوەشی بۆ ڕوون بووەوە ، کە ئەو یاسایانەی کار لە ئاکار و هەڵس و کەوتی ئەکەن ، ئەو بەها بەرزانە نییە کە لە ڕێی کتێبە پیرۆزەکانی باپیرانی چاخی زێڕینیەوە بۆی مابێت و پشتاوپشت هاتبێت ، بەڵکو چەندین غەریزەی سایکۆلۆژی و بایۆلۆژییە )) [2] . لە لایەکی دیکەوە لە نێو کۆمەلگای ئەورپیدا بە شێوەیەکی گشتی پەیامە ئاسمانی و کڵێساو دەستور و ڕێساکانی ئاین و پیاوە ئاینییەکان هیچ بەها و کاریگەرییەکی نەمابوو ، چونکە ئەمانە نەیانتوانی بۆ تەنها ساتێ جەنگ و ماڵ وێرانییەکانی جەنگ لە کۆمەڵگا بەدوور بگرن . سەرەنجام زۆر لە ئەورپییەکان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی نیتشە کە لەسەر زاری زەرادەشت مەرگی خواوەندی ڕاگەیاند [3] سەرەڕای ئەمانەش نەمانی باوەڕ بۆ ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو ، چونکە نەوەی پاش جەنگی دووەمی جیهانی پێی وابوو لێکدانەوەی ئەقڵی * و لۆجیکییەکانی مرۆڤ ، مرۆڤیان بە کارەسات گەیاند و باوەڕیشیان وابوو کە مرۆڤی هاوچەرخ

---

[1] سامی خشبە ، کێشەکانی شانۆی هاوچەرخ ، و : مەحموود زامدار ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1793 ، ل 7

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 11

[3] دانا ڕەوف ، یوژین یۆنیسکۆ و دراما و شانۆی پێشڕەوی هاوچەرخ ، گ : بەیان ، ژ 147 ، تشرینی دووەمی 1799 ، ل 31

* لەپاش سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە کە ئەقڵی ڕۆشنگەری جیگای عەقڵی ئاینی مەسیحی گرتەوە ، یان بە واتایەکی دی عەقڵی زانستی نوێ شوێنی ئەقڵی تویۆلۆژی کۆنی گرتەوە ، بەڵێنی ئەوەی دا بە مرۆڤی ڕۆژئاوایی کە هیواو ئاوات و خەونەکانی بۆ بێنێتەدی . لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر لەو ئاواتانەوەی بۆ فەراهەم کرد ، لێرەشەوە مرۆڤی ئەوروپی لە ئەقڵی تویۆلۆژی دوورکەوتەوە و بڕواو متمانەی بە ئەقڵی سەردەمی ئەقلانییەت و ڕۆشنگەری هێنا . بەڵام لە پاش کارەساتە خوێناوییەکانی نێوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و دیمەنە تراژیدییەکانی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کە بە ملیۆنەها مرۆڤی ئەوروپی و جیهانی تیا بوو بە سووتەمەنی ، ئەقڵی سەردەمی نوێ کەوتە ژێر پرسیار و سەرنجەوە و ئەو بوێرییەی لای کەسانێ دروستکرد ڕەخنە لەو ئەقڵە بگرن کە مرۆڤی ڕووبەڕووی ئەم کارەساتانە کردۆتەوە .دیارە پێش ئەم قۆناغە ئەو جۆرە ڕەخنانە کارێکی دژواربوو . مەگەر فەیلەسوفێکی وەك فریك نیتشە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەو کارەی لەدەست هاتبێ ، کاتێ لەسەر زاری زەردەشت مەرگی خوداوەندی ڕاگەیاند ، ئەمەش وەك زەنگێك بوو بۆ سەردەمێکی خاڵی لە پرنسیپە مرۆیی بەها ڕۆحییەکان ، سەردەمێك کە تیایدا بە شێوەیەکی ئەقڵانی و نائەقڵانی بیانوو بۆ کوشتنی تاك و بە کۆمەڵی ئادەمیزاد دەهێنرێتەوە . میشێل فۆکۆ کە بەیەکێ لە بیریارەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت ، لەو کەسانەیە کە هەوڵەکانی خستبووە گەڕ بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ڕۆژئاوایی و ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان مەعیفە و دەسەلات . پێی وابوو ئەو ئەقڵە هێندە پاك وبێگەرد نییە کە خۆیمان پیشان دەدات و سەراپاش مەعریفە نییە وەك ئەوەی باسی دەکرێت ، بەڵکو دەستی لەگەڵ مومارەسەکردنی هێز و هەیمەنە و چەوساندنەوە خۆسەپاندندا تێکەڵ کردووە و هاوشانی ئەوان دەڕوات . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : هاشم سالح ، فەلسەفە – ڕۆشنگەری – فێندە مینتالیزم ، و: شۆڕش ئەحەمەد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2113 ، ل 26 – 31 ؛ هەروەها بڕوانە : چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی ، ل 74 – 75

**((مەخلوقێکی بێباوەڕ و بێئایدۆلۆژیایە ))[1] و خاڵییە لە باوەڕە ئاینییەکان . بۆیە بەرهەمەکانی ئەم کۆمەڵە دراما نووسە هەوڵی نیشاندانی (( ئەو بۆشاییە ڕووحیەی دەدا کە تاکی بێباوەڕی ئەورووپی تێدا نقووم بوو بوو ))[2] و بێگومان ترس و ڕاڕایی و ونبوونێکی هەمیشەیی دەرەنجامی ئەم بێباوەڕەییەی مرۆڤی ئەورووپی پاش جەنگ بوو .**

**9-ئەو ترسە گەورەو هەمیشەییەی کە مرۆڤ لە بەرامبەر گەردوندا هەیەتی و سەرجەم لێکدانەوە ئەقڵی و پتەوەکان لە بەرامبەریدا دەستەوەستان و بێتوانا دەردەکەوتن. بە تایبەتی لە پاش ئەو ڕەوشە ئالۆز و نا تەندروستەی پاش جەنگە جیهانییەکان ، ئەم ترسانە لەبەرامبەر بە گەردوندا چڕتر دەردەکەوتن .ئەمەش دەمانباتەوە ئەو ڕێڕەوەی کە (( ڕەهەندی میتافیزیکی بەردەوام لایەنێکی گرنگی لە لێکدانەوەکانی مرۆڤدا بەرجەستەکردووە ))[3] ، دواجاریش ئەم لێکدانەوانە لەسەر هۆش و هزری مرۆڤی ئەورووپی سەدەی بیستەمدا کاریگەر دەبینرێ .**

---

[1] فەرمان عەبدوڵا ، ژیان چییە ؟ ، گ : کاروان ، ژ 216 ، ئایاری 2116 ، ل 5

[2] فؤاد المرعی و محمد مرشحة ، الادب و النقد فی الغرب ، منشورات جامعة حلب ، 2111 ، ص 442

[3] د.نهاد صلیحة ، المسرح بین الفن و الفکر ، ص 91

# تەوەری چوارەم : تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی بێهوودەیی

2- نووسەرانی ناماقولْ پێیان وابوو مرۆڤ لەم گەردونە نەناسراوە ناماقولْەدا ویلْ و نامۆیە ، چونکە توانای لێکدانەوە و تێگەیشتنی بۆ ئەم ژیانە تێنەگەیشتووە نییە . مرۆڤی هاوچەرخ بەهۆی ئەوەی کە بوونەوەرێکی بێبڕواو و بێ ئایدیایە و دواتر ناتوانێ لە نێو جیهانە کۆمەلاّیەتی خۆیدا خۆی بدۆزێتەوە ، بۆیە خۆی نامۆ لەگەلْ دەورووبەردا دەبینێتەوە . لە نێو نووسەرانی ناماقولْدا ، ئەلبێر کامۆ (( یەکەم کەس کە بە پوختی و بە شێوەیەکی فەلسەفی باسی لە نامۆی مرۆڤ لەم گەردونەدا کردووە ))[1] و بۆ بەریەککەوتنی هۆشی مرۆڤی گێڕاوەتەوە لەگەلْ دیوارەکانی ناماقولْییەتدا .

1 – دەرەنجامی ئەو کارەساتە تراژیدیایانەی سەدەی بیستەم بە خۆوەی بینی ، سەرجەم بەها و پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان لێك هەلْوەشانەوە و مرۆڤ لە گۆشەگیریی و تەنیاییەکی ترسناکدا ژیانی دەگوزەراند و مرۆڤی ئەوروپی ئەم واقیعەی کاریگەر لەسەر دەرکەوت . بۆیە دەبینین کەسانی نێو ئەم ئەدەبە تەنیایی و گۆشەگیری و دابڕانیان لە یەکدی سیمای هەرە دیاریانە .

3 – یاخی بوون لە شانۆی تەقلیدی کە ئەرستۆ بنەماکانی داڕشتبوو هۆکارەکانی سەرکەوتنی لە سێ ڕەگەزەدا کۆکردبووەوە : کات ، شوێن ، ڕووداو . دیارە نووسەرانی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە گژ سەرجەم بنەما و پەیڕەو و مێژووی بەرهەمە شانۆییەکانی پێش خۆیاندا چوونەوە . ئەمانە ئەگەرچی (( هەریەکەیان بە تەنێ بۆ خۆی کاری دەکرد و تاقە خالْی هاوبەشی نێوانیان ئەمە بوو کە دژی شانۆی باو و تەقلیدی ئەو قۆناغ و ڕۆژە هەستا بوون ))[2] . بڕیاریاندا شانۆکانیان لە شوێنێکی زۆر دیاریکراودا بێت وەك دارێك ( لە چاوەڕوانی گۆدۆدا – بیکیت ) و کورسییەك لە ( کورسییەکان – یونسکۆ ) و ژوورێـــــك لە ( ژوور – بتر ) دابێت . بەمەش نرخ و بایەخی شوێنیان وەك ڕەگەزێکی گرنگ سنوردار و بێنرخ کرد . دیارە ڕەگەزی کاتیش بێبایەخ تەماشاکراوە تا ئەو ڕادەیەی کە زۆر جار هەست بە بوونی ناکرێ . لە ڕاستیدا (( کەمکردنەوە و دامالّینی کات و شوێن لە چەمکەکانی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە ئەبستراکتیزمدا بووە ))[3] . ڕووداویش کە هەمیشە وەك

---

[1] فازیل عەلی ، مرۆڤ و نامۆیی و شانۆ ، گ : بەیان ، ژ 43 ، تەموزی 1799 ، ل 35

[2] ڕەزا سەید حسێنی ، قەتابخانە ئەدەبییەکان ، ل 296

[3] د. محمد مندور ، الادب و مذاهبە ، ص 161

ڕەگەزێکی گرنگ و بزوێنەر تەماشادەکرێ و سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی بەدەوردا کۆدەبنەوە ، لای عەبەسییەکان نرخێکی ئەوتۆی نییەو بەڵکو هەست بە بوونی ڕووداوێکی پەرەرسەندوو ناکرێ . بۆ نموونە لە ( لە چاوەڕوانی گۆدۆدا ) دیارترین دیمەن ، ڕوونەدانی هیچ جۆرە شتێکە [1] . لەم شانۆیانەدا ڕووداوێ بەدی ناکرێ کە سەرەتاو ناوەڕۆك و کۆتایی هەبێ . بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئەم شانۆیانە بە تەواوەتی دەربازبزوونە لە شانۆی تەقلیدی و پێیان وابوو (( وێناکردنی ناماقوڵییەتی ژیان ، ناکری لە ژێر باری یاساکانی هونەردا بێت )) [2] . بە واتایەکی دیکە نووسەرانی ناماقوڵ (( لەبەرئەوەی بەلایانەوە جیهان ناماقوڵە ، ئەوا ئەشێ کارە هونەرییەکانیش لەسەر بنچینەی ناماقوڵییەتی ئەم جیهانە دابمەزرێن )) [3] نەك یاسا باوە لۆجیکییەکانی هونەر . باشترین نموونە لە بەگژاچوونەوەی ئەو بنەمایانەدا ، شانۆی ( دەرون ) ە ، کە تەواوی شانۆگەرییەکە 31 چرکەی خایاند و جێگا جێگا نەبوو ، کەسانیش کەس نەبوون ، بزوتنەوەش بریتی بوو لە چاوەڕێکردنێکی گومانایویی ئەو شتەی هەرگیز نایەت [4]

9- زمان لەم ئەدەبەدا زۆر ئالۆز و نادیارە تا ئەو ڕادەیەی وەك ئامرازێکی پەیوەندی کردن تەماشا ناکرێ . چونکە نووسەرانی ئەم جۆرە ئەدەبە سودی زۆریان لە ڕێبازەکەی ڕۆبرت همفری بینی کە زاتر پشت بە مۆنۆلۆگ دەبەستێ . گفتگۆ و دیالۆکەکان پچڕ پچڕە و بێدەنگی زۆری تێدا بەدی دەکرێ بەتایبەت لای بیکیت . هەندێ لە کاراکتەرەکانی ئەم شانۆیانە قسەیەك یان دووان ئەکەن . بۆنموونە لە شانۆی ( بەد حاڵی بوون ) دا ئەو پیرە پیاوەی کە زۆرجار ئامادەبوونی هەیە ، بەڵام تەنها یەك قسەئەکات ئەویش ( نەئ ) لە کۆتایی شانۆکەدا [5] . پتر لەمانەش هارلۆد بنتر کاراکتەرێکمان پێشکەش دەکات و ڕۆڵێکی سەرەکیشی دەداتێ لە کاتێکدا لاڵە لە شانۆی ( شاگردە کەڕەکە ) دا [6] .

1 – گاڵتەپێکردن و تەنزکردن لە زمانی شانۆی بێهوودەییدا یەکێکە لەو کەرەسە هونەرییانەی کە زۆرترین ئامادەبوونی هەیە . ئامانجیش لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە پەردەهەڵماڵینە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی و دەرخستنی ئەو هاوجۆرییەی کە

---

[1] سامی خشبە ، کێشەکانی شانۆی هاوچەرخ ، ل 23
[2] د. محمد مندور ، الادب و مذاهبە ، ص 159
[3] فوئاد حەمە خورشید ، ئەدەبی ناماقوڵ بەرەو کوێ ، گ : بەیان ، ژ 41 – 41 ، ئازاری 1799 ، ل 25
[4] نبیە البرجی ، خوێندنەوەی ئەدەبی بیکیت ، و : حەمید عەزیز ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 55 – 56 ، کانوونی یەکەم 1796 ، ل 19
[5] ئەلبیر کامۆ ، بەدحاڵی بوون ، ل 162
[6] http://www.facutly-yu-edu.jo/nassary

**تەنها لە ڕواڵەتدا بوونی هەیە ، لە کاتێکا لە قوڵاییدا کەلێن و سپەیسی گەورە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە و لەیەکیان جیادەکاتەوە ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە هۆکاریَ بوو بۆ نەنگ کردنی قەڵبی و ساختەیی کۆمەڵگا . یونسکۆ یەکێك لە شانۆ بەناوبانگەکانی ( کچە گۆرانی بێژە کەچەڵەکە ) یە ، لەم شانۆیەدا نە گۆرانی بێژێ بەدی دەکری نە مرۆڤێکی کەچەڵیش ( کاتێ ڕەخنەگران هۆکاری دانانی ئەم ناونیشانەیان لە یونسکۆ پرسیارکرد ، لە وەڵامدا وتی : لەبەرئەوەی لە شانۆکەدا نە گۆرانبێژێکی کەچەڵ و نە پڕ پرچیش بوونینان نییە )[1] . بێگومان ئەم ڕەفتارە جۆرێکە لە تەوس و گەپجاڕی . دواجاریش (( شانۆکانی یونسکۆ قاڵبێکی تەنز ئامێزیان وەرگت کە تەماشاڤانیان بە شتگەلێك دێنایە پێکەنین لە بنەڕەتدا خەنەدار نەبوون ))[2] . بەڵکو ئامانج تیایاندا قوڵ و بەهێز نیشاندانی ناماقوڵییەکانی ژیانە**

1- **بەکارهێنانی هێما ( ڕەمز ) لە شانۆی بێهوودەییدا بە ڕوونی بەدی دەکریَ بە تایبەتی کە زمان ڕۆڵی خۆی لە پەیوەندیکردندا بەجیَنەهێنا . بۆ نموونە ئەو پەیوەندییە نا بەرامبەرەی لە نێوان ( هام ) ی خاوەن دەسەڵات بەسەر ( کلۆف ) ی خزمەتکاریدا دا هەیە لە شـــانۆی ( کۆتایی گەمە ) دا ، یان پەیوەندی نێوان ( بوزو ) و ( لکی ) لە بەشی یەکەمی شانۆی ( لە چاوەڕوانی گۆدۆدا ) ، هێمایە بۆ جەور و ستەمی مرۆڤی هاوچەرخ و ئەو جیاوازیی زۆرەش لە نێوان نەوەی مرۆڤایەتیدا . هەر لە شانۆی ( لە چاوەڕوانی گۆدۆدا ) کە بەناوبانگترین شانۆکانی بیکیتە ، کە بە شانۆی سیمبوڵەکان دەناسری لەبەر بوونی هێماگەلێکی زۆر و نادیار ، دیارترینیان ( گۆدۆ ) یە کە ئایا بوونی هەیە یان نا ؟ دێت یان نایەت ؟ چارەسەری پێیە یان نا ؟ . تەنانەت کە ئەو پرسیارانە، لە خودی بیکیتیش کراوە وەڵام لای خۆشی نەبووە[3] . بۆیە دەبینین (( ئەگەرچی بیکیت بایەخ بە پێشکەشکردنی هەڵوێستی مرۆڤایەتی دەدات لە ڕێی شێوازێکی نوێی شانۆییەوە ، بەڵام سیمبوڵ زۆر بەکاردەهێنێت ))[4] . بە کارهێنانی ئەم سیمبولانە بە ئەندازێکە لای نووسەرێکی وەك بیکیت بیکیت کە (( مانای شانۆکانی ناکریَ بەدی بکرێت تەنها لە ڕێی ئەو ڕەمزانەوە نەبێت کە بەکاری دەهێنێت ))[5] . لە شانۆی ( کورسییەکان ) ی یونسکۆدا ، ئەو بێژەرە لاڵەی کە**

---

[1] لطفی فام ، المسرح الفرنسی المعاصر ، الدار القومیة للطباعة و النشر ، القاهرة ، 1764 ، ص 239

[2] ڕەزا سەید حسێنی ، قەتابخانە ئەدەبییەکان ، ل 299

[3] موسی السودانی ، دراسات فی المسرحیة الحدیثة ، ص 16

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 66

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 69

پێویست وایە پلانە گرنگەکەی پیاوە پیرەکە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بە ئامادە وەهمییەکان ڕابگەیەنێ و لە هەم هەمە زیاتر هیچی بۆ ناوترێ ، هێمایەکی دیار و گرنگی کەم دەسەلاتی و بێتوانایی مرۆڤ و نەبوونی چارەسەرە بۆ کارەساتەکانی مرۆڤی هاوچەرخ . لەلایەکی دیکەوە کورسییە خاڵییەکان ئاماژەن بۆ ئامادەنەبوونی مرۆڤ لەبەرامبەر دیاریکردنی چارەنووسیدا . لە شانۆی ( کۆتاییی گەمە ) دا ئەو کاتەی ( ناگ ) و ( نیل ) لە ناو تەنەکەی خۆڵدا سەربەرزدەکەنەوە ، ئاماژەیەکی ڕوونە بە بێ مانای و کارەساتەکانی واقیعی مرۆڤایەتی [1] . ئەو پیرەپیاوەی لە شانۆی ( بەدحاڵی بوون ) ی کامۆدا کە هەمیشە ئامادەیە و هیچ قسەش ناکات هێمایە بۆ قەردەر .

1- لە کاتێکدا زمان ڕۆڵ و بایەخی خۆی لە دەست داوە لە نێو کۆمەڵی هاوچەرخدا ، پەنابردنە بەر خەون و لایەنی بێئاگای لای مرۆڤ کارێکی ئاسایی دەبێت ، چونکە کاتێ مرۆڤ هەست بە دووری هیواو و ئاواتەکانی لە واقیعدا بکات ، پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و ئەندێشە بۆ بەرجەستەکردنیان . بە تایبەت کە خەون پشت بە یاسا لۆجیکی و ئەقڵییەکان نابەستێ و ناشکەوێتە ژێر باری ئەو یاسایانەوە .لەم ڕووەوە (( ئەدەبی ناماقوڵ گرنگی زۆر بە جیهانی خەونەکان دەدات ، نووسەرانی ناماقوڵ جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە گواستنەوەی سەد لەسەدی واقیع بۆ سەر شانۆ بەو پێەی هیچ ڕاستییەك نییە جگە لەوەی لە واقیعدا هەیە ، باوەڕێك بوو تەنها بۆ فریودانی بینەر بوو، چونکە زۆرێك لە ڕاستییەکان لە خەون و خەیاڵماندا بوونیان هەیە )) [2] و بە بڕوای ئەوان (( خەو تەعبیرێکی ڕاستەقینەیە لە سەرچاوەیەکی ڕۆحی پاکەوە و پەیوەندی بەو هۆشە بەئاگایەوە هەیە کە لە ژێر دەسەلاتی مرۆڤدا نییە )) [3] . سەرەنجام ئەم درامانووسانە توانییان پەشۆکاوی و شپرزەیی مرۆڤ لە چێوەیەکی خەیاڵیدا بەرجەستە بکەن ، وەك ئاشکرایە گوزارشتکردن لە کارەسات و مەینەتییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ لە چێوە تەقلیدییەکەی هونەردا کە وا بەستەی نەریتە کۆمەلایەتی و یاسا باوە ئیستەتیکییەکان بوو، کارێکی ئاستەم بوو .

1- کەسانی نێو ئەم ئەدەبە بونەوەرێکی پەتین لە ڕەهەندە کۆمەلایەتی و ئایدۆلۆجی و ئاینییەکان . عەبەسییەکان کاراکتەرێکی بێ کەسایەتی و بێ ناسنامەیان پێشکەش کرد ، لە سیمادا ئەم کاراکتەرانە زۆرجار سەیر و سەرنج ڕاکێشن و بەدەر لەوەی (( کاراکتەرەکان گەورە دەردەکەون لە تەمەندا زۆر گران

---

[1] د. یحیی البشتاوی ، دراسات فی الادب المسرحی ، ص 119

[2] نعیم عطیة ، مسرح العبث مفهمه وجذوره واعلامه ، ص 415

[3] ئەحمەد محەمەد ئابلاخی ، ناماقوڵ و ئایدیای پردی ئارتا ، گ : ڕۆژی کوردستان ، ژ 55 ، حوزەیران و تەمووزی 1797 ، ل 49

لەیەكدی جیادەكرێنەوە ، هێندە كز و لاواز و بێدەسەلاَت دەبینرێن توانای جوڵەیان نییە ))[1] . بەمەش دەست بەرداری مرۆڤی نموونەیی بوون بە مانا باوەكەی وەك ئەوەی لە ئەدەبی تەقلیدیدا دەبینرێت .

## تەوەری پێنجەم : شێوەكانی بێهوودەیی

بێهوودەیی هەروەك لە باسەكانی پێشووتردا ئاماژەمان بۆكرد ، هەستكردنە بە پووچی و ناماقوڵییەكانی ژیان و بێهوودەیی هەوڵەكانی مرۆڤ لە ژیاندا . گەرچی ئەم جۆرە پرس و بیركردنەوانە قوڵتر لە مێژوودا لای خاوەن هزر و هۆشەكان مایەی تێڕامان و لێكدانەوە بووە ، بەلاَم لە پاش جەنگە خوێناوییەكانی سەدەی بیستەم بەهێزتر دەبینرێن . كارەسات و ناسۆرییەكانی جەنگ دەرونێكی تەواو شێواویان لای تاكی ئەوروپی دروستكردبوو ، مرۆڤی پاش جەنگی جیهانی دووەم متمانەوە بڕواو و ئینتیمای بۆ هیچ شتێ نەمابوو ، چونكە ئەوروپا لە نێو ئەم جەنگەدا تەواو تێكشكاو دەرچوو . ئەمەش هۆكار بوو بۆ ئەوەی گەنجی ئەورپی پتر بەلای عەدەمییەت و ڕەشبینیدا بچن .

ئەو نووسەرانەی كە (( خۆیان بە قوتابخانەو ڕێبازێكی دیاری كراوەوە نەدەبەستەوە پتر لە هونەری شانۆدا ناماقوڵییەكانی ژیانیان دەخستە ڕوو ، تێڕوانیان بۆ دەوڵەت و خێزان و تاك و تەواوی دامەزراوەكانی دیكەی دەسەلاَت و پەیوەندییە خێزانییەكان و سەراپای ژیان جیاواز بوو ))[2] . ئەمانە كە (( ڕەدكردنەوە و بەگژاچوونەوەی سەرجەم ژیان بە بیروباوەڕە چەسپیوو و نەگۆڕەكانیشەوە كۆی كردبوونەوە ، خاوەن هەمان هەڵوێستی فەلسەفی بوون لە تێڕوانینیاندا بۆ ژیانی هاوچەرخی كۆمەڵگای ئەورپی و گوزارشتكردنیش لەو ژیانە بە شێوازێكی گەپجاڕی ))[3] . تێڕوانین و دیدگای (( پووچی ئەمان بۆ تەواوی ژیان وای كرد بەرهەمەكانیان نوێ و هەڵچوو و یاخی بێ ))[4] . دیارە ئەمانە نە قوتابخانەو نە ڕێبازێكی ئەدەبی كۆی نەكردبوونەوە و نە هەوڵی دامەزراندنی شتێكی لەو جۆرەشیان دەدا ، دواتر لە لایەن ڕەخنە گرانەوە ناوی جۆراوجۆریان بەسەردا بڕا وەك پێشتر ئاماژەمان پێكردووە . هەریەك لەمانە بە شێوازی تایبەتی و دیاریكراوی خۆی پووچی و ناماقوڵییەكانی ژیانی دەخستە ڕوو ، بۆنموونە یونسكۆ زۆرتر كاری لەسەر پووچی ژیان دەكردەوە لە ڕێی بێكەڵكی و لەكاركەوتنی زمانەوە . ئەو هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كە زمان

---

[1] موسى السودانى ، دراسات فى المسرحية الحديثة ، ص 19 – 17

[2] يوسف عبدالمسيح ثروت ، معالم الدراما فى العصر الحديث ، المكتبة العصرية ، صيدا ، 1979 ، ص 268

[3] مارتن ايسلن ، دراما اللامعقول ، ص 10

[4] محمد زكى العشماوى ، دراسات فى النقد الادبى المعاصر ، دار النهظة ، بيروت ، 1796 ، ص 62

چیدی ئامراز و هۆکاری پەیوەندی و بە یەکگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان نییە و لەم ڕووەوە زمان توشی شکستی گەورە بووە [1] . کاتێکیش مرۆڤ هۆکارێ بەدی ناکات بۆ پەیوەندی کردنی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بێگومان تەنهایی و گۆشەگیری هەڵدەبژێرێ . ئەڵبەتە نوسەرانی دیکەی تری ناماقوڵیش کاریان لەسەر ئەمە کردووە ، بەڵام بێگومان بە ئەندازەی یونسکۆ نییە . لە کاتێکدا (( بێهوودەیی بیکیت چەشنی بێهوودەیی کافکایە لە ئەندێشەدا دەبینرێن ، پێی وایە مرۆڤایەتی بێ خوداوەند تووشی شکست هاتووە )) [2] . کامۆ پێی وایە (( مرۆڤ ئەبێ هەست بە بێهوودەیی بکات و لە نێو شاڵاوی ئەم هەستەوە بەرەو کردار بڕوات تا هەست بە ئازادی و هەڵچوون دەکات )) [3] . سەرەنجام هەموو ئەمانە ناماقوڵییەتی ئەوروپی پێکدەهێنن کە پێیان وایە مرۆڤ بە تەنها لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناماقوڵییەکانی دنیادایە و خوداوەند بەجێی هێشتوون . لە کاتێکدا مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئەو پەیوەندییە ڕۆحییە بەهێزەی بە خواوەندییەوە دەبەستێتەوە ، باوەڕی بەتەنها ڕووبەڕووبوونەوەی لە بەرامبەر ناماقوڵییەکانی ژیاندا لا دروست ناکات . بۆیە هەروەك ئەندریە مالرۆ دەڵێ : (( مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە بەرامبەر ناماقوڵیدا دەستەوەستان و مل کەچە ، بەڵام مرۆڤی ئەوروپی هەوڵی بەدەستهێنان و دۆزینەوەی مانایە بۆ دنیا و ژیان گەر لاوازیش بێ ، چونکە ناتوانێ مل کەچی ناماقولێ بێ )) [4] . ئەم باوەڕە لای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە بەرامبەر ناماقوڵییەکانی ژیاندا ، بێگومان لەبەر متمانەو بڕوابوونێتی بە دنیایەکی دیکە کە سەرجەم خۆشییە ڕەهاکانی تیا بەدی دەکات . هەڵبەتە جیاوازییەکە لێرەدایە ، کامۆ کە ترۆپکی بێهوودەیی ئەوروپی پێکدەهێنێت و وەکو فەیلەسوفی بێهوودەیی ناودەبرێت لە ئەفسانەی سیزیفدا باوەڕبوون بە ژیان و دنیایەکی دی بە خۆکوشتنی فەلسەفی دادەنێت [5] . هەروەك چۆن خۆکوشتنی جەستەیی قبوڵناکات و (( لەو بڕوایەدایە کە دەبێت بە مەیلێکی فراوانەوە بەرەو ژیان باوەش بکرێتەوە ، چێژی لێوەربگیرێت و دلێرانە بەگژ ناشرینی و نەگریسییەکاندا بچینەوە )) [6] . ئەو گەرچی ((خۆکوشتن بە دەرەنجامی بێهوودەیی دەزانێ)) [7] ، بەڵام بە هەمان شێوە

---

[1] بڕوانە : جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ، ص 72

[2] ارنولد . ب . هنجلف ، موسوعة المصطلح النقدی اللامعقول ، ص 111

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 49

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 29

[5] بڕوانە : البیر کامو ، اسطورة سیزیف ، ص 14

[6] فایلێکی تایبەت بە کامۆ ، گ : ئایدیا ، ژ 21-22 ، ل 51

[7] البیر کامو ، اسطورة سیزیف ، ص 14-15

خۆکوشتنی فەلسەفیش قبوڵ ناکات ، چونکە بە بڕوای ئەو (( ئەگەر گوناهێ لە ژیاندا هەبێ ، لە دڵ هەڵکەندنە لە ژیان تا لە دڵسپاردن بە ژیانێکی تر و دوورکەوتنەوە لەو ژیانەی کە هەیە )) [1] . بەکورتی دەکرێ بڵێین (( عەبەس لە یەك کاتدا وەعییە بە مردن و ڕەتکردنەوەشیەتی )) [2] . لە ڕۆژهەڵاتیشدا باوەڕ بۆ پووچی و بێمانایی ژیان لای مرۆڤ ڕەنگە لە ساتێك لە ساتەکاندا ببێتە باوەڕ ، بەڵام مەرج نییە بە هەمان بیرکردنەوەو لێکدانەوە ئەوروپییەکە بێت ، چونکە واقیعی ژیان و ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە بەسەر گەلانی ئەوروپیدا هاتووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ، جیاوازی زۆری لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا هەیە ، دواتر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی زۆری لە پەیوەندییە ڕۆحییەکاندا لەگەڵ مرۆڤی ئەوروپیدا هەیە ، هەمیشە پەیوەندییەکی بەهێز و توندوتۆڵ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بە خالقەوە دەبەستێتەوە . ئەمە بەدەر لەوەی ئەو تەنهایی و گۆشەگیریەی تاکی ئەوروپی تووشی هاتووە ، لە ڕۆژهەڵاتدا بە هۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکانەوە بەدی ناکرێت . لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەم بیروباوەڕانەش هەر وەك زۆر لە بیروباوەڕە فەلسەفی و فیکری و ئەدەبییەکانی دیکە چۆن لە ڕۆژئاواوە سەریان هەڵداوە و لە قۆناغ و کاتێکی دیاریکراودا بە ڕۆژهەڵات گەیشتوون ، بێگومان ئەمانیش ئەو کاریگەرییەیان کەم تا زۆر لەسەر بیر و ئەدەب و کلتورەکەی بەجێهێشتووە. بۆیە دەبینین جیاوازییەك زۆر لە نێوان کۆمەڵگای ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتیدا هەیە ، زۆرجار دروست نییە بەهەمان پێوەر لێکدانەوە بۆ هەمان پرس بکرێ ئەگەر سەرچاوەکەشیان یەك بێت ، هەمیشە تایبەتمەندی لەو نێوەندەدا بوونی هەیە .( هنجلف ) ئەگەرچی دەڵێت : (( بێهوودەیی نەخۆشییەکی ئەوروپی نییە ، بەڵکو حاڵەتێکی مرۆڤایەتییە )) [3] ، ئێمەش هەمان باوەڕمان هەیە کە هەموو مرۆڤێ ڕەنگە لە ژیانیدا گەر بۆ تەنها ساتێکیش بێت هەست بە بێمانایی و ستەمەکانی گەردوون بکات ، بەڵام هەروەك ( مالرۆ ) دەلێت : (( لە ناخی مرۆڤی ئەوروپیدا جۆرێك لە بێهوودەیی جەوهەری هەیە دەستی بەسەر ساتە گرنگەکانی ژیانیدا گرتووە )) [4] . . لە ڕاستیدا ئەمەیە جیاوازییەکە ، ڕەنگە سەرچاوەکانی بێهوودەیی و هەستکردن بە پووچی ژیان تا ڕادەیەکی زۆر نزیك یەکبن ، بەڵام جیاوازییەکە لەوێدا دەردەکەوێ کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسمان کرد قایل و مل کەچە بەرامبەر بە بێهوودەیی ژیان

---

[1] فایلێکی تایبەت بە کامۆ ، ل 54

[2] کەریم دەشتی ، کامۆ ژیان و فەلسەفەو بۆچوونی ، گ : ئێستا ، ژ 16 ، تشرینی یەکەمی 1779 ، ل 79

[3] ارنولد . ب . هنجلف ، موسوعة المصطلح النقدی اللامعقول ، ص 27

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 26

، چونكە متمانەو باوەڕی بە ژیان و دونیایەكی تر هەیە ، لە كاتێدا بێهوودەیی و پووچی ژیان مرۆڤ لە ڕۆژئاوادا بەرەو قایل نەبوون و یاخی بوون دەبات .

بە هەمان شێوە كاتێ ( فریدریك نیتشە ) جۆرەكانی نهیلیستی* دیاریدەكات ، بێمانایی و پووچی ژیان و باوەڕبوون بە جیهانێكی تر كە جیهانی ڕاستەقینەیە ، بە نهیلیستی كارلێكراو ناودەبات [1] . لەسەر ئەو لێكدانەوەیە نیتشە ئەفلاتۆنییەت و ئاینی مەسیحی بە نەهلیستی كارلێكراو ناودەبات [2] . بۆیە دەكرێ بڵێین بەو پێوەرەی نیتشە هەست كردن بە پووچی و بێمانایيەكانی ژیان لای مرۆڤێكی ڕۆژهەڵاتیش ، كە بڕوای بە دونیاو جیهانێكی دیكە بێت ، هەمان شێوەی نهیلیستی ناوبنێین .

---

* نهیلیزم Nihilism واتە نەمانی بەها بەرزەكانی مرۆڤایەتی و بێ ئامانج بوونی وجود و ژیان ، ئەو بەهایانەی ئاین بانگەشەی بۆ دەكردن . مەبەست لە نهیلیزم ڕێچكە بیركردنێكە كە نكوڵی لە هەر جۆرە ناسین و بەهاو بوونێك دەكات . لایەنگرانی ئەم قوتابخانە هزرییە هەر جۆرە بڕوا و باوەڕێك بە پووچ دەزانن و بە سوكایەتی دەڕواننە گشت داب و نەریتەكان . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عوسمان یاسین ، فریدیك نیتشە ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی ، چ :1 ، هەولێر ، 2111 ، ل 49-51 ؛ هەروەها مەلەك یەحیا سەلاحی ، هزرە سیاسییەكانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا ، و: هیوا مەجید ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی ، هەولێر 2119 ، ل 175-179

[1] عوسمان یاسین ، فریدیك نیتشە ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی ، چ :1 ، هەولێر ، 2111 ، ل 47-51

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 51

# بەشی دووەم / سەرهەڵدانی بێهوودەیی لە ئەدەبی عەرەبی و کوردیدا

**تەوەری یەکەم : سەرهەڵدانی بێهوودەیـی لە ئەدەبی عەرەبیدا**

**تەوەری دووەم : بزوتنەوەی ئەدەبی کوردی لە حەفتاکانـــــی سەدەی بیستەم**

**تەوەری سێیەم : چیرۆکی هونەری کوردی لە حەفتاکانـــــی سەدەی بیستەمدا**

# تەوەری یەکەم : سەرهەڵدانی بێهوودەیی لە ئەدەبی عەرەبیدا

دیاردەی کاریگەری و وەرگرتن لە ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا مێژوویەکی دێرینی هەیە ، کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی هەر لەو قۆناغەوەی کە هەنگاوی باشیان بە ئاراستەی پێشکەوتن ناوە ، کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە و ئەم دۆخەش لە مێژوویەکی دێریندا بەدی دەکرێت . شارستانییەتە دێرینەکان لە ڕێی کرانەوەیان لەبەرامبەر یەکتریدا ، زیندوویيان بۆ خۆیان تۆمارکردووە . شارستانییەتە کۆنەکانی چین و میسر و یۆنانەکان ، بە شێوەیە لە شێوەکان سود و کەڵکیان بەیەك گەیاندووە . بێگومان دیاردەی کاریگەری کەڵچەر و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکان لەسەر یەکتری لە مێژووی نوێدا بەهێزتر و چالاکتر لە سایەی پێشکەوتنە مەزنەکانی مرۆڤایەتیدا دەبینرێت .

لە مێژووی نوێی ئەوروپا و ڕۆژئاوادا گەشەسەندن و پێشکەوتنی بەهێز لەسەرجەم لایەنەکانی ژیاندا بەدی دەکرێت ، هاوکات گواستنەوەی کاریگەرییەکانیش خێرا دەبینرێن. دیارە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و جەنگەکان و داهێنانە ئەدەبی و هونەرییە مەزنەکان ، فاکتەری بەهێزی گواستنەوەی ئەم کاریگەرییە بوون . شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا و پێداویستییەکانی ئەو واقیع و قۆناغە نوێیە لە بەدەستهێنانی کەرەسی پتری خاو و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ ، سیاسەتێکی داگیرکارانەی لای هێزە گەورەکانی ئەوسای دنیادا بە دوای خۆیدا هێنا . تەواوی دنیا و ڕۆژهەڵاتیش بەر ئەم شاڵاوی داگیرکاری و سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمییە کەوتن . گەرچی ئامانجی ئەم هێزە ئەوروپاییانە کۆڵۆنیالی بوو ، بەڵام جەنگەکان هەرچەندە ناڕەوا و وێرانکەر بن ، بەشێوەیە لە شێوەکان سود و بایەخی ڕۆشنبیری لە پاش خۆشیان بەجێدەهێڵن . بێگومان لە ڕەوشێکی وادا ڕاستەخۆ گەلی ژێردەستە دەکەوێتە بەر کاریگەری کەڵچەری نەتەوە داگیرکەرەکەوە و پەیوەندی کردن لەم دۆخەدا لە نێوان دوو ڕۆشنبیری جیاوازدا ، ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو دەبێت . داگیرکردنی میسر لەلایەن فەرەنسییە داگیرکەرەکانەوە ، چاکترین و باشترین نموونەی ئەو ڕاستییە مێژووییانەن . هێزە ئەوروپاییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەم سیاسەتە جەنگ خوازیەیاندا بەردەوام بوون و لەو وڵاتە داگیرکراوەکاندا درێژەیان بە مانەوەی خۆیان دا . سەرجەم ئەمانە زەمینەسازی باش و ڕەخساو بوون بۆ گواستنەوەی بیر و هزری نوێی ئەوروپایی. گومان لەوەشدا نییە کە لە

سەردەمی پێشکەوتنی چاپەمەنی و پەرەسەندنی میدیاکاندا ، کاری گواستنەوە و پەیوەندی کردنی دوو کەڵچەری جیاواز هێندەی تر ئاسان دەبێت .

لە پاش جەنگی جیهانی دووەم و ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی دنیای هەژاند ، کەشێکی لەباری ڕۆشنبیری لە ئەدەبی عەرەبیدا بەدی دەکرێ . زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری گیانی نوێخوازی و ئەو شەپۆلە فیکری و ئەدەبیانە بوون کە واقیعی جەنگ لە ئەوروپادا خوڵقاندبوویان . زۆر لە شاکارە ئەدەبی و هونەرییە نوێیەکانی نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەوێ ، لەبەردەستی ڕۆشنبیری عەرەبیدا بوون . چەندین لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو ڕێباز و شەپۆلە ئەدەبییانە لای توێژەران و نووسەرانی عەرەبەوە بەهۆی زانینی زمانەوە ئەنجام دراون کە ئێمە کەم تا زۆر لە ڕێڕەوی ئەم توێژینەوەماندا ، ئاماژەمان بە هەندێ لەو سەرچاوانە کردووە . دیارە زانینی زمان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبی کە سەردەمانێکی دوورودرێژ  داگیرکراوی کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپی و فەڕەنسی بوون بە تایبەتی ، لەم میانەیەشدا کاریگەری ڕۆشنبیری و ئەدەبی هێزە داگیرکەرەکەش ، زەمینەسازی گونجا بۆ کۆنتاکتکردن دەڕەخسێنن .

بێهوودەیی وەك سەرجەم ئەو ڕێباز و شەپۆلە ئەدەبییە کورتانەی کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم لە ئەوروپادا سەریان هەڵدا ،  گەیشتنە ناو ئەدەبی عەرەبی و چەندین نووسەر و شاعیر لە ژێر کاریگەری ئەم بیروباوەڕە نوێیانەدا بوون و داهێنانی ئەدەبییان لەم ڕووەوە ئەنجامداوە . ئەڵبەتە ئەمە بەدەر لەوەی کە بێ مانایی و پووچی ژیان بۆ هەر مرۆڤێ لە هەر سەردەم قۆناغێکدا ، دەشێ ببێتە مایەی تێڕامان و لێکدانەوە. ( نەجیب مەحفوز ) ئەو تەنها نووسەرە عەرەبەیە کە خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب بەدەستهێنابێ ، کاریگەری فەلسەفەی بوونخوازییەت و پووچی ژیان لە هەندێ  لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێ بە تایبەت ( ثرثرة فوق النيل )  و ( اللص و الكلاب ) . لە ڕۆمانی ( اللص و الكلاب ) دا تەنهایی و بێپشت و پەنای مرۆڤی لە گەردوندا چڕ نیشانداوە و ئەو باوەڕەی بوونخوازەکانی دووپات دەکردەوە کە خودا مرۆڤی تووڕداوەتە گەردوونەوە و دواتر بەجێشی هێشتووە . بۆیە مرۆڤیش پێویستی بەوە دەبێ کە بوونی خۆی بە توانای خۆی بسەلمێنێ . کاریگەری ئەم نووسەرە بەناوبانگەی عەرەب بە ئەلبێر کامۆ بەشێوەیەکە کە ئەم ڕۆمانەی بە ( نامۆ ) ی ئەدەبی عەرەبی ناسراوە [1] . لەم بەرهەمەدا نووسەر وێنای کاراکتەرێك ( سعيد مهران ) دەکات کە چوار ساڵ بێ تاوان دەخرێتە بەندیخانەوە . لەپاش

---

http://www.myportail.com/actualites-news-web-2-0.php?id=2557 [1]

دەرچوونی لە پێناو دۆزینەوە و دانانی مانایەك بۆ ژیان لە بەرامبەر پووچی و بێهوودەیی ژیان ، بڕیاری تۆڵە سەندنەوە دەدات لەوانەی کە بە ناپاکی بە زیندانیان سپارد و بەها بەرز و پیرۆزەکانی کۆمەڵگاشیان لەکەدار کرد (( بۆ ئەوەی بۆ ژیان و مردن مانایەك هەبێ ، ئەبێ بتکوژم )) [1] . هەمیشە هەوڵی بۆ ئەوە دەدا کە (( ڕەفتارە پیس و تاوانە قێزەوەنەکان ڕیشەکێش کات لەپێناو پاکژکردنەوە و زیندووکردنەوەی کۆمەڵ )) [2] . لەم هەوڵەیدا بۆ تۆڵە سەندنەوە لە پیاوخراپان کە بە سەگەکان ناویان دەبات ، هەر جارەی بێ تاوانێك پێوە دەبێ و سەگەکانیش دەرەبازدەبن . تا دەگا ئەوەی کە ژیان بۆ ئەم بێماناو بێ ئامانج و پووچ و بێهوودە دەبێت . لە کۆتاییدا بە شێوازێکی بێ موبالات و کەم بایەخ خۆی بەمەرگ دەسپێرێ و (( هەرگیز لە ژیانیدا پلەو پایەو جێوڕێ و ئامانجی خۆی نەزانیوە ، بە هەمووتوانای خۆی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەروونی دەدا تا بۆ دواجار بەرگری بکا . پەی بە چەند یادەوەرییەکی دوور ببات ، دواجاریش نەیتوانی بەدەستیان بهێنێ و بێبایەخ مل کەچی بە قەدەر بوو )) [3] . ڕووداوەکانی کۆتای ڕۆمانەکە و ئەو دەربڕینانەی کە لەسەر زاری چیرۆکگێڕەرەوە دیبینین وەك : ئامانج ، بێهوودەیی ، بێموبالات ، چارەنووس ، .. تێڕوانینێکی بێهوودەییە و جەخت لەسەر سیزیفیەتی پاڵەوان دەکەنەوە کە تووشی شۆك دەبێ لە بەرامبەر داڕمانی بەهاو نەریتە ڕەسەنەکانی نێو کۆمەڵگا . نووسەر بە شێوازێ وەسفی کاراکتەرمان بۆ دەکات کە گرفتاوی و شپرزەیەو لە فەزایەکی شێواو و نائارامدا دەژی و چارەنووسی پووچ و بێبایەخ و بێئامانجێکی دیاریکراوە . بەریگریکردنیشی لە کۆتادا کارێکی بێئەنجام و ناتەواو بوو ، سەرەنجام خۆی بە مەرگ و چارەنووسێکی بێهوودە دەسپێرێ . قایل بوونی سەعید مەهران بەم قەدەر و چارەنووسە کەم بایەخ و ڕیسوایە ، بێگومان دەرەنجامی بێهوودەیی و بێمانایی ژیانی بووە (( دواجار سەگەکان هاتن و هیواو ئاواتیش بڕا ، گەر بۆ ماوەیەکی دیکەش بێ سەگەکان دەربازبوون . ژیانیش کۆتا وشەی خۆی وت کە بێهوودەییە . مەحاڵە سەرچاوەی وەڕینەکە دیاری بکرێت کە لە هەموو لایەکەوە دێن . هیچ ئومێدێکیش بە ڕاکردن و هەڵاتن لە تاریکیا نییە. پیاوخراپان دەربازبوون و ژیانی تۆش بێهوودەیە )) [4] .

---

[1] نجيب محفوظ ، اللص والكلاب ، دار القلم ، بيروت ، **1975** ، ص**114**

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 95

[3] نجيب محفوظ ، اللص والكلاب ، ص 221

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 216-219

له ڕۆمانی ( ثرثرة فوق النيل ) دا نەجیب مەحفوز کۆمەڵە کەسانێکمان پێشکەش دەکات ، کە خاوەن پیشەو کاری جۆراوجۆرن شەوانە کۆڕی کەیف و خۆشی لە ماڵکەشتییەکی سەر ڕووباری نیلدا سازدەکەن و لە واقیعی ژیانی خۆیان دووردەکەونەوە و باسی پووچی و بێمانایی ژیانی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەکەن . ئەمانە خۆیان بە بونەوەر گەلێ دادەنێن کە (( نە میسری نە عەرەبن و تەنانەت مرۆڤیش بن . ئینتیماشیان بۆ ئەم ماڵکەشتییە نەبێ بۆ هیچی دیان نییە )) [1] و سەرجەم کاتەکانیان بە قسەی پڕوپووچ و بێماناوە بەسەر دەبەن . بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی لە دید و تێڕوانینەکانیاندا تەنانەت بۆ پووچی و ناماقوڵییەکانی ژیانیش جیاوازن لە کۆمەڵگای ئەوروپی ، بۆیە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم کۆمەڵگایە لەم ڕۆمانەدا کچێکی ڕۆژنامە نووسە ( سمارە بهجت ) بە عەقڵی ڕۆژهەڵاتی ئامادەبوونی هەیە . لە کاتێکدا (( ژینگەی ماڵکەشتییەکەیان جگە گەپجاڕی و قسەی پڕوپووچ و بێهوودە ، قبوڵـــــــی شتی تر ناکات )) [2] ئەم داوایان لێدەکات بەئاگابێنەوە و ڕۆڵی ئاسایی خۆیان لە ژیاندا ببینن ، چونکە هەمیش ژیان ئەوە ئەهێنێ مرۆڤ لە پێناویدا بژێت . ئەو دەمەی کە (سمارە) گفتوگۆیان لە بارەی ڕاستێتی (جدية) و دڵکاری ژیانەوە لەگەڵ دەکات ، دەڵێ : ( گەر ڕاستان دەوێ من باوەڕم بە ڕاستێتی هەیە ) . دەستبەجێ کۆمەڵە پرسیارێکە بە ڕوودا دەدرێتەوە : ( کام ڕاستێتی ؟ ڕاستێتی لە بارەی چییەوە ؟ باشتر نییە باوەڕ بە ڕاستێتی پووچی بکەین ؟ دواتر ڕاستێتی ئەوە ئەخوازێ کە مانایەك بۆ ژیان هەبێ ؟ ئەو مانایە چییە ؟ ) لەوەڵامدا دەڵێ : ( خواست و نیاز بە ژیان ) [3] .

ئەم کاراکتەرە کە ئارەزووی نووسینی شانۆ دەکات . وێنای کاراکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لە دەفتەرێکی یادەوەریدا تۆماردەکات ، چونکە پرۆژەیەکی شانۆیی لە زەینیدایە. هەڵدەدات کاراکتەرەکانی لە تەنها کاراکتەرێکی خودیەوە بە کاراکتەرگەلێکی کەونی بکات تا گوزارشت لە حاڵی مرۆڤایەتی بکەن لە بەرامبەر گەردونێکی پڕ لە نهێنی و سەرسوڕماندا . بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە پەیوەندی بە فەلسەفەی بوون پرسی مردنەوە هەیە . ئەمانە مرۆڤ گەلێکن هەلسوکەوت ڕەفتاری بێهوودەیی لایان جێی بۆ ئیلتیزام و گرنگی و بایەخدان بۆ ژیان نەهێشتووە . بەو پێیەی ژیان بە لایانەوە مانا و بایەخی خۆی لەدەست داوە ،

---

[1] نجيب محفوظ ، ثرثرة فوق النيل ، دار القلم ، بيروت ، ص 69

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 92

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 92

تێڕوانیان بۆ : فەلسەفە ، مێژوو ، سیاسەت ، هونەر ، خێزان ، دەوڵەت ، خۆشەویستی ، ...تەواوی ژیان ، پووچ و گەپجاڕییە . ئەمانە واهەست دەکەن تەواوی ژیانیان بە ناماقوڵییەت تەنراوە . ( رجب القاضی ) ی ئەکتەر کە یەکێکە لە ئەندامانی ماڵکەشتییەکە دەڵێ : (( ناماقوڵییەت بە چڕی لە نێوانماندا دەبینرێت تەنانەت پێش ئەوەی وەك هونەر بوونی هەبێ ، عەلی سەید ناسراوە بە خەونە ناماقوڵەکانی ، مستەفا ڕاشید لە پێناو گەیشتن بە ڕاهادا بە دوای ناماقوڵدا وێڵە ، سەرپەرشتی کاری ئەم ماڵکەشتییەش لە پێش بیست ساڵ لەمەوبەر ژیانی جێهێشتووە ، سەرجەم ژیانی ناماقوڵە )) [1] .

نەجیب مەحفوز لە زۆر لە بەرهەمەکانیدا دیدو بۆچوونی خۆی لەمەڕ بوون ، هونەر ، ژیان ، مەرگ ، جیهان ، دواڕۆژ ، چارەنووس ، قەدەر ، گوتەکانی دیکەی نەمری و جاویدان کە دەمێکە بیر و مێشکی ئادەمیزادیان لە ئەوەڵەوە تا ئاخیر مەشغوڵ کردووە ، دەخاتە ڕوو ، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەین پەند و ئامۆژگارییەکمان بۆ دەخاتە ڕوو یا جاڕی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت ڕادەگەیەنێ [2] . ئەو لە هەندێ لە بەرهەمەکانیدا لە ڕیالیزمی ڕووتەوە ڕووەو نهلیستی لێڵ وەرگەڕاوە ، ئەمەشیان بە ڕوونی لە کورتە چیرۆکەکانی وەکو ( تحت المظلة ) و ( موعظة الشیطان ) بەدی دەکرێ [3] .

شانۆنامەکاری عەرەبی ( توفیق الحکیم ) یەکێکی ترە لەو نوسەرانەی کە لە ئەدەبی ناماقوڵدا ناوی دەبرێت ئەو (( پاش ئەوەی دەچێتە فەرەنسا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی ، بەڵام لەوێ کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوەی چیرۆك و ئاستە بەرزەکەی شانۆی فەرەنسی تەرخان دەکات و پێیان سەرسام دەبێ . بۆیە کە دەگەڕێتەوە بۆ میسر دەس بە نووسینی شانۆ دەکات )) [4] . لە شانۆی ( یاطالع الشجرة ) بە یەکێ لە بەرهەمە بەناوبنگەکانی ئەدەبی عەرەبی بە گشتی ئەدەبی میسری دادەنرێت کە لە ساڵی 1762 بڵاوکرایەوە و کاریگەری ئەدەبی بێهوودەی ئەوروپی ئاشکرا لەسەر دیارە [5] . دیارە ئەم شانۆیەو زۆرێکی تر لەو شانۆ بەناوبانگانەی دنیا کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی ، نموونەیەکی ڕاڤەکراوی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 57

[2] یوسف عزیز بنی طرف ، نەجیب مەحفوز لە بارەی نۆبێل و ئەدەبیات و سیاسەت و فەلسەفەوە ، و : ع–و ، گ : ئێستا ، ژ 16 ، تشرینی یەکەمی 1779 ، ل 126

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 123

[4] سعد عبدالعزیز ، الاسطورة والدراما ، مکتبة الانجلو المصریة ، القاهرة ، 1766 ، ص 71–74

[5] فؤاد دواره ، مسرح توفیق الحکیم ، الهیئة المصریة ، القاهرة ، 1796 ، ص 462

**شانۆی ناماقوڵ یان بزوتنەوەی بیهوودەیە کە وەك بزوتنەوەیەکی نوێی لە ئەدەبی عەرەبیدا دیاریکراوە .** [1]

**شانۆی ( الطعام لکل فم ) یش کە لە ساڵی 1763 دا بەرهەمی هێناوە و لە دیدی هەندێ لە ڕەخنەگرانەوە بە ناماقوڵ دادەنرێت ، چونکە زۆر لە هونەرەکانی شانۆی بێهوودەیی تیابەکارهێناوە و هزر و لۆجیکیش دەسڕێتەوە و ئەدگاری چەند دیمەنێك دەکات کە پەشێوی و گەردشی تێدا باڵادەستە** [2] **. شانۆی ( یاطالع الشجرة ) باس لە ژن و پیاوێك دەکات کە بە جەستە نزیك لەیەك دەژین ، بەڵام بە بیرکردنەوە تەواو دوورن لەیەکتر . پیاوەکە ( بهادر ) هەمیشە بەرامبەر باخچەکەی خۆیان دانیشتووە و سەرجەم بیرکردنەوەکانی لای ئەو دار پرتەقاڵەیە لە باخچەکەدایە بەرەکەی بەردەبێتەوە و ئەو مارمێلکەیەش کە لە ژێریدایە . ژنەکەشی ( بهانە ) هەموو بیرکردنەوەکانی لای ئەو منداڵەیە کە خەون بە بوونییەوە دەبینێت و ناوی بنێت ( بهیە ) ، چونکە لە سەر داوای مێردی یەکەمی منداڵێکی لەبار خۆی بردووە و چیتر توانای منداڵ بوونی نییە . پاش ئەوەی ژنەکە بۆ کڕینی کراسێ بۆ منداڵەکەی دەچێتە دەرەوە و تا سێ ڕۆژ ناگەڕێتەوە ، دواتر گومانی کوشتنی ژنەکە لەلایەن پیاوەکەیەوە بۆ ئەو پۆلیسە دروست دەبێت کە لە نەمانی ژنەکە دەکۆڵێتەوە . پاش ئەوەی چەند گفتوگۆیەکی تێنەگەیشتوو لە نێوان لێکۆڵەر و پیاوەکەدا دروست دەبێت و چەند کات و شوێنێکی جیاواز تێکەڵ بەکدی دەبن ، دەروێش ناوێ پەیدا دەبێت و پێشبینی ئەوە بە پیاوەکە ڕادەگەیەنێت کە ژنەکەی دەکوژێت و دەیکاتە پەین بۆ بەری ئەو دارەی کە هەمیشە بیرکردنەوەی پیاوەکەی داگیرکردووە ، تا چەند بەرهەمێکی جیاواز لە وەرزە جیاوازەکاندا بێنێتە بەر . ژنەکە لە دوای ونبوونی بە سێ ڕۆژ دێتەوە بۆ ماڵەوە و تۆمەتی کوشتنی لەسەر پیاوەکەی لادەچێت و دواتریش پیشبینییکەی دەرویش دێتە دی و پیاوەکە ژنەکەی دەکوژێت و دەیکات بە پەین بۆ بەری دارەکەی . ئەم شانۆیە لە دوو بەش پێکدێت لە کۆتایی هەردوو بەشەکەدا دەنگی شاوری شەمەندەفەرێك و دەنگی ئەو کچە منداڵەی کە دەڵێت :**

**یاطالع الشــجرة هات لی معاك بقرة**
**تحلب و تسقینی بالملعقة الصینی**

---

[1] http://www.banias.net/nuke/html/modules.php?name=News&file=article&sid=3714

[2] عبدالرحمن یاغی ، فی الجهود المسرحیة العربیة من مارون النقاش الی توفیق الحکیم ، دار الفارابی ، بیروت ، 1777 ، ص 192

هاتنی ئەم گۆرانییە ( موال ) بە بێ مەبەست ، بانگەوازی لە دایکبوونی مرۆڤێکی ترە تا ڕووبەڕووی مردن بێتەوە و هەوڵی لە ژیان گەیشتن بدات [1] . لە لایەکی ترەوە ئەم دەرکەوتنە لە کۆتایی هەردوو بەشەکەدا ، بە بڕوای ئێمە بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بێ لە هاتنی ئەو منداڵە ئەچێت کە ( لە چاوەڕوانی گۆدۆ ) دا نەهاتنی گۆدۆ بە ( فلادیمێر ) و ( ئیستراگۆن ) ڕادەگەیەنێت . لە لایەکی دیکەوە ( محمد دالدالی ) ئاماژە بەوە دەکات کە (( ئەم گۆرانییە ئاماژە بە هیواو ئاواتی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات کە قورسی و توندوتیژییەکانی ژیان هاڕیونی و ئاواتێکی جگە لە نان و ئاو خواردنەوە زیاتر بۆ نەهێشتوونەتەوە )) [2] .

دیارە ئەم شانۆیە پڕە لە گفتوگۆی بێمانا و ناماقوڵ و لە نێوان کاراکتەرەکاندا و کەسیان لەوەی تریان حاڵی نابن ، چونکە هەریەکەیان بە لێکدانەوەکانی خۆیانەوە خەریکن . ئەم گفتوگۆیانە لە چەندین شوێنی شانۆکەدا دووبارە دەبنەوە . ئەگەرچی گفتوگۆ و پرسیاریش دەکەن بەڵام هەرگیز وەڵامیان بۆ پرسیارەکانینان دەستگیر نابێ و بۆیە وەك ئەوەی بەتەنها گوێیان لە دەنگی خۆیان بێت دەردەکەون [3] . ئەم دوو مرۆڤە لە سەراپای شانۆکەدا ، تەواو نامۆ لە بەرامبەر یەکدی دەبینرێن .لە کاتێکدا پیاوەکە بەردەوام بیری بە داهاتووی دارەکەوە خەریکە ، ئەوا بەردەوام ژنەکەی لەگەڵ ڕابردوودا دەژی [4] . بە بۆچوونی ( محمد عبدالمنعم خفاجی ) ، خۆخەریك کردنی مرۆڤ تەنها بە لێکدانەوەکانی خۆیەوە و دابڕان و پەیوەندی نەکردنی لەگەڵ دەوروبەردا ، کاریگەریەکی دیاری شانۆی ناماقوڵی ئەوروپی و بە تایبەت شانۆی یونسکۆ لە ( کچە گۆرانی بێژە کەچەڵەکە ) دا لەسەرە [5] . لەو شانۆیەدا یونسکۆ پێی وابوو کە هەرچەندە ژیان مرۆڤ لە پەیوەندی بەهێزی وەك ژن و مێردایەتیدشدا کۆبکاتەوە ، مرۆڤ هەر لە بەندی تایبەتی خۆیدایە و بەتەنها دەنگی خۆی دەبیستێ [6] . خاڵی بوونی ژیان لە مانا و ئامانجێکی دیاریکراو ڕوون هەستی پێدەکرێت ، ژنەکە شەوڕۆژ خەون بە منداڵێکەوە دەبینێ کە هەرگیز نایبێ ، پیاوەکەش هەموو ڕۆژ و

---

[1] احمد کمال زکی ، دراسات فی النقد الادبی ، دار الاندلس ، بیروت ، 1791 ، ص 277

[2] محمد الدالی ، الادب المسرحی المعاصر ، عالم الکتب ، القاهرة ، ط 1 ، 1777 ، ص 179

[3] احمد کمال زکی ، دراسات فی النقد الادبی ، ص 279

[4] حسن سعید السید ، الاغتراب فی الدراما المصریة المعاصرة بین النظریة والتطبیق ( 1761-1767 ) ، الهیئة المصریة ، القاهرة ، 1796 ، ص 91

[5] محمد عبدالمنعم خفاجی ، مدارس النقد الادبی الحدیث ، الدار المصریة اللبنانیة ، القاهرة ، 1775 ، ص 196

[6] بڕوانە : جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ، ص 75

سەرجەم کاتەکانی بە گەڕان و بیرکردنەوە بەسەردەبات لە دۆزینەوە ڕێگاچارەیەك بۆ پەین کردن تا بەرهەمی درەختەکی پێ زیاد و جۆراوجۆر بکات ، بێگومان ئەمەش مەحاڵە [1] .

( حسین مروە ) بۆ ئەوە دەچێ کە ( توفیق الحکیم ) لە چێوە و دارشتنە هونەریەکەیدا ، بەرەو ئەو شەپۆلە نوێیە بچێ کە ئەمرۆ لە هونەری شانۆ و ڕۆمان و چیرۆکیشدا پێی دەوترێت ناماقوڵ ، نەك لە ناوەڕۆکدا [2] . لە کاتێکدا ( محمد مندور ) پێی وایە کە توانای هونەری ( توقیق الحکیم ) لە بەکارهێنانی دیمەنیکی ناماقوڵدایە بۆ بەهێزکردنی پرسێ کە بەدرێژایی ژیانی مایەی تێڕامانی بووە ئەویش ململانێی نێوان هونەر و ژیان و ئاستەمی گونجان پێگەیشتنی نێوانیانە . ئەو ئەگەرچی دیمەنی ناماقوڵ لە شانۆکەدا دەبینێ بەڵام پێی وایە ئەم شانۆیە پتر ڕەمزییە وەك لەوەی بێهوودە بێت [3] . ( صلاح عبدالصبور ) یەکێکی دیکەیە لەو نووسەرە میسریانەی کە پووچی و بێهوودەیی ژیان مایەی داهێنانی ئەدەبی بووە لای . لە شانۆی ( مسافر اللیل ) کە شانۆیەکی شیعرییە کە گوزارشت لە پووچی و ستەم و توندوتیژی بوون دەکات [4] .

[1] حیاة جاسم محمد ، الدراما التجریبیة فی مصر (1761-1791) و التاثیر الغربی علیها ، دار الاداب ، بیروت ، 1793 ، ص 139

[2] حسین مروة ، دراسات نقدیة ، بیروت ، 1796 ، ص 33

[3] د.محمد مندور ، مسرح توفیق الحکیم ، دار النهضة للطبع والنشر ، ط 2 ، القاهرة ، 1766 ، ص 156- 159

[4] نانسی سلامة ، تاثیر ایونسکو علی صلاح عبد الصبور فی مسرحیته مسافر اللیل ، ت : سامی خشبة ، 1793 ، ص 145

# تەوەری دووەم : بزوتنەوەی ئەدەبی کوردی لە حەفتاکانـــــــــــی سەدەی بیستەم

ئاشکرایە تان و پۆی ئەدەبی کوردی هەر لە سەرتاوە تا سەدەی بیستەم ، هونەری شیعر بووە ، بە درێژایی چەندین سەدە جگە لە چەند هەوڵێکی زۆر سادە و ساکاری نووسینی پەخشان ، شتێکی ئەوتۆی تیا نابینرێت . ئەگەرچی ئەو سەرەتایە لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت ، کەی و لە کوێوە دەستی پێکردووە ؟ بەڵام دیارە ئەوەی گومانی لەسەر نییە ئەوەیە کە ئەدەبی نووسراوی کوردی لە هەر کاتێکەوە دەستپێکردبێ ، بە شیعر دەستی پێکردووە . ئەوەی تا ئێستاش لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زۆرترین بیروباوەڕەکانی لە دەور کۆبۆتەوە ، چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانییە (731 – 1111 ) کە بە شێوە زاری لوڕی تۆمارکراوە . ئەم باڵادەستییەی شیعر لە نێو سەرجەم هونەرەکانی دیکەی ئەدەبدا ، تا سەرتاکانی سەدەی بیستەم درێژەی دەبێ . ئیدی لێرە بەدواوە وردە وردە شێوازی تری نووسین دێتە ئاراوە و سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا دەستپێدەکات . ( د. شکریە ڕەسول ) هۆکارەکانی درەنگ سەرهەڵدانی پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا ، بە دۆخێکی سروشتی ناو دەبات وەك سەرجەم گەلانی دیکەی دنیا . ئەو پێی وایە : جگە لە سروشتی هونەری شیعر و پەخشان ، نەبوونی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتوو ، لاوازی ڕێنووسی کوردی ، نەخوێندەواری و ڕەوشی سەختی گوزەرانی میللەتی کورد ، فاکتەری سەرەکی ئەو چەندین سەدەیەی دواکەوتنەی پەخشانی هونەرییە لە چاو شیعردا [1] .

ئێمە لێرەدا کە باس لە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی فرە لایەن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەکەین ، بە واتا بزوتنەوەیەکی ئەدەبی کە بەتەنها هونەری شیعری لەخۆنەگرتبێ . بێگومان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات ، چونکە لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی میللەتی کوردا دێتە پێشەوەو کۆمەڵێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری نوێ دەبنە واقیع . هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیەدا قۆناغێکی نوێ و بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەهێز دەستپێدەکات کە پێشتر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەدی ناکرێ . ( دڵشاد عەلی ) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە (( ئەو بزوتنەوە ڕووناکبیرییەی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەرپابوو لەلایەك و ئەو بار و زرووفە تازەیەی کە

[1] بڕوانە : د. شوکریە ڕەسول ، ئەدەبی کوردی هونەرەکانی ئەدەب ، چاپخانەی : زانکۆی سەلاحەدین ، 1797 ، ل 131-132

کۆمەڵەکەمان تێی کەوتبوو لەلایەکی ترەوە ، هەنگاوی خێرای بە ئەدەبی کوردیش هەڵناو خستییە قۆناغێکی نوێوە )) [1] سەبارەت بە هونەری شیعر، کۆمەڵێ شاعیری لاو و تینوو بە گۆڕان و نوێخوازی و نزیك بە یەك لە ئەزموونی شیعرییەوە ، هەستیان بە پێویستی گۆڕینی چەمکەکانی شیعر کرد و سەرەنجام بە چەند قۆناغێ ، شیعری کوردییان بە کاریگەری ئەدەبی تورکی نوێکردەوە . ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە هاوکات لەگەڵ بزوتنەوە نوێیەی شیعری کوردیدا ، سەرەتای هەوڵە ڕاستەقینەکانی هێنانە ناوەی پەخشانی هونەری بەدی دەکرێ . ئەگەرچی لە پێش ئەم قۆناغەدا هەندێ هەوڵی سادە و سەرەتایی نووسینی پەخشان دەبینرێت * .

ئەو بزوتنەوە ئەدەبییەی سەرەتای سەدەی بیستەم ، بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری فرە لایەن بوو . سەرهەڵدانی پەخشانی هونەری و چیرۆکیش وەك ژانرێکی گرنگی نێو ئەم هونەرە ، یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی بزوتنەوەکە . بێگومان بزافی ڕۆژنامەگەری

---

[1] دڵشاد عەلی ، مەسەلەی ویژدان وەك بەرهەمێکی بزوتنەوەی ڕوناکبیری ، گ : بەیان ، ژ 133 ، تەمووزی 1799 ، ل 41

* ئەم هەولاّنە خۆی لە کتێبی ( دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی ) ی عەلی تەرماخی یە کە لە ساڵی 1571 دا نووسیویەتی و ( عەقیدەی کوردی ) ی مەولانا خالدی نەقشبەندی و ( مەولود نامە ) ی شێخ حسینی قازی و ( عادات و رسوماتنامەی ئەکراد ) ی مەلا مەحمودی بایەزیدا دەبینێتەوە .بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : د. شوکریە ڕەسول ، ئەدەبی کوردی هونەرەکانی ئەدەب ، ل 199 – 172 ؛ هەروەها د.فەرهاد پیربالّ لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات کە عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە لە ساڵی 1959–1957 دا بە خەتی بایەزید خۆی نوسراوە .بڕوانە : ئەلکسەندەر ژاپا بنیاتنەری پەخشانی کوردی سەدەی نۆزدەهەم ، گ: ئێستا ، ژ 6 ، تەموزی 1779 ، ل 19 ؛ صەباحی غالیبیش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە مەولودنامەکەی شێخ حسێنی قازی لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا بەیەکەم بەرهەمی پەخشان حیساب دەکرێ . بڕوانە : صەباحی غالیب ، گ : ڕۆشتبیری نوێ ، ژ 69 ، نیسان و مایسی 1799 ، ل 11 . مامۆستا عەلائەدین سەجاد لە ( مێژووی پەخشانی کوردی ) دا ، ئاماژە بە سرودی (یارسان) دەکات لەپێش (مەولودنامە) کەی شێخ حسینی قازیەوە ، کە زنجیرە سرودێکی دینین و هەم بە پەخشان و هەم هۆنراوە وتراون .. شێوەی ئەم سرودانە تێکلاّوە لە کوردی هەورامی و کرمانجی لەکی و کرمانشانی . ئەوانەی کۆکراونەتەوە پێیان دەڵێن (دەفتەر) و بەناوبانگترینیان (سەرەنجام) ەو هی سوڵتان ئیسحاق ناوێکە کە لەسەدەی چواردەی زاینیدا ژیاوە . بڕوانە : مێژووی پەخشانی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2111 ، ل 26–29 ؛ هەر لە بارەی کتێبی (سەرەنجام) ەوە د.مارف خەزنەداریش ئەوە بەیان دەکات کە مینۆرسکی لە ساڵی 1712 دەستنوسێکی ئەم کتێبەی دۆزیوەتەوە کە لە ساڵی 1943 دا نوسراوەتەوە ئەگەرچی زۆربەی دەستنووسەکە بە زمانی فارسییە ، بەڵام هەندێ شیعر و پەخشانیشی تێدایە کە بە شێوەی گۆرانی زمانی کوردیە و کوردەکان کەلامی پێ دەڵێن . بڕوانە : د.مارف خەزنەدار ، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ، المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة ، بغداد 1794 ، ل 111 . عبدالرزاق بیماریش لە پاڵ کتێبی (سەرەنجام) دا ، ئاماژە بە دوو کتێبە ئاینی دیکەی یەزیدییەکان دەکات و بە دووری نازانێت کە کۆنترین نموونەی پەخشانی کوردیان تێدا ببینرێ . ئەوانیش کتێبەکانی (جلیوە) و (مصحەفی ڕەش) ن . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عبدالرزاق بیمار ، پەخشانی کوردی ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1779 ، ل 31 . دواجاریش پێویستە ئاماژە بەو ڕایەی دکتۆر مارف خەزنەدار بکەین کە پێی وایە : (( تارمایی پەخشانی هونەری لە ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرچاودەکەوێ ، بەڵام نمونانە نەبوون بە سەرچاوە بۆ چەسپاندنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا . چەسپاندن و پەرەسەندن کەوتنە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتی ، لەو کاتەوە گۆرانی ئەم بابەتە لە ئەدەبدا دەستی پێکرد )) . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی (1714–1745) ، بەرگی پێنجەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2115 ، ل 32

فاکتەری هەرە سەرەکی و ڕەخساوترین زەمینەی لەدایك بوونی ئەم چەشنە نوێیەی نووسین بووە . هەر لە ساڵی 1979 و دەرچوونی یەکەمین ژمارە لە ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، سەرەتاکانی بزوتنەوەکە لە ئاسۆدا دەبینران . لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وردە وردە ڕوویان لە زیادبوون دەکرد * ، لە نێو ئەم بڵاوکراوانەشدا چیرۆکی کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاوی خێراتری دەنا . دیارە ئەوە بەسە کە یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردی لەم ڕێیەوە چاوی بە ڕووی دنیادا هەڵهێناوە.

نزیکی شاعیران و نووسەرانی دیاری ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە و پەیوەندییان بە کاری ڕۆژنامەوانییەوە فاکتەرێکی بەهێزی هەڵسوڕانی بزوتنەوە ئەدەبییەکە بوو بە گشـــــــتی (( پەیوەندییەکەش لەوەوە دەست پێدەکات کە هەرە زۆری ئەو کەسانەی ڕۆژنامە یاخود گۆڤاریان دەردەکرد و سەرپەرشتیان دەکردووە ، ئەدیب و شاعیران بوونە ، لەلایەکی دیکەوە کاری ڕۆژنامەگەرییان کردووەو لەلایەکی دیکەشەوە بایەخیان بە بەهرەی ئەدەبییەکەی خۆیان داوە ، بە نموونە هەریەك لە پیرەمێرد و موستەفا پاشای یامولکی و محەمەد میهری و حوسێن حوزنی موکریانی و شێخ نوری و ڕەفیق حلمی و جەمیل سائیب و.. هتد وێڕای بەجێگەیاندنی ئەرکی لێپرسراوی و سەرپەرشتیاری گۆڤار و ڕۆژنامەیەکانی کوردی ، نوسەری ئەدەبی و شاعیری ناوداری کوردیش بوونە لەو بوارەشدا شوێن پەنجەیان دیــــــارە ))[1] . پێویستە ئەوەش بڵێین ئەم بزوتنەوە ئەدەبییەی کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە پەرەسەندندا بوو ، بە نیسبەت هونەری شیعرەوە خۆی لە هاتنە ناوەوەی

---

* لە پاش ڕۆژنامەی (کوردستان – قاهیرە 1979 ) ، ڕۆژنامەکانی : ( کورد– ئەستەمبول 1719 ، تێگەیشتنی ڕاستی – بەغداد 1719 ، پێشکەوتن – سلێمانی 1721 ، بانگی کوردستان – سلێمانی 1722 ، ڕۆژی کوردستان – سلێمانی 1722 ، بانگی حەق – سلێمانی 1723 ، ئومێدی ئیستیقلال – سلێمانی 1723 ، ژیانەوە – سلێمانی 1724 ، ژیان – سلێمانی 1726 ) و گۆڤارەکانی : ( ڕۆژی کورد – ئەستەمبوڵ 1713 ، هەتاوی کورد – ئەستەمبوڵ 1713 ، بانگی کورد – بەغداد 1714 ، ژین – ئەستەمبوڵ 1719 ، کوردستان – ئەستەمبوڵ 1717 ، دیاری کوردستان – بەغداد 1725 ، زاری کرمانجی – ڕەواندوز 1726 ) ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە لە زۆر بواری ڕۆشنبیری و وشیاری و بوژانەوەی بیری نەتەوایەتی و پەرەسەندنی پەخشانی هونەر ی و بەگشتی و چیرۆکی هونەری بەتایبەتی . سەرەنجامیش سەرجەم بزوتنەوە ئەدەبییەکەی ئەو قۆناغە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : یادگار ڕەسوڵ باڵەکی . سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1979 – 1732 . هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە 2115 ، ل 39 – 41

[1] یادگار ڕەسوڵ باڵەکی ، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1979 – 1732 ، ل 47 – 51

**ڕێبازێکی ئەدەبی نوێدا دەبینییەوە کە بە ڕێبازی ڕۆمانسیزم ناسرا . بەڵام چیرۆکی هونەری کوردی هەر لە سەرەتاکانییەوە زۆر لە ڕەگەزەکانی ڕیالیزمی تێدا دەبینرێ[1] .**

**چیرۆکی هونەری لە سایەی گەشەسەندنی ڕۆژ بە ڕۆژ و زیاتری ڕۆژنامەگەری کوردیدا [*] ، هەنگاوی خێرا بە ڕووی پەرەسەندندا دەنێت و ئەویش بەچەند قۆناغێ کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین ، بە دەیەی حەفتاکان دەگات .**

**دیارە لە پاش بەیانی یازدەی ئازار و لە ئەنجامی هەلومەرجێکی ڕۆشنبیری ڕەخساوەوە کە کاریگەری لە سەر بزاوتی ئەدەبی قۆناغەکە ئاشکرا بەدی دەکرا و مایەی کرانەوەی ئەدەبی کوردی بوو بە ڕووی دنیای هاوچەرخدا . بەو پێیەی لە ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێکانەوە ، بزافی ئەدەبی هاوشێوە بەدی دەکرا . بە تایبەت ئەدەبیاتی عەرەبی ، کوردستانی باشوریش لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کە دەخرێتە سەر دەوڵەتی عێراقی ، ئیدی کاریگەری ڕۆشنبیری عەرەبی پتر لەسەر دەردەکەوێ . لە ڕاستیشدا زۆرێك لە ڕۆشنبیران و ئەدیب و نووسەرانی کوردستانی باشور ، ڕۆشنبیرییەکی عەرەبیان هەبوو . لێرەشەوە تەواو ئاگاداری تەواوی ئەو بزاوتە نوێخوازییانە بوون کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بە کاریگەری ئەدەب و ڕۆشنبیری نوێی ڕۆژئاوایی هاتبوونە ئاراوە .**

**ڕەنگدانەوەی ئەم گیانی یاخی بوون و نوێخوازییەی ڕۆژئاوا زۆر بە خێرایی بە دنیادا بڵاوبووە . ڕۆژهەڵاتی ناوەندیش لەم کاریگەرییانە بەدەر نەبوو . کاریگەرییەکە زوو لای وڵاتانی عەرەبی وەك میسر و لوبنان دەبینرا و (( چەندین گۆڤاری ئەدەبی دەرچوون ئەرکی نوێکردنەوەی شیعرییان گرتبووە ئەستۆ و کاریگەری خۆیان لەناو ڕۆشنبیراندا هەبووە ،**

---

[1] ئەو باوەڕانەی کە پێیان وایە چیرۆکی هونەری کوردی بە ڕیالیزم دەستی پێکردووە ئەڵبەتە زۆرن ، بۆ نموونە (د.عەبدوڵا دەباخ) پێی وایە چیرۆکی کوردی هەر لە (مەسەلەی ویژدان) ەکەی ئەحمەد موختار جافەوە تا چیرۆك نووسەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) و چیرۆك نووسەکانی پەنجاکان ڕیالیزمێکی ڕەخنەگری دیاریکراو بووە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : گ : بەیان : ڕێبازە ئەدەبییەکان (مۆدێرنیزم) ، ژ149 ، ئەیلولی 1799 ، ل ؛ هەروەها عومەر مەعروف برزنجیش باوەڕی وایە لە ئەدەبی کوردیدا ( مەسەلەی ویژدان ) لە پاڵ خەوەکەی جەمیل سائیبدا ، سەرەتایەکی بەجێن بۆ ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوەی بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (1925– 1969) ، ل 26 .

[*] گەشەسەندن و پەیوەندی بواری ڕۆژنامەگەری بە هونەری کورتە چیرۆکەوە تا ئەو ڕادەیە ، کە ناکری باس لەم هونەرە بکرێ بەبێ ئاماژەکردن بە پەرەسەندنی بواری ڕۆژنامەگەری . تەنانەت لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی هونەری کورتە چیرۆکدا هەمیشە بواری ڕۆژنامەگەری دیوێکی ئەو باسانەیە . قۆناغی گۆڤاری گەلاوێژ ( 1737–1747 ) کە بەیەکێ لە گرنگترین و بەهێزترین قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەم هونەرە دادەنرێت ، باشترین نموونەی ئەم پەیوەندیەیە . لە ئەنجامی ئەو کەشە ڕۆشنبیرییەدا کە گۆڤارەکە خوڵقاندبووی ، ئەم قۆناغەی چیرۆکی هونەری پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : محەمەد دلێرئەمین محەمەد ، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا ، نامەیەکە پێشکەش کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 1797 ، ل 139 .

لەوانە ( مجلة الشعر ) کە لە ساڵی 1759 وە تا 1767 بە بەردەوامی لە بەیروت دەردەچوو ... ( الکلمة ) و ( الاداب ) و ( شعر 67 ) و ( العاملون فی النفط )) [1] ، ئەو گۆڤارانە بوون کە گیانی نوێخوازی ئەدەبی عەرەبییان پێکدەهێنا . دیارە ڕۆشنبیری کوردیش لە کوردستانی باشوردا بە حوکمی بە ئاگای و نزیکییان بێبەش نەبوون لەو شەپۆلە نێخوازییانە بە تایبەت کە بەغداد وەك ناوەندێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بەهێز ، نوێخوازانی عەرەب و کوردی بەیەك دەگەیاند و پێکەوە ڕوحی تازەگەریان لە ئەدەبی عێراقیدا بەگشتی بەرجەستەکرد .

لە مێژووی ئەدەی کوردیدا ڕوانگە ئەو بزوتنەوە ئەدەبییە بوو هەروەك ( شێرکۆ بێکەس ) باسی دەکات: (( لە منداڵدانی شەستەکاندا خوڵقاو بەڵام لە سەرەتای حەفتاکاندا لەدایك بوو ئینجا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێی گرت )) [2] . لە سەرەتای حەفتاکاندا کۆمەڵە شاعیر و نوسەرێکی لاو و خوێن گەرم کە خولیای نوێخوازی بوون ، سەرەتای قۆناغێکی نوێیان ڕاگەیاند (( چ لە شیعر و چ لە هونەری کورتە چیرۆکدا زەمینەی لەباربوو ، سەوز بوون و نەشونماکردنیان بۆ ڕەخسا )) [3] ئەوان پێیان وابوو (( کە بانگەوازی ئەدەبی ئەمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕ و کارزان و سەدەی هەڵگەڕانەوە و یاخی بوونە بەرامبەر سەراپای مەیدانەکانی ژیان ، بانگەوازی ئەو وشەو هەست و بیرانەیە ، کە سنورێك نییە بۆ ئەوەی بە زۆر بیان بەستێتەوە .. بانگەوازی ئێمە نەئەچێتە سەر ئارەزووی خۆسەپاندن و زۆرەملێ و نە لە چواچێوەیەکی تەنگەبەری دروستکراوی دەستەو تاقمێکدا شەتەك ئەدرێ ، چونکە نە ئەمانەوێت دەست بنێنە بینی بەهرەی سەربەستیی دەربڕین و نە ئەشمانەوێ وشەی کوردیی لە دروشمەکانی سیاسەت و ڕاستەوخۆ دەربڕینی وشکی کلاسیکیدا گیربخوات . ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبیی ئەم سەردەمەمان کوت و مت لەگەڵ ڕێڕەوی تازەو بابەتەکانی ئەستاتیکی ئەدەب و هونەردا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئاواتێکی کۆمەڵگای کورد بە تایبەتی و کۆمەڵگای گشت مرۆڤایەتی بێت )) [4] . هەر لە هەمان بەنگەوازدا هاتووە کە (( قوتابخانەی ئێمە قوتابخانەی نەتەوەو ژیانە .. قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێل کراوی ناو ئەم جیهانەیە .. قوتابخانەی ڕانەوەستانە لە بزوتن و

---

[1] د.علی تاهیر بەرونجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، سلێمانی ، 2119 ، ل 56

[2] شێرکۆ بێکەس ، شیعر و مەنفا و نوێگەرێتی ، گ : گەلاوێژی نوێ ، ژ 1 ، 1779 ، ل 13

[3] ڕووبەڕوو لەگەڵ شیرۆکۆ بێکەسدا ، ڕ : کوردسانی نوێ ، ژ 911 ، 16 / 11 / 1774 ، ل 6

[4] دەستەی ڕوانگە ، بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە ، گ : ڕوانگە ، ژ 1 ، 1791 ، ل 7

پێشکەوتن .. قوتابخانەی هەڵچوون و یاخی بوونە لە ڕووی هەر کۆت و زنجیرێکدا کە بیەوێت بەر لە تەقینی کانی ئاواتی لەبن نەهاتووی ئەدەبیمان بگرێ . نە گریان دۆش دامان و فرمێسك ڕشتنی ڕۆمانتیکییەکان . نە گرتنی ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بێ بزوتنەوانەی ڕیالیزمییەکانیش )) [1] . ئەمان پێیان وایە (( شێوە و ناوەڕۆك لە یەکتر جیاناکرێتەوەو هەردوو هەر لەیەك بۆتەدا قاڵ ئەبن و بێکێشە لەدایك ئەبن )) [2] و هەوڵی ئەوەیان داوە کە بەرهەمەکانیان داخراو و دوورە پەرێز نەبێت لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاری و داواکارییەکانی سەردەم بۆیە پێیان وابوو کە بەرهەمەکانیان (( باسی مرۆۋ دەکا ، سنوری تەنگەبەری ناوچەیی دەشکێنێ ، خۆی دەهاوێتە ئامێزی جیهانەوە ، جیهان بە نیشتیمانی خۆی دەزانی و ئەدەبەکەمان دەوڵەمەند ئەکەن بە هۆی سود بینین لە ئەدەبی جیهانییەوە )) [3] . هەریەك لــە (حسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێڕی و کاکە مەم بۆتانی ) دیارترین ئەو شاعیر و نوسەرانە بوون کە لەو بزوتنەوەیەدا جێ دەستیان دیارە . ئەگەرچی ئەمانە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی کۆی کردبوونەوە بەڵام خاوەنی هەمان بیروبیرباوەڕ و ئایدۆلۆجییەت نەبوون . لە ڕاستیدا (( ڕوانگە شانۆی چەند بەهرەیەکی نوێخواز بوو کە بە بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژی لەیەکەوە دوور بەڵام لە خەمە گشتییەکان لە یەك نزیك بوون . کوت ومت کۆمەڵە ئاوازی ئۆکۆسترایەك بوون و هەریەکە و بەدەنگی خۆیەوە هارمۆنیای ئەو نوێخوازییەیان پێك ئەهێنا )) [4] . هەروەك لە بەیاننامەکەشیاندا هاتووە کەسانی دیکەش هەبوون نزیك لە دیدی ئەمانەوە (( جا گشت ئەو شاعیر و نووسەرانەی لە ناخدا وەك ئێمە هەست دەکەن .. وەك ئێمە بیردەکەنەوە .. وەك ئێمە کردار دەکەن ، باخۆیان بە خاوەنـــــی ئەم بانگەوازە بزانن . )) [5] . وەك ئاماژەکردنێك بۆ فراوانی بزوتنەزوەکەیان و کۆبوونەوەی نووسەران لە دەوریان .

هەستی یاخی بوون تێڕوانینی نوێ بۆ ژیان لای شاعیران و نوسەرانی ڕوانگە هەر وەك ( حسین عارف ) پەنجەی دەخاتە سەر (( نەوەی سەردەمێکن لە چارەی نووسراوە ، ئاڵۆزترین گێروگرفتی مێژوو یەکالابکاتەوە و گەورەترین هەنگاوی گۆڕان و پێشکەوتن بنێت ، لە کۆڕی نهێنییەکانی بوون و نەبوونی ناو ئەم کەونە بەرینەدا ، شاعیر و نووسەری ئەم نەوەیە ،

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 11

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 11

[3] عیزەدین رەزا ، ئەدەبی ڕوانگەو هەنگاوەکانی ، گ : بەیان ، ژ9 ، مایسی 1793 ، ل 6

[4] ڕووبەڕوو لەگەڵ شێرۆکۆ بێکەسدا ، گ : گەلاوێژی نوێ ، ژ 11 ، 1779 ، ل 169

[5] بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە ، گ : ڕوانگە ، ژ 1 ، ل 15

هەرگیز مل بۆ ئەوە نادەن کە لە باوەشی شورەی درۆ و دەلەسە و تەڵەکەبازیدا ، وەك مەڕومالآت مۆڵ بدرێن ! کە سەرشۆڕی و ملکەچی لە ئاستی ئەو شوورە تەلیسماوییەدا ببێتە مایەی ژیانیان . بەڵکو بە بێ سڵ کردنەوە ، ملی ڕێگای دووەم ئەگرنەبەر ، ڕێگای یاخی بوون و بەگژاچوون ، کە ڕێگای پڕبەپڕی سەردەمی خۆیانە )) [1] . ئەم گیانی یاخی بوون و نوێخوازییە ، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ مایەی لێکدانەوەی جۆراوجۆرو وتووێژی گەرم و گوڕ بوو بە شێوەیەك کە (( ئەدەبی ڕوانگە بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگرتنی لە ئەدەبی کوردیدا دروست کرد )) [2] دیارە مەبەست لەوە نییە کە (( پێش ڕوانگە ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا نەبێت ، یا ئەم ڕێبازە خۆی داهێنەری ڕەخنە بێت ، بەڵام بەو قوڵی و فراوانییەی ئێستا ڕەخنەی ئەدەبیمان نەبووە ، ڕەخنەی ئەدەبی لەمەوپێش پتر بایەخی بە لایەنی هونەری ئەدەب ئەداو تەنها لە سنوری ئەدیبەکان دا خۆبەخۆی خۆیان دەرنەئەچووە دەرەوە ، ڕەخنەی ئەدەبی لە ناو ئەدیبەکان خۆبەخۆی خۆیان لە یەکتریان ئەگرت لە کۆڕ تێپەڕی نەئەکرد ، کەچی ڕەخنەی ئێستا لە لایەن گەلێ پێنوسی جیاجیاوە لە مەیدانی بەریندا دێت ودەچێ )) [3] . ئەگەرچی هەندێ لەو ڕەخنانە بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ بەرهەمەکانی ڕوانگەدا کردووە ، بەڵام هەندێکیشیان ڕەخنەی نا بابەتی و نازانستی بوون [4] ، هەروەك ( عەزیز گەردی ) ئاماژەی بۆ ئەکات کۆمەڵە فاکتەرێك لە پشت ئەم جۆرە ڕەخنانەوە بوون ، کەسانێ کە گۆشدراوی ئەدەبی کلاسیکی بوون و ئامادەگی نوێ بوونەوەیان تێدا نەدەبینرا و پێشیان ناخۆش بوو نەوەیەکی نوێ و بێجگە لەمان ڕۆڵی ڕابەرایەتی لەو قۆناغەدا ببینێ ، لە لایەکی دیکەوە ئەو تێڕوانینە بۆ ئەم بزوتنەوەیە هەبوو کە لەسەر زەمینەیەکی سیاسی ڕەگیان داکوتاوە و هێز و توانایەکی نهێنی و نادیاری لە پشتەوەیە [5] . لەلایەکی دیکەوە (( تێنەگەیشتنی ئەدەبی تازە لەلایەن خوێنەرانەوە هەموو دەمێ لەبەر ئالۆزی و نامەفهوومی ئەدەبەکە نییە ، بەڵکو لەبەر ئەو شێوە ئەدەبییە کۆنانەیە کە خوێنەران پێی ڕاهاتووە و خوی پێوە گرتوون ، بە جۆرێ کە لەسەرەتاوە ئەدەبی تازە بە شتێکی غەریب و ناڕەوا دێتە بەرچاو )) [6] . سەرجەم ئەمانە فاکتەر بوونە بۆ ئەو باوەڕەی کە

---

[1] حسێن عارف ، گیانی یاخی بوون و بەگژاچوونەوە لە شیعری نەوەی نوێماندا ، گ : ڕوانگە ، ژ 2 ، 1791 ، ل 55

[2] فوئاد قەرەداغی ، ڕوانگە و تەرازووی ویژدان ، ڕ : هاوکاری ، ژ135 ، 1792 ، ل 3

[3] هەر ئەو سەرچوەیە ، ل 3

[4] بڕوانە : د . علی تاهیر بەرزنجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێکردنمەوەی شیعری کوردیدا ، ل 73 – 113

[5] عەزیز گەردی ، پرسیارێك و پێنج وەڵام ، گ : ڕوانگە ، ژ 3 ، 1972 ، ل 49

[6] کەمال میراودەلی ، ڕوانگە یان ئەدەبی سۆشیالیست ، ڕ : هاوکاری ، ژ 135 ، 1972 ، ل 3

که پێی وابوو (( ڕوانگەییەکان توێژێکی ڕۆشنبیری وردە بۆرژوان ، کە لە نێوان مەفاهیمێکی وردە بۆرژوازی و دەرەبەگیدا ئەژین )) [1] و هەمیشە ئەو ڕەخنەیان لێ دەگیرا کە ئەدەبەکەیان تەنها بۆ چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵە و زۆربەی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵی بە تایبەت ڕەش و ڕوت و نەخوێندەوان و زەحمەت کێشان و جوتیارانی لێ بێ بەشە و بە هەموو شێوەیەك پشت ئەکاتە ڕابردوو کەلەپور . بەڵام دیارە ئەگەر سەرنج لە بانگەوازەکەیان بدەین ئەوا دیارە ئەو بڕیارە و ئەم جۆرە ڕەخنانە ناعەدالەتی تێدایە ، چونکە ئەمان پێیان وایە کۆن لە ئەدەبدا (( هەر ئەوە نییە کە کوێرانە یاخی بوونی دژ بەرپابکەین ، ئێمە بڕوامان وایە کە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵپشت بوون بۆ ڕێڕەوە تازەکانی دوای خۆیان و ئەمان لە منداڵدانی ئەوا لە دایك بوون و لە باوەشی ئەوا کەوتوونەتە گڕوگاڵ )) [2] .

هەر لەم قۆناغەدا بێجگە لە ڕوانگە ، گروپی دیکەش هەبوون کە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بزوتنەوە ئەدەبییەکەی دەیەی حەفتاکان هەبوو . کۆمەڵە ئەدیب و نووسەرێکی لاوی شاری کەرکوك ناوی گروپی ( کەرکەك – کفری ) یان لە خۆیان نابوو ، هاوکات لەگەڵ ڕوانگەدا گڕوتینێکی تریان بە ئەدەبی کوردی ئەو قۆناغە بەخشی . دیارترین شاعیر و نووسەرانی ئەم گروپە ( لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و لەتیف حامد و ئەحەمد شاکەلی ) بوون . هەروەکو خۆیان دەڵێن (( لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بوون و کۆمەڵە هۆنراوەی ( المسرح والمرايا ) ی ئەدۆنیسیان خوێندبووە بە تایبەت دوای ساڵانی 69 – 69 )) [3] و بەو پێیەش توانیان سیمایەکی دیاری نوێخوازی ئەدەبی کوردی حەفتامان بن . کاریگەری ئەم گروپە بە شەپۆلە نوێخوازەکانی ئەدەبی ئەوروپی لە ڕێگەی ئەدەبی عەرەبییەوە ، هەروەك لەتیف هەڵمەت ئاماژەی پێدەکات ، لە پێش ڕوانگەییەکان و بەیاننامەکەیاندا بووە ، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك کار و چالاکی ئەمان وەك پێویست دەرنەکەوت . ئەو دەڵێت : (( ئێمە لە ڕێگای گۆڤاری ( شیعر ، ئاداب ) ی لوبنانی و گۆڤاری ( شیعر 67 ) ی عێراقی و گۆڤاری ( الكلمه ) و چاپەمەنییەکانی میسر و لوبنانەوە بە شەپۆلە نوێخوازەکانی ئەوروپا و لە ناویشیاندا عەبەسگەری ئاشنابووین ، بە تایبەت ئەو چاپکراوانەی کە لە زمانی فەڕەنساییەوە دەکران بە عەرەبی ، چونکە پێشەنگەکانی ئەم

---

[1] فوئاد قەرەداغی ، ڕوانگەو بەگژاچوونی ڕەخنە و ڕەخنەگرەکان ، ڕ : هاوکاری ، ژ : 136 ، 1972 ، ل 3

[2] بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە ، گ : ڕوانگە ، ژ 1 ، ل 10

[3] د.علی تاهیر بەرونجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ، ل 61

**ڕێبازە زیاتر بە فەڕەنسی دەیان نووسی ))** [1] **. دیارە ئەم گروپەش بەیاننامەیەکیان بە ناوی ( شێتەکان ، سەرنج ، هەڵوێست ، پڕۆژە ) هەبوو کە لە هیچ دەزگاو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی ئەو قۆناغەدا دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخسا کە بە بڕوای خۆیان (( ئەدیبانی ڕوانگە دەستیان بەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا گرتبوو ، نەیانهێشتبوو بڵاوبکرێتەوە ، بەڵام لە کۆنگرەی یەکێتی نووسەراندا لە هەولێر لە 14 تەمووزی 1791 دا نوسخەی لێ دابەشکراوە بەسەر ئامادەبوواندا ))** [2] **. ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە گیانی یاخی بوونی بەهێزتر تیادەردەکەوێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ڕوانگەییەکاندا . ئەو ڕەخنە توندوتیژانەی ڕووبەڕووی ڕوانگە و نووسەرەکانی دەبوونەوە سەبارەت بە پشتکردنە کلتور و پاشماوەی ئەدەبی پێش خۆیان ، ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەگەر ڕووبەڕووی گروپی ( کەرکوك – کفری ) بوایە دروستتر دەبوو ، چونکە ئەمان ئەوەیان بەیان کردبوو پێویستە (( بەبێ ترس دان بەوەدا بنێین کە هەر چییەکمان هەیە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە ، بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان بە شێوەیەکی گشتی بە دواوە دەنێین و لێی یاخی دەبین و سزای پشتگوێ خستن و بەرەڵاکرنی بەسەردا ئەدەین ))** [3] **. ئەگەرچی پێویست بوو ئەدیبانی ڕوانگە و گروپی ( کەرکوك – کفری ) بەو پێیەی کە هاوکات بوون ، پێکەوە و لە نێو یەك دەستە یان گروپدا گیانی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا بەرجەستەبکەن ، لە ڕاستیشدا هەوڵی نزیك بوونەوە و خۆیەکخستن لە نێو یەك گروپ یان بزاوتدا لە کاتی خۆیدا و لەپێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی ڕوانگە لە ئارادابووە، بەڵام دەرەنجام بەو شێوەیە نەبوو ، چونکە لەوە دەچێت گرفت و کێشەکانی نێوانیان لە یەکخستنیان قەبەتر بووبێ . ئەوەی لێرەدا و لە نێو هەناوی ئەم بزوتنەوە ئەدەبییەی دەیەی حەفتاکاندا بەدی دەکرێت و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە ، لە نێو هەردوو گروپەکەدا چیرۆکنووسی دیاری ئەو قۆناغە کاریگەر ئامادە بوونیان هەیەو ڕۆڵی دیاریان لەم بزوتنەوەیەدا هەبووە بە تایبەت ( حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی ) لە ڕوانگە و ( لەتیف حامد ) یش لە گروپی کەرکەوك –کفری .**

---

[1] **چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ، بەرواری** 2117/11/14

[2] **د.علی تاهیر بەرونجی ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێکردنمەوەی شیعری کوردیدا ، ل** 63

[3] **لەتیف هەڵمەت ، لە کفرییەوە بۆ کۆتاییەکان ، گ: مامۆستای کورد ، ژ :** 31 **و** 31 **، ساڵی** 1776 **، ل** 17

## تەوەری سێیەم :  چیرۆکی هونەری کوردی لە حەفتاکانـــی سەدەی بیستەمدا

لە ئەدەبیاتی سەرجەم گەلانی دنیادا چیرۆك هەمیشە وەك ژانرێكی ئەدەبی سەیردەكرێ ، كە درەنگتر بە بەراورد لە گەڵ شیعردا سەری هەڵداوە . دیارە هۆكاری سەرەكی ئەم دۆخەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و پەرەسەندنییەوە هەیە . لە كاتێكدا ژیان لای سەرجەم گەلان بە جۆرێ لە سادەیی دەبینرێ ، لە توانای شیعردا بووە هەژموونی داواكاری ئەو ژیانە سادەیە بكات ، بەڵام كاتێ ژیان ڕوو لە پەرەسەندن و پێشكەوتن دەكات و پێداویستییەكانی مرۆڤیشی لەگەڵدا پەرەدەسێنێ ، گوزارشتكردن لەم دۆخە پەرەسەندووە بە تەنها بۆ شیعر كارێكی قورس و دژوار دەبێ . لەلایەكی دیكەوە بونیادی هونەری شیعریش بۆ خۆی لەمپەرە لە گوزارشت كردنی دنیایەكی ئالۆزو پەرەسەندوو . تەنانەت بۆ شیعرێكی ئازادی دوور لە زۆر كۆت پێوەندیش هەر كارێكی قورسە . بۆیە سەرهەڵدانی پەخشان بەسەرجەم جۆرەكانییەوە و چیرۆكیش وەك ژانرێكی گرنگی نێو ئەم هونەرە پێویستییەكی بەڵگە نەویستی مێژووی پەرەسەندووی مرۆڤایەتییە . كەواتە بەو پێیەی چیرۆك بەرهەمی قۆناغێكی گەشەسەندووی نێو كۆمەڵگایە ، درەنگ دەركەوتن و پەرەسەندنیشی لە ئەدەبی كوردیدا وەك سەرجەم گەلانی دنیا حاڵەتێكی تەواو ئاساییە .

چیرۆكی هونەری كوردی * لە ڕەوتی پەرەسەندنی خۆیدا بە چەن قۆناغێكی هەڵكشان و داكشاندا تێپەڕیوە . وەك سەرجەم ژانرەكانی دیكەی ئەدەب ڕاستەوخۆ لە ژێر كاریگەری

---

* سەبارەت بە فۆرمی چیرۆكی هونەری كوردی ، هەندێك لە لێكۆڵەران پێیان وایە كە هونەرێكی ئەوروپییە و لەوێوە بە ئەدەبی كوردی گەیشتووە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە : د. مارف خەزنەدار ، هەندێ لە شیرازەكانی دەفتەری ڕەخنەم ، گ: دەفتەری كوردەواری ، بەرگی 3 ، مایسی 1970 ، ل 52–53 ؛ هەروەها حسین عارف ، چیرۆكی هونەری كوردی (1925– 1960) ، ل 11 ؛هەروەها عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێكۆڵینەوەی بیبلۆگرافیای چیرۆكی كوردی (1925– 1969) ، ل 11 ؛ هەروەها د. شكریە رسول زمان و ئەدەبی كوردی (پەخشان) ، ل 41 ؛ هەروەها دڵشاد عەلی ، مەسەلەی ویژدان وەك بەرهەمێكی بزوتنەوەی ڕوناكبیری ، گ : بەیان ، ژ 133 ، تەموزی 1987 ، ل 41 . لەلایەكی دیكەوە ئەوە باوەڕەش بەدی دەكەین كە پێی وایە ڕەگ و ڕیشەكانی ئەم هونەرە بە ڕوونی لە ئەدەبی فۆلكلۆردا دەبینرێت ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عەبدوڵا سەراج ، چیرۆك لە وێژەی كۆن و نوێماندا ، گ : بەیان ، ژ 4 ، 1974 ،

ئالوگۆڕە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا بوە ، لەم میانەیەشدا گەشەسەندنی بواری ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی دیار و گرنگی لە پەرەسەندنیدا بینیوە . هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە * تا بەیانی یازدەی ئازار ، گەشەسەندنی لەلایەن لێکۆڵەرانەوە بەچەند قۆناغێك دیاری کراوە ** . لەسەرجەم ئەو قۆناغانەدا تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ، کاریگەری ئەدەبی بێهوودەیی ئەورووپی بەدی ناکەین ، چونکە هەر سەرهەڵدانی

---

ل 32 ؛ هەروەها مستەفا ساڵح کەریم ، سەرەتای لەدایکبوونی چیرۆکی هونەری کوردی ، گ : کاروان ، ژ 37 ، تشرینی یەکەمی 1984 ، ل 14 ؛ هەروەها عەلائەدین سجادی ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، 1978 ، ل 168 . دیارە لەم دوو بۆچوونەوە بۆچوونێکی دیکەش بەدی دەکەین کە پێی وایە چیرۆکی هونەری نە گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی چیرۆکی هونەری بێگانەیە و نە بەتەنهاش بەردوامی چیرۆکی فۆلکلۆری ، بەلکۆ لە هەردوو سەرچاوەکەوە سودی وەرگرتووە . بڕوانە : د. عیزەدین مستەفا ڕەسول ، لە ئاهەنگی دەستپێکردنی دیداری یەکەمی چیرۆکی کوردیدا ، گ : نوسەری کورد ، ژ 4 ، خولی دووەم ، ئابی 1980 ، ل 179 ؛ هەروەها پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ( لەسەرتاوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ) ، کۆمپیتەر و چاپی دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، 2111 ، ل 42 .

* سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری و یەکەم چیرۆکی کوردی پرسێکە لە ڕاستیدا تا ئێستا قسەوباسی لە بارەوە دەکرێت . دیارە بەشی زۆری ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و وتارە جۆراوجۆرانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەم ڕووەوە دەبینرێن ، کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیان بە دەرکەوتنی ئەم هونەرەوە هەیە . زۆر لەو باوەڕانەش لە وێدا یەك دەگرنەوە ، کە چیرۆکی ( لە خەوما ) ی جەمیل سائیب لە ساڵی 1725 بە سەرەتای ڕاستەقینەی ئەم هونەرە دادەنرێت . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د. عیزالدین مصطفی رسول ، الواقیعیة فی الادب الكردی ، دار المكتبة العصرية ، بیروت ، 1766 ، ص 216 ؛ هەروەها خورشید ڕشید ئەحمەد ، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی : جاحظ ، بغداد ، 1797 ، ل 323 ؛ هەروەها عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوەی بیبلۆگرافیای چیرۆکی هونەری کوردی ، ل 17 . بێگومان بیروباوەڕەکان لەوە زیاترن ئێمە لێرەدا تەواو ئاماژەیان پێبکەین ، بەو وێنە ڕەوف حەسەن ئاماژە بەوە دەکات لە پێش چیرۆکی لەخەوما لە ژمارە 15 ی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی ژیانەوە لە 16 ی شەباتی 1725 دا کورتە نوسراوێکی تێدایە دەلوێ ناوی چیرۆکی لێ بنرێ بەناوی ( بۆچی جلخوارم ) کە کەریم سەعید ناوێ نوسیویەتی . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ڕەوف حەسەن ، سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم و دووەمیان ، گ:ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 67،ئابی 1799 ، ل15 . یاخود ئەو کورتە چیرۆکەی کە فوئادی تەمۆ لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی کوردا لە ساڵی 1713 دا بە ناوی(شوەیش) ەوە بڵاوکراوەتەوە . پێویستە ئاماژە بەو باوەڕەش بکەین کە ئەم سەرەتایە بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگێڕنەوە . د.فەرهاد پیربالٚ پێی وایە کە مەموزینی مەلامەحمودی بایەزیدی کە لە ساڵی 1956 بە دیالێکتی ژووروو نوسراوە سەرەتابێ بۆ چیرۆکی کوردی . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د. فەرهاد پیربالٚ ، مەم وزینی مەلا مەحمودی بایەزیدی یەکەم چیرۆك لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ، گ : کاروانی ئەکادیمی ، ژ ا ، ب 1 ، ل9 ؛ هەروەها د.فەرهاد پیربالٚ ، ئەلکسەندەر ژاپا بنیاتنەری پەخشانی کوردی سەدەی نۆزدەهەم ، گ: ئێستا ، ژ 6 ، تەموزی 1779 ، ل 17 .

** ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا بەدی دەکرێن و چیرۆکی کوردیان لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە بە چەند قۆناغێك دابەش کردووە ، هەردوو لێکۆڵینەوەکەی چیرۆکی هونەری کوردی (1925– 1960) ی حسێن عارف و لێکۆڵینەوەی بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (1925– 1969) ی عومەر مەعروف بەرزنجییە . لە پاڵ ئەمانیشدا (چیرۆکی کوردی) ی سابیر ڕەشید و چەندان توێژینەوەو نامەی زانکۆیی ، بە پێی ڕەوشە ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەکان ، چیرۆکی هونەری کوردیان بەچەند قۆناغێك دیاری کردووە :

قۆناغی یەکەم : سەرەتا تا 1939 ، قۆناغی دووەم : 1939 تا 1949 ، قۆناغی سێیەم 1949 تا 1958 ، قۆناغی چوارەم 1958 تا 1969 جێی ئاماژە بۆ کردنە سابیر ڕەشید بە پێچەوانەی ئەمانەوە قۆناغی سەرەتا بەسەرهەڵدان تا ساڵی 1925 داریدەکات . ئەو نوسینە پاخشان ئامێزەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی لە ساڵی 1856 و مەولود نامەکەی شێخ حوسێنی قازی وەکو سەرەتای ئەم هونەرە و قۆناغی یەکەمی دیاریکردووە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:سابیر ڕەشید ، چیرۆکی کوردی ، چاپخانە: ڕۆشنبیری ، هەولێر ، 2115 ،ل11

بێهوودەیی وەك ڕێبازێکی ئەدەبی لە فەرەنسا ، دەرەنجامی کارەساتەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە بووە . بێگومان کاریگەری ئەم ڕێبازە نوێیانەی ئەدەب و گواستنەوەیان بە گەلانی ڕۆژهەلات ، کاتی پێویستە و دەسبەجێ کاریگەرییان لە نێو ئەو ئەدەبانەدا دەرناکەوێ . لە لایەکی دیکەوە بەهۆی واقیعی سەختی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەلایەتی کومەڵگای کوردییەوە و وابەستە بوونی سەرجەم ژانرەکانی ئەدەب بەم پرسانەوە ، ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆکی هونەری بە تایبەتی ڕەنگ پێدەرەوە و ئاوێنەی ئەو واقیعە بووە ، چونکە (( ئەوەی گومانی لێ ناکرێ ئەو ڕاستییەیە کە ئەدەب هونەریش چەکێکی گاریگەرن لە چەکەکانی خەباتی میللەت بۆ ئازادی و بەختەوەری بە هیچ چەشنێك لە جۆرەکانی دیکەی خەباتی سیاسی جیاناکرێنەوە ))[1] . بە تایبەتی کە ئەم هونەرە هەر لە سەرتاوە وا ناسراوە کە ڕەگەزەکانی ڕیالیزمی تیا بەدی دەکرێت[2] . ئەمانە بە بڕوای ئێمە هۆکار بوونە بۆ ئەوەی چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا بەیانی یازدەی ئازار ، کاریگەری ئەدەبی بێهوودەی ئەوروپییان لەسەر دەرنەکەوێ .

چیرۆکی هونەری کوردی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵە گۆڕانێکی جۆری بە خۆوە بینی کە چیرۆکی کوردیان بە قۆناغێکی تەواو جیاواز گەیاند ، چونکە لەسەرەتای حەفتاکاندا قۆناغێکی نوێ لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی دەستپێدەکات . بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کور ، بەیانی 11 ئازاری سالی 1791 ی لێ کەوتەوە . بە پێی ئەو ڕێککەوتن نامەیە زۆر لە مافە کلتوری و ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئاسۆیەکی ڕووندا دەبینرا و قۆناغێکی ڕۆشن لە ژیانی گەلی کوردا لە کوردستانی باشور دەستپێکرد . لە سایەی ئەو باردۆخە ڕەخساوەدا ، لایەنی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا گەشەسەندنی باش و هەنگاوی خێرای نا .فراوان بوونی ژمارەی دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوە و زۆربوونی ژمارەی بلاوکراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان ئازادی ڕۆژنامە نووسان و خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بە زمانی کوردی ، سیمای دیاری ئەم

---

[1] کەمال مەمەند میراودەلی ، چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی ، چاپخانەی الحوادث ، بغداد ، 1791 ، ل 62

[2] ئەو باوەڕانەی کە پێیان وایە چیرۆکی هونەری کوردی بە ڕیالیزم دەستی پێکردووە ئەلبەتە زۆرن ، بۆ نموونە (د.عەبدولا دەباخ) پێی وایە چیرۆکی کوردی هەر لە (مەسەلەی ویژدان) ەکەی ئەحمەد موختار جافەوە تا چیرۆك نووسەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) و چیرۆك نووسەکانی پەنجاکان ڕیالیزمێکی ڕەخنەگری دیاریکراو بووە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : گ : بەیان : ڕێبازە ئەدەبییەکان (مۆدێرنیزم) ، ژ149 ، ئەیلولی 1799 ، ل ؛ هەروەها عومەر مەعروف برزنجیش باوەڕی وایە لە ئەدەبی کوردیدا ( مەسەلەی ویژدان ) لە پالْ خەوەکەی جەمیل سائیبدا ، سەرەتایەکی بەجێن بۆ ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوەی بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (1925– 1969) ، ل 26 .

قۆناغە بوون . دیارە دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد ، دەستکەوتی گرنگی ئەم قۆناغە بوون . ئەڵبەتە لە سایەی ئەم ڕەوشە تەندروستەدا ، پەرەسەندن و کرانەوەی ئەدەبی کوردی بە ڕووی جیهاندا لەسەرجەم بوارەکاندا ، دیاردەیەکی چاوەڕوان کراو دەبێ .

ئەحلام مەنسور پاش ئەوەی دەستکەوتەکانی بەیانی 11 ی ئازار لە چەند خاڵێکدا کۆدەکاتەوە [1] ، پێی وایە هۆکاربوونە بۆ ئەوەی نووسەر لەبابەتی نوێتر بگەڕێ و گیروگرفتی نوێ بخاتە ڕوو چارەسەری نوێ نیشان بدات و سەرەنجام پەیدابوونی چەندین ڕێباز و شێوە و شێوازی ئەدەبی لێکەوتەوە . ڕوانگە یەکێك بوو لەو ڕێبازە نوێیانەی لە تەك ئەدەبی تەمومژاوی نامۆ و ناماقوڵ و وجودی سەریان هەڵدا [2] .

ئەگەر قۆناغەکانی چیرۆوکی کوردی بە گشتی لە پێش حەفتاکاندا ، هەروەك ( زاهیر ڕۆژ بەیانی ) ئاماژە پێدەکات (( لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بایەخی بە کێشەی کۆمەڵایەتی دەدا و تاڕادەیەکی زۆریش وەعز و پەند ئامێز بوو ، لە ڕووی فۆرمیشەوە لاواز و فۆلکلۆر ئامێز بوو ، شێوازی گێڕانەوەی لەسەر زنجیرەی هێڵی زەمەنی فیزیکی بوو و بنەماکانی ( سەرەتا ، لوتکە ، کۆتایی ) بە توندی تیا ڕەچاو دەکرا )) [3] ، یا وەك مامۆستا عەزیز گەردی باسی دەکات کە (( هەژاری و نەخۆشی و نەزانی وەك سێ باسی تەقلیدی ناوەڕۆکی زۆر چیرۆکی قۆناغی بەرایی پێك دێنن )) [4] . ئەوا چیرۆکی هونەری کوردی لە قۆناغی پاش بەیانی 11 ئازار کە بە قۆناغی پەرەسەندن و کرانەوە بەڕووی دنیادا و هاتنە ناوەوەی چەندین ڕێباز و شەپۆلی نوێ دەناسرێ .

حوسێن عارف چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە بە پێی بەرهەم و ڕووکردنیان لە شێواز و تەکنیکی نوێی نووسین بۆ چەند دەستەیەك پۆلێن دەکات * . ئەو دەڵێ :(( چیرۆکنووسمان

---

[1] بڕوانە : ئەحلام مەنسور ، بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ( 1791 – 1791 ) ، ل 53

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 54

[3] زاهیر ڕۆژ بەیانی ، چیرۆکی هونەری کوردی ( شێوە و شێواز و بونیاد ) ، ل396

[4] عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 1799 ، ل 63

* گرنگی دانی ئێمە بەم دابەشکردنەی حوسێن عارف ، دیارە لەو ڕووەوەیە کە حوسێن عارف بۆ خۆی چیرۆکنووسێکی دیاری ئەو قۆناغەیە و ئەزموونی قۆناغەکانی پێشووتریشی بینیوە و لە مەیدانی نوێکردنەوەی هونەری چیرۆکنووسیندا ، جێدەستی و ڕوون و ئاشکرا دیارە . ئەگەر نا لێکۆڵینەوەی دیکەش هەن کە باس لە چیرۆکنووسانی ئەو قۆناغە دەکەن و پۆلێنیان دەکەن . بۆ نموونە ئیبراهیم محەمەد قادر لە تێزی دکتۆراکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتا چەند نەوەیەکن ، نەوەی یەکەم ، ئەوانەن کە لە پەنجاکانەوە دەنووسن و لە شەستەکان و حەفتاکانیش دا بەردەوام بوون . نەوەی دووەم ، ئەوانەن کە لە شەستەکان دا دەستیان داوەتە چیرۆکنووسین و لە حەفتاکان دا چیرۆکیان نووسیوە . نەوەوی سێیەم ، ئەوانەن کە زادەی باردۆخ و کەشی دەیەی حەفتاکان خۆیین . کە هەندێکیان لە سەرەتای حەفتاوە دەستیان دایە قەڵەم و هەندێکی تر لە ناوەند و کۆتاییدا.ئەم سێ نەوەیە ، بە

**هەن لە نەوەی لەوەبەرن ( پەنجا و شەستەکان ) و لەم ساڵانەدا هەر لەسەر تەکنیکی لەوەبەریان بەردەوام بوون . وەك : جەمال بابان و موحەڕەم محەمەد ئەمین و جەلال محەمەد نوری توفیق و محەمەد ساڵح سەعید و دکتۆر مارف خەزنەدار . لە کاتێکدا هەمانن لە نەوەی نوێن و کە دەستیان دایە چیرۆکنوسین هەر یەکسەر بە تەکنیکی نوێ دەستیان پێکرد . وەك لەتیف حامد و سەدرەدین عارف و محەمەد موکری و سەلاح شوان و ڕەوف حەسەن * ))** [1] **.**
**لێکۆڵەر لە درێژەی ئەو پۆلێنەدا پێی وایە چیرۆکنووسمان هەن : (( لە نەوەی لەوەبەرن بەڵام لەم ساڵانەدا تەکنیکی گێڕانەوەیان وازلێهێناوە ڕێگای تەکنیکی نوێیان گرتەبەر . وەك کاکە مەم بۆتانی و ڕەوف بێگەرد و محەمەد ڕەشید فتاح و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و حوسێن عارف . کەچی هەمانن لە نەوەی نوێن کە دەستیان دایە چیرۆکنووسین ، تەکنیکی نەوەی لەوەبەریان گرتووە و هێشتا لەسەری بەردەوامن . لەوانە : زاهیر ئەحمەد سەوز و سۆران مەحوی و شێرزاد حەسەن و ڕەزا سیدگوڵ بەرزنجی و ئەحمەد سەید عەلی ))** [2] **. حوسێن عارف لەو لێکۆڵینەوە وردەدا ئاماژە بە دوو پۆل چیرۆکنووسی دیکە دەکات و دەڵێ : (( هەمانن لە نەوەی لەوەبەرن لەم ساڵانەدا هەرچەندە بە زۆری لەسەر تەکنیکی لەوەبەریان ڕۆیشتوون ، بەڵام تەقەلای بەکارهێنانی تەکنیکی تازەشیان داوە . وەك : محەمەد مەولود و دکتۆر کاوس قەفتان و مستەفا ساڵح کەریم و ئەمین میرزا کەریم و جیهان عومەر . بەڵام لەبرامبەر ئەمانەدا هەمانن نەوەی نوێن سەرەتا بە تەکنیکی کۆن دەستیان پێکرد و دوایی لایاندا بەلای تازەدا وەك : عەبدوڵا سەراج و تاهیر ساڵح سەعید و محەمەد فەریق حەسەن سەلام مەنمی ))** [3] **. ئەمانە کۆمەڵە چیرۆکنوسێك بوون کە بە سەرجەمیان ، بەو پەرۆش و گەرموو گوڕیەی کە لە قوڵاییاندا هانی دەدان ، توانیان گۆڕانی جۆری بەسەر ئەم هونەرەدا بێنن و لە تەنگەژە و بابەتی هەمیشە دووبارەبوو دەربازی بکەن بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونی بەرن . دیارە ئەمانە لە سایەی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی ڕۆژنامەگەری کوردی ، دەرفەتێکی گونجاویان بۆ هاتە پێش کە بتوانن ئاستی داهێنان و ئەزموونی خۆیان پێش بخەن . بەدەر**

---

**دوو شێوازی تەقلیدی و نوێ چیرۆکیان نووسیوە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا ( 1791–1791 ) ، ل 243**

*** جێی سەرنجە حوسێن عارف لە پۆلێن کردنەدا کە بۆ چیرۆکنووسانی ئەو قۆناغەی کردووە بە پێی بەرهەم و ڕووکردنیان لە تەکنیك و شێوازی نوێ ، هیچ ئاماژەیەکی بۆ بەرهەم و ڕۆڵی ئەحمەد شاکەلی نەکردووە لەم قۆناغەدا . لە کاتێکدا بەرهەمەکانی و چالاکی نووسینی ئەو لە ڕۆژنامەو بڵاکراوەکانی ئەو قۆناغەدا بە بڵاوکراوەی ڕوانگەییەکان خۆشیانەوە ، گەواهی ڕۆڵ و گرنگی ئەو دەدەن .**

[1] **هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 9**

[2] **هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 9**

[3] **هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 9**

لەو بایەخە زۆرەی کە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکان بە هونەری کورتە چیرۆکیان دەدا ، دیاردەی بە کتێب و نامیلکە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆك بە فراوانی دەبینین . لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە لە قۆناغەکانی پێشووتردا بە بەراورد لەگەڵ ئەم قۆناغەدا ، کز دەبینرا . دیارە هۆکاری سەرەکی ئەمەش هەر بۆ ئەو دۆخە ڕۆشنبیرییە گونجاوە دەگەڕێتەوە کە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بە شێوەیەك بەرچاو ڕوویان لە زیاد بوون کرد . لە گرنگترین ئەو کۆمەڵە چیرۆکانەی لەم قۆناغەدا بەچاپ گەیەنراون :

( چیرۆکەکانی مەم ) [1] ، ( بژی مرۆڤ ) [2] ، ( خۆری ئاوابوو ) [3] ، ( ڕاوە بەران ) [4] ، ( کلافەیەك ژانی تووڕە ) [5] ، ( پێکەنینی گەدا ) [6] ، ( مامە یارە ) [7] ، ( سمکۆڵـــــی ئەهریمەن ) [8] ، ( گێژاو ) [9] ، ( ئەبێ و نابێ ڕایەکی زمانەوانی ) [10] ، ( دەستەو یەخە ) [11] ( بـوار ) [12] ، ( سێبەری ئەسپەشـێ ) [13] ، ( گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ ) [14] ( ئەسپ ) [15] ، ( بە پەنجەکانم دەتبینم ) [16] ( بابە نوئێل تۆراوە ) [17] ، ( پێش ئەوەی تاریك دابـــێ ) [18] ، ( دێر یاسین ) [19] ، ( بازنە ) [20] ، ( توێشووی سەفەرێکی سەخت ) [21] ، ( تـــــــیرۆژ )

---

[1] محەمەد مەولود ، چیرۆکەکانی مەم ، چاپخانە : ئەسعەد ، بغداد ، 1791

[2] کەمال ڕەوف ، بژی مرۆڤ ، چاپخانە : سلمان الاعظمی ، بغداد ، 1791

[3] د.کاوس قەفتان ، خۆری ئاوا بوو ، چاپخانە : کامەرانی ، سلێمانی ، 1791

[4] د.کاوس قەفتان ، ڕاوەبەران ، چاپخانە : کامەرانی ، سلێمانی ، 1791

[5] حوسێن عارف ، کلافەیەك ژانی تووڕە ، چاپخانە : النعمان ، نەجەف ، 1791

[6] حەسەنی قزڵجی ، پێکەنینی گەدا ، چاپخانە : علاء ، بغداد ، 1792

[7] جمال بابان ، مامە یارە ، چاپخانە : دار الجاحظ ، بغداد ، 1793

[8] کاکە مەم بۆتانی ، سمکۆڵی ئەهریمەن ، دار الحریة للطباعة ، بغداد ، 1793

[9] سەلام مەنمی ، گێژاو ، چاپخانە : کامەرانی ، سلێمانی ، 1796

[10] محەمەد ئەمین محەمەد ، ئەبێ و نابێ ڕایەکی زمانەوانی ، چاپخانە : کامەرانی ، سلێمانی ، 1799

[11] ئەحەمەد سەید عەلی بەرزنجی ، دەستەویەخە ، چاپخانە : زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ، 1799

[12] ڕەوف بێگەرد ، بوار ، چاپخانە : کۆڕی زانیاری کورد ، بەعداد ، 1799

[13] محەمەد فەریق حەسەن ، شێبەری ئەسپەشێ ، چاپخانە : کامەرانی ، سلێمانی ، 1799

[14] محەمەد ڕەشید فەتاح ، گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ ، چاپخانە : کامەرانی ، سلێمانی ، 1799

[15] ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، ئەسپ ، دار الحریة للطباعة والنشر ، بغداد ، 1799

[16] دڵشاد مەریوانی ، بە پەنجەکانم دەتبینم ، ڕپەڕین ، سلێمانی ، 1799

[17] عەبدولا ئاگرین ، بابە نوئێل تۆراوە ، چاپخانە : زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ، 1799

[18] شیرین .ك ، پێش ئەوەی تاریك دابێ ، چاپخانە : ڕاپەڕین ، سلێمانی ، 1799

[19] دڵشاد مەریوانی ، دێر یاسین ، چاپخانە : ڕاپەڕین ، سلێمانی ، 1799

[20] کاکە مەم بۆتانی ، بازنە ، چاپخانە : شارەوانی ، هەولێر ، 1797

[21] حوسێن عارف ، توێشووی سەفەرێکی سەخت ، چاپخانە : دار السلام ، بغداد ، 1797

، ( ڕستێك زەنگیانەی ئاوی ) [2] ، ( سبەینێ باوكت دێتەوە ) [3] ، ( نیو هەنگا و دوور لە دۆزەخەوە ) [4] ، ...

زاهیر ڕۆژ بەیانی ئاماژە بەوە دەكات كە (( چیرۆكنووسانی قۆناغی دووەم * لە ڕێی بەرهەمە وەرگێڕاوەكانی ( جیمس جۆیس و ڤەرجینا وڵف و فۆكنەر ) و ئەو نووسینانەی كە لە بارەی بەرهەمەكانیانەوە نووسرابوون و لە ژێر كاریگەری هەندێ كتێبی ( تیار الوعی – ڕۆبەت همفری ) و لە ڕێی هەندێ سەرچاوەی تێوری و ڕەخنەیی دیكەشەوە كە لەڕێی زمانی عەرەبی و فارسییەوە دەگەیشتە كوردستان و هەندێ لەو چیرۆكنووسانە بە خۆشیان زمانی ئەسڵی ئەو نووسەرانەیان دەزانی . ئەم فاكتەرانە و زیادبوونی ڕۆژنامەو گۆڤار و بواری بڵاوكردنەوە و كەمتر بوونی سانسۆری سەربە ڕژێم لەسەر بڵاوكراوەكان و هۆی دیكەش ، ڕێگەیان بۆ ئەوە خۆشكرد كە چیرۆكی هونەری كوردی ڕووبكاتە ئاسۆیەكی بەرفراوانتری ئەوتۆ كە پێشتر بە خۆوەی نەدیبوو )) [5] . بەهەمان شێوە ( د.عیزەدین مستەفا ) ش ئەوە بەیان دەكات كە (( تەوژمی مۆدێرنزمی ئەوروپا لە ڕێی عەرەبـــی خوێندنەوەوە هاتوونەتە ناو بەرهەمی چیرۆكنووسی كوردەوە ، بەڵام بەناوی تەكنیك و هاوچەرخێتی و تازەگەری یەوە )) [6] . دیارە هەزم كردن و قبوڵكردنی ئەم تەوژم و باوەڕە نوێیانە كارێكی دژوارە و هەروا ئاسان جێی بۆ خۆیان خۆش ناكەن . ( د.عیزەدین مستەفا ) لەهەمان لێكۆڵینەوەدا ناتەبایی و ناكۆكی خۆی بۆ ئەم جۆرە ئەدەبانە ڕوون دەكاتەوە و پێی وایە (( ئەم تەوژمانە خۆیان لە بناغەی كۆمەڵایەتیدا لە واقیعی كورد و عێراق دوورن و توانای ژیان و مانەوەو پەرەسەندنیان نییە )) [7] . بێگومان ئەمە هەڵوێستێكی ڕوون و چاوەڕوان كراوە بۆ ناوبراو ، بە تایبەت لە هونەری چیرۆكدا ، چونكە ئەو پێی وایە كە (( چیرۆكی كوردی تەواو بە ژیانی گەلەوە لكاوە )) [8] دیارە بەدەر لەو بەرهەمانەی كە لەبەشی داهاتوودا دەیانخەیەنەڕوو ، ئەو

---

[1] حەمە كەریم عارف ، تیرۆژ ، چاپخانە : ڕاپەڕین ، سلێمانی ، 1797

[2] محەمەد فەریق حەسەن ، ڕستێك زەنگیانەی ئاوی ، چاپخانە : علاء ، بغداد ، 1797

[3] ڕەوف حەسەن ، سبەینێ باوكت دێتەوە ، دار الحرية للطباعة والنشر ، بغداد ، 1797

[4] د.كاوس قەفتان ، نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخەوە ، دار الحرية للطباعة والنشر ، بغداد ، 1797

* دیارە زاهیر ڕۆژ بەیانی كە دەڵێ قۆناغی دووەم ، مەبەستی قۆناغی پاش بە یانی یازدەی ئازارە . ئەو سەرجەم قۆناغەكانی پێش بەیانی یازدەی ئازار بە قۆناغی یەكەم ناودەبات . لە كاتێكدا سەرجەم ئەو لێكۆڵینەوانەی لەم ڕووەوە ئەنجام دراون ، پەرەسەندنی چیرۆكی كوردیان بە چەند قۆناغێك دابەش كردووە .

[5] زاهیر رۆژ بەیانی ، چیرۆكی هونەری كوردی ( شێوە و شێواز و بونیاد ) ، ل 399

[6] د. عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ناوەڕۆكی سیاسی و كۆمەڵایەتی چیرۆكی كوردی ، ل 19

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 19

[8] د. عیزەدین مستەفا ڕەسول ، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی ، 1797 ، ل 27

باوەڕانە زۆرن کە دەستنیشانی  کاریگەری ڕێباز و بیروباوەڕە مۆدێرنزمەکانی ئەورووپا دەکەن لە سەر ئەدەبی کوردی حەفتاکان بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی .(د. عەبدوڵا دەباغ) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە (( وجودیەت Existentialism و عەبەسییەت The Absurd بە پێچەوانەی قوتابخانە ئەدەبییەکانی ساڵانی (21) و (31) یەوە کە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەدەبی کوردی نەبووە بەڵام وجودیەت و عەبەسییەت ، ئەو دوو ڕێبازە ئەدەبی و فەلسەفییەی لەپاش شەڕی دووەمی جیهانی لە ئەورووپا سەریان هەڵدا ، هێندێك کاریان کردۆتە سەر ئەدەبـــــی کوردی ، بە تایبەتی لە ساڵانی (91) بە دواوە ))[1] . ئەمانەو زۆر لێکدانەوەی دیکەش  کاریگەری بێهوودەیی ئەورووپی لە سەر ئەدەبی کوردی بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی بەیان دەکەن ، کە هەندێکیان لە باسەکانی داهاتوودا ئاماژە پێ دەکەین .

پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە هاوکات لەگەڵ کاریگەری ئەم ڕێبازە فیکری و ئەدەبییانەی مۆدێرنزم لەسەر چیرۆکی کوردی ئەم قۆناغە و  پەیدابوونی ناوەڕۆك و بابەتی نوێ وەك کەرەسە بۆ نووسین ،  لە تەکنیکیشدا گۆڕانی جۆری بەدی دەکرێت . ئەگەر تا پێش ئەم قۆناغە (( شێوەی گێڕانەوە ( سرد ) ، بە درێژایی تەمەنی چل و پێنج ساڵەی لەوەبەری ئەم هونەرە لە ئەدەبەکەماندا و لە هەموو پلەکانی سەرهەڵدان و نەشونماکردنیدا زاڵ و سەروەر بووە ))[2] . ئەوا لەم قۆناغە بە دواوە ئەم شێوازە لە گێڕانەوە گەرچی بەردەوامە و لای هەندێ لە چیرۆکنووسان پەیڕەو کراوە ، بەڵام لەوەش دەکەوێ کە تەنها تەکنیك و شێوازی باوی پەیڕەوکراو بێ لە گێڕانەوەی چیرۆکدا . لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا ، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە جۆرییانەی بەسەر بنیاتە هونەرییەکانی چیرۆکدا هاتن ، لە شێواز و تەکنیکی گێڕانەوەشدا کۆمەڵە تەکنیکێکی وەك : مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ ، مۆنتاژ ، تەداعی ، شێوازی بروسکە لە داڕشتندا ، فلاش باگ ، هێنانە پێش چاو ، دەستپێشخەری ، چاپتەرکردنی چیرۆك و چیرۆك لەناو چیرۆك و ... چەندان وردە تەکنیکی تر[3] . بۆیە سەرنجام دەتوانین بڵێین (( لەم قۆناغەدا شێوەی نووسین ، شێوەی داڕشتن ، شێوەی بیر و لێکدانەوە و شێوەی هونەریی چیرۆك بەگشتی گۆڕا ))[4] و سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە چیرۆکی هونەری کوردیدا لێرەوە دەست پێدەکات .

---

[1] د.عەبدوڵا دەباغ ، ڕێبازە ئەدەبییەکانی مۆدێرنزم ، ل 14

[2] حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای ( 91 ) دا ، ل 9

[3] بڕوانە : ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا (1791–1791 ) ، ل 195 –216

[4] عەبدولڕەزاق بیمار ، لەعنەتی سنوور و چیرۆکەکانی مەم ، گ : نووسەری کورد ، ژ 2 ، س 1 ،  نیسانی 1791 ، ل 39

# بەشی سێیەم / بێهوودەیـــــی لە چیرۆک کوردیـــــی کرمـــــانجیی خواروودا ( 2219 – 2219 )

## تەوەری یەکەم : بەیانی یازدەی ئازار و کرانەوەی چیرۆکی کوردی بە ڕووی جیهاندا

---

## تەوەری دووەم : بێهوودەیی لە چیرۆکی کوردی پاش یازدەی ئازار

## تەوەری سێیەم : هەرەس و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر چیرۆکی کوردی

### تەوەری یەکەم : کاریگەری بەیاننامەی یازدەی ئازار و کرانەوەی چیرۆکی کوردی بە ڕووی ڕێبازە نوێیەکانی مۆدێرنزمدا

بەیاننامەی یازدەی ئازاری ساڵی 1791 دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ گەلی کورد لە کوردستانی باشوردا بە تایبەت لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە دیاریکرابوو . تا ئەو کاتەی کە حکومەتی عێراقی لە ڕێکەوتنەکە پاشگەز بووەوە و جارێکی دی نێوەندی کورد و حکومەت ئاژاوە و نائارامی بە خۆوە دیەوە . لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا گەلی کورد تا ڕادەیەکی زۆر پشووی بەبەردا هاتوو ئەگەرچی زۆر لە خاڵە گرنگەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکران ، بەڵام زۆر دەستکەوتی ڕۆشنبیری و کلتوری و نەتەوەیی دەرهاویشتەی ئەو قۆناغە مێژووییە بوو . کریس کۆچێرا دەڵێ : (( مادەی بنەڕەتی و سەرەکی ئەم ڕێکەوتننامە پازدە مادەیە . بێگومان مادەی چواردەمییەتی کە بریتییە لە داننان بە ئۆتۆن یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەو ڕێککەوتنە ، داننان بە ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لە چوارچێوەی شارە کوردەکان و هەموو ئەو شوێنانەی کە بەپێی سەرژمێرییەك کە لە ئایندەدا ئەنجام دەدرێ ، زۆربەی دانیشتوانیان کوردن . باقی خاڵە گرنگەکانی ڕێککەوتننامەکە بریتین لە قایل بوون بەوەی زمانی کوردی وەکو زمانی ڕەسمی

**خوێندن لەگەڵ زمانی عەرەبیدا لەو ناوچانەدا بەکاربێت کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن ))[1] . دیارە خوێندن لەو ناوچانەدا بەزمانی کوردی دەرفەتێکی ڕۆشنبیریی ڕەخساوی لە زۆر بواردا بەدوای خۆیدا هێنا .**

**زۆر بوون و بە پێزبوونی ژمارەی ئەو بڵاوکراوە جۆراوجۆرانەی کە لەو قۆناغەدا دەبینران وەکو ڕۆژنامەکانی : برایەتی 1791 ، هاوکاری 1791 ، ژین 1791 ، بیری نوێ 1792 و گۆڤارەکانی : بەیان 1767 ، برایەتی 1791 ، ڕۆژی کوردستان 1791 ، نووسەری کورد 1791 ، دەنگی مامۆستا 1791 ، پەروەردە و زانست 1791 ، ڕۆشنبیری نوێ 1793 و بڵاوکراوەکانی : دەفتەری کوردەواری 1791 ، نۆبەرە 1791 ، تیشك 1791 ، بەرەو ڕووناکی 1791 ، نووسەری نوێ 1792 ، بیری نوێ 1792 ، گزنگ 1792 ، ڕۆشنبیر 1793 ، بۆ پێشەوە 1793[2] . هەروەها و ئەو گروپە ڕۆشنبیری و دامەزراوە و زانستی و ئەکادیمیانەی وەك کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد و یەکێتی نووسەرانی کورد ، سیمایەکی دیاری قۆناغەکە و دەستکەوتێکی گرنگ و بەهێزی ڕۆشنبیری بوون بۆ گەلی کورد . لە هەمان کاتدا ئەم گەشەسەندنە دەرگایەکی والابووە لەبەردەم کرانەوەی ڕۆشنبیریی کوردی بە ڕووی ڕۆشنبیری بیانیدا دروستبوونی کۆنتاکتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لەگەڵ ئەدەبیاتی گەلاندا . بێگومان لە ڕەوش و بارودۆخێکی ئاوا ڕەخساودا زۆربوون و بە پێزبوون و داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی کارێکی چاوەڕوانکراو دەبێ .**

**لەم قۆناغەدا بەبەراود لەگەڵ دەیەی شەستەکاندا کە جۆرێك لە کزبوون و وەستانی بەخۆوە بینی ، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەرهەمی ئەدەبی دەبینین لە زۆر بوارەکاندا بە تایبەت شیعر و چیرۆك . هەر وەك ( شیرکۆ بێکەس ) دەڵێ : (( بارودۆخی ئاشتی ڕێککەوتنامەی 11 ی ئازاری 1791 لە ماوەی چوار ساڵدا لە کەش و هەوایەکی تا ڕادەیەك ئازادانەدا گوڕ و تینێکی باشی بە بزوتنەوەی ڕوناکبیری و نوێخوازی لە کوردستان دا و بەمجۆرە تا مانگی مارتی 1794 ئەدەب و هونەری کوردی بەگشتی لە هەڵقوڵین و بەخشین و شارەزابووندا بوو ))[3] بەدەر لە مانەش دیاردەی بڵاوکردنەوە و چاپکردنی دەیان بەرهەم و نامیلکەی ئەدەبی و کتێب ڕوویەکی تری گەشی قۆناغەکە و دەستکەوتێکی گرنگی**

---

[1] **کریس کۆچێرا ، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا ، و : حەمە کەریم عارف ، خانەی چاپ ە بڵاوکردنەوەی ئاودێر ، چ 4 ، هەولێر ، 2119 ، ل 359**

[2] **بڕوانە : حوسێن عارف ، بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ( 1725-1793 ) ، ل 11 - 12**

[3] **ئاخاوتنێکی گەرم .. نزیك سەهۆڵبەندانی قوتبی ژووروو لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیردا ، گ : ئێستا ، ژ 19 ، شوباتی 1777 ، ل 37**

ڕۆشنبیری بوو . چەندین نوسەری لاو و خوێن گەرم بە گیانی نوێخوازی و داهێنانی ئەدەبییەوە هاتنە کۆڕ و مەیدانی نووسینەوە و گوڕو تینێکی بەهێزیان بە بزاوتی ئەدەبی کوردی ئەو قۆناغە دابوو . بە تایبەت ئەدەبی کوردی ماوەیەك بوو جۆرێك لە وەستان و مەنگی پێوە دیاربوو . هەریەك لە گروپەکانی ڕوانگە و کەرکوك – کفری و ئەو نووسەرە لاوانەی لە دەوریان کۆبووبوونەوە لە سەرەتای حەفتاکاندا ، ئامانجی سەرەکیان گیان بەبەرداکرنەوەی ئەدەبی کوردی و هەنگاوپێنانی بوو بۆ قۆناغێکی نوێ [1] . بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو ڕێکخراوە ڕۆشبیری و ئەدەبی و هونەرییانە ، ڕۆڵی باشیان گێڕاوە لە بەرەوپێشچوونی لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کلتوری کوردیدا .

شیاوی باسە هەر لەو ماوەیەدا و لە پاڵ ئەوەی هەست و هۆشی نەتەوایەتی کوردی گەشەی کردووە ، بیری چەپگەرایی کوردیش زیاتر پەرەی سەندووە . دروستبوونی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی هاوچەرخی وەکو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەو قۆناغەدا سەرباری ئەوەی خوڵقاوی ئەو بزاڤە کەلتورییە بووە کە واقیعی کوردستان لەو ساڵانەدا بەخۆوەی بینیوە و لەلایەن ئەو لاوە ڕۆشنفکرانەوە دامەزراوە ، کە ڕۆحی سەردەمیان هەڵگرتووە و هەمیشە بە دوای نوێگەریدا گەڕاون . لە هەمان کاتیشدا سەرهەڵدانی بیری چەپ و گەشەسەندنی لە کوردستاندا کاریگەری دیاری هەبووە لەسەر گەشەسەندن و برەودان بە کەلتور و ڕۆشنبیری کوردی و سەرهەڵدانی بیری نوێگەری و شێوازە دیارەکانی ئەدەبیاتی جیهانی لە نێو ئەدەب و کلتوری کوردیدا .

لە ماوەی چوار ساڵی دوای ڕێککەوتنەکەدا ڕۆشنبیری کوردی لەم بەشەی کوردستاندا جوڵەیەکی وەهای بە خۆوە بینیوە کە دەشێ وەك سەرەتایەك بۆ ڕێنیسانسی کلتوری کوردی لێی بڕوانین . حوسێن عارف کە نووسەرێکی دیاری ئەم قۆناغەیە پێی وایە (( بە دوای یانزەی مارتی 1791 دا ، کاروانی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریمان چووە بارودۆخێکی تەواو جیاواز لەوەبەرییەوە و دوای نزیکەی نۆ ساڵی نیمچە خامۆشی و سستیەك ، ڕێگای ڕاپەڕین و گەشەسەندنێکی ئەوتۆی گرتەبەر کە دەتوانرێ بە هەقیانەت ناوی پلەیەکی نوێی لێ بنرێ )) [2] . لەم قۆناغەدا ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی لە سایەی ئەو بارودۆخە ڕەخساوەی کە ئاماژەمان بۆ کرد ، بە شێوازێ بە ڕووی دنیادا کرایەوە کە ئاگاداری ڕەوتە

---

[1] بڕوانە : بانگەوازێك لە ئەدەبی ڕوانگەمانەوە ، گ : ڕوانگە ، ژ1 ، ساڵی 1791 ، ل 9 – 15

[2] حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (91) دا ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 63 ، ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1799 ، ل 6

ڕۆشنبیری و بزاوتە ئەدەبییەکانی وڵاتانی دەوروبەر و دونیاش بن و هاوکات لەگەڵ ئەواندا هەنگاوی پێویست بنێن و (( زۆر لەو ڕێباز و شەپۆلە ئەدەبیی و فیکریانەی کە دەرەنجامی جەنگە جیهانییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بوون لە ڕێی ئەدەبی عەرەبییەوە لە ئەدەبی کوردی ئەم قۆناغەدا سەروداویان دەبینرا )) [2] . چیرۆکنووسانی کورد کە لە سەرەتای قۆناغەکەوە لە ئەنجامی هۆشیاری بەئاگابوونیان لە گیانی نوێخوازی و تەوژمە ئەدەبییە مۆدێرنەکانی ئەوسای دنیاوە لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە توانیان ئەزموونی چیرۆکنووسینیان بەهێز و دەوڵەمەند بکەن . هەر خودی ئەو ڕێبازە نوێیانەی وەك شەپۆلی هۆشی رۆبەرت هیمفری و پەرەدان بە مۆنۆلۆگی ناوەوە لەلایەن جیمس جۆیس و فرجینا وڵف و ولیام فۆکنەر [3] کە شێوازێکی نادیار و تەمومژاویە و وەکو فۆرم لەگەڵ بیروباوەڕەکانی پووچی و بێمانایی ژیاندا باشتر دەگونجێ . لە ڕاستیشدا ئەم ڕێباز و شێوە نوێیانەی تەکنیك و دەربڕین ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی ناماقوڵ لە نێو واقیعی ئالۆز و شێواوی ئەو قۆناغەی ئەوروپادا [4] .

بۆیە ئەگەر لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری لە ڕوسیا ، زۆر لە گەلانی ژێر دەست و ستەمدیدە هیواو ئاواتەکانینان لە بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان بەستبێتەوە بە دروشم و بیروباوەڕەکانی سۆشیالیزمەوە و بە ڕزگاریکەری مرۆڤایەتیان زانیبێ و لە ئەدەبیاتی دەوروبەری جەنگی دووەمی جیهانی بە دواوە ئەم بیروباوەڕانە زۆر بە زەقی لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەبینرێن . ئەڵبەتە چیرۆکیش لە کاریگەری ئەم بیروباوەڕانە بەدەر نەبوو . ئەوا لەم قۆناغە نوێیەی چیرۆکی هونەری کوردی (( لە ڕووی فیکریشەوە وردە وردە بیروبۆچوونی پێشتر نەزانراوی وەك جان پۆڵ سارتەر و عەبەسییەتی ئەلبێر کامۆ ، جێی ئەو وەعزدان و ئەو پەندە خۆیانەی گرتەوە کە لە بەرهەمەکانی قۆناغی یەکەمدا سیمای سەرەکی جیهانی چیرۆکی کوردییان گرتبوو ، بەم جۆرە وجودییەت و عەبەسییەتیش چوونە پاڵ ئەو فیکرە مارکسییەی کە لەو ماوەیەدا بە تایبەتی باڵـــــــی بەسەر فەلسەفەی گەلانی ژێر دەستەی ناوچەکەدا کێشابوو )) [5] . ئەمانە هۆکاری پێویستن بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە ناوی قۆناغێکی نوێی لە پەرەسەندن و گەشەسەندنی چیرۆکی هونەری کوردیدا لێبنرێ .

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ، بەرواری 2117/11/14

[2] بڕوانە : حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی سالانی دوای (91) دا ، ل 13

[3] فوئاد حەمە خورشید ، ئەدەبی ناماقوڵ بەرەو کوێ ئەچێ ، گ : بەیان ، ژ 41 – 41 ، ئازاری 1799 ، ل 25

[4] زاهیر رۆژ بەیانی ، چیرۆکی هونەری کوردی ( شێوە و شێواز و بونیاد ) ، ل399

## تەوەری دووەم : بێهوودەیی لە چیرۆکی کوردی پاش یازدەی ئازار

لە پاش بەیانی یازدەی ئازار و ئەو هەل و مەرجە ڕۆشنبیرییە ڕەخساوەی کە بۆ ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆکی کوردی هاتە پێشەوە ، مایەی نوێکردنەوە و هاتنە پێشی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ چیرۆك . ئەگەر تا ئەو قۆناغە لە مێژووی ئەم هونەرەدا کۆمەڵە بابەتێکی چوون یەك و هاوشێوە لە ناوەڕۆکدا و پەیڕەوکردنی تاکە شێوازێك لە تەکنیکدا بەدی بکرێت ، ئەوا بە بڕوای زۆر لە شارەزایان و ڕەخنەگران و لە زۆر لەو لێکۆڵینەوە کورت و توێژینەوە زانستی و نامە ئەکادیمییەکاندا کە سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم هونەرە ئەنجام دراون ، سەرەتای قۆناغێکی نوێ ڕادەگەیەنن . ئیبراهیم قادر لە نامەی دکتۆراکەیدا کە سەبارەت بە چیرۆکی ئەم قۆناغە ئەنجامی داوە دەڵێ : (( چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتا هەوڵیان داوە بە کاروانی ئەدەبی جیهانیدا بگەنەوە ، گەشەکردنی شێوازی نوێ لە سەرەتای حەفتاکانەوە و وازهێنانی زۆربەی چیرۆکنووسان لە شێوازە تەقلیدییەکە و ڕووکردنە بەکارهێنانی تەکنیکی مۆنۆلۆگی ناوەوە ( ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و تەداعی و شەپۆلی هۆش ) و پەنابردنە بەر سینەما و خواستنی تەکنیکی سینەمایی وەکو ( فلاش باك و دەستپێشخەری و مۆنتاژکردن و بە گشت شێوەکانی‌یەوە دیمەن و بڕین و تەولیف کردن )

و ..هتد ، هەمووگەواهی ئەو هەوڵدانەن )) [1] . کە بێگومان لە ئاستی ئەزموونە جیهانییەکەدا نەبوو ، بەڵام سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ قۆناغێکی نوێ و گەشەسەندوو .

وازهێنان لەو شێوە تەقلیدییەی کە ئیبرایم قادر باسی دەکات (( شێوەی گێڕانەوەیە (سەرد) کە بەدرێژایی تەمەنی چل و پێنج ساڵەی لەوەوبەری ئەم هونەرە لە ئەدەبەکەماندا لە هەموو پلەکانی سەرهەڵدان و نەشونماکردنیدا زاڵ و سەروەر بووە)) [2] . هەنگاونان و هەوڵدان بە گەیشتن بە کاروانی گەلان ، کارێك نییە لە خۆوە و بەبێ کاریگەری ئەدەب و ڕۆشنبیری بیانی دەستەبەر بکرێت . لەسەرەتاکانی ئەم قۆناغەدا هەروەك لە باسەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد ، ئەم دیاردەیە هەستی پێدەکرێت . هاوکات لەگەڵ نوێکردنەوەی فۆرم و تەکنیکی چیرۆکدا ، لە ناوەڕۆکیشدا بابەت گەلێ دەبنە کەرەسەی چیرۆکەکان ، لە قۆناغەکانی پێشوودا هەست بە بوونیان ناکرێ . هەروەك چۆن لە فۆرمدا (( شێوە گێڕانەوە لەوە کەوت کە تاقە جۆری تەکنیك بێ و تاقە ئامرازی دەستی چیرۆکنووس بێ بۆ داهێنان و خوڵقاندن لە کۆڕی هونەردا )) [3] ، بە هەمان شێوە و ناوەڕۆکەکانیش لەوە کەوتن تەنها پەنجە خستنە سەر گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پرسە نەتەوایەتییەکان بێ . دیارە گۆمان لەوە ناکرێ کە ئەدەبی کوردی بەگشتی بە چیرۆکیشەوە ، زیاتر ئەدەبێکی بەرگری و نەتەوەیی بووە بەو پێیەی کە ئەم قۆناغە ، قۆناغێکی گرنگی بووژانەوەی پرسە نەتەوەییەکانە ، بەڵام هاوکات سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەندێ بیروباوەڕی دیکەی ڕۆژئاوایشە کە تازە بە ئەدەبی کوردی دەگەیشتن . د. عەبدوڵڵا دەباغ لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە ڕێبازە ئەدەبییەکانی مۆدێرنزم ، دەڵێ : (( وجودیەت و عەبەسییەت ، ئەو دوو ڕێبازە ئەدەبی و فەلسەفییە بوو کە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە لە ئەورووپا سەریان هەڵداوە ، هێندێك کاریان کردۆتە سەر ئەدەبی کوردی بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتا بەدواوە )) [4] . دیارە ئەو باوەڕانە زۆرن کە ئاماژە بە کاریگەری ئەو ڕێباز و شەپۆلە ئەدەبی و فیکرییە نوێیانەی ئەورووپا دەکەن لەسەر ئەدەبی کوردی ئەم قۆناغە . زاهیر ڕۆژ بەیانیش ئاماژە بەوە دەکات کە (( لە ڕووی فیکریشەوە وردە وردە بیروبۆچوونی پێشتر نەزانراوی وەك جان پۆڵ سارتەر و عەبەسییەتی ئەلبێر کامۆ ، جێی ئەو

---

[1] ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتەچیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور ( 1791 – 1791 ) ، ل 242

[2] حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (91) دا ، ل 9

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 9

[4] د. عەبدەڵا دەباخ ، ڕێبازە ئەدەبییەکانی مۆدێرنزم ، ل 14

وەعزدان و ئەو پەندە خۆییانەی گرتەوە کە لە بەرهەمەکانی قۆناغی یەکەمدا سیمای سەرەکی جیهانی چیرۆکی کوردییان گرتبوو )) [1] و هەروەها ئەحلام مەنسوریش هەمان باوەڕی هەیە کە ئەدەبی تەومژ و ناماقوڵ و وجودیەت لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا دەبینرێن [2] .

ئێمە لەم باسەدا هەوڵدەدەین هەڵوێستە لەسەر ئەو چیرۆکانە بکەین کە بە بڕوای ئێمە لە ژێر کاریگەری فەلسەفە و ئەدەبی بێهوودەیی ئەوروپیدان و لێکدانەوە و شیکردنەوەیان لەژێر تیشکی چەمکەکانی بێهوودەیدا بۆ بکەین کە لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا خستوومانەتە ڕوو بە پشت بەستن بە سەرچاوە گەلێکی جۆراوجۆر ئەو کۆمەڵە چیرۆکانەی لەم قۆناغەدا و ئەو چیرۆکانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو قۆناغەدا بڵاوکراونەتەوە ، بە پشت بە ستن بە بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ( 1725-1793 ) ی حوسێن عارف بەپێی بەردەست کەوتن هەوڵی خوێندنەوەی زۆربەیان دراوە. دیارە ئەو چیرۆکنووسانەی کە بەر کاریگەری ئەو بیروباوەڕە نوێیانە کەوتبوون زۆرنین دواتر لەناو بەرهەمەکانیشیاندا ڕەنگە چەند بەرهەمێك لە ژێر کاریگەری ئەو بیروباوەڕانەدا ببینین ، چونکە لە ڕاستیدا ئەم بیروباوەڕانە کە نائومێدی و ڕەشبینییەکی زۆری تێدایە و لە بنەڕەتدا بێبەهاو بێنرخ تەماشای تەواوی ژیان دەکات و پووچ بێمانا لەسەرجەم بەهاو بیروباوەڕەکان دەڕوانێ و مرۆڤ تاك و تەنها لە بووندا دەبینێتەوە ، هەروا بەئاسانی ناتوانێ لە نێو کۆمەڵگایەکی پەیوەست بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەریت و بەها بەرزە ئاینییەکانەوە جێی خۆی بکاتەوە . دیارە قسەکردن و نووسین دژ بەو ئاراستەیە ، کارێکی قورس و دژوارە . ئەم ڕاستییە سەردەمانی بزوتنەوەی ڕوانگە ڕوون و ئاشکرا خۆی سەلماند . دواتر ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی پووچ و بێمانا تەماشاکردنی ژیان لای مرۆڤ ، هەموو کات ئامادەبوونیان نییە. بۆیە دەشێ ئەمرۆ کە نووسەرێ لە ئەنجامی هۆکارێکی خودی یان بابەتی ئەو باوەڕەی لا دروست بێت و ژیانی لا بێهوودە بووبێ ، بەیانی لای ئەو بوونیان نەبێ . لە ڕاستیدا ئەمەش دۆخێکی سروشتییە ، هەست کردن بە بێهوودەیی و پووچی ژیان تەنانەت لای بێهوودەکانی ئەوروپاش تا کۆتایی تەمەنیان بەردەوامی نەبووە . [3] ئەو

---

[1] زاهیر ڕۆژ بەیانی ، چیرۆکی هونەری کوردی ( شێوە و شێواز و بونیاد ) ، ل399

[2] بڕوانە : ئەحلام مەنسور ، بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ( 1791 – 1791 ) ، ل 53

[3] لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا جان جینی ڕووی لە شانۆیەك کرد کە ئیلتیزامی زیاتری تیا ئەبینرا و ئادەمۆف وازی لە ناماقوڵ هێناو داستانی مێژوویی بۆ خۆی کرد بە ئامانج . لە کاتێکدا یونسکۆ بابەت گەلێکی پتر مرۆیی لە بەرهەمەکانی قۆناغی دووەمیدا

چیرۆکانەی ئێمە لەم تەوەرەیەدا ئاماژەیان پێدەکەین لە ژێر کاریگەری بێهوودەیی ئەوروپیدا دەیان بینیەوە ، چیرۆکەکانی : ( ئەوەی زوو ئەمرێت ) ی کەمال ڕەوف ، ( قووچکە ) و ( سەرەتاو دوایی ) ی محەمەد مەولود مەم ، ( خوویەکی پووچ ) و ( ئەندێشەی مرۆڤێکی سەوداسەری ئەم سەردەمە جەنجاڵە ) ی حوسێن عارف ، ( دان هێڵ و شتی تریش ) ی دڵشاد مەریوانی ، ( گەریدە ) ی ڕەوف بێگەردن .

## چیرۆکی ئەوەی زوو ئەمرێت .. ؟

کەمال ڕەوف محەمەد چیرۆکنووسێکی قۆناغی پێشووترە و بە کۆمەڵە چیرۆکـــــــــی ( بژی مرۆڤ ) * ناوی خۆی لە کاروانی چیرۆکی کوردی ئەم قۆناغەشدادیاری دەکات . ئەم چیرۆکە باس لە مرۆڤێکی کرێکار دەکات ، پیرە ئەسپێکی بۆری هەیە و عارەبانچێتی دەکات . ئەم کاراکتەرە وەك چیرۆکگێڕەوە باسی دەکات ، مرۆڤێکی بەساڵاچووی بێ دەربەستە و هێندە بێنرخ و بێبایەخ لە ژیان دەڕوانێ کە گوێ بە هیچ نادا و سەر بنی زمانی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەردەوام (( هەموو شتێ فشەیە ! )) [1] یە . تەنانەت ئەو لە پەیوەندییە ڕۆحییەکانی مرۆڤیش بێبایەخ دەڕوانێ . بەو پێیەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئاینی پیرۆزی ئیسلام دایە . ئاشکراشە مرۆڤی بەساڵاچوو

دەبینرا ، ساموئێل بیکیتیش بێدەنگی بۆخۆی هەڵبژارد . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عطارد حیدر ، مسرح اللامعقول ، اتحاد کتاب العرب ، دمشق ، 1773 ، ص 294

* سەرجەم کورتە چیرۆکەکانی نێو ئەم کۆمەڵەیە کە شەشە چیرۆکن ، چیرۆکنووس بۆخۆی بەرواری لەسەر داناون و هەموویان بەرهەمی قۆناغی شەستەکانن ، بەڵام کۆمەڵەکە لە ساڵی 1791 دا چاپکراوە . بێگومان ساڵی چاپ کردن لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا بە پێوەر دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئەو بەرهەمە لە قۆناغێکی ئەدەبیدا .

[1] کەمال ڕەوف محەمەد ، بژی مرۆڤ ( ئەوەی زوو ئەمرێت ..؟ ) ، ل 31

پتر ڕوو لە بەجێهێنانی ئەرکە ئاینییەکان دەکات ، بەڵام مامە تالەی حەماڵ لەگەڵ ئەوەشدا کە بە تەمەنە و عومرێکی بەسەر بردووە ، بێنرخ تەماشای ئەو پەیوەندییانە دەکات (( ئەم دیت ڕۆژێك ناوی ڕۆژوویەك ، نوێژێك ، ناوی بابەتێکی وەها بهێنێ . هەر پێدەکەنی و دەیوت فشەیە )) [1] . ئەم کاراکتەرە (( تەرزە کەسێکی دڵ بە ژیان خۆش نەکردووە )) [2] . ئەڵبەتە تەماشا کردنی ژیان بەو شێوەیە و بە بیروباوەڕە پیرۆزەکانیشیەوە ، تێڕوانینکی پووچ و بێهوودەیە بۆ ژیانی خۆی دەوروبەرەکەی .

تۆپینی ئەسپەکەی مامە تالە دەبێتە مایەی خەم و خەفەتێکی زۆر بۆ ئەو کە لە ڕاستیدا ئەم خەم و خەفەتە زۆرە تێڕوانینە گاڵتەجاڕییەکانی ئەو بۆ ژیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، بەڵام ئەو حاڵەتەکە زۆر درێژە ناکێشێ و بیانووشی بۆ حاڵەتەکە ئەوە بوو کە (( لەگەڵیا ڕاهاتبووم . بەڵێ ڕاستە چاکم بێزار دەکرد ، بەڵام هەر چۆنێ بێ خۆشم دەویست . ئێ ، گوایە تۆ حەزناکەی بژی )) [3] . ئەو کە پەژارەی خۆی بۆ هاوڕێکانی باس دەکات ، بە لێکدانەوەی سادە و ساکاری خۆی پرسیاری قورس لە بارەی پرسی مردنەوە دەخاتە ڕوو . قورستر لەوەی خۆی مەبەستێتی (( نەئەبوو بمرێ ، بۆچی مرد ؟ خۆ من خۆشم دەویست زیاد لە چاوێکم )) [4] . دواتر ئەوەش بە هاوڕێکانی دەڵێ کە خۆی و ئەوانیش ڕۆژی خۆیان دێت و هەمان چارەنووسی ئەسپەکەی لە چاوەڕوانیاندایە . بێگومان هۆکارێکی گرنگی ئەم بێنرخ تەماشاکردنەی ژیان لای مامە تالە ، ئەو چارەنووسەیە کە بوون و ماناکانی ژیان لای مرۆڤ کاڵ دەکەنەوە . ئەو لە پاش تۆپینی ئەسپەکەی لەسەر تێڕوانینە پووچەکانی خۆی بەردەوامە و لە کاتێکدا هاوڕێکەی ئێواران لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ ماڵ وەك هەمیشە لە مزگەوت لادەدا بۆ نوێژکردن . مامە تالە بە شێوازێکی تەنز و پڕ لە گەپجاڕیەوە بە هاوڕکەی دەڵێ (( ها دیسان بۆ نوێژکردن ؟ دەباشە دۆعاش بۆ ئەسپەکەم بکە )) [5] . ئەم تێڕوانینە بۆ ژیان و سەرجەم ئایدیا و بیروباوەڕە پیرۆزەکانی ژیان ، تێڕوانینی مرۆڤێکی بێدەربەستە و لە هەمان کاتدا پووچ و بێمانا سەیرکردنی ژیانیشە . ئەوانەی بەو شێوەیە تەماشای ژیان دەکەن هیواو ئاواتێ لە ژیاندا نابیننەوە تا دڵ بە دنیا خۆش بکەن .

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 31

[2] ئیبراهیم محەمەد قادر ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور ، ل 121

[3] کەمال ڕەوف محەمەد ، بژی مرۆڤ ( ئەوەی زوو ئەمرێت ..؟ ) ، ل 33

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 33

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 34

چونكە لە كۆتادا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چارەنووسە بێ گومانەدان كە تەواوی بوونیان پووچ دەكاتەوە .

## چیرۆكی قووچـــــكە

محەمەد مەولود ( مەم ) یەكێكە لە چیرۆكنووسە دیارەكانی ئەم قۆناغە و سەرەتای نووسینی ئەو بۆ سالّی پەنجاكان دەگەڕێتەوە ، بە شێوازە تەقلیدییەكەی چیرۆكنووسین دەستی بە نووسین كردووە . لەم قۆناغەشدا هەروەك حوسێن عارف دەڵێ (( لەسەر تەكنیكی لەوەو پێشی ڕۆیشتووە ، بەڵام تەقەلای بەكارهێنانی تەكنیكی تازەشی داوە )) [1] . لە كۆتایی شەستەكان و سەرەتای حەفتاكاندا بە بڕوای تالیب محەمەد ، هەنگاوی بەرەو ڕەمزییەت ناوە [2] . ئەم كورتە چیرۆكە باس لە ئەو ستەم و زۆرداریانە دەكات كە لە بەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤە بەدەسەڵات و خاوەن هێزەكان لە هاوڕەگەزە بێدەسەڵاتەكانی خۆیانی دەكەن (( ئەو سەردەمە ، ڕۆژ ، هێشتا منداڵ بوو ، تازە گاگۆڵكێی ئەكرد ... مێژوو

[1] حوسێن عارف ، شێوەكانی تەكنیك لە چیرۆكی سالانی دوای (91) دا ، ل 9

[2] تالیب محەمەد ئەحمەد ، لێكۆڵینەوەیەكی ڕەخنەگرانە لە چیرۆكەكانی محەمەد مەولود مەم ، نامەیەكی ماستەرە پێشكەش بە كۆلێجی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین كراوە ، ساڵی 1773 ، 124

هێشتا ڕیشی بەسەر دونیادا نەگرتبوو ))[1] . هەر لەو کاتەوە لەو قۆناغەوە زوڵم و ستەم دەستی پێکردووە و مانای ژیانی بۆ کۆیلە و ژێر دەسەتەکان نەهێشتۆتەوە ، لە ئێستاشدا لە ژێر ناوی دیکە و بە شێوازی دیکە لەبەر هەر هۆیەك بێت بەردەوامن (( حاکمی شارەکە بڕیاری دابوو ، قووچکە گەورەکە دروست بکەن ، بۆ نیشاندانی هێز و جەبەروتی ، بۆ نیشاندانی وجودی کە لەڕاستیدا نەبوو ، ئیتر ئەوە بوو خەلقەکە ، لەو ساوە دەستی پێکرد ، قوچکەکە دروستبکەن ))[2] .

هەڵبەتە چیرۆکنووس مەبەستی لە ستەم زۆرداری ڕۆژگار و سەردەمەکەی خۆیەتی سودی زۆری لە ڕەمزییەتی شێوە ئەفسانەیی وەرگتووە[3] ، تا ئاماژەیان پێبدا . جا پەنابردنە بەر ڕەمز ئەگەر هۆکاری سیاسی یا هونەری لە پشتەوە بێت ، چیرۆکنووس سودی زۆری لێ بینیوە . حوسێن عارف ئامارژە بەوە دەکات کە (( پەنابردنە بەر ڕەمز ئەنجامی گەڕان بوو بەدوای شێوەی نوێ لە تەکنیکدا ، پتر بۆ ئامانجی سیاسی بو . یا باشتر وایە بڵێم : هەم سیاسەت سەپاندی بەسەر چیرۆکنووساندا و هەم سەرپێچی کردن لە سیاسـەت خولقاندی ))[4] .

ئەم چیرۆکە کە لە ساڵی 1791 دا لە نێو کۆمەڵە چیرۆکێکی تردا بڵاوکراوەتەوە ، دەرەنجانی بارودۆخی ڕامیاری ئالۆزی شەستەکانە . لە ڕاستیدا بارودۆخێکی ناجێگیر بوو بۆ گەلی کورد بە هۆی ئەو ململانێ سەختەوە کە بە درێژایی ئەو قۆناغە لەگەڵ ستەم و زوڵمی حکومەتی عێراقی هەیبوو . لە نێو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا و بە پشت بەستن بە ڕەمز وەك یەکێك لە تەکنیکە تازەکانی گێڕانەوە ، ئامارژە بە بەردەوامی ئەو ناهەمواریانە دەدات (( ڕۆژ هات پیر بێت ، ڕووی لۆچاوی و زەرد بوو . مێژوو پشتی کۆما و ڕیشی ڕمێك درێژ بوو و سپی هەڵگەڕا ، خەڵکەکەش وەك شارە مێرووله ، ئەجوڵێنەوە ، بەگورجی بەرد لەسەر بەرد دائەنێن قووچکە هێشتا دیوارەکانی تەواو نەبووە ))[5] . بەردەوام بوونی ئازار و بێمانابیەکان لەو دەمەوە کە ڕۆژ لە گاگۆڵکێدا بووە تا ئێستا کە ڕووی لۆچاوی بووە ، باوەڕی دووبارەبوونەوەی ناماقەڵییەکانی ژیان لای چیرۆکنووس دەخاتە ڕوو . لە هەمان کاتدا بەردەومی ڕەنج و ماندووبوونی مرۆڤ و قایل بوونی بەم دۆخە ، ڕەنجە بێماناو

---

1 محەمە مەولود مەم ، چیرۆکەکانی مەم ، چاپخانە : ئەسعەد ، بغداد ، 1791 ، ل 139

2 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 139

3 حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (91) دا ، ل 11

4 هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 11

5 محەمە مەولود مەم ، چیرۆکەکانی مەم ، ل 139

**پووچەکەی سیزیفمان بە بیردێنێتەوە کە بۆ هەمیشە لەسەرخستنی ئەو تاشە بەردەکە بۆ سەر لوتکەی چیاکە بەردەوامە . بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە ڕەمز و نووسینانە ، محەمە مەولود مەم بۆ خۆشی ئاماژەی پێدەکات کە لە ژێر کاریگەری ئەدەبی بێهوودە و ناماقوڵی ئەورووپیدا نووسیویەتی [1] .**

# چیرۆکی سەرەتاو .. دوایی *

**لە چیرۆکی ( سەرەتاو .. دوایی ) دا محەمەد مەولود مەم باس لە مرۆڤێك دەکات کە بەتەنها لە نێو تاریکیی و تۆف و کڕێوەیەکی تووشدا ڕووبەڕووی چارەنووسی دژوار و نادیار و خۆی دەبێتەوە . لە بەرامبەر هێزە غەیبییەکاندا دەکەوێتە ململانێیەکەوە کە هەمیشە هەڕەشەی لە بوونی دەکەن و مانایەك بۆ ژیانی ناهێڵنەوە .**

**چیرۆکنووس هەر لەسەرەتاوە بە شێوازێ بە دنیای نێو چیرۆکەکەمان ئاشنادەکەن کە نادیار ئالۆز و تۆقێنەرە و نزیکە لە شێوازی نووسینی کافکاوە (( با لوورەی ئەهات. دەریا کەفی هەڵدابوو ، زریان و کڕێوە ، وەك جانەوەرێکی ئەفسانەیی ، هالاویان ئەهێناو لوولیان ئەخوارد ! دنیاکەیان لە کفنێکی ئەستووری تاریك و سارددا ئەنواند )) [2] . دیارە کاریگەری ئەدەبی بێهوودەیی ئەورووپی لەسەر ئەم چیرۆکە دیارە ، هەروەك چیرۆکنووس بۆ خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەزموونی چیرۆکنووسین (( گەیاندمیانە قەسرە تەلیسماوییەکەی**

---

[1] محەمە مەولود مەم ، محەمەد مەولود مەم و تاقی کردنەوەی لە چیرۆك نووسیندا (لەگەڵ دیداری دووەمی چیرۆکی کوردیدا ) ، گ : کاروان ، ژ 2 ، تشرینی دووەمی 1792 ، ل 56

* ئەم چیرۆکە پاش ئەوەی یەکەمجار لە گۆڤاری نووسەری کورد ، ژ 4 ، 1791 دا بڵاوکرایەوە ، جارێکی دیچیرۆکنووس لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەدا و لە بەرگی دووەمی چیرۆکەکانی ( کاکە مەم ) لە ساڵی 1794 دا بە چاپ گەیاندەوە .

[2] محەمەد مەولود ( مەم ) ، سەرەتاو..دوایی ، گ : نووسەری کورد ، ژ4 ، تشرینی دووەم 1791 ، ل 21

**کافکا و ماوەیەك لەناو قەسرەکەدا گەڕام ، سەرم لە عالەمەکەی بیکیت و ئادەمۆف دەسوڕا .. خۆم لەناو غەریبی کامۆدا دۆزیەوە .. بە کاریگەری ئەمانەوە چیرۆکی .. سەرەتا و دوایی و .. م نووسی ))** [1] **. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە مرۆڤێکە سەرسەختانە هەوڵدەدات لە بەرامبەر هێزە مادی و مەعنەوییەکاندا بوونی خۆی بسەلمێنێ . بە هەموو لایەکدا هەوڵی بێکۆتای دەدا ، سەرلێ شێواوی و ترسی ئەو هەر لە سەرەتاوە لە نێو کڕێوە و تۆفەکەدا دەبینین ، بۆیە چیرۆکنوس بە (( تارمایی زەلامێکی مل کەچ ))** [2] **وەسفی دەکات و بەترس و لەرزێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی ئەم هێزانە دەبێتەوە . دیارە ترسەکەشی بێهۆ نییە ، چونکە (( پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بوونی خۆی لە نێو ئەم بارودۆخەدا بە مەترسی دەزانێ و لەوەش دەترسێ کە سەرجەم ڕەنج و تەواوی ژیانی بە فیڕۆ بڕوا ))** [3] **. لەبەرئەوە لە پێناو مانەوە و سەلماندنی بوونی خۆیدا دەست بۆ ئاسمان درێژ دەکا و دەیەوێ ڕۆژ و مانگ بەدەست بهێنێ . دیارە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ڕەمزی تارمایی ئامێزە و حوسێن عارف باسی دەکات** [4] **بێگومان دەست بردن بۆ ڕۆژ و مانگ هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە و بەدەستهێنانی ئاسودەیی و ئارامی . لەبەرامبەر ئەمانەدا : تۆف ، زریان ، بورکان ، شاخ ، دەریا ، دێو ، .. کۆمەڵە سیمبۆلێکن کە ئاماژە بۆ ئەو هێزە جۆراوجۆرانە دەکات کە بە درێژایی مێژوو هەڕەشە و مەترسی بوونە لەبەرامبەر بوونی مرۆڤ لەم گەردوونەدا.**

**تارمایییەکە لە بەردەوامی ئەو ململانێیەدا زۆر جار خۆی کز و بێدەسەڵات دەبینێ و خۆی وەك پەڕە مووچەیەکی بەر با دەبینێتەوە و (( لە ژێر تەوژم وپاڵەپەستۆی دەوروبەری شل بوو . بەربەرەکانی ئەندامەکانی لەش و هەست و عەقڵی پەکی کەوت . خەریك بوو خۆی بهاوێژێتە ناو دەریاکە . تا لە وجودی ڕزگاری بێت ))** [5] **. بەڵام دواجار بڕیاری ئەدات کە نە پەڕەمووچەیەکی بەر با بێت و نە کز و بێدەسەلاتیش خۆی لەبەرامبەر لێشاوی کڕێوە و زریانەکەدا نیشان بدات و هەست بە بوونی خۆی بکاتەوە . چونکە لەوەش دڵنیا بوو کە تەمەن بواری زیاتری ناداتێ (( کە دەستی بە ڕووی خۆیدا هێنا ، ڕووی نەختێك لۆچاوی ببو .. ڕووی کردە ئاسمان وێنەی خۆی تیادۆزیەوە و چەند موویەکی سەری سپی ببون ))** [6] **.**

---

[1] محەمەد مەولود مەم ، محەمەد مەولود مەم و تاقی کردنەوەی لە چیرۆك نووسیندا (لەگەڵ دیداری دووەمی چیرۆکی کوردیدا ) ، ل 56

[2] محەمەد مەولود ( مەم ) ، سەرەتاو..دوایی ، ل 21

[3] دیار ، نماذج من الادب الکردی المعاصر : البدایة و النهایة ، جریدة التاخی ، ع 2119 ، 9/7/ 1795 ، ص 3

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (91) دا ، ل 12

[5] محەمەد مەولود ( مەم ) ، سەرەتاو..دوایی ، ل 22

[6] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 23

سەرەنجام دوای ڕەنجێکی زۆر و ململانێیەکی دژوار لەبەرامبەر هێزە تۆقێنەرەکاندا ، بوونی خۆی دەسەلمێنیٚ و ڕووناکی و ئاسودەیی بۆ ژیانی دەگەڕێنێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا ترس و گومان و دڵەڕاوکیٚ بەرۆکیان بۆ یەکجاری بەرنەدا . ئەو کاتەی لە بەهارێکی پڕ لە گوڵی سور و ئاو و هەوایەکی گەنجاودا دەنگی هەزاران مەل ئەهاتنە گوێی ، تووك .. تووك دەنگی کوندەپەپویەك ئارامی و ئاسودەییەکەی دەخستەوە ژێر مەترسی (( ترس و گومانی هەر مان و نەیتوانی دەنگی باڵی کوندەپەپوکە لە ناویاندا جودا بکاتەوە )) [1] . چیرۆکەکە گەرچی شێوازی گێڕانەوەی ئاسایی تێداپەیڕەوکراوە و لە ڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاکەوە چیرۆکگێرەوەی هەموو شت زان ، چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. کەس و شوێن و کات سنوریان دیاریکراو نییە و دەتوانین بڵێن کات سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی و شوێنیش ئەم سەر زەمینەو کاراکتەریش نموونەی هەموو مرۆڤایەتی دەگەیەنێت . لە هەمان کاتدا هەست بە بوونی ڕووداوێکی دیاریکراو ناکرێت وەك ئەوەی لە چیرۆکدا پێویستە بوونی هەبیٚ ، بۆیە چیرۆکەکە لەپاڵ ئەوەی چیرۆکێکی ڕەمزییە و لە ڕاستیشدا (( چیرۆکنووس هەوڵی ڕەمزییەتێکی داوە کە نزیکە لە کەش و هەوای وجودی و عەبەسییەکان ، بە شێوازیٚ نووسین کەنزیکە لە ئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵی ، جەختی لەسەر واقیعی هاوچەرخی گەلەکەی کردووەتەوە )) [2] . بۆیە دەبینین چیرۆکنووس (( چیرۆکەکە بە شێوەی هونەری تەشکیلی پێشکەش دەکات ، پڕە لە سێبەر و تارمایی و تاریکی کە ئاماژەن بۆ دەربڕینی هەستی قارەمانەکە )) [3] لە بەرامبەر چارەنووسیدا . دیارە ئەم شێوازە لە نووسین ڕوون و ئاشکرا لە ئەدەبی ناماقوڵی ئەوروپی پاش جەنگی دووەمی جیهانی دەبینرا ، کە دەیان ویست ئاڵۆزی و پەشێوییەکانی کۆمەڵگا ئەوروپی لە سایەی بارودۆخە دژوارەکەی پاش جەنگدا زەق وێنابکەن .

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 23

[2] دیار ، نماذج من الادب الکردی المعاصر : البدایة و النهایة ، ص 3

[3] تالیب محەمە ئەحمەد ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود ( مەم ) ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 1773 ، ل 143

# چیرۆکی خوویەکی پووچ

حوسێن عارف لە کۆمەڵە کورتە چیرۆکی ( کلآفەیەك ژانی تورە ) دا کە لەساڵی 1791 دا بە چاپی گەیاندووە ، هەندێ کورتە چیرۆکێکی لەخۆگرتووە * کە چەند کورتە چیرۆکێکی تەکنیکی نوێیان تێدا پەیڕەو کراوە و دەستبەرداری شێوازە کۆنەکەی گێڕانەوە بووە . پتر گرنگی بە دیالۆگی چڕ و کورت دەدا و خۆی لە ڕستەی دوور ودرێژی وەرس ئاسا بە دوور گرتووە و هێندەش بایەخ بەوەسفی شوێن و کەسەکان نادات . سەرباری ئەمانە تەکنیکی مۆنۆلۆگ و مۆنتاج و فلاش باگ و گەڵێ وردە تەکنیکی دیکە لەم کۆمەڵە کورت چیرۆکەدا پەیڕەودەکات . دیارە سەرهەڵدانی چیرۆکی نوێی کوردی بەم تەکنیکە نوێیانەوە هاوکاتە لەگەڵ سەرەتاکانی کاریگەری ڕێباز و شەپۆلە ئەدەبییە مۆدێرنزمەکانی ئەوروپای پاش جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی و هونەری کورتە چیرۆك بە تایبەتی . ( د.عیزەدەین مستەفا ڕەسول ) ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە ئەم ڕێباز و شـــەپۆلە

* ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی لە نێو ( کلآفەیەك ژانی توورە ) دان هەندێکیان بەرهەمی قۆناغی پێشووتری چیرۆکنووسن و سەرلەنوێ لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا کۆی کردوونەتەوە . چیرۆکەکانی ( چای شیرین 1759 ) و ( میمکە هۆڵێ 1759 ) و ( دوژمنەکەی مام قیتەڵ 1759 ) ، لەو چیرۆکانەن

**ئەدەبییانەی مۆدێرنزم (( لە ڕێی ڕوخسار و تەکنیکەوە توولە ڕێی بەرەو چیرۆکی کوردی دۆزیوەتەوە ))[1] .**

**زۆر لە ڕەخنەگران و شارەزایان و ڕابەرانی بزوتنەوە ئەدەبییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە شیعر و چیرۆکیشدا ئامازە بەوەدەکەن کە لە ڕێی ئەدەبی عەرەبییەوە ئەم شێوازە تازانەی نوسین هاتوونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە (( ناوەڕۆك و ڕێبازە بیرییەکانی وەك وجودی ، یاخی بوون ، بێهوودەیی و ڕێگە فەلسەفییە تاك پەروەرەکانی ئەوروپا بە بیانوی ئەدەبی ناماقوڵ و پێشڕەوایەتی ناوی ترەوە بــــە خوێنەران دەگەیشت ))[2] . بێگومان حوسێن عارف لەم ڕووەوە ڕۆڵی دیارو ئاشکرای هەبووە و (( زۆربەی ئەو ڕێگاو شێوە فەلسەفیانەی کۆڕی چیرۆکی تاقی کردۆتەوە ))[3] و ڕەفیق سابیریش دەڵێ (( حوسێن لە سەرەتای حەفتاکانەوە ، بە جیدی بابەتی نوێ و تەکنیکی نوێ دادەهێنێت . بە وزەیەکی داهێنەرانەوە بەشدارییەکی گەورەی پێشخستنی چیرۆکی کوردی دەکات ))[4] . ئەو گەرچی سەرەتای کاری چیرۆکنووسنی بۆ کۆتایی پەنجاکان دەگەڕێتەوە و بە شێوازێکی سادە و تەقلیدی دەست بە نووسین دەکات ، بەڵام لەم قۆناغەدا بە تەوای خۆی بۆ داهێنانی ئەدەبی دابین دەکات و سەرەتای قۆناغێکی نوێی کاری هونەری هەر وەك عەبدوڵا عەباس ئامازەی بۆ دەکات ، لە چیرۆکی ( خوویەکی پووچ ) ەوە دەست پێدەکات[5] .**

**لە چیرۆکی ( خوویەکی پووچ ) دا ، چیرۆکنووس باس لە مرۆڤێکی نامۆ و خاوەن خوویەکی پووچ دەکات کە لە سوچێکی چایخانەیەکدا دانیشتووە و لە خۆیەوە زەردەخەنە دەیگرێت و سەربادەدات وەك ئەوەی گاڵتەی بە هەموو ئەو شتانەدا بێت کە دێنە بەرچاوی و لە دەروبەریدا ڕوودەدەن . ئەو بێبایەخ لەسەرجەم ژیان دەڕوانێ ، چونکە (( بیر و هۆشی لە گرێ ژنە چوو بوو .. ماووەیەکی زۆر بوو ، ئەو خولیایە دابووی لە کەللەی کە لە نهێنی ژیان بگات ، کە مانای بوون و نەبوونی چنگ بکەوێ ))[6] ئەڵبەتە ئەم شێوازانە لە ڕەفتار و بیرکردنەوە ، نامۆ و نەخواز لای کۆمەڵ دەردەکەون ، زۆر جار بە نەخۆشی و نەگریزم نابراوە**

---

[1] د.عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی چیرۆکی کوردی ، ل 21

[2] عەبدوڕەزاق بیمار ، قارەمان لە چیرۆکی نوێی کوردیدا و لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا بە نموونە ، گ : کاروان ، ژ 15 ، کانوونی یەکەم ، ساڵی دووەم ، 1793 ، ل 32

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 32

[4] ڕەفیق سابیر ، نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا ، گ : گولاوێژی نوێ ، ژ 2 ، ساڵی یەکەم ، تەمووزی 1779 ، ل 34

[5] بڕوانە : عەبدوڵا عەباس ، حوسێن عارف و نوێکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردی و خوویەکی پووچ و سەرەتای هەنگاوێکی تر ، گ : بەیان ، ژ 61 ، نیسانی 1791 ، ل 11

[6] حوسێن عارف ، کلاًفەیەك ژانی تووڕە ( خوویەکی پووچ ) ، چاپخانەی : النعمان ، نەجەف ، 1791 ، ل 54

[1] ، یان میسیفیکەیشن mysificaition کە تەواو کوێرکردن دەگرێتەوە [2] ، ناوبراوە . وەنەبێ چیرۆکنووس چاوەڕوانی ئەم شەپۆلی دژایەتی کردنە نەبووبێ و بێئاگابووبێ لێی ، بەڵکو ئەو تەواو هەستی بە نامۆیی ئەم بیروباوەڕانەی لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگادا کردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر بۆنەو نووسینی جۆراجۆردا ئاماژەی بەم دۆخە داوە و داکۆکیشی لەسەر گیانی نوێخوازی و بیروباوەڕە نوێیەکانی کردۆتەوە . هەر لە ناو چیرۆکەکەدا و لە دیالۆگێکی چڕ و کورتی نێوان پاڵەوانی چیرۆکەکەو ناسیاوێکیدا ، نامۆ تەماشاکردنی ئەم بیرباوەڕانە لەلایەن کۆمەڵگاوە دەخاتە ڕوو . ئەو دەمەی ناسیاوەکەی بەلای چایخانەکەدا تێدەپەڕێ پرسیاری ئەو خوەی لێدەکات کە لە خۆوە سەری بادەداو زەردەخەنە دەیگرێ :

– ئەوە چ خێرتە ؟ لە خۆوە زەردەخەنە دەگری و سەربادەدەی ؟

ئەم سەرێکی کەمتەرخەمی بۆ هەڵبڕی و سەرنجێکی قوڵی دایە ئەوسا هەر بەهەمان زەردەخەنەوە لە وەڵامیدا وتی :

– هەر کەسەو خوی تایبەتی خۆی

ناسیاوەکە بێ لێکدانەوە وتی :

– جا گوایە خوو نەمابوو بی گریت ، ئەم خووە پووچ و بێمانایە نەبێ ؟ [3]

بێنرخ و بێبایەخ تێگەیشتنی لە ژیان لەم چیرۆکەدا لای نووسەر ، بە بڕوای ئێمە کاریگەری ئەو بیروباوەڕ و ڕێبازە ئەدەبییانەیە کە لە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە ئەورووپا سەریان هەڵداوە . بە تایبەت بوونخوازییەت و بێهوودەیی ، چونکە ئەمانە دەرەنجامی کارەساتە خوێناوییەکانی جەنگ بوون و ژیانیان پووچ و بێمانا بۆ مرۆڤ دەبینییەوە . لە چەندین دیمەنی نێو ئەم چیرۆکەدا ئەم تێڕوانینە فەلسەفییە بۆ ژیان بەدی دەکەین . ئەو دیالۆگە چڕ و پڕ مانایانەی لە نێوان پاڵەوان و سواڵکەرەکەدا ڕوودەدات و داوای پارەی نانێکی لێ دەکات ، تێڕوانینی بێهوودەیی بوونی مرۆڤ لە گەردووندا بەدی دەکەین :

– لە ڕێی خودا پارەی نانێك

– نانت بۆ چیە ؟

---

[1] ئەبو نەوا ، چیرۆکنووسانمان لە نێوان فرۆیدزم و وجودییەتی سارتەر و کامۆ و عەبەسیەتی بیکیت و یونسکۆدا ، و : مەحمود زامدار ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 49-47 ، مایسی 1796 ، ل 13

[2] د.عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی چیرۆکی کوردی ، ل 21

[3] حوسێن عارف ، خوویەکی پووچ ، ل 54

- ئەی خۆم ..
- جا بۆچی ئەی خۆیت ؟
- قوربان بۆ ئەوەی بژیم
- جا بۆچی بژیت ؟

**لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانین و دیدگایەکی فەلسەفی هاوشێوەی بێهوودەکانی ئەوروپایە بۆ پرسەکانی ژیان و چەمکەکانی بوون . دیارە ئەوانە پێیان وابوو ژیان نرخ و ماکی خۆی لەدەست داوە . بۆیە ئامانج و ئاواتیان لە ژیاندا بەدی نەدەکرد . لە لایەکی ترەوە مەرگ وەك قەدەر و مێردەزمەیەکی هەمیشەیی کە بیر و هزری نووسەرانی ئەدەبی بێهوودەیی تەنی بوو و تان و پۆی زۆر لە بەرهەمەکانیانی پێکهێنابوو ، لە دیدی ئەواندا ژیان و بوونی مرۆڤی پتر بێهوودە و پووچ دەکرد . تارمایی ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەو مۆنۆلۆگەدا دەبینرێت لای پاڵەوانی چیرۆکەکە کە چاوی بە کابرای دەوڵەمەندی شار دەکەوێت (( هەموو سامان زێڕەکەت .. هەموو ڕیزە دووکانەکانت .. ناتوانن ببنە چەپەر لە نێوان تۆ و نـــــەبووندا ))[1] .**

**ترۆپکی هەست کردن بە بێهوودەیی و بێمانایی هەوڵەکانی مرۆڤ لە دۆزینەوەی مانایەکدا بۆ ژیان ، ئەو دەمە دەردەکەوێت کە پاڵەوان سەرنجامی لێکدانەوەکانی دەروونی ، ئەو باوەڕەی پتر لا بەهێز دەبێ کە پێی وایە (( مرۆڤ لە ژیانی ئاسنی سارد دەکوتێ و دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە ))[2] . بێگومان ئەمە تێڕوانینکی تەواو بێهوودەییە کاتێ مرۆڤ وا هەست بکات هەرچی بکات و هەرچەند هەوڵ بدات بە هیچ ئاکام و دەرەنجامێك لە ژیاندا ناگات لە پووچی بەو لاوە . بۆیە دەبینین سەرجەم ژیان بە هەموو ڕووداوە جۆراوجۆرەکانییەوە بە سواڵکردن بۆ نان پەیداکردن و پارە کۆکردنەوە و خۆدەوڵەمەندکردن ، بە بێهوودە دەزانێت و مایەی گاڵتە پێکردنە لای پاڵەوانی ئەم چیرۆکە . لە ڕاستیشدا ئەم گاڵتەپێکردن و تەوس و تەنز ئامێزە ، کەرەسەیەکی گرنگی بێهوودەکانی ئەوروپا بوو بۆ پەردە لادان و لەسەر نەنگی و خەوشەکانی ژیان ، لای چیرۆکنووس ئامادەبوونی هەیە . کە بە بڕوای ئێمە ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرای بەهۆشەوە ( وعی ) کارکردنی حوسێن عارفە لەم مەیدانەدا . عەباس عەبدوڵا باوەڕی وایە کە بارودۆخ و ڕووداوەکانی کۆتایی پەنجاو شەستەکان کاریان لە بیرکدنەوەی نووسەران و هونەرمەندان کردووە و حوسێن عارفی لەم**

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 56

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 59

**چیرۆکەدا بەرەو بیرکدنەوە و پرسیارکردن لە مەڕ بوون و نەبوون بردووە و سەرنجامیش خوویەکی پووچ بووە [1] .**

**بەدەر لەهەموو ئەمانە بە بڕوای ئێمە ئەم کورتە چیرۆکەی حوسێن عارف تەواو لە ژێر کاریگەری ئەدەبی ناماقوڵی ئەوروپیدایە ، بە تایبەت کاریگەری ڕۆمانی ( نامۆ ) ی ئەلبێر کامۆی لەسەرە . ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە ( مەرسۆ ) ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە مرۆڤێکی تەواو نامۆیە ، چونکە هەست بە غەم و پەژارە ناکات لە مردنی دایکیدا تا ئەو ڕادەیەی تەنها فرمێسکێکی بۆ ناڕێژێ و هیچ سۆز و خۆشەویستییەکیشی بۆ ( ماری ) دۆستیشی نییە لە کاتێکدا نزیکترین مرۆڤە لە بوونی ئەودا . ئەو مرۆڤێکە بێبایەخ لە سەرجەم ڕووداوەکانی دەوروبەری دەڕوانێ ، تەنانەت ئەو کاتەی لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا دادگایی دەکرێت ، وا هەست ناکات ئەو دادگایی بکرێت . وەك ئەوەی دادگاییەکە بۆ یەکێکی تر ڕێکخرابێت و پەیوەندی بەوەوە نەبێ ڕەفتار دەکات . بە هەمان شێوە پاڵەوانی چیرۆکی ( خوویەکی پووچ ) یش بێ نرخ و بایەخدان لە سووچێکی چایخانەکەوە لەسەرجەم ڕووداوەکان دەڕوانێت ، چونکە (( لەو ساتانەدا نەبیری ئەکردەوە .. هەستی بەهیچ نەئەکرد و چاویشی هیچی نەئەبینی .. پەیوەندی بە بوونەوە نەمابوو )) [2] . ئەو پیاو کوشتنە خێرایەی بەسەر پاڵەوانی ڕۆمانی ( نامۆ ) دا دێت و دواتر کە لە دادگادا پرسیاری هۆکارەکەی لێدەکەن ، وەڵامێکی باوەڕپێکراو و سەلمێنراوی پێنابێ تەنها ئەوە نەبێ کە دەڵێ لەژێر کاریگەری گەرما و تیشکی خۆردا ئەم کارەم ئەنجام داوە . لەم چیرۆکەشدا کاتێ پاڵەوانی چیرۆکەکە لەسەر حەمەی شاگردی چایخانەکە بە ڕووی کابرای ئەفندیدا هەڵئەچێ دەیداتە بەر شەق و زلە و دواتر لێی دەپرسن بۆچی وات کرد ، لە وەڵامدا دەڵێ : (( ئەوەی ڕاستی بێ خۆشم تێناگەم .. خۆ لەبەر ئەوەشە تووشی ئەم خووە پووچە بوومە )) [3] . بێهوودەکانی ئەوروپا پێیان وابوو مرۆڤ لە توانایدا نییە لە بوونی خۆی لەم گەردوونەدا بگات ، بۆیە هەڵقوڵانی هەر ڕەفتار و هەڵوێستێکی ، وەك خەون لە خۆوە دەبێ . سەرەنجامیش وەك بوونەکەی پووچ و بێمانا دەبێت .**

---

[1] عەبدولا عەباس ، حوسێن عارف و نوێکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردی و ... ، ل 11

[2] حوسێن عارف ، خوویەکی پووچ ، ل 57

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 57

# چیرۆکی ئەندێشەی مرۆڤێکی سەوداسەری دوا هەواڵی ئەم سەردەمە جەنجاڵە

حوسێن عارف لە تێڕوانین و بۆچوونەکانیدا بۆ پرسەکانی بوون و ماك و بایەخی بوون بەردەوامە و ( ئەندێشەی مرۆڤێکی سەوداسەری دوا هەواڵی ئەم سەردەمە جەنجاڵە ) [1] مان پێشکەش دەکات . ئەم چیرۆکە بە ناوەڕۆك و بە تەکنیك شەقڵی نوێخوازی لە هونەری کورتە چیرۆکی ئەو قۆناغەوە بە ئاشکرا پێوە دیارە . بە چاپتەرکردنی چیرۆکەکە و شێوازی بروسکەی گێڕانەوە و مۆنۆلۆگ و زمانێکی پڕ لە سیمبۆڵ و لە زۆر شوێندا نزیك لە زمانی شیعرییەوە دیارترین سیماکانی تەکنینکی چیرۆکەکەن . پاڵەوانی ئەم چیرۆکە هەروەك چیرۆکنووس باسی دەکات (( گڕی سزا و پەژارەیە – تاڤگەی ژیانە – لافاوێکی بێئامانی خەم و خوێنە – هەوری ڕقە – شەستەبارانی لەعنەت و تف و جوینە – ئاوارەیە – بێمەڵبەند و سەر و شوێنە ...)) [2] . بەم شێواز نوێیە لەوەسفی چڕ و کورت بە زمانێکی نزیك لە زمانی شیعرەوە ، وێنەیەکمان سەبارەت بە پاڵەوانەکەی بۆ دەخاتە ڕوو . دەستپێکی چیرۆکەکە بە زاراوەگەلێکی وەها (( نیشانەی یان حاڵەتی درك پێ کردنی بێهوودەیی

[1] حوسێن عارف ، ئەندێشەی مرۆڤێکی سەوداسەری دوا هەواڵی ئەم سەردەمە جەنجاڵە ، گ : نووسەری کورد ، ژ 9 ، مایسی 1793

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 43

کابرایەك پێشکەش دەکەن کە ئاوارەو بێمەڵبەند و شوێنە )) [1] . بێگومان مرۆڤێکی بێسەر و شوێن و کە سەوداسەری نهێنی بوون نەبوون بێ ، ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤێکی بێهوودە و نامۆیە . ئەو وەك دەردەکەوێ مرۆڤێکی خوێنەوارە لە خێزانێکی نیمچە بۆرژوایە ، بە درێژایی ڕۆژ نامۆ و خامۆشە و سەرجەم ئەو دیمەنە جۆرارجۆر و ڕووداوە جیاوازنەی کە دێنە پێش چاوی (( ئافرەتێکی سفور بە بەردەمیا تێپەڕی .. عارەبانەیەکی تریشقە.. دوو پیاو .. لۆریەك .. کەر و بارێك .. پاقلە فرۆشێك .. سێ پۆلیس .. دوو ئافرەتی عەبا بەسەر .. باوکی لە بەردەمیا وەستا ... )) [2] ، پاش ڕاچەنینێکی کورت لە دۆخ و نامۆیی و لێکدانەوەکانی ئەو ناگۆڕن ، چونکە ئەو وێڵی دوای کۆمەڵە پرسیارێکی بێ وەڵامن کە سەرجەم هۆش و بیری ئەویان داگیرکردووە . دیارەی نامۆبوون لای حوسێن عارف وەك ڕەفیق سابیر باسی دەکات (( بە جۆرێکی سروشتیانە و لە پرۆسەی زەمەنی خۆیدا ، ڕەوتی پێگەیشتنی خۆی وەردەگرێت . سەرەتا تێگەیشتنی دیاردە نێگەتیف و پرنسیپەکانی کۆمەڵ ، قارەمانەکە بەرەو تەنیای و گۆشەگیری دەبات ، لە وێشەوە بەرەو حاڵەتە پیسیکۆلۆژییەکانی نامۆبوون ڕاپێچی دەکات ، وەك حاڵەتی کەمتەرخەمی، بەدگومانی ، بێدەسەلاتی ، ژان و ئەندێشەی فەلسەفی و کۆمەلایەتی ، پاسیڤبوون و بایەخنەدان بە شتەکان و دیاردەکان . کە تێکرایان بە خۆ نامۆبوون و ئەزمەیەکی قوڵی فیکری و کۆمەلایەتی و ڕۆحی بۆ قارەمانەکان دیاری دەکات )) [3] .

دیارە ئەو دۆخە بۆ ئەو لە شەواندا چڕتر و بەهێزتر دەردەکەون ، ئەو ڕووداوە جۆراوجۆر و هەواڵە کورت و ناتەواوانەی لە ڕادیۆکەیەوە گوێ بیستی دەبێ ، لە دیدی ئەودا ئاماژە بۆ تێنەگەیشتن و بێهوودەیی هەوڵەکانی مرۆڤ لەم بوونەدا ئەکەن (( سەرکردە – جوانترین کیژی – دنیا ئاخیر ئەبێ – کە خەلاتی نۆبڵ – دوای ئەنتەر پولەوە – پاڵ ڤێتکۆنگ و ئەوانی تر – دۆلار تووشی بووە ، مەترسی زۆر بۆ – ڕپەڕن .. بجەنگن .. تا دوا – کوکلۆکس کلان بوو – ئەو ڕۆژەی ئیڤا براون – گاگارین و ئەرمسترۆنگ هیچیان – بیلیێ لە یارییەکەی ئەمرۆدا ، گۆڵی – .... )) [4] و زۆر لەو هەوڵە کورتانەی تر کە (( کارەساتە

[1] فوئاد قەرەداغی ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە بابەت ئەندێشەی مرۆڤێکی سەوداسەری دوا هەواڵی ئەم سەردەمە جەنجاڵە ، نووسەری کورد ، ژ 7 ، ئابی 1793

[2] حوسێن عارف ، ئەندێشەی مرۆڤێکی ... ، ل 44

[3] ڕەفیق سابیر ، نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا ، ل 41

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 44

جەنجاڵەکانی ئەو ڕۆژەیان هەڵ ئەهێنایەوە )) [1] . ئەویان بە وەڵامێکی دروست ناگەیاند بۆ ئەو پرسیارانەی کە وێڵ و ئاوارەیان کردبوو و ماندوو شەکەتیان دابوو . دواتر هەڵوێستەنەکردن لەسەر هەواڵێك و لەسەر ئیستگەیەکی دیاریکراو لە پتر لە پێنج سەد ئێستگە ، بەدەر لەوەی ئاماژە بە دۆخێکی دەروونی ناجێگیر دەکەن ، لە هەمان کاتدا قبوڵ نەکردن و ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانە جەنجاڵە دەورووبەری ئەو نیشان دەدەن . هەرچەندە قبوڵ نەکردنی ژیان لای ئەو بڕیارێك نییە بۆ کاتی بیستنی هەواڵەکان بگەڕێتەوە ، بەڵکو بۆ سەردەمێکی دوورتر دەگەڕێتەوە ، بۆ ئەو کاتەی کە (( لە دایکی و وێڵاشەکەی جیابووە وە ، لە بری گریان جنێویان لێ بیست )) [2] . کاتی مرۆڤێکیش دنیاو دەوروبەرەکەی پێ قبوڵ نەبێ ، قبوڵ نەکردنی کۆمەڵیش بۆ ئەو هەڵوێستێکی چاوەڕوان کراو دەبێت . بۆیە هەر زوو ئەو بڕیارەیان بەسەردا دا کە (( جنۆکەیە . ئینجا وتیان : توونی بابان و ئاوی ئـــــاموون چێ )) [3] . ئەو کە مرۆڤێکە باوەڕی بە هیچ شتێ نەماوە لە دنیا جەنجاڵەکەی دەوربەریدا و هەر زووش بڕیاری درۆکردنی بەسەردا داون (( ئەی ویست بە هەموویانا ڕاگا . ئەی ویست سەراپای درۆکان ببیسێ . بە ورد و درشتیانەوە . بە ساکار و ئالۆزیانەوە )) [4] ، بەڵام لەسەرجەمیانەوە بە ڕاڤەیەك ناگات ، تێگەیشتن و بڕوای لا دروست نابێ . بۆیە هەرچەند (( ئەی ویست تێبگا . ئەی ویست وردی بکاتەوە . ئەی ویست بچێتە بنج و بناوانەوە . ئەی ویست و ئەی ویست و ئەی ویست . بێسود ئەبوو )) [5] ، وەلامی بۆ پرسیارەکان دەستگیر نەدەبوو دواجاریش وەك هەمیشە خامۆشی و نامۆیی دەرەنجام دەبوو . مرۆڤە بە ئەندازێك نامۆ و خامۆشە ، هەر وەك چۆن سارتەر ئەوانی تری بە دۆزەخ دادەنا بۆ مرۆڤ ، بۆ ئەمیش (( دەرەوە چنگاڵ بوو . هەزاران چنگاڵ . ئاراستەی ناخی ئەکران . ئەچەقێنرانە جەرگ و دڵی . مۆڵەتیان نەئەدا . بەردەوام ئەچەقێنرانە جەرگ و دڵی )) [6] . ڕەفیق سابیر سەبارەت بە بە نامۆبوون لای چیرۆکنووس دەڵێ : (( دیاردەی نامۆبوون و بەخۆنامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا ، بەرهەمی بارودۆخێکی ئابوری کۆمەلایەتی و سیاسی و کلتوریی کۆمەڵگای کوردستانە ، کە شێوە و حاڵەتە پسیکۆلۆژییە تایبەتییەکانی خۆیان وەرگرتووە ،

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 45

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45

[6] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45

**ئەم پرۆسەیە ، لە واقیعێکی کۆمەڵایەتییدا سەرهەڵدەدات کە کۆمەڵگا نەك هەر پێویستییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ دابین ناکات ، بەڵکو لە ڕێگەی جۆرەها ستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەوە مرۆڤەکان گەمارۆ دەدات و کەسایەتییان تێکدەشکێنێت ))[1] .**

**شەوانی ئەم مرۆڤە لە ڕۆژانی ئارامتر نییە ، بە ڵکو لێکدانەوەکانی سەبارەت بە گەردوون و بوونی خۆی و ڕەوش و بارودۆخی مرۆڤایەتی لە زۆر ڕووە بەهێزتر و زۆرتر دەبێت . ئەو کە دەپرسێت (( کە خوا لەدایك بوو من لە کوێ بووم ؟ ))[2] . تێڕامانێکی فەلسەفی ڕوون دیارە بۆ ئەم گەردوونە پڕ لە نهێنی و سەرسوڕمانە و کەم دەسەڵاتی و تێنەگەیشتنی مرۆڤ وەك بوونەوەرێك لە گەردووندا . کە دەش پرسێت (( ئەی ئەو وەختەی کە من لە دایك بووم ، خوا لە کوێ بوو ؟ ))[3] ، ئەمەش تێڕوانینێکی فەلسەفییە بۆ تاك و تەنیایی مرۆڤ لەم گەردوونەدا کە لای بوونخواز و بێهوودەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەوروپا دەبینران . ئەمانە پێیان وابوو کە مرۆڤ لە گەردووندا تەنیایە لە بەرامبەر کێشەو چارەنووسی خۆیدا . ئەو بەدرێژایی شەو لەبەر ئەم لێکدانەوانە خەو لە چاونی دەتارێن (( بیرو هۆشی پتر گڕیان ئەگرد . کڵپەیان ئەسەند . ئەبوونە شێر و تیر . ئەبوونە دەمی گوێزان . ئەجەنگان . لە ڕووی ئازاری ناخدا ئەجەنگان . چاویان لێ ئەهێنایە گل . چاوی ئەکردەوە . لەشیان لێ ئەکردە کلافەیەك ژانی ئاڵۆز . لەشی ئەکەوتە کێنگڵ دان ))[4] . جارێکی دی چیرۆکنووس بە دەنگی ئەقڵ و لۆجیك بانگی لێ دەکات (( تۆ بۆ نانووی ؟! . بنوو لە نووستنا – ئازار قەتماغە ئەبەستێ – شەپۆلی ژانت ئەوەستێ هۆش ئەخەسێ – گورگانە شەوێ بۆ خۆی و گیان ئەکا – دەس لە ملی چەند ساتێکی بێژان ئەکا – بنوو .. بنوو ))[5] .**

**. عەبدولڕەزاق بیمار پێی وایە کە ئەم دەنگی کۆرسە (( دەنگدانەوەی ئایدیالیزم و خۆبەدەستەوەدانی چارەنووسە و خۆهەڵسوونە لە مەبەستی بێهوودەیی ژیان و پڕووپووچی و بێتامی بوونی مرۆڤ ))[6] . نووسەر کاتێ بە قوڵاییەکانی ناخی پاڵەوانەکەیدا شۆڕدەبێتەوە شۆڕدەبێتەوە ، ئەندازەی دڵە ڕاوکێ و نائارامی دەروونی ئەومان بۆ دەردەخات . ئەو هەڵس و کەوت و ڕەفتارە سەیرانەی کە دەرەنجامی بێدار بوونی خەریکیان دەبێت : (( قاچی**

---

[1] ڕەفیق سابیر ، نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا ، ل 41

[2] حوسێن عارف ، ئەندێشەی مرۆڤێکی ... ، ل 45

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 46

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 46

[6] عەبدوڕەزاق بیمار ، قارەمان لە چیرۆکی نوێی کوردیدا و لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا بە نموونە ، ل 34

گرموڵە کرد و دانیشت . قاچی گرموڵە ئەکرد و چوار مشقی دانیشت . باری ئەگۆڕی . لەسەر لای ڕاست . لەسەر لای چەپ دائەنیشت . بێزار ئەبوو . هەڵ ئەسایە سەرپێ . ڕائەوەستا . ئەهات و ئەچوو . ڕائەوەستایەوە . دائەنیشتەوە . ئەکەوتە سەرپێ . ئەکەوتەوە هات و چۆ )) [1] ، ئەندازەی نائارمی بێ ئۆقرەیی ئەومان نیشان دەدن . وەك خەو لە چاوانی دەتارێن ، زیندە خەوەکانی ئالۆزتر و شێواوتر دەردەکەون و بێزاری و ونبوون و دڵەڕاوکێ و ماندووبوونی ئەومان لە نێو سەردەم جەنجاڵەکەیدا نیشان دەدن (( بۆ ناو دۆڵێکی هەزار بەهەزار داکشا . هەر دائەکشا و نەئەکەوتە سەر زەوی . بەرەو ئاسمانێکی بێ بن هەڵکشا . هەر هەڵ ئەکشا و نەئەگەیشتە بنمیچی . جارێك دووان سیان . داکشا و هەڵکشایەوە . بێزار بوو . وای هەست ئەکرد تەشقەڵەی پێئەکرێ . ڕوانییە بەرەو خوار . ملێۆنەها ڕیزە دانی ژەنگاوی لە ڕوویا ڕیچ ئەبوونەوە . سەرنجی دایە بەرەو ژوور . ملێۆنەها زمانی ڕەش بەرەو ڕووی فیشکەیان ئەکرد )) [2] .

چیرۆکنووس بە شێوازی بروسکە لە داڕشتندا کە بە درێژایی چیرۆکە پشتی پێدەبەستێ ، کە لە ڕاستیدا یەکێکە لە تەکنیکە نوێیانەی کە لە چیرۆکی نوێی کوردی ساڵانی حەفتای ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت . چیرۆکنوس بۆ خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە (( ئەم شێوەیە لە زمان و داڕشتندا بۆتە هەوێن و ماکی نووسینم و لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم ساڵانەی دوایمدا پەیڕەوکراون )) [3] . بە هەمان شێواز و لەسەر هەمان تەکنیك ، کە ململانێی نێوان پاڵەوان و لێکدانەوەکانی بە درێژایی شەو بەردەوامیان هەیە تا بە بەیان دەگات و لە ماڵ دەرچوون و ڕێگرتنەبەری ڕۆژانی دیکەی و گەڕانی بێئامانج و بێمەبەست ، بەم جۆرە دەخاتە ڕوو (( لە کۆڵان دەرچوو . گەیشتە سەر شەقام . ڕێگای ڕۆژانی تری گرتەبەر . لای دا . گەڕایەوە . لای دایەوە . نەچوو بۆ ئیش . ڕۆیشت . خەڵکەکەش . هات . خەڵکەکەش . دانیشت . ئەوانیش . هەڵسا ئەوانیش . بە دوایەوە بوون . بە دوایانەوە بوو . لە گەڵیان بوون . لە گەڵیان بوو. زۆر برادەری توش هات . تووشی زۆر برادەر بوو . زۆر ناسیاو سڵاویان لێ کرد . سڵاوی لە زۆر ناسیاو کرد . ئەگەڕا . هەر ئەگەڕا )) [4] . لەم کاتەدا بۆ جارێکی دیکەش دەنگی کۆرس لە دەربڕینێکی چڕ و کورتدا ، بە ئاگای ئەهێنێتەوە کە

---

[1] حوسێن عارف ، ئەندێشەی مرۆڤێکی ... ، ل 46

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 49

[3] حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (91) دا ، ل 21

[4] حوسێن عارف ، ئەندێشەی مرۆڤێکی ... ، ل 49

گەڕان بێهوودەیە. بە بڕوای ئێمە نووسەر ترۆپکی بێهوودەیی و پووچی هەوڵەکانی مرۆڤ لەم چەند دێڕە بەرجەستەکردووە ، ئەوەشی بەیان کردووە کە مرۆڤ لەم گەردوونەدا بوونەوەرێکی کز و بێدەسەلاتە لە بەدەستهێنان و دۆزینەوەی مانایەك بۆ ژیان ، لە پووچی بەو لاوە بە هیچ ناگات . کاتێ دەڵێ (( مەگەڕێ ئەم زەمینە – بەبێ ئەم و بەبێ تۆش – هەر سووڕ ئەخواو هەر ئەگەڕێ – مەگەڕێ .. هەر ئەگەڕێ – مەگەڕێ )) [1] .

ئەو گەرچی لە خێزانێکی نیمچە بۆرژوایە ، بەلام مرۆڤێکی تەواو گۆشەگیر و تەنیایە و هاوڕێ و مرۆڤێ بەدی ناکات تا ڕاز و لێکدانەوە ئالۆز و شێواوەکانی ناخی بۆ هەڵڕێژێ ، چونکە ئەوە بۆ ئەو بۆتە باوەڕ و چەندین جاری دووپات دەکاتەوە کە (( کەس نایەوێ لەکەس بگا . کەسیش تەقەلا نادات بچێتە بنج و بناوانی باسەکەوە )) [2] . بۆیە سەرەنجام دەگاتە ئەوەی کە وەك سەگ بە لیکی خۆی خۆی تیمارکات . لەو چاپتەرە دوور و درێژەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکەوێتە قسەکردن ، سەرداوی زۆر باس لە گەردووندا دەورووژێنێ ، چونکە (( ئەو مرۆڤێکە لە چواچێوەیەکی تەسکدا گیر ناخوات و بیرکردنەوەی خۆی بەو چوارچێوەیە دەورناکێشێ ، بەڵکو ئاسۆی بیرکردنەوەی جیهانی و مێژووییە )) [3] . زۆر بابەتی جۆراوجۆری ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئاینی و مێژوویی و ... تاوتوێ دەکات ، بەلام دواجاریش بێزاری و ماندووبوون بەدەست دەهێنێ ، چونکە کەس ئامادە نییە لەکەس بگات . پەنابردنە بەر هێما و سیمبۆلەکان لەم ئەدەبەدا ، کەرەسەیەکی گرنگی بەردەستی ئەدیبە . حوسێن عارف بە زەقی و فراوانی بەکاریان دەهێنێ . گەر هەندێ لەو کۆدانە کردنەوەیان لای خوێنەر ئاسان بێت بەو پێیەی لە کلتور و نزیك لە گفتوگۆی خەڵکییەوە وەرگیرابن ، ئەوا بەشێکی زۆریان ئالۆزن و پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەرەوە هەیە و لە ڕاستیدا پێویستیان بە زانیاری و ڕۆشنبیرییەکی بەرز هەیە . فوئاد قەرەداغی باوەڕی وایە ((چیرۆکنووس گەرچی ویستویەتی بە زمانێکی سادە کە لێی تێبگەن ، بەلام جۆری ئەو کەسانەش کە بۆیان ئەنوسێ و بڤەیی هەندێ مەسەلەش کە ڕەپ و ڕاست بیڵێ ئەو داڕشتنەی بەسەردا سەپاندووە کە ڕەمز و شاراوەیی تێبکەوێت )) [4] . لە ڕاستیدا ئەو بیروباوەڕانەی کە چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا چاندوونی ، ئازایەتی و بوێرییەکی لە

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 49

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 51

[3] فوئاد قەرەداغی ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە بابەت ... ، ل 25

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 39

ڕادەبەدەری پێویستە . چونکە ئاشکرایە لە کۆمەڵگایەکی موحافیزکار و داخراوی وەکو ئەوسای کوردستان کە تازە بە تازە بە هەنگاوی کز و سست دەیەویست بەڕووی دنیادا بکرێتەوە ، هەروا کارێکی سادە و سانا نەبوو . ئەو ڕەخنە و دژایەتییە زۆر و بەهێزانەی کە ڕووبەڕووی ڕوانگەییەکان دەبوونەوە ، گەواهی ئەو ڕاستییانە دەدەن .

# چیرۆکی دان هێڵ و .. شتی تریش

دڵشاد مەریوانی بە تێڕوانینە فەلسەفییەکانی و ناوەڕۆکە تازەکانی و ڕووکردنە تەکنیکی نوێ ، وەك یەکێك لە چیرۆکنووسە دیارەکانی ئەم قۆناغە دەناسرێت . ئەگەرچی ئەو سەرەتا بە شێوازە ئاساییەکە دەستی بە چیرۆکنووسین کردووە ، بەڵام دواتر توانیویەتی هەنگاوی باش بە ئاراستەی پەرەسەندن و نوێخوازیدا بنێت . وەك ئیبراهیم محەمەد قادر دەڵێ : لەم قۆناغەدا بەردەوام لە گەشەکردندا بوو [1] . بەرهەمە زۆر و دیارەکانی ئەو لە زۆر بواردا بە تایبەتی لە هونەری چیرۆکنووسیندا ، پێگەی ئەو دیاری دەکەن . کۆمەڵە چیرۆکەکانی ( دڵدارانی شۆڕش ) [2] ، ( بە پەنجەکانم دەتبینم ) [3] ، ( دێر یاسین ) [4] بەرهەمی ئەون لەم قۆناغەدا * .

---

[1] بڕوانە : ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور ، ل 193

[2] دڵشاد محەمەد ئەمین ، دڵدارانی شۆڕش ، چاپخانە : ڕاپەڕین ، سلێمانی 1793 .

[3] دڵشاد محەمەد ئەمین ، دێر یاسین ، چاپخانە : ڕاپەڕین ، سلێمانی ، 1799

[4] دڵشاد محەمەد ئەمین ، بە پەنجەکانم دەتبینم ، چاپخانە : ڕاپەڕین ، سلێمانی ، 1799

* جێی ئاماژەکردنە حوسێن عارف لەو پۆلێنەی کە بۆ چیرۆکنووسانی ئەو قۆناغە کردوویەتی ، هیچ ئاماژەیەك بە ڕۆڵ وشێوازی نووسینی دڵشاد مەریوانی ناکات و لە نێو پۆلێنە فراوانەکەیدا جێی نابێتەوە . ئەگەرچی ئەو لە نمونەی تەکنیکە نوێیەکاندا و لە مۆنۆلۆگی ڕاستەخۆدا نمونەی ئەو دەهێنێتەوە . کە بە شێوە زەحمەت و گرانەکەی مۆنۆلۆگی دادەنێت کە پێویستی بە بەهرەیەکی ڕەسەن و توانایەکی هونەری بەرز هەیە و نموزنەی ئەم جۆرە تەکنیکە تا بەرواری نووسینی لێکۆڵینەوەکەی زۆر نابینێ . دەبوو

**له چیرۆکی ( دان هێڵ و .. شتی تریش ) ** دا چیرۆکنووس به شێوازێکی نوێ و بەکارهێنانی مۆنۆلۆگی ڕاستەخۆ بێزاری و وەڕسی پاڵەوانی ئەم چیرۆکەمان بۆ دەردەخات . ئەم بێزارییە هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دەبینرێت (( ئەم وەڕسیيە چییە . ئەم بێزارییە ..؟ ڕەنگە هۆی . ئاخۆیەتی مانای تێدا نەماوە . کتێب . دەفتەر . قسەوباس . بیرکردنەوە . قسەوباس . بگرە و بەرەی ئەم جیهانە . ڕادیۆ . . ڕۆژنامە . مەندی . کپی . ... ))[2] . لە کاتێکدا مرۆڤ لەبەر هەر هۆکارێك بێ باوەڕ و متمانەی بە هیچ نەمێنێ و بە گومانەوە لەسەرجەم دەوروبەرەکەی بڕوانێ ، بێگومان ئەم تێڕوانینە خۆی لە خۆیدا تێڕوانینێکی پووچ و بێهوودەیە بۆ ژیان و ناماقوڵییەکانی . هەر لە درێژەی ئەو مۆنۆلۆگەدا تێڕوانینی زیاتری بێهوودەیی ژیان لای پاڵەوانی ئەم چیرۆکەوە بەدی دەکەین (( جوونەوەی سانییە و دەقیقە و سەعات و ڕۆژ و مانگەکان .. ))[3] . دیارە چیرۆکنووس مەبەستێتی ئەوە بە خوێنەر بگەیەنێت ، کە بێماناییەکانی ژیان و هەموو ئەو شتانەی ئەو بە پووچ و بێکەڵك ناویان دەبات ، بۆ هەمیشە بەردەوامن و دەوروبەری مرۆڤیان تەنیوە . ئەو کەباوەڕی وایە ناماقوڵییەکانی بۆ هەمیشە خۆیان دووپات دەکەنەوە ، کەواتە ئومێدی دەربازبوون بەدی ناکات .**

**پاڵەوانی چیرۆکەکە دوو جگەرەی دان هێڵ دەکات بە کەرەسەیەکی سەرەکی و دەروازەیەك بۆ لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی . هەروەك حوسێن عارف دەڵێ : (( هەر بە مۆنۆلۆگ لەگەڵێ قسەوباس و فیکرەی جیاجیا و جۆراوجۆر دەدوێ و لە میانەوە دەچێتە سەر ئەویان و لەویانەوە بۆ یەکێکی تر . بەمەش پچڕاندن و خێرای گواستنەوەی لەم چیرۆکەوە بۆ ئەو چیرۆك تێدەکەوێ واتە شەپۆلی هۆشی زیاتر بە لیشاو تێدا دەبینرێ ))[4] . بۆیە دەبینین چیرۆکنووس لەگەڵ ئەوەی باس لە بێماناییەکانی ژیان و دەوروبەرەکەی دەکات کە دەبنە مایەی وەڕس بوون و بێزارکردنی ، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە سەختی و قورسی ئەو بێماناییانە دەدات ، چونکە بۆ هەمیشە دووبارە دەبنەوە . ئەگەر کامۆ دووبارە**

---

**حوسێن عارف لە ئاماژەکردن بە ڕۆڵ و ڕووکردنە تەکنیکی نوێ ناوی ئەوی لە بیرنەکردایە . پێویستە ئەوەش بڵێین کە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ( بە پەنجەکانم دەتبینم ) و ( دێر یاسین ) دەکەونە پاش لێکۆڵینەوەکەی حوسین عارفەوە .**

**** ئەم چیرۆکە بۆ یەکم جار و پێش ئەوەی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا بڵاوکرێتەوە لە : ( گ : بەیان ، ژ 51 ، ساڵی 5791) دا بڵاوکراوەتەوە پاشان جارێکی لەگەڵ کۆمەڵەکەدا کۆکراوەتەوە .**

[2] **دڵشاد محەمەد ئەمین ، بە پەنجەکانم دەتبینم ( دان هێڵ و .. شتی تریش ) ، ل** 17

[3] **هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل** 17

[4] **حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای** (91) **دا ، ل** 19

بوونەوەی میکانیکی و ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بە سەرچاوەیەکی گرنگی هەست کردن بە بێهوودەیی دابنێت [1] ، ئەوا لەم چیرۆکەدا لای دلشاد مەریوانی قورستر دەکەوێتەوە ، چونکە لای ئەم دووبارەبوونەوەکە دووبارەبوونەوەی بێمانایی و قسەی باسی درۆ و دەلەسە و ناهەمووارییەکانی ژیانە .

بۆ کوشتنی وەڕسی ئەم ئێوارەیەی ، پاڵەوانی چیرۆکەکە بڕیاردەدات کە نەچێ بۆ لای هیچ لە هاوڕێکانی ، چونکە (( ئەو قسەوباسە لای هەموو ئەم خەڵکە نەگبەتە هەر هەیە )) [2] . کەواتە چیرۆکنووس لە ڕێی پاڵەوانەکەیەوە ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە بێماناییەکانی ژیان بەتەنها بۆ ئەم نییە و هەر بە تەنها ئەمیش هەستی پێناکات . ئەوەتا هاوڕێکانیشی بێزار و ماندووی ئەم قسەوباسانەن . لەو چایخانەیەی کە بە نزرگای خەیاڵ و خۆ فەرامۆشکردنی دەزانێ . دەیەوێ چەند ساتێکی ئارام و ئاسودە لەگەڵ خەیاڵەکانیدا بەسەربەرێ و هەندێ لە بێزارییەکەی بڕەوێنێتەوە . دیارە هەمیشە مرۆڤ لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانیدا لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا خەیاڵی وەك تویشوییەکی گیانی سەیرکردووە . هەرکاتێ هەستی بە دووری هیوا و ئاواتەکانی لەگەڵ واقیعەکەیدا کردبێ ، هانای بۆ خەیاڵ هیناوە . هەر بەدەم مۆنۆلۆگ و خۆدواندن و بەدەم دان هێلّ کێشانەوە ، سەروداوی چەندین باسی دیکە تاوتوێدەکات . زۆرجار تێڕوانینەکانی شێوازێکی گەپجاڕانە لە خۆ دەگرێت (( ترحێو گەنجی 11 ساڵان ، دەرچووی زانستگا و هەڵلا هەڵلا و شتی تریش ، 99 دانە فلس )) [3] یان ئەو کاتەی کوڕ و کچێك لەبەر شەقامەوە دەبینێت خۆزگەیان بۆ دەخوازێت لە دڵەوە ئاواتی هاوەڵێك دەکات . بەڵام هەر زوو بە گاڵتەجاڕانە بە خۆی دەڵێ : (( ها.. ها .. ها نەگبەت کام یەك ؟! تۆ جارێ خۆت نیت ، بگەڕێ بۆ جەو .. جەوێك وەڕسی تێدا بمری و خەیاڵی تێدا لە دایك بێت )) [4] . ئەو خۆی و زۆر لەو خەڵکەی کە دەهاتنە بەرچاوی چوون یەك دەبینی (( تەماشای ئەو خەڵکە لە ژێر چەناگەیانەوە بەرەوخواریان تا پێڵاوەکانیان پاڵەوان پەرداخ کەچی لە چەناگەیانەوە بەرەو ژووریان تا تەوقی سەریان برسی ، تینو ، ترسنۆك ، ڕەجاڵ .. )) [5] . چیرۆکنووس لە زاری پاڵەوانەکەیەوە بە شێوازی باس لەو خەڵکە دەکات کە بێ مەبەست و بێئامانج لە ژیاندا دەگوزەرێن و کڕ و بێدەنگن لە ئاست ناماقوڵی و

---

[1] بڕوانە : البیر کامو ، اسطورة سیزیف ، ص21

[2] دلشاد محەمەد ئەمین ، ( دەن هێلّ و .. شتی تریش ) ، ل 17

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 21

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 22

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 21

**بێمانییەکانی ژیاندا . خۆی و مرۆڤەکانی دەوروبەری وەك ئەو جگەرە دان هێڵە دێتە پێش چاو کە هەوای دەوروەری جگەرەکە ڕۆڵی لە خێرا سوتانی جگەرەکە هەیە . ئاواش بێمانابیەکانی ژیان مرۆڤ لە کۆتادا بەرەو فەنابوون کێش دەکەن .**

# چیرۆکی گـــــــەڕیدە *

**کورتە چیرۆکی ( گەڕیدە ) ی ڕەوف بێگەرد باس لە مرۆڤێك دەکات ، دیمەنە دزێو و ناماقوڵەکانی ژیانی بڕیاری هەڵهاتنی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بە دوای ژیانێکی نموونەیی و دوور لە ناماقوڵییەت پێدەدات . کە دەشی دۆزنەوە توانای خۆ گونجانیان نابێ لەگەڵ ژیانە نوێیەکەدا و دەردەکرێنە دەرەوە ، چونکە هێشتا لە خەوشەکانی ژیانە کۆنەکەیان پاك نەبوونەتەوە . دواجاریش لە گەڕان و بەدەستهێنانی سەر لە نوێی ئەو ژیانە خەیاڵییەدا کۆڵنادات .**

**پاڵەوانی چیرۆکەکە سەرەتا لە شارێکدا پێش ئەوەی هەڵبێت دەژی کە (( خۆر لەبەردەم تاریکییا بە چۆکا دەهات و کڕنووشی دەبرد ، ئاوازی بەسۆزی دڵدارەکان لە دەنگی دەهۆڵی دڕاوا کپ دەبوو ، گەردنی ئاهور مووزدا بە سێدارەی شەرەفی دانیشتواندا هەڵدەواسرا و ئەهریمەنیش لەسەر تەختی دڵنیایی گوڵی بەیەخەدا دەکرا.. عارەبانەکانی شار زێڕیان لێباردەکرا و بەرەو سەرەوگێلانکەکان ئاوادەبوون ، تەرسی وڵاخ شاباشی سەری شار بوو ..**

* ئەم چیرۆکە پێش ئەوەی لە کۆمەڵە چیرۆکی ( بوار ) دا لەلایەن چیرۆکنووسەوە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تردا کۆبکرێتەوە لە ساڵی 1799 ، لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 21 ، ساڵی 1794 بە ناونیشانی ( گەڕیدەی شاری کۆیلەکان ) ەوە بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام هەر هەمان چیرۆکە تەنها ئەوە نەبێت لە کۆمەڵە چیرۆکی بواردا بە ناونیشانی ( گەڕیدە ) لە بری ( گەڕیدەی شاری کۆیلەکان ) بڵاوکراوەتەوە .

)) [1] . لەم جیهانە کۆیلەیەدا وەك دەردەکەوێ هەموو شتێکی تێدا ئاوەژوو بۆتەوە و سەرجەم دیمەنەکان نامۆ و ناماقوڵ دێنەبەرچاو . ئەوەتا خۆر لەبەرامبەر تاریکییدا و زێڕ لە بەرامبەر تەرسی ولاخدا و ئاهورر مووزدا لەبەرامبەر ئەهریمەندا و .. جێگۆڕکێیان پێکراوە . سەرجەم ئەم بێمانایی و ستەمە زۆرەی لە جیهانی پاڵەوانەکەدا ڕوودەدەن ، بڕیاری هەڵهاتنیان پێدەدات . هەڵهاتنێك کە کەمال ڕەوف پێی وایە (( سلبییە و لە جیاتی ئەوەی بەرهەڵستی بکات و هەوڵی گۆڕینی بدات، لەبەری هەڵدێ .. هەڵدێ بۆ جیهانێکی دیکەی خەیاڵی .. لەم کارەشیدا ، تاك ڕەوە و بیر لەکەسی دیکە ناکاتەوە تەنها هاوڕێیەکی لەگەڵدایە .. تەنانەت گەڕانەوەکەش لە هەرێمی خەون و بێئاگایدایە )) [2] و محەمەد فەریق حەسەنیش پێی وایە (( لەم هەڵهاتنەدا مرۆڤ لووتی دەتەقێ بە لووتی ئەدەبی ناماقوڵەوە .. چونکە ئەگەر شارە چۆن هێشتا نەخشەی نەکێشراوە )) [3] . لە شاری کۆیلەکاندا مرۆڤ گیرۆدەی دەستی هێزێکی غەیبییە کە ڕۆژانە چەندین جار کۆیلایەتی بوونی خەڵکەکەیان بە بیر دێنێتەوە و کتێبە پیرۆزەکەیانی لە ئاودەست هەڵکێشاوە و لە جێی ئەودا فەرهەنگێکی بۆ داناون کە کۆیلایەتی ئەوانی لە سەدان ساڵەوە تیا تۆمارکردووە کەچی خەڵکەکە هەر قایلن و هەموو بەیەك دەنگ مل کەچی و کۆیلایەتی خۆیان دووپات دەکەنەوە (( تۆ دەستێکیت لە ئاگری دۆزەخ دەمان پارێزیت ، تا ماوین سەگێکی گەڕی بەر دەرگاتین )) [4] . ئەم خۆ بەکەم و بێنرخ تاماشاکردنەی کە حەسەن جاف دەڵێ : هەست بە مەیلێکی مازۆشییەت دەکەین [5] ، وای لە لە پاڵەوان دەکات لەگەڵ هاوڕێکەیدا هەڵبێن و بەدوای شارێکی یۆتۆپیدا بگەڕێن کە جیاوازی چینایەتی و ستەم و کۆیلایەتی تێدا بوونی نەبێت . کە بەشارە خەیاڵییەکەش دەگەن بەو پێیەی ئەمان پەروەردەی ئەو جیهانە کۆیلەییەکە بوون ، توانای خۆگونجانیان نەبوو (( ئێمە ژەم بەردە ، هەرچیمان بەرچاوکەوتایە سێ و دوومان لێنەدەکرد )) [6] . سەرەنجام لە شارە یۆتۆپییکەدا جێیان نابێتەوە و دەردەکرێنە دەرەوە . ئەم مرۆڤە ئەگەرچی لێرەوە هاوەڵەکەی بەجێی دەهێڵێ و تەنیا دەبێتەوە ، بەڵام بەردەوام دەبێ لەگەڕان و سەرلەنوێ بەدەستهێنانەوەی ئەو شارە یان شارێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو . ئەم باوەڕە

[1] ڕەوف بێگەرد ، کۆی چیرۆکەکانی ، ( گەڕیدە )،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چ 1 ، سلێمانی ، 2116 ، ل17

[2] کەمال مەمەند ، بوار ڕەخنەو لێکۆڵینەوە ، گ: ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 69 ، حوزەیران و تەمووزی 1799 ، ل 66

[3] محەمەد فەریق حەسەن ، پاڵەوان لە کۆمەڵە چیرۆکی – بوار – دا ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ کانوونی یەکەمی 1797 ، ل 23

[4] ڕەوف بێگەرد ، ( گەڕیدە ) ، ل 17

[5] حەسەن جاف ، بوار و مەلەکردن لە دەریای بێ کەناردا ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 66 ، ئاداری 1799 ، ل 92

[6] ڕەوف بێگەرد ، ( گەڕیدە ) ، ل 22

لای پاڵەوان ئاشکرا دەبینرێت ، چونکە وەك خۆی لە کۆتای چیرۆکەکەدا دەڵێ : (( یەك بە دوای یەکدا شارەکان دەپێچمەوە ، دەگەرێم ، هیلاکی بۆتە خۆراکی لەشم ، تا بێت زیاتر لەگەڵ ڕێگا بریندا ڕادێم ، دەڕۆم ، سەر بەدیواری هەموو شارێکدا دەکێشم ، ئەو دەروازەیەش بۆم نەکرایەوە بە بەرد دەیشکێنم )) [1] . ئەم باوەڕە لای کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە ، قبوڵ نەکردنی ژیانێتی کە بە ناماقوڵی تەنراوە ، کوڵنەدانیشە لە سەرلە نوێ بەدەستهێنانی ئەو جیهانێکی یۆتۆپیدا .

## هەرەس و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر چیرۆکی کوردی

ئەو هەلومەرجە ڕەخساوە ڕۆشنبیرییەی کە ماوەی چوار ساڵی جێبەجێکردنی بەیاننامەی یازدەی ئازاردا ، ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بەخۆوەی بینی و گوڕوتین و جموجۆڵی بەهێزی ئەدەبی تیا دەبینرا . تا ئەو ڕادەیەی بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا دەسنیشان کراوە . دیارە ئەم هەلومەرجە زۆر درێژەی نەکێشا و لە ئەنجامی پاشگەزبوونەوەی حکومەت لە بەڵێنەکانی و لەلایەکی ترەوە دووری و داکۆکی کردنی داواکارییەکانی بزوتنەوەی کوردی بۆ جێبەجێکردن لەلایەن حکومەتەوە ، زەمینە ڕۆشنبیرییە تەندروستەکەی خستە ژێر مەترسییەوە . لە ڕاستیدا ڕێککەوتنەکە هەر لە سەرەتاوە (( هەستی متمانە بەخۆنەبوونی حکومەت و هەروەها ناجێگیری داخوازییە بنچینەییەکانی کوردەکان بوو )) [2] . دیارە پلانی ڕێککەوتننامەکە لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقیدا ، بڕیار بوو لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێبکرێ . لە کاتێکدا ماوەی چوار ساڵەکە هێندەی بەبەرەوە نەمابوو (( حکومەتی بەعس سور بوو لەسەر ئەوەی لە کاتی خۆیدا قانونەکە بڵاوبکرێتەوە ، سەرکردایەتی پارتی ئەیویست دوای بخا )) [3] . بەو پێیەی

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 23

[2] دیڤید ماکداول ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، و : ئەبوبەکر خۆشناو ، چاپخانە : وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2115 ، ل 531

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ، چاپخانەی : زانکۆی سلێمانی ، 1779 ، ل 17

کە حکومەت لە ئاست مادە جەوهەرییەکانی ڕێککەوتنەکەدا پاشگەز بووبووە و سەرکردایەتی کوردیش ئامادەی سازش لەسەر کردنیان نەبوو . سەرەنجام کە گفتوگۆ و دانوستانەکان هەر دوو لا بە بن بەست گەیشتن ، حکومەتی عێراقی یەك لایەنە و بێ گوێدانە داواکارییە بنەڕەتییەکانی کورد ، لە بەرواری یازدەی ئازاری 2219 بەیاننامەکەی ڕاگەیاند و ماوەی دوو هەفتەی مۆڵەت بە بارزانی دا بۆ قبوڵ کردنی بەیاننامەکە و هاتنە ناو بەرەی نیشتیمانییەوە [1] . شیاوی باس کردنە کە نێوانی حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی پێش ڕاگەیاندنی یەك لایەنەی بەیاننامەکە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ، ئالۆزی و پەشێوی بەخۆوە بینیی بوو .

لە ڕاستیدا ناچاربوونی حکومەت بە دانشتن و دانوستان لەگەڵ کورددا هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە بوو (( کارتی کورد لە دەس شا دەربێنێ و بە قازانجی خۆی بەکاربهێنێ )) [2] . بەڵام کە نەیتوانی بەو ئامانجە بگات ، بیری لە دانیشتن لەگەڵ شای ئێراندا کردەوە . سەرەنجام ڕێککەوتنی 1ی ئازار 2211 ی جەزائیری لەگەڵدا واژوو کرد . بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەردوولا (( ڕازی بوون کە ناکۆکی هەڵپەسراوەکانی سنور یەکلابکەنەوە . عێراق بە هێڵی ناوەڕاستی ڕووبار ڕازی بوو ، هەردوو لا مادەی ڕێککەوتنی ساڵی 2229 یان قبوڵ کرد . سەربار بەوەش ڕازی بوون کە بەڕێ و شوێنی توندی ئاسایش ڕێگەی کەسانی خراپەکار لە هەردوو دیوی سنور بگرن )) [3] . لە ڕاستیدا ئەم ڕێککەوتننامەیە چۆن پیلانێکی ناوچەیی بوو ، وەك پیلانێکی نێونەتەوەیش دەهاتە پێش چاو ، چونکە ئەمریکا و ڕوسیا و ئینگلیز جارێکی دی لەبەر بەرژەوەندی ، ئاشکرا چاویان لەم بارودۆخە پۆشی و ماڵ وێرانیان جارێکی دی بۆ گەلی کورد کردە دیاری . د. شکریە ڕەسول دەڵێ : (( پیلان و ڕێککەوتننامەی جەزائیر تراژیدیایەکی گەورەی بەسەر میللەتی کوردا هێنا ، ڕووخانی ورەی پێشمەرگە و خەڵکەکە دڵ و دەروونی هەژاند و ئاسمانی گریاند .. چەندین پێشمەرگە خۆیان کوشت ، خێزانەکان سەرلێشێواو دەربەدەر بوون )) [4] . نەوشیروان مستەفا ئاماژە بەوە دەکات کە (( ئاشتبوونەوەی عێراق وە ئێران جەزرەبەیەکی کاریگەری لە گەلی کورد دا . بەعس ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی تەهجیر و تەرحیل و تەعریب و

---

[1] بڕوانە : دیڤید ماکداول ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، ل 551

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ، ل 17

[3] دیڤید ماکداول ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، ل 554

[4] د. شکریە ڕەسول ، بارزانی و کێشەی کورد لە نێوان بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتی ناوچەییدا ( 1745 – 1795 ) ، لە کتێبی کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر ، چاپخانە : وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر 2113 ، ل 415

تەبعیس و جوڵانەوەی کوردی لاواز کرد )) [1] . سەرەنجام ئەم بارودۆخە کاردانەوەی خراپی بۆ سەرجەم لایەنەکانی ژیان و بزافە ڕۆشنبیرییە پەرەسەندووەکەی سەرەتای قۆناغەکە هەبوو . هەر زووش دەستی بە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کرد له پێناو سەپاندنی حوکمێکی ڕەها و تاکڕەودا . نەك سەلماندنی مافەکانی گەلی کوردا ، چونکە مافە ئۆتۆنۆمییەکە دەسەڵاتێکی ئێجگار کارتۆنی هەبوو و لە بنەڕەتیشدا خزمەتی سیاسەتە چەوت و ڕەگەز پەرستەکانی حکومەتی بەعسی دەکرد

زۆر لە دەزگاو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان لە کار و چالاکیدا مانەوە ، بەڵام دیارە لە ژێر زەبروزەنگ و هەڕەشەی حکومەتی بەعسدا ، توانای ئازادی ڕادەربڕین و سەربەخۆ کارکردنیان لەدەست دا . سەرجەم ئەم دەزگا و ناوەند و بڵاوکراوانە کەوتنە ژێر باری سانسۆرێکی قورس و چاودێرییەکی لە ڕادە بەدەرەوە . زۆر لە ڕۆشنبیران و ڕوناکبیران لەسەر بیروڕاکانیان ڕووبەڕووی زیدان و ئازار و ئەشکەنجە بوونەوە . زۆر لەوانەی لە کاتی خۆیدا چالاك وان و داکۆکی کەری بزوتنەوەی کوردی بوون ، ڕاگوێزی ناوچەی دوور لە دەستەکانی باشوری عێراق کران . سەرجەم ئەم بارودۆخە ناهەموار و سەختە ڕامیارییە کە بۆ گەلی کورد بوو بوو بە واقیع ، بێگومان کاردانەوەی نەرێنی لەسەر ڕەوت و بزافی ڕۆشنبیریی دروست کرد و جۆرێ لە نائومێدی و ڕەشبینی لای نووسەر و ئەدیبی کورد دروست کرد و بە شێوەیەك ڕەنگدانەوەی لە نێو بەرهەمی ئەو قۆناغەدا بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی دەبینرێ ، چونکە ڕۆشنبیرانی کورد لە کوردستانی باشوردا ئومێد و ئاواتێکی زۆریان بە بزافە ڕزگاریخوازە نوێیەکە هەبوو ، زۆر بە گەشبینییەوە لە دواڕۆژ و چارەنووسی گەلی کوردیان دەڕوانی ، پێیان وابوو کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە گەلی کورد بە مافە نەتەوەیی و کلتورییەکانی خۆی بگات و لە کاروانی پێشکەوتنی گەلاندا هەنگاوی هاوشێوە ببینێ . لە ڕاستیدا ڕەوشە ئارام و ڕۆشنبیرییە سەقامگیرەکەش هەر هەمان ئاماژەیان دەکرد . بزوتنەوە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکە هێندە ڕوون بەهێز دەبینرا کە حکومەتی عێراقی ناچار کردبوو داننان بە مافە ڕۆشنبیری و کلتورییەکانی گەلی کورددا بنێ و سەرەنجام ، کەش هەوایەکی ئازادانەی خوڵقا کە پەرەسەندن و نوێگەری سیمای دیاری ئەو قۆناغەی ئەدەبی کوردی بوو .

هەرەس و شکستی شۆڕشی کوردی ، سەرجەم ئەو بارودۆخ و کەش و هەوا ڕۆشنبیرییە گەشەسەندووەکەی خستە ژێر مەترسییەوە . ئەگەرچی زۆر لە دەستکەوتەکانی

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ، ل 17

سەرەتای قۆناغەکە هەر لە ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکان و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان ، بەردەوامییان هەبوو ، بەڵام ئازادی و سەربەخۆ کارکردنیان لەدەست دا . دیارە هەر لە بنەڕەتەوە چاوپۆشینی حکومەتی عێراقی لە زۆر بەرژەوەندیە ستراتیجییەکانی کە لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا بۆ ئێرانی کرد ، لەبەرئەوە بوو چیدی مل بۆ داوا نەتەوایەتی و کلتوری و ڕۆشنبیرییەکانی کورد نەدا . ئەمەش بەهێزی بزافە ڕزگاری خوازەکەی ئەو قۆناغەی گەلی کورد نیشان دەدات کە بووبووە مایەی نیگەرانی بۆ حکومەتی عێراقی و ناچاری ڕێککەوتنی کردبوو لەگەڵ ئێراندا . لەم ڕووەوە حکومەت سانسۆر و چاودێرییەکی بەهێزی خستە سەر تەواوی بڵاوکراوە جۆراوجۆرەکان و تەواوی ناوەند و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان ، کە بەرژەوەندی و سیاسەتە نوێیەکانی حکومەت و ڕەچاوبکەن و لە

پێناو خزمەتکردنی ئەو بەرژەوەندییانەدا کاربکەن . دیارە لە ڕەوشێکی سیاسی ئاوا سەختدا ، کزبوونی ئەو تەوژمە ڕۆشنبیرییە ، دەرەنجامێکی چاوەڕوان کراو و سروشتی دەبێت . ئەگەر هەڵوێستە لای هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ئەو قۆناغە بکەین ، ئەندازەی نائومێدی و ڕەشبینییە هەست پێدەکەین ، چونکە (( دەوروبەری هەرس جۆرێ لە ئالۆزی و پەشێوی لە کوردستاندا دەبینرا و بارودۆخە ڕامیارییە سەختەکە و داڕمانی سەرجەم هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد کە چوار ساڵ بوو خەونی بەدی هاتنی پێوە دەدیتن ، مایەی نائومێدی و ڕەشبینییەکی زۆر بوو بۆ ڕۆشنبیری کورد . من بەلای خۆمەوە ئەو بارودۆخە کاریگەری لەسەر زۆر کورتە چیرۆکی نێو کۆمەڵە چیرۆکی بوارم هەبووە ))[1] . بەهەمان شێوە شێرکۆ بێکەسیش ئاماژە بەو نائومێدی و ڕەشبینییە دەکات کە ڕووبەڕووی ڕۆشنبیری کوردی لە کوردستانی باشوردا بووە بە هۆی بارودۆخە سیاسیە نوێیەکەوە . سەرجەم ئەو ئاواتانەی کە لەسەرەتای قۆناغەکەدا ، بە ئومێدێکی زۆرەوە تێیان دەڕوانرا ، لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا کەوتنە ژێر مەترسی ڕاستەقینەوە[2] . ئەو کاریگەرییەی کە بێهوودەیی ئەورووپی لە ڕێی ئەدەبی عەرەبییەوە لەسەر چیرۆکی کوردی سەرەتای قۆناغەکە بەجێی هێشتبوو ، لە پاش هەرەسی شۆڕشی کوردی کەرەسە و ئەزموونێکی لەباربوون لەبەردەستی هەندێ لە چیرۆکنووساندا بۆ گوزارشت کردن . چونکە ئەم شێوازانەی نووسین و ئەم جۆرە لە ئەدەب مەودایەکی باشن بۆ نائومێدی و ڕەشبینییەکانی مرۆڤ . ئاشکرایە بێهوودەیی لە ئەورووپا

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوف بێگەرد ، بەرواری 4/9/ 2111 ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

[2] بڕوانە : ئاخاوتنێکی گەرم .. لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیردا ، ل 41

ئاكامی كارەسات و دەرەنجامە تراژیدییەكانی جەنگی دووەمی جیهانی  بوون لە ئەوروپا . ئەو كات نووسەرانی ناماقوڵ هێندە نائومێد بوون ، هیواو ئاواتێكیان بۆ بەردەوام بوون لە ژیان بەدی نەدەكرد . دواجاریش تا ڕادەیەكی زۆر ڕەشبینی لە بەرهەمەكانیاندا باڵادەست بوو . ئەگەرچی چیرۆكنووسانی كورد بە كاریگەری ئەدەبی ناماقوڵی ئەوروپی و بەناوی نوێگەرییەوە ، تێڕوانینی بێهوودەییان خستبووە ڕوو  . ئەوا لە پاش هەرەس ڕەوش و بارودۆخەكە لەگەڵ دیدە نائومێد و ڕەشبینییەكەی ئەم ڕێبازەدا ، تەباتر دەبینرا . بۆیە هەندێ لە چیرۆكنووسان ئەمەیان بەهەند وەرگرت .

بۆیە ئێمە لەم بەشەدا هەوڵمان داوە هەڵویستە لەسەر ئەو چیرۆكانە بكەین كە بارودۆخ و ڕەوشە ئالۆزەكانی پاش هەرەس ، ڕۆڵیان لە بەهێز نیشاندانی هەستی بێهوودەیی تیایاندا هەبووە . چیرۆكنووسان : سەلاح شوان لە ئەی دوای ئەوە و محەمەد مولود مەم لە عاجباتی هەشتەم و حوسێن عارف لە مەرگی نابینێ و ڕەوف بێگەرد لە چیرۆكەكانی 2 + 2 = 2 و بوار و هێشتا هەر چاوەڕوانە و شەو و خاڵێك لە دوای ژمارەوە و محەمەد موكری لە نێچیر دا ، لەسەر تێڕوانینە بێهوودەكانیاندا بۆ ژیان بەردەوام بوون . كە هەوڵدەدەین  یەك بە یەك شیكردنەوەیان بۆ بكەین .

# چیرۆکی ئەی دوای ئەوە ؟

سەلاح ئەحەمەد شوان چیرۆکنووسێکی لاوی سەرەتای ئەم قۆناغەیە و ، جیهانی چیرۆکنووسینی ئەو هەر لێرەوە دەست پێدەکات . سەرەتای کاری ئەو لەم هونەرەدا ، بە ڕووکردنە تەکنیکی نوێ بووە [1] و لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکنووسێکی دیکەدا لە چەسپاندنی شێوازە نوێیەکەدا ڕۆڵی دیاریان هەبووە ، ئیبراهیم قادر محەمەد پێی وایە (( سەلاح شوان یەکێکە لەوانەی لە ڕیزی پێشەوەی هەوڵدەرانە بۆ ئەزموونێکی تازە لە بواری نوێکردنەوەدا )) [2] . چیرۆکەکانی ئەو لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤارەکانی ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستاندا ، گەواهی چالاکی ئەو دەدەن لەم بوارەدا .

کورتە چیرۆکی ( ئەی دوای ئەوە ؟ ) ی سەلاح شوان ، بە تێڕوانینێکی فەلسەفیانە بوونی مرۆڤ لە گەردووندا دەخاتەڕوو ، پێی وایە مرۆڤ هەرچەند هەوڵبدات و تێبکۆشێ ، وەك ئەوەی لە بازنەیەکی داخراودا بسوڕێتەوە ، بە هەمان خاڵی دەست پێکردن دەگاتەوە . پاڵەوانی چیرۆکەکە مرۆڤێکە و بووە بە دوو بەشەوە لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و خۆدواندن . ڕەوف حەسەن ئاماژە بەم حاڵەتە لای سەلاح شوان دەکات و وەك خاڵێکی چون یەکی نێوان چیرۆکەکانی باسی دەکات،چونکە (( چیرۆکەکانی جۆرە تایبەتییەکی تێدا دەبینرێ .. ڕاستر ئەوەیە بەبێ پێچ و پەنا و بە عالەمی ئاشکرا پاڵەوانە تەنیاکەی دەکات بە

[1] حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (91) دا ، ل 9

[2] ئیبراهیم محەمەد قادر ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور ، ل 193

دوو بەشەوە کە ئەمەیان بەو ئوسلوبە کاری ڕەخنەگرە زیاتر لە چیرۆکنووس )) [1] .ئەو گەڕان و سوڕانەوەی خۆی و هەر مرۆڤێکی دیکەی ئەم دنیایە بە بێهوودە دەزانێ و چونکە (( وەك هەر ئادەمیزادێکی تری سەر ڕووی ئەم زەمینە ملی ڕێگای گرتەبەر و ، سالآنی تەمەنی خۆی بەرەو هەڵدێری مەرگ دایە پێش و .. بەدەم ڕێوە بیری لە سوڕانەوەی ئاو ئەکردەوە لەم گەردونە شێتەدا )) [2] . ئەو سەرجەم تەمەن و بوونی خۆی وەك ئاو دەبینییەوە لە گەردووندا ، لە مۆنۆلۆگێکدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە (( بارانەوەکان یەك ئەگرن و .. ئەبن بە جۆگا ، جۆگاکان یەك ئەگرن و ئەبن بەچەم ، .. بەزێ ، .. بە ڕووبار ، ڕووبارەکانیش ئەڕژێنە ناو دەریاو ئۆقیانووسەکانەوە .. پاشان ئۆقیانووسەکان هەڵمیان لێ هەڵئەسێت و ئەبێتەوە باران .. ئەڕژێتە سەر ڕووی زەوی ، باراناوەکان سەرلەنوێ ڕێگاکەی پێشوویان ئەگرنەوە بەر )) [3] لە نێو ئەم گێژاوی بیرکردنەوەیەدا هاتن و چوونی خۆی بە سیزیف ئەزانێ ، چونکە هەنگاوەکانی هەمیشە بۆ خاڵی دەستپێکردن دەیگەڕێننەوە . ئەو نەك خۆی بە تەنها بەم شێوەیە دەبینێتەوە ، بەڵکو وای دەبینێ کە (( ئەو ڕێگایەی من گرتوومەتەبەر هەزارانی تریشی پێدا ڕۆیشتووە ، ئەی ئەوان بەچی گەیشتن ؟ )) . وەڵامەکەشی ڕوون و ئاشکرا دیارە بە مەرگێکی چاوەڕوانکراو . پاڵەوان لە گەڵ بەشەکەی دیکەیدا دەکەونە گفتوگۆی ئەوەی کە مردن تا مردن جیاوازە و بەشکەی دیکەی پێی دەڵێ (( گەر باوەڕیش ناکەی فەرموو بەراوردێکی مەرگی گالیلۆ لەگەڵ مەرگی (3 کوڕی 1+2 ) دا بکە )) [4] .

پاڵەوان بوونی خۆی و تەواوی مرۆڤایەتی لەم گەردوونەدا هێندە پووچ و بێمانا دەبینێت کە هیچ نرخ و بەهایەکی نەبێ ، کەس لە ماك و بایەخی بوونی خۆی ناگا و کوێرانە هەنگاوە ڕێی ئەوانی پێش خۆی دەنێتەوە (( هەموو کە چاو هەڵدێنین خۆمان بە ڕێگاوە ئەبینین..پاش بەرچاو ڕووناك بوونەوەش بۆمان دەرئەکەوێت کە لەناو زەلکاوێکی بێسنووردایین..شارەزاش،کەس شارەزا نییە،هەموو دوای یەکەم نەشارەزا کەوتووین .. شێلاوگەی شێلراو ئەشێلین و ناپرسین بۆ ، ئەیشێلین و ئەیشێلینەوە ، هەندێکمان ئەگەینە ئەو شوێنەش کە ئیتر هیچ شوێنەوارێکی ئەوانی پێشووی پێوە نەماوە ، زەلکاوی ئەم دیو لە هی ئەو دیوو باشتر نییە و ڕێگای گەڕانەوەش تازە لەدەست چووە ، چونکە تەوژمەکەی دەواوە بە هیچ کەس هێور نـــابێتەوە )) [5] . ئەو ژیانی مرۆڤ بە

---

[1] ڕەئوف حەسەن ، گفتوگۆیەك لەگەڵ نووسەری چیرۆکی تەلەفونێکدا بە تەلەفونێکی تر ، گ : ڕۆژی کوردستان ، ژ 41 ، ئابی 1796 ، ل 56

[2] سەلاح شوان ، ئەی دوای ئەوە ؟ ، گ : ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 42 ، تەموزی 1795 ، ل 4

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 4

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 4

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 4

دووباره بوونەوەیەکی بێ مانا و بەردەوام گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێك دەزانێ (( بەهار دێت و گیا سەوز دەبێت .. ئاژەڵ ئەو گیایە ئەخوات ، ئادەمیزادیش لە ئاژەڵ ، خاکیش لە ئادەمیزادی وەرئەگرێتەوە و سەرلەنوێ لە بەهاری داهاتوودا ، ئەیداتەوە بە گیاکان ))[1] بەم شێوەیە لە دیدی سەلاح شواندا ژیان بەردەوام وەك خۆی دووبارە دەبێتەوە بێ ئەوەی مرۆڤ ڕۆڵی خۆی تیا ببینێت و لە ماك و بایەخی خۆشی لەو بوونەدا بگات .

# چیرۆکی عاجباتی هەشتەم *

محەمەد مولود مەم لەم چیرۆکەدا کە لە پێنج چاپتەر پێکهاتووە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێ سیمبۆڵ و بە سود وەرگتن لە مۆتیڤی کوردی و بیانی باسی مێژووی مرۆڤایەتی و ستەم و زوڵمی زۆردان دەکات . لە چاپتەری یەکێتی بووندا کە پاڵەوانەکەی فەیلەسوفە گێڕەکەیە ، چیرۆکنووس دەیەوێ ئەو ڕاستییەمان بۆ بسەلمێنێ کە سەرجەم ئاینە ئاسمانییەکان لەسەری کۆك و تەبان و پێیان وایە مرۆڤ و نەوەی مرۆڤایەتی لە ئادەمەوە دەستپێدەکات (( بوون یەکەییێکە ، ئەوانی ئێمە دەیان بینین .. هەستیان پێدەکەین ، لان بەشن لەو یەکە !! هەمووم پارچە پەراسووی کابرا .. تاقانەکەین ))[2] . پاڵەوان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم تیۆرە چەند نموونەیەکمان دەداتێ ، پێی وایە دوو مرۆڤ کە هۆگری یەکتر ئەبن جا پەیوەندییەکەیان برایەتی یا هاوڕێیەتی یا ئەڤینداری بێ ، بەو پێیەی هەر یەکەیان لە کار و ڕەفتاری یەکدیدا بەشدارە کەواتە لە بنەڕەتدا یەکن (( ئەو کیژۆڵەی خۆشم ئەوێ بەخۆمەوە ئەیقرسێنم ، قەست ئەکەم لەناو خۆمدا بیتاوێنمەوە لەگەڵیدا ببم بەیەك ))[3] . یان نموونەی ئەو مریشکەی کە لەبەردەمیدا بەخێرای دەندوك لە پەپولەیەکی لەپەلوپۆکەوتوو دەدات ، چونکە (( بەبەشێکی خۆی دەزانی و کە .. هەڵی لوشی و قوتی دا ! لەگەڵ بەشەکەی تری کە

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 4

* ئەم چیرۆکە پاش ئەوەی یەکەمجا لە پاشکۆی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، چیرۆکی هەڵبژاردە ، ساڵی 1796 بڵاوکراوەتەوە ، جاریکی دیکەش لە ( چیرۆکەکانی مەم ) ، بەرگی دووەم لە ساڵی 1794 لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی دیدا کۆکراوەتەوە .

[2] محەمەد مەولود ( مەم ) ، چیرۆکەکانی مەم ، چاپخانەی : ڕۆشنبیری ، بەرگی دووەم ، هەولێر ، 1794 ، ل 173

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 174

**لەشی خۆی بوو کردیەوە یەك ))** [1] **. لەم نموونانەوە ئەو باوەڕە لای چیرۆکنووس دەخوێنینەوە کە تیۆری یەکبوون گەرچی لە بنەڕەتدا لە پێناو پاکژبوونەوەی مرۆڤدا بووە لە ڕەفتاری ناشرین و دزێو و دواتریش نزیك بوونەوەی ڕۆح لەگەڵ خواوەندا ، بەڵام سەرەنجام فاکتەرێکیش بووە بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤە کز و بێدەسەڵاتەکان لە بەرامبەر خاوەن هێز و بەدەسەڵاتەکاندا . باتایبەتی لە نموونەی دووەمدا (( مریشکی مریشکان ئیحایە بۆ وشەی شای شاهان یا میری میران کە دەسەڵات و گەورەیی دەگەیەنێ و پەپولەش ئیحایە بۆ ناسکی و بێگەردی بێدەسەڵاتی کە مەبەستەکە مرۆڤە لەچاو ئەو دەسەڵاتە زەبر بەدەستانە ))** [2] **.**

**لە چاپتەری کەڵەشێرە قارەمانەکەدا چیرۆکنووس کەڵەشێر دەکاتە سیمبوڵ بۆ مرۆڤی خۆپەرست و زۆردار و بێئابڕوو کە لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و بەرژەوەندییەکی تایبەتدا ڕێگای ناڕەوا دەگرێتەبەر تەنانەت ئەگەر گەیشتن بەو دەستکەوتانە لەسەر حسابی هاوڕەگەزەکانیشی بێت (( لە گردۆڵکەکەی لەسەری وەستابوو .. ورد بوومەوە ، هەمووی سەر و کەللە و باڵی مریشك بوون !! لە خەونەکەمدا .. بە چاو قوچانێك .. هەموو سەروپێ و کەرەستەی مریشکەکان ، بوون بە کەللە و باڵ و پەراسوی ئادەمیزاد !! کەڵەبابەکەش بابڕی لێ ڕوابوون !! پەڕە سەوز و سورەکانی ببون بە میدالیا ))** [3] **.**

**لە چاپتەری بەهەشتە ون بووەکە .. دۆزرایەوە ! چیرۆکنووس باس لە بێویژدانی و زمان لووسی ئەو مرۆڤانەی کە خەڵکانی سادە و ساکار فریودەدەن . لە هەمان کاتدا ئاماژە بە گەوجی و سەرگەردانی ئەو مرۆڤە ساویلکانە دەکەن کە چارەنووسی خۆیان بە نادیاری و تاریکی دەبەخشن . ئەم مرۆڤە فریودەرە وەك چیرۆکنووسە باسی دەکات ئامۆژگاری خەڵکە ساویلکەکە دەکات و وەعز و ئامۆژگارییان دەداتێ و مژدەی دۆزینەوەی بەهەشتیان پێدەدا . چیرۆکنووس سەرجەم وەعز و ئامۆژگاریی و قسە پڕوپوچەکانی بە ڕشانەوە ناودەبات و (( خەڵکە .. گەندەڵ و سەربەهەشەکان .. کاس و دەم بەشەکان ، قەڕاستەیان .. شل کرد . بۆ ڕشانەوەکە چەمانەوە ))** [4] **. سەرەنجام خەڵکە ساویلکەکە بە پێی خۆیان ، خۆیان بە مەرگ و چارەنووسێکی نادیار دەسپێرن.**

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 174

[2] تالیب محەمەد ئەحمەد ، هێما لە چیرۆکی هونەری کوردیی کوردستانی باشور ( 1761–1791 ) ، نامەیەکی دکتۆرایە پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 2111 ، ل 191

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 174

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 174

لە چاپتەری یەك ڕێگادا پاڵەوان ئیمامی تەلیسماویە و ڕەمزی مرۆڤی زاڵم و دەسەڵاتدارە و چۆنی بوێ ئاوا خەڵکەکە ئاراستە دەکات و بواری بیرکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ نەهێشتوونەتەوە . قسە پڕوپووچەکانی خۆی (( یەکبیری .. یەکگۆیی .. یەك کرداری )) [1] بۆ کردوونە بە باوەڕ کە بە بەهەشت و بەختەوەرییان دەگەیەنێت . بە شێوەیە جڵەوی گرتوون کەچی بوێ وەك ئامێرێکی قورمیش کراو پێیانی ئەنجام دەدات کە (( دەیوت خۆتان ڕاوەشێنن .. هەر یەکەیان لە جێگای خۆی .. دەلەرزی هەڵدەپەڕی سەمایان دەکرد .. خۆیان بادەدا )) [2] . دیارە بێهوودە ئەم کارەیان ئەنجام دەدا ، چونکە (( زمان و چاو و دەستیان هەڵدەوەرین .. مێشکیان دەتکا )) [3] . دواجار چیرۆکنوس وا باسی ئەم مێژوییە دەکات هێزە بە دەستەکان پلان و نەخشەکانیان بۆ دەچێتە ســــەر و (( یەك زمان و یەك دەست و یەك چاو مانەوە ئەویش هی دێوە ئەفسونەکە بوو )) [4] .

لە چاپتەری عاجباتی .. هەشتەم کە چاپتەری کۆتای چیرۆکەکەیە . چیرۆکنووس خەرەکە کۆنەکەی پیرێژن دەکاتە کەرەسەیەك بۆ گێڕانەوەی ڕووداو گەلێکی مێژووی جۆراوجۆر و پاڵەوانی ئەم بەشەش چیرۆکگێڕەوە و دەزگیرانەکەیەتی . پاش ئەوەی کچەکە بە شێواوی (( ڕەنگی هەڵبزرگابوو .. هەردوو چاوی ببون بەیەك ! بیلبیلەی چاوی وەك ساوای تازە لەدایك بوو .. ئەنغا .. ئەنغای دەکرد ! لووتی باڵێك درێژ ببو ، لیکاوی لێ دەڕژا !! دەمی هەتاکو بناگوێی لێك کشابوونەوە )) [5] . دیارە کاریگەری مەسخی کافکا لەم دیمەنەدا ئاشکرا دەبینرێ . کچەکە دەنگوباسی خەڵکی نێو خەرەکەکە بە ورتە بەگوێی دەزگیرانەکەیدا دەدات (( عالەمەکە .. هەر تەنها دیوی دەرەوەیان .. ئادەمیزاد بوو ! هەریەکەیان سەلکی دڕندەیێکی لەسەر ڕوا بوو ! هەندێکیشیان سەری ئاژەڵ .. بارگیر و .. ئەوانەی بۆبێگار و دۆشینن )) [6] .چیرۆکنووس وەك ئاماژەکردن بۆ مێژووی نابەرامبەری و نایەکسانی مرۆڤایەتی ، مرۆڤی بۆ دوو بەرە دابەش کردووە ، یەکەمیان دڕندە و بە دەستەکان ، دووەمیان کز و بێ دەستەکان . تەنانەت دەزگیرانەکەشی لە نێو خەرەکەکەدا وا بینی کە سەرە گایەکی لێ ڕوابوو . لێرەوە لە ئەندێشەی پاڵەوانەوە ، هەندێ بیروباوەڕی

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 176

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 176

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 179

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 179

[5] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 179

[6] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 179

پووچ و بێمانا دەبینین کە سەردەمانێ مێشکی مرۆڤیان پێتەنرابوو (( دنیا .. لەسەر قۆچی گا ڕاوەستاوە )) [1] .

چیرۆکنووس لەسەر زاری کچەکەوە چەندین نموونەی لە دڕندەیی و بێمانایی مرۆڤمان لە درێژایی مێژوودا بەبیردێنێتەوە . ئەو باس لە ئۆدیب دەکات چۆن باوکی لە پێناو دەسەڵاتدا کوشتووە و بیری لە خواستنی دایکی کردۆتەوە . یان کۆشك و باخچە هەڵواسراوەکانی بابل کە هەمیشە وەك یەکێك لە حەوت کارە سەرسوڕهێنەرەکانی دنیا تەماشا کراوە . لە کاتێکدا کەس لەسەر ئەوە هەڵوێستە ناکات کە چۆن (( ئۆمێت بە ڕستەی گوڵ ، بە کۆشکەکەی بابل هەڵواسرابوو ! )) [2] . هەروەها باس لە قەیسەری ڕۆما ژیانی بێمانای خەڵکەکەی دەکات . دواتر باس لە گەورەیی و سەرسوڕهێنەری ئەهرامەکان دەکات کە چۆن بە ڕەنج ماندووبوونێك کە هاوشێوەی ڕەنجە بێمانا و پووچەکەی سیزیفە ، کۆیلەکان بەردەکان بەشان بۆ سەر لوتکەی ئەهرامەکان گوازراوەتەوە و بەردەوام دەسەڵاتیان لەسەر چەوساندنەوەی کۆیلەکانی ژێر دەستیان دامەزراندبوو . دیارە چیرۆکنووس نموونەی دیکەش لە ستەمی مرۆڤ لە مێژوودا دەهێنێتەوە تا بەهێزتر بێمانایی و پووچی ژیان وێنا بکات و ئێستای مرۆڤیش بە بەردەوامی ئەو ستەم و بێمانابیانە دەزانێ . سەرەنجام کە بەخەبەر دێتەوە ئەو باوەڕەمان پێڕادەگەیەنێ (( هەتا کو .. سەر بمێنێ .. قوون عاجباتی دەبینێ )) [3] . بەم شێوەیە محەمە مەولود مەم لە کۆتای چیرۆکەکەیدا ئەوە ئاماژە پێدەکات کە مرۆڤ بوونەوەرێکی نامۆیە لە ژیانی خۆیدا ، چونکە سەرجەم ڕووداوەکانی ژیان بۆ ئەو تێنەگەیشتووە و بە عاجباتی دێنە پێش چاوی .

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 179

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 177

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 177

# چیرۆکی مەرگی نابینێ *

ئەم کورتە چیرۆکە کە بەرهەمێکی نێو کۆمەڵە چیرۆکی ( توێشوی سەفەرێکی سەخت ) ی حوسێن عارفە ، باس لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاوێك دەکات کە چل و پێنج ساڵە ژیانی هاوسەرێتی کۆی کردوونەتەوە . لە چیرۆکەکەدا ئەوە بەدی دەکەین کە ژنەکە نەخۆش و دەردەدارە و ماوەیەکە نەخۆشی لە جێدا خستوویەتی (( هەشت مانگە .. هەشت مانگی ڕەبەق جەخار اه .. ! بەڵام تۆ چیت لەدەست دێت ! چی بکەیت ؟ ))[1] . بێگومان نەخۆشی و کەفتەکاربوون بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بارێکی قورسە بەسەر شانی مرۆڤەوە و دۆخێکی نائارامی دەروونی هەم بەسەر نەخۆشەکە و هەم بەسەر ئەوانەی دەوروبەریدا دەخولقێنێ .

ئەم ژن و پیاوە لەگەڵ ئەوەدا نەخۆشی هێندە ئاسودەیی بۆ نەهێشتوونەتەوە و بێزاری و ماندوو بوونیان ئاشکرا پێوە دیارە ، بەڵام سۆز و میهرێکی زۆر بەرهەمی تەمەنی دوورودرێژی ئەوانە . لە ڕاستیدا ماندووبوون هەندێ لێکدانەوە و هەستی تایبەتی بۆ دروست کردوون ، کە ئێمە لە ڕێی ئەو مۆنۆلۆگانەوە بەدییان دەکەین کەلای ئەم دوو کاراکتەرە دەبینرێن بە تایبەت پیاوەکە .

---

* ئەم کورتەچیرۆکە پێش ئەوەی لەم کۆمەڵەیەدا لە ساڵی 1797 کۆبکرێتەوە ، یەکەمجار لە ژ : 54 ، گ : ڕۆشنبیرە نوێ ، تشرینی یەکەمی 1796 بڵاوکراوەتەوە .

[1] حوسێن عارف ، تویشوی سەفەرێکی سەخت (مەرگی نابینێ) ، چاپخانە : دار السلام ، بغداد ، 1797 ، ل 71

**ئەو کاتەی پیاوەکە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە پاش گفتوگۆیەکی کەم کە (( گلۆپەکەی کوژاندەوە لەسەر جێگاکەی بە گازی پشتیدا ڕاکشا . ژوورەکەی لەبەرچا بووە تاریکستانێك تەوژمی هەستێکی دڵتەنگی ، وەك گەردەلوولێك لە دەروونیدا هەڵی کرد.. داخ تەمەن چەند کورتە ! .. شەست و دوو ساڵ ! .. چاو تروکانێکە . کەی بوو ؟ ئەمڕۆ بەیانی . داخ پێش سەعاتێ بوو . بڕایەوە .. دەبڕێتەوە ؟! جەخارە .. جەخارە .. ناشێ.. ))** [1] **. ئەم جۆرە هەست کردنە بە تێپەڕبوونی شەست و دوو ساڵی تەمەن** ** **بە خێرایی و دواجاریش بڕانەوەیەکی بێشك و ڕووبەڕووبوونەوەی چارەنووس ، بێگومان خۆی لە خۆیدا هەست کردنێکی بەهێزە بە بێهوودەیی ژیان ئەگەرچی کوتوپڕیش دروست بووە . دیارە هەست کردن بە تێپەڕبوونی خێرای تەمەن و پەی بردن بەوەی زەمەن هێزێکی ڕووخێنەرە بە نیسبەت تاکەوە ، هەمان ئەو هەستەیە کە کامۆ لە ئەفسانەی سیزیفدا ئاماژەی بۆکردووە و وەك یەکێ لە سەرچاوەکانی هەست کردن بە بێهوودەیی ناوی بردووە .** [2]

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 74

** شێرکۆ بێکەس لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە سەرجەم کۆمەڵە چیرۆکی ( تویێشووی سەفەرێکی سەخت ) دا ، لە بارەی ئەم چیرۆکەوە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە جیاوازی تەمەنی پیاوەکە بە حەڤدە ساڵ لە ژنەکەی گرفتێکی بۆ دروست نەکردوون و خۆشەویستی و باوەڕیان بۆ پێکەوە ژیانیان ڕێگربووە لە بەرامبەر هەندێ بیرکدنەوەدا ، وەك ئەوەی بیر لە خیانەت و خیانەتکاری بکەنەوە . ئەم لێکدانەوەیە بۆ جیاوازی تەمەنی پیاوەکە لە خێزانەکەی تاهیر محەمەد عەلیشی بەهەڵەدا بردووە لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە سەرجەمك چیرۆکەکانی حوسێن عارف . دیارە ئەوان وایان لێکداوەتەوە کە پیاوەکە تەمەنی شەست و دوو ساڵە کە لە ڕاستیدا ئەمە وایە و لەومۆنۆلۆگەدا لای پیاوەکە ئەوە بەدی دەکەین . خێزانەکەشی چل و پێنج ساڵ. لە کاتێکدا چیرۆکنووس بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بەتەمەنی ژنەکە نەکردووە . ئەو ئاماژە بە چل و پێنج ساڵ تەمەنی پێکەوە بوونیان دەدات (( لەرەی دەنگی ، پوختەی سۆزی چل و پێنج ساڵەی پێکەوە ژیانی پێڕاگەیاند )) ل 75 . ئیدی ئەمان چل و پێنج ساڵی پێەکەوە بوون و پێکەوە ژیانیان لێ بووە بە چل و پێنج ساڵی تەمەنی ژنەکە و ئەمەش کۆمەڵێ لێکدانەوەی دیکەی سۆزداری و خۆشەویستی و ڕەفتار و ڕەوشتی ڕەسەنیان بە دوادا هاتووە ، کە ڕەنگە لەم لایەنەوە هەر لە خەیاڵی چیرۆکنووسیشدا نەبووبێ . بۆ زانیاری زاتر بڕوانە : شێرکۆ بێکەس ، هەستی دوای خوێندنەوەی تویشوی سەفەرێکی سەخت ، گ : بەیان ، ژ 97 ، مایسی 1792 ، ل 19 ؛ هەروەها بڕوانە تاهیر محەمەد عەلی ، لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی حوسێن عارف ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەین کراوە ، ئەیلولی 1771 ، ل 92

[2] بڕوانە : انولد.ب.هنجلف ، موسوعة المصطلح النقدی اللامعقول ، ص49

# چیرۆکی 2 + 2 = 2

ڕەوف بێگەرد هەروەك لە بەشەکانی پێشووتردا ڕوونمان کردەوە چیرۆکنووسێکی دیاری ئەم قۆناغەیە و ئەزموونی قۆناغی پێشووتریشی بینیوە ، بەڵام لەم قۆناغەدا بە گیانێکی نوێ و ویستێکی نوێخوازی و تەکنیکی نوێترەوە ، توانا و ئەزموونی خۆیمان لە هونەری چیرۆکنووسیندا بۆ دەخاتە ڕوو . لە نیوەی دووەمی ئەم دەیەیەدا کۆمەڵە چیرۆکی ( بوار ) پێشکەشی کتێبخانە و خوێنەری کورد دەکات . ئەم کۆمەڵە چیرۆکە کە چەند کورتە چیرۆکێکی لە خۆ گرتووە ، لەگەڵ ئەوەدا تەکنیکی نوێیان تێدا بەکارهێنراوە ، بە ناوەڕۆك و بابەتیش نوێگەری و کاریگەری ڕێبازە ئەدەبییە نوێیەکانی ئەورووپای لەسەر دیارە . لە نێو ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا ئێمە هەڵوێستە لەسەر چەند چیرۆکێك دەکەین کە بەبڕوای ئێمە کاریگەری ئەدەبی بێهوودەیی ئەورووپییان لەسەرە .

لە چیرۆکی ( 2 + 2 = 2 ) بە شێوازێکی فەلسەفیانە ناونیشانی چیرۆکەکە دەخاتە ڕوو . لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس باس لە کاراکتەرێك دەکات ، لاواز و نائومێد و بێهیوایە لە ژیاندا ئاوات و ئامانجێکی دیاریکراوی بۆ ژیان نەماوە . نائومێدی و بێهیوایی ئەو بە ئەندازێکە کە پێی وایە (( ئەم جیهانە بۆ من کونی دەرزییە )) [1] . لە ماڵێکدا ئەم کاراکتەرە

[1] ڕەوف بێگەرد ، بوار ( 1+1=1 ) ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، 1799 ، ل 23

**ژیان بەسەردەبات ، چەشنی کاراکتەرەکە ئومێد و ئاواتی بەردەوام بوونی ژیانی تێدا بەدی ناکرێت . ئەو دیمەنانەی کە چیرۆکنووس لەوماڵەدا وەسفی دەکات ، سەرجەمیان ئەو ئامارژەیە دەکەن . وەك دەریش دەکەویٚ (( دەوروبەر لە پرۆسێسی دروست بوون و پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا دوورە پەرێز نەوەستاوە ، چونکە شتەکان هەروا بە ڕواڵەت سروشتییە ساکارەکەی خۆیانەوە نەهاتوونەتە مەیدان . ئەوان ئەو شتانە نین ، کە لە فەرهەنگدا مانایەکی گشتی وشك و برینگیان هەیە ، بەڵکو ئەو شتانە لە چیرۆکەکاندا گوازراونەتەوە بۆ ناو فەرهەنگی سایکۆلۆژیەت و بیرکردنەوەی خۆیی پاڵەوان ))** [1] **.**
**چیرۆکنووس دیوار و دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەمان بە شێوازیٚ بۆ وێنا دەکات کە بەردەوام بوونی ژیانی تێدا مەحالٚ و کارێکی دژوار بێت (( باران و شیٚ بە درێژایی مەترێك لە بنمیچەکانەوە خۆرەیان خستبووە گەچەکە و ڕەنگی بەرە و بۆرییەکی تۆخ گۆڕیبوو ، بزمار ئەمسەر و ئەوسەری دیوارەکەی کردبووە گۆڕی قولٚ ... دەرگا کەنەفتەکە لەگەلٚ کردنەوەیدا هەرسی دەهێنا و بە دەم هاڕە ناسازەکەیەوە بە پشتا کەوت ، چوارچێوەی تاقە پەنجەرەکە بووبوە پەیکەری ئێسقان و بەرەو ناو ژوورەکە چەمابۆوە ، گلۆپە شەستییەکەش پاش هیلاکییەکی زۆر دوا هەناسەی خۆی دابوو ))** [2] **. پتر لە مانەش (( کە بە بنمیچەکەدا هەڵی ڕووانییەوە جاڵجاڵۆکەکان تەونی پرۆژەیەکی دوور و درێژیان تیا دەکرد ))** [3] **. ئاشکرایە تەونی جاڵجالۆکە ئامارژەیەکی ڕوونی لانەوازی و سەختی ژیانە لە شوێنێکی وادا ، بە تایبەتی کە تەونەکە تەونی پرۆژەیەکی دوور و درێژیش بیٚ . بەواتایەکی دیکە بەردەوام بوونی سروشتی ژیان نەك لە ئێستادا بەڵکو لە داهاتووشدا کارێکی سەختە و جێی ئومێد نییە . بێگومان ئەمەش تێڕوانینێکی ڕەشبینانەیە بۆ ژیان کە بەچڕی لای بێهوودەکانی ئەدەبی ئەورپی دەبینریٚ .**
**ئەم شوێنە هەروەك ئومێدی تیابەدی ناکریٚ ، یادگاری ناسۆر و تاڵیش بە بیر پاڵەوانەکەیدا دێنێتەوە . کە تەماشای ژوورە بەتاڵەکەی بەرامبەری دەکات (( چاوی بە بۆشایی ژوورەکەدا گێڕا ، سوچەکەی بەرامبەری موچڕکێکی ساردی بە لەشـــیا هێنا ))** [4] **و یادی حەمەی هاوڕێی کەوتەوە کە لەژێر تاسە قوڕدا پسا و ئەمی تەنیا کرد. بە درێژایی**

---

[1] کەمال مەمەند ، بوار ڕەخنەو لێکۆڵینەوە ، ل 61
[2] ڕەوف بێگەرد ، ( 1+1=1 ) ، ل 22
[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 22
[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 23

چیرۆکەکە هەر کاتێ ئەم ژوورەی دێتەوە بەرچاو ، ئازار و ناڕەحەتی و غەم و خەفەت بۆ ئەم دەرەنجام دەبێت . ئەوەتا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کە (( چاوی لە ژوورەکە بڕییەوە ، سوچە موچوڕکاوییەکە چەقۆی ئازاری لە مێشکی وەردایەوە ، گەرووی ژەنگی خەمێکی سوری گرت )) [1] .

دیارە ئەم کاراکتەرە ژنێك و منداڵێکی کۆرپەشی هەیە ، بەڵام ژنەکەی نەك هیچ لە تەنیایی ئەو ناگۆڕێ ، بەڵکو تەنیاییەکەی قوڵتر و کاریگەرتر ئەکا ، چونکە ژنەکەی هەمیشە ناکۆك و ناتەبا هەڵسەکەوتی لەگەڵ دەکا . لە ڕاستیدا ئەمەش بۆ خۆی تێڕوانینی تەنیایی و گۆشەگیری مرۆڤی هاوچەرخە لای بێهوودەکانی ئەوروپا . ئەوان پێیان وابوو مرۆڤەکان ئەگەرچی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەکو خێزانیشدا کۆدەبنەوە ، بەڵام هەر دوور و دابڕاو لەیەکتری دەبینرێن [2] .

یادگاری و لێکدانەوەکانی بۆ هاوڕێکەی جۆرێ لە نائارامی وباوەڕ بۆ ئەم کاراکتەرە دروست دەکات کە هەست بە ئامانجێك لە ژیاندا نەکات . ئەو پێی وایە هەمان قەدەری هاوڕێکەی لە چاوەڕوانی ئەمیشدایە . گەرچی لە ئێستادا ڕێگای لەگەڵ حەمەدا جودابۆتەوە و (( ڕێگاکە بووە بە دووان بەڵام لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە )) [3] . لەم لێکدانەوەیەوەیە لای پاڵەوان ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەرچەند لە ئێستادا ئەو دوو مرۆڤە لەیەك دوور بن ، بەڵام مەرگ سەرلەنوێ لە خاڵێك کۆیان دەکاتەوە . ئەم جۆرە ڕەشبینی و نائومێدیە لە بیرکردنەوەدا لە کۆمەڵگایەکدا کە هێشتا پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانی تیا بەهێز دەبینرێ ، بێگومان نەخوازراو و نامۆ دەبینرێن و هەمیشە جێی ڕەخنەی توند و تیژ دەبن . کەمال مەمەند پێی وایە (( گەر ناتەواوی فیکری نەبوایە ، دەشیا ئەم چیرۆکە لە هەموو ڕوویەکەوە ببێتە چیرۆکێکی سەرکەوتوو )) [4] . حەسەن جافیش لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بەم چیرۆکە دەڵێ : (( ڕەمزەکان مارمێلکە ، مێش ، حەمەی کرێکار ، ئەو هێڵانەی لەسەر دیوارەکە قارەمانی چیرۆکەکە دەیکات بۆ ئەوەی بۆشایی ژیانی پێ پڕکاتەوە ، بەکارهێنراون ، بەبێ ئەوەی هیچ ( سیاق ) یا مەبەستێکی قوڵ ( منطق ) بەیەکیانەوە ببەستێ )) [5] . لە ڕاستیدا خۆخەریکردن بە هەندێ لە ڕەفتاری ئاڵۆز و نادیار و کات بە

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 26

[2] بڕوانە : جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و لتناقض ، ص 75

[3] ڕەوف بێگەرد ، ( 1+1=1 ) ، ل 24

[4] کەمال مەمەند ، بوار ڕەخنەو لێکۆڵینەوە ، ل 64

[5] حەسەن جاف ، بوار و مەلەکردن لە دەریای بێ کەناردا ، ل 92

ڕێکردن ، ئاشکرا لەو دیالۆگەدا لە نێوان پاڵەوان و ژنەکەیدا دەبینرێ پاش ئەوەی پاڵەوان هێڵکارییەکی ئالۆز لەسەر دیوارەکە دەکات و ژنەکەی لێی دەپرسێ :

– لە بێکاریدا یاری بە دیوارەکە دەکەی

– بێکاری هەموو دەردێکی پێوەیە ، ئەی چی ئەم بۆشایی ژیانەم پڕدەکاتەوە ؟ [1]

بەکارهێنانی ئەم ڕەمزانە وەك ئەوەی کە حەسەن جاف باسی لێوە دەکات (( بێئەوەی هیچ مەبەستێ بەدەستەوە بدەن )) [2] . ئێمە وای نابینینەوە ، چونکە بەکارهێنانی ڕەمز و سیمبۆڵەکان کەرەسەیەکی ئێجگار گرنگی ئەدەبی ناماقوڵە و زۆر بە فراوانی بەکاردەهێنرێت . ئاشکراشە بەکارهێنانی سیبمۆلەکان لەبەر هەر هۆیەك بێت جۆرێ لە ئالۆزی و تەمومژی دروست دەکات . ئەم دۆخەش بە مەبەست لە ئەدەبی ناماقوڵدا کاری بۆکراوە تا سەختی و ناهەمواریەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ قوڵتر وێنابکرێت . بەو پێیەش کە چیرۆکنووس لە تێڕوانینی ئێمەدا لەم کورتە چیرۆکەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبی بێهوودەیی ئەوروپییەوە ، بەکارهێنانی سێمبۆڵ لای چیرۆکنووس بێمەبەست نازانین ، بەڵکو لە پێناو خزمەتکردنی بیری نووسەر و بابەتی چیرۆکەکەدا بەکارهێنراون . بۆیە کاتێ باوەڕێکی وەك کەمال مەمەند دێتە پێش چاو کە دەڵێ : (( جەنجاڵی و ئالۆزی و بەیەکدا چوونی شتەکان لە مەودایەکی تەسکدا ، وە هاتوو چۆکردنی بەردەوامی حەشەراتەکان دەوروبەرێکی ئالۆز و بلوزیان دروست کردووە و ... بیرکردنەوەی پاڵەوانەکەشیان ئالۆزتر نیشان داوە )) [3] ، دۆخێکی ئاسایی و سیمایەکی دیاری ئەم جۆرە ئەدەبەیە . ئیدی ئەگەر ئەم لێکۆڵەر یان ئەو توێژەر ئەم باوەڕانە کۆك و تەبا لەگەڵ باوەڕەکانی خۆیدا نەبینێتەوە ، ئەوە کارێکە پەیوەندی بە باوەڕ و ئایدۆلۆژییەتی لێکۆڵەرەوە هەیە . یاخود کاتێ ئیبراهیم قادر دەڵێ (( بە ڕەمزکردنی ناونیشانی چیرۆکەکە ، تەنیا چیرۆکەکەی قەبەتر و دوورتر کردۆتەوە لە تێگەیشتن و چێژلێ وەرگرتن )) [4] . ئەوا ئێمە پێمان وایە ناونیشانی چیرۆکەکە بەدەر لەوەی ناونیشانێکی تەقلیدی نییە و سەرنجی خوێنەر پتر ڕادەکێشێ وەك لەوەی وەڕس و بێزارکەر بێت ، لە هەمان کاتدا تێڕوانینێکی فەلسەفیشە بۆ چوون یەکی هەوڵەکانی مرۆڤ لە بووندا . لە نێو ئەم ڕەوشە ئالۆزەدا کاتێ مارمێلکەیەك لە هێڵکارییە ئالۆزەکە نزیك دەبێتەوە بۆ ڕاوە

---

[1] ڕەوف بێگەرد ، ( 1=1+1 ) ، ل 25

[2] حەسەن جاف ، بوار و مەلەکردن لە دەریای بێ کەناردا ، 92

[3] کەمال مەمەند ، بوار ڕەخنەو لێکۆڵینەوە ، ل 64

[4] ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور ( 1791 – 1791 ) ، ل 64

مێش ، لە مۆنۆلۆژێکی چڕ و کورتدا پاڵەوان ئەوەمان پێڕادەگەیەنێ کە (( ڕەنگە ئەویش لەوە گەیشتبێ کە لە ناو ئەو ڕێگە ئالۆزانەدا نێچیر گرتن ئاسانە )) [1] دیارە کە ئەمە لێکدانەوە و تێڕوانینێکی فەلسەفیانەیە بۆ ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ لە سایەی ئەو ڕەوشە ئالۆز و نادیارانەی کە سەرمایەداری بۆ مرۆڤی هاوچەرخی خوڵقاندووە .

خەون و حاڵەتی نائاگایی کەرەسەیەکی گرنگی تری ئەدەبی ناماقووڵە ، چونکە ئەوان پێیان وابوو لێکدانەوە لۆجیکییەکانی مرۆڤ بوو مرۆڤیان بە کارەسات و مەینەتی گەیاند . لێرەشەوە پەنابردنە بەر خەون حاڵەتی نائاگایی و دوورکەوتنەوە لە عەقڵ و هۆش بەو پێیەی کە لایەنی نەست و نائاگایی لە مرۆڤدا پشت بە یاساکانی لۆجیك نابەستێ ، لای پێشەواکانی ئەم ئەدەبە هەڵوێستێکی ڕوون بوو . ئەو کاتەی مرۆڤ نائومێد و ڕەشبین دەبێت بەرامبەر بە ژیان ، خەون بە هۆکارێکی گرنگ دەبینێت بۆ بەدیهاتنی هیواو ئاواتەکانی . پاڵەوانی ئەم چیرۆکە هێندە نائومێد و ڕەشبینە لە تێڕوانینەکانیدا ، مەگەر تەنها لە خەوندا وەك لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ ئاوات بە ژیانێکی باشتر ببینێ . کە (( گەمێی چاوی لە گۆمێکی مەنگا ئارامی گرت . ژورەکان لیك نزیك کەوتنەوە ، نزیکتر ، تا وەك تاپۆ و بوومەلێڵێك لە چاوی زەردەی بەیاندا بوون بەیەك . حەمەی جوانە مەرگیش بە بەرگە شڕ و گەچاوییەکەیەوە بەرەو لای ئەم هات ، نزیك ... نزیکتر ، تا بوون بە دوو ڕووباری یەك سەرچاوە و ڕژانە دەریایەکی فراوانەوە )) [2] . لە ڕاستیدا بێهوودەکانی ئەوروپای پاش جەنگی دووەمی جیهانیش پێیان وابوو بەشێك لە ڕاستی لە خەوندایە و پێیان وابوو واقیع وەك پێویست بە ڕاستییەکانمان ناگەیەنێت [3] ، بۆیە پەنایان دەبردە بەر خەون و حاڵەتی نائاگایی .

---

[1] ڕەوف بێگەرد ، ( 1+1=1 ) ، ل 25

[2] هەما ن سەرچاوەی پێشوو ، ل 26

[3] بڕوانە : نعيم عطية ، مسرح العبث مفهمه وجذوره واعلامه ، ص 415

# چیرۆکی بــــــوار *

ڕەوف بێگەرد لەم کورتە چیرۆکەدا باس لە مرۆڤێك دەکات ، کە دەیەوێ لە ڕووبارێ بپەڕێتەوە . بۆ ئەم کارەش پێویستی بە هێز و بەردەوام بوون و ورەی لە بن نەهاتوو هەیە . بۆیە چیرۆکنووس سیفەتی سیزیفی لە بەردەوامی و کۆڵنەداندا پێبەخشیوە . پاڵەوانەکە هەر زوو پێش هەوڵەکانی پەڕینەوەی لە مۆنۆلۆگێکدا باوەڕەکانی ناخی خۆیمان بۆ بەیان دەکات کە باوەڕی بە ماندوو بوون هەیە و لەم ڕێیەوە بە ئاوات و ئاکام دەگات : (( کە گەیشتمە ئەوبەر بە خۆم ئەڵێم مەزنم ، هەرچەندە چیا و ڕووباری ترم دێتە ڕێ ، دوای ئەوانیش هی تر ، بەڵام من ئەو کەسەم ژیانم بە ڕۆشتنەوە بەستراوە )) [1] . دیارە پاڵەوان ئەم کارە لەبەر بەدەستهێنانی نازناوی خوای دەریا و بەرپەرچدانەوەی ئەو باوەڕەی نەیارەکانی ئەم کارە ئەنجام دەدات کە پێیان وایە شەپۆلێکی هەڵەشەیە و بەرگەی تەوژم و شەپۆلی ڕووبارەکە ناگرێت . هەرچەندە ئەم مرۆڤە باوەڕی پتەوی بەهێزی بە خۆی هەیە ، ئەم باوەڕەشی زیاتر لەوێدا دەردەکەوێ کە دەڵێ : (( هەرچەند تیژ و قوڵ بیت دەتکەمە بوار ،

* ئەم کورتە چیرۆکە یەکەمجار لە ڕۆژنامەی بیری نوێدا لە ژمارە ( 223 ) لە بەرواری 1799/1/9 دا بڵاوکراوەتەوە و دواتر لەناو کۆمەڵە چیرۆکی بواردا لە ساڵی 1799 لەگەڵ کۆمەڵێ کورتە چیرۆکی تردا سەرلەنوێ کۆی کردوونەتەوە .

[1] ڕەوف بێگەرد ، بوار ، ل 43

پەڕینەوەم وەك تیشکی خۆر لەبەرچاوە ))[1] . بەڵام هەموو شتێکی لا ڕوون نییە و لەوە دەچێ باوەڕی بە ڕێکەوت و قەدەریش هەبێ (( لای من هەموو شتێك ڕەنگ ڕشتنی ناوێ ، هەندێ جار ویــــست لەبەردەم ڕێکەوتا کڕنووش دەبا ))[2] . دواتر وەك ئەوەی ڕێکەوت و قەدەر دیارییان پێبەخشی بێ و باوەڕ بە خۆی نەکات (( سەری بۆ خوارەوە دانەواند بە درێژایی بینینی ڕووبارەکە ببوە بوار ، دەستی کردە لەنگەری لەشی و هەڵسایە سەرپێ ، بڕوای بەچاوی خۆی نەکرد ))[3] . ئیبرایم قادر پێی وایە مل کەچ بوونی ویست لە بەرامبەر قەدەردا و باوەڕبوون بە پەڕینەوە وەك تیشکی خۆر ، دوو بۆچوونی دژبەیەکن[4] . ئێمە بڕوامان وایە کە ڕەنگە ئەم دوو بۆچوونە لە کۆمەڵگایەکی دیکەی وەك ئەورپیدا دژ بەیەك تەماشا بکرێن ، بەڵام باوەڕبوون بە قەدەر لای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە کاتێکدا باوەڕی بێ سنووری بە تواناکانی خۆشی هەبێ ، ئەوا دۆخێکی تەواو سروشتییە وەك لەوەی دوو بۆچوونی دژ بەیەك بن.

وەك ئاشکرایە چیرۆکنووس سودی زۆری لە ئەفسانەی سیزیفی ئەلبێر کامۆ بینیوە . پاڵەوانی چیرۆکەکە لە مۆنۆلۆگێکدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە (( من لە (سیزیف) دا خۆم دەبینم بەڵام بە جۆرێکی تر ))[5] . ئەو دەمەی کە لە کەنار ڕووبارەکە وەستاوە بۆ ئاسۆیەکی دوور دەڕوانێ لوتکەی چەند چیایەك لە نێو تەمێکدا بەدی دەکات ، وێکچوون و جیاوازی هەوڵەکانی خۆیمان لەگەڵ سیزیفی ئەفسانەی یۆنانیدا بۆ دەردەخات (( کە گەیشتمە لووتکە تاشە بەردەکە بە کۆڵەوە بوو ، وەك نەمامی دەم ڕەشەبایەك ئەمەندە چەمابوومەوە تەوێڵم بە تاشە بەردەکانی تر دەسڕی ، بەردەکە گلۆر بووەوە ، پشتە چەماوەکەم بە چرکە چرك ڕەنگی نیمچە ڕاست بوونەوەیەکی وەرگرت ، بە شوێنی بەردەکەمدا منیش بەرەو خوار بوومەوە ، ئەوسا خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو ، سکاڵام لای تاشە بەردە لەت تیژەکان دەکرد . دامەوە بە کۆڵما ، بەرەوژوور ، گەیشتمە لوتکە ، کەوتەوە . بە دوایا گەڕامەوە ، ئەمجارەیان کە دام بە کۆڵما پێم ووت : بەردەکە تەنیا ئەمجارەت ماوە بە پشتی چەماوە بمبینی ، تۆیش دوا جارتە چەندە دەتوانی قورستر بە ))[6] . محەمەد فەریق حەسەن پێی وایە : (( نەدەبوو

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45
[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 44
[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 45
[4] ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور ( 1791 – 1791 ) ، ل 121
[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 44
[6] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 44

نووسەر ئەم چیرۆکەی ناو بنایە بوار ، چونکە بابەتەکە کوت ومت میسۆلۆجیای سیزیفە و دەستکردی خەیاڵی خۆی نییە . دەبوا وەك ئەمانەتێکی ئەدەبی ناوی بنایە سیزیف یا ئەفسانەی سیزیف .. شتێ لەم بابەتانە )) [1] . ناوبراو لە پاش ئەوەی کە پاڵەوانی بوار بە سیزیفی کامۆ دەزانێ و پێی وایە کە چیرۆکنووس (( نەیتوانیوە مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵدا بکات و هەر گواستنەوە فۆتۆگرافیە میکانیکییە ڕووتەکەیە ، مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووردا هەروا ئاسان نییە ، تێگەیشتنی تەواوی کەلەپوور و ئێستاشی دەوێ . ئەگینا هیچ پێویستی نەدەکرد پەنابەرێتە بەر کەلەپووری وڵاتان . لای خۆمان گەڵێ بابەتی وەهامان هەیە کە نووسەری لێ هاتوو دەتوانێ بیکاتە پردێك بۆ پەڕاندنەوەی ڕوانینەکانی )) [2] . جارێ وەك لە چیرۆکەکەدا دیارە چیرۆکنووس بۆ خۆی ڕوون و ئاشکرا سیفەتی سیزیفی بە پاڵەوانەکەی بەخشیوە و جیاوازیی ئەو سیفەتیشی لەگەڵ پاڵەوانەکەی خۆیدا ڕوون کردۆتەوە . ئیدی بابەتەکە پەیوەندی بە دزی ئەدەبییەوە نییە تا ناوبراو باس لە ئەمانەتی ئەدەبی دەکات . دواتر کاریگەر بوون بە ئەدەبیاتی جیهانی و سود وەرگرتن لە کەلەپووری بیانی و شاکارە ئەدەبی و هونەرییە مەزنەکانی دنیا ، ئێمە بە کارێکی ناڕەوا و خاڵێکی بێ هێز و لاوازی داهێنانی ئەدەبی نازانین ، ئەوەش ناگەیەنێ بەرهەمە ئەدەبییەکە ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دابێ ، بەڵکو بە خاڵێکی بەهێز و ڕوویەکی گەشی بەرهەمەکە و کرانەوەی ئەدەبی کوردی دەزانین بە ڕووی دنیادا . لە لایەکی دیکەوە پەنابردنە بەر کەلەپووری گەلان ئاماژەیەکی ڕوونی فراوانی ڕۆشنبیری نووسەرەکەیەتی . گۆمان لەوەدا نییە کە گەلانی دنیا لە مێژوویەکی ئێجگار دێرینەوە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەبووە و سودیان لەیەکدی وەرگرتووە . ئەم ڕاستییە لە سەردەمی شارستانییەتە دێرینەکانی وەك میسرییە کۆنەکان و چینییەکان و یۆنانییەکانیشدا دەبینرێت . دیارە ئەم کاریگەرییە بۆ سەردەمی ئێستا ، لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی مرۆڤایەتی ناویەتی لەسەرجەم بوارەکاندا و ئەو ئاستە بەرز و پەرەسەندنە گەورە و سەرسوڕهێنەرەی زانست ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاوی بۆ دەنێت ، بێگومان بەهێزترو کاریگەرتر دەبینرێ . لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکیدا و لای هیچ لە شارستانییەتەکانیش ، دیاردەی سود وەرگرتن لە شاکارە جیهانییەکان و کاریگەر بوون بە کلتور و ڕۆشنبیری جیاوازەوە . وەك خاڵێکی لاواز و نەگێتیڤ تەماشانەکراوە ، تا ئێمە کارگەربوون بە کلتوری جیاواز و شاکاری ئەدەبی و هونەری جیهانی بە لاوازی سەیربکەین .

---

[1] محەمەد فەریق حەسەن ، پاڵەوان لە کۆمەڵە چیرۆکی – بوار – دا ، 24

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 25

ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی نووسینی چیرۆکەکەش بدەین ، دەبینین بەرهەمی قۆناغێکی ئێجگار دژوار و سەختی گەلی کوردە . سەردەمانی پاش هەرەسی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ، مرۆڤی کوردی تووشی نائومێدی بێهیواییەکی زۆر کردووە . بەتایبەتی ڕۆناکبیر و ڕۆشنبیران . بۆیە دەرەنجامی قۆناغەکە (( ئەگەر نووسەر ئەم ئەفسانەیەی هەڵبژاردبێ بۆ هەوێنی چیرۆکێکی ناهەقی نەبووە ، چونکە ئەو نەتەوەکەی وەك پاڵەوانەکە * هاتۆتە بەرچاو ، بەڵام لە ئەنجامیشدا گەشبینەو لە نێو ئەو هەموو داوی جاڵجاڵۆکانەوە بوار دەدۆزێتەوە و سەرکەوتن و وەدەست دەێنێ )) [1] . بە بڕوای ئێمە ئەگەرچی سەختی و دژواری گەلی کورد لەو قۆناغەدا وای لە چیرۆکنووس کردووە کە ڕەنج و تێکۆشانی ڕەوای گەلەکەی بە پووچی و بێمانایی هەوڵەکانی سیزیف لە سەرخستنی تاشە بەردەکەدا بۆ سەر لوتکەی چیاکە بچوێنێ . بەڵام دەبوو تەواو ئاگاداری ئەوە بووایە کە سیزیف بووە بە ڕەمز و سیمبۆلێکی ڕەها و نەگۆڕی بێکەڵکی و پووچی هەوڵەکانی مرۆڤ لە بووندا . مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئەفسانەیەدا و بردنی بە ئاراستەیەکدا کە پێچەوانەی ئاراستەکەی خۆی بێ ، کارێکی تەواو سەرکەتوو نییە . بەڵام دیارە چواندنی کێشە و پرسی نەتەوەیەك بە ئەفسانەیەك کە ڕەمزی پووچی و بێهوودەییە و هیوا و ئاواتی تیا بەدی ناکرێ . کارێکە قورستر لەسەر نووسەر دەکەوتەوە . ئەو کە جۆرێ لە هیواو ئاواتی لە لای قارەمانە سیزیفییەکەی چاندووە ، شەپۆلی ڕەخنە و دەروازەی ناڕەزایەتی بە ڕوودا کراوەتەوە . ئەگەر چواندنەکەی وەك خۆی بووایە ، بێگومان ڕەخنەکان بەهێزتر و دژواتر ئەبوو ! بۆیە دەبینین چیرۆکنووس هیوای پەڕینەوەی بۆ ئەو ئەوبەر ڕووبارەکەی لە دڵی پاڵەوانەکەیدا چاندووە . پاڵەوانەکەی ئەوەمان پێدەڵێ: (( بەردەکە تەنیا ئەمجارەت ماوە بە پشتی چەماویی بمبینیت )) [2] . لە کاتێکدا سیزیف لە جیهانی ژێرەوەدا لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی فەرمانی خواوەندەکان ، بە هەوڵ و کۆششێکی پووچەوە بۆ هەتا هەتایی پشتی بە چەماوەی لە ژێر تاشە بەردەکەدا بە سزای ئەوان دەبینێتەوە . چونکە هەرجارێ نزیك بە لوتکە

---

* مەبەستی ناوبراو لە پاڵەوانەکە ، سیزیفی ئەفسانەی کۆنی یۆنانییە ، کە ڕەمزی پووچی و بێمانایی هەوڵەکانی مرۆڤە لە بووندا و ئەلبێر کامۆ سودی زۆری لێ بینیوە لە تێڕوانینە بێهوودەکانیدا بۆ ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ دواتر ئەفسانەکەی لە چێوەیەکی فەلسەفیدا دایڕشتۆتەوە بە ناوی ( ئەفسانەی سیزیف ) .

[1] ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ، شتێ دەربارەی ئەدەبی بەراورد و ئەم دیاردەیە لە چیرۆکی بواردا ، گ : بەیان ، ژ 57 ، شوباتی 1791 ، ل 23

[2] ڕەوف بێگەرد ، بوار ، ل 45

دەبێتەوە بەردەکە بەرەو خوار خلۆر دەبێتەوە . سەرلەنوێ دەبێ بچێتەوە خوارەوە و پشتی بۆ سەرخستنی تاشە بەردەکە بچەمێنێتەوە .

## چیرۆکی هێشتا هەر چـــــاوەڕوانە

لەم کورتە چیرۆکەدا ڕەوف بێگەرد ، پوورە مەنیج ناوێ دەکاتە پاڵەوان تەنها کاراکتەری چیرۆکەکەی . ئەم ئافرەتە پیرە لە ژێر دارێکی لە خۆی پیرتردا لە چاوەڕوانییەکی بەردەوام و هەمیشەییدایە و (( هەموو ڕۆژێ دارتووە پیرەکە دەبووە سەرینی دوو ئێسقانە دەرپەڕیوەکەی پشتی ، گەڵا شاش و دوور لەیەکەکانی دەکردە سێبەری لەش و مێشکی )) [1] . چاوەڕوانیکردنـــــــی پوورە مەنیج بە شێوازێ بوو کە (( هەرگیز وا دانەدەنیشت ڕووی لە ڕێگا دوورەکە بڕێ کە سنگی ئاسمانی دەنیشتە سەر ، چاوەکانی دەبوونە کارمامزێکی هەستیار و قوڵ قوڵ دەیانڕوانی )) [2] . ڕوانین و چاوەڕوانییەك بەو قوڵییە لە ڕێگا دوورەکە ، ئەندازەی پەرۆشی بێسنووری پاڵەوانی چیرۆکەکەمان بۆ دیدارێکی ناکام بۆ دەردەخات . ئەم چاوەڕوانیکردنە بێهوودەیە سەراپای ژیانی پاڵەوانی تەنیوە . لایەنی کەم ئەو ژیانە کەمەی بە تەمەنی پوورە مەنیجەوە ماوە بە چاوەڕانیکردنەوەی بەستۆتەوە . گەرچی چیرۆکنووس دیاری نەکردووە بۆ کێیە ؟ بەڵام پتر لەوە دەچێ لە چاوەڕوانی کوڕەکەیدا بێت

---

[1] ڕەوف بێگەرد ، بوار ( هێشتا هەر چاوەڕوانە ) ، ل 56

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 56

. ئەم چاوەڕوانیکردنە نەك بەتەنها بیر و هۆشی پوورە مەنیجی داگیرکردووە ، بەڵکو خەون و دنیای نەستیشی هەر چاوەڕوانیکردن و هیوا و ئاوت خواستنە بە دیدارێك کە تاسە و حەز و پەرۆشی ئەم ماوە دوورودرێژەی پێبڕەوێنێتەوە و کۆتایی بەم چاوەڕوانیکردنی تاقەت پڕوکێنە بێنێ . بۆیە (( چاوەکانی دەکەوتنە نەرمە تروکان و بەرە و نیشتن دەچوون . لەو ساتانەدا لە ئاسۆوە باڵندەیەکی سپی گەورە دەردەکەوت ، باڵەکانی بە وردە خاڵی سوور نەخشابوون ، دەفڕی و بەرە و لای ئەم دەهات . پوور مەنیجیش لەگەڵ ڕەوتی ئەودا دەکەوتە ئاسمان ، بەرز و نزم ، دەستی بە گەردن و لەشە نەرمەکەیدا هێنا . لێوە ڕەش و داگەڕاو و تەرەکیوەکانی دەخستە سەر سەری و سەر و مل و دەستی لە پەڕە بەیەکداچووەکانی حەشار دەخست ... کە نزیکتر دەبوەوە و دەیویست باوەشی پیابکا باسکە ڕەق و تەقەکانی دەچەقینە پەراسووی خۆی کە چاوەکانـــــی تەواو دەکردەوە ئەوسا دەیزانـــــی بۆشایی لە باوەش گرتووە )) [1] .

لە ڕاستیدا ئەم چاوەڕوانیکردنە بەردەوامە کە وەك وتمان چیرۆکنووس دیاری نەکردووە بۆ چییە و لە پێناو چیدایە ، چاوەڕوانیکردنە پووچ و بێهوودەکەی فلادیمێر و ئیستراگۆنمان لە ( چاوەڕوانی گۆدۆ ) ی ساموئێل بیکیتدا بەبیردێننەوە کە بەردەوام لە چاوەڕوانی ( گۆدۆ ) ناوێکدان و هەرگیز بە دیداریشی ناگەن . ئەم ( گۆدۆ ) یە کێیە و کەی دێت و چ پەیامێکی پێیە ؟ کۆمەڵ پرسیارێك بوون کە بەردەوام لە بیکیت دەکران ، لە کاتێکدا وەڵام لەلای ئەویش نەبوو . ئەو دەیوت گەر بمزانیایە کێیە و چ پەیامێکی پێیە ، دیارە لە شانۆکەدا باسم دەکرد [2] . کاریگەری ئەم بەرهەمە کە لە کاتی خۆیدا ناوبانگێکی جیهانی بەدەستهێنا ، لەسەر ئەم کورتەی ڕەوف بێگەرد ئاشکرا دیارە . هەروەك حەسەن جاف دەڵێ : (( ئەم چیرۆکە چاوەڕوانییە بێهودەکەی گۆدۆمان وەبیردەخاتەوە )) [3] . لە ڕاستیدا کاریگەرییەکە لە زۆر ڕووەوە بەدی دەکرێت . ئەوان کە لە ژێر دارێکی ڕووتەڵەی بێگەڵا و گۆڵدا چاوەڕوانی گۆدۆ دەکەن ، لێرەش پوورە مەنیج لەژێر پیرەدارێکی گەڵا شاش دا لە چاوەڕوانیدایە . لە هەردوو لاش چاوەڕوانی کردنەکە دیار نییە بۆچییە و تاکەی بەردەوام دەبێ . گەر لای بیکیت کاراکتەرەکان بە ڕەفتار و هەڵس و کەوتی بێمانا و قسەی پڕوپووچ و یاریکردنەوە کات بە ڕێ بکەن ، ئەوا پوورە مەنیجیش چەشنی

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 56 – 59

[2] بڕوانە : موسى السودانى ، دراسات فى المسرحية الحديثة ، منشورات وزارة الاعلام العراقية ، بغداد ، ص 16

[3] حەسەن جاف ، بوار و مەڵەکردن لە دەریای بێکەناردا ، ل 91

ئەوان بە شتی بێ‌ماناوە خۆ خەریك دەكات و كات بەڕێ دەكات . ئەوەتا كە (( خۆر دەكەوتە ناوەڕاستی ئاسمان ، تیشكە شاقوڵییەكەی دەخستە سەر پیرەدار ، نێوانی گەڵاكان دەبوونە كونە مەتەرێز و لیرەی تیشكە گەرمەكەیان بە لەشی پووره مەنیجدا دادەوەری ، ئەویش وەك منداڵێك یاری بە كۆلكە زێڕینە بكات دەستی بۆ دەبردن و دەیویست بیان گرێت )) [1] .

نووسەرانی ئەدەبی ناماقوڵی پاش جەنگی جیهانی دووەم لە ئەوروپادا بەڕووی سەرجەم بنەماكان و یاسا عەقڵییەكانی ئەدەبدا چوونەوە ، چونكە پێیان وابـــــوو (( لۆجیك لە ژیانی هاوچەرخدا بەدی ناكرێ ، لەبەرئەوە وێناكردنی ناماقوڵییەكانی ژیان ، ناكری لە ژێر باری یاسا لۆجیكییەكانی هونەردا بێت )) [2] . بۆیە دەبینین ئەمانە لە بایەخی بنەما سەرەكییەكانی ( ڕووداو ، كات ، شوێن ) یان كەم دەكردەوە و (( هەوڵی كەمكردنەوە لە بایەخ و داماڵینی كات و شوێن لە چەمكەكانی خۆیان ئەدا لە پێناو گەیشتن بە ئەبستراكتیزمدا )) [3] . لەم كورتە چیرۆكەی ڕەوف بێگەردا چەشنی چاوەڕوانییەكەی گۆدۆ ، ڕووداوێك بەدی ناكرێ . هەروەك لە بەشی یەكەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان ڕوون كردووە كە سەختترین دیمەن لەو درامایەدا ڕوونەدانی هیچ شتێكە [4] . بەهەمان شێوە لەم چیرۆكەشدا لە چاوەڕوانی و بەردەوامی چاوەڕوانی كردن بەولاوە ، ڕووداوی بەدی ناكەین . بنەماكانی شوێن و كاتیش بەهەمان شێوە لە نرخ و بایەخیان كەم كراوەتەوە . هەوڵیان داوە شوێنی ڕووداوەكان ( ئەگەر بوونی هەبێ ) زۆر سنوورداربێ . وەك ژێر دارێك یان ژوورێك یان شوێنێكی زۆر دیاریكراو ، كاتیش بە هەمان شێوە دیاریكراوە . كاراكتەرەكانیش لەوە دەرچوون كەسانی زۆر نموونەیی و پاڵەوان بن . دواجاریش دەبینین كاراكتەرەكان كەسانی سادە و یان پیر و پەككەوتەن . دیارە سەرجەم ئەم تێڕوانینانە بۆ ئەم بنەمایانە لەم چیرۆكەدا لای چیرۆكنووس ڕەچاوكراوە . شوێن ژێر پیرەدارێكە (( هەموو ڕۆژێ توە پیرەكە دەبووە سەرینی دوو ئێسقانە دەرپەڕیوەكەی پشتی )) [5] و كاراكتەریش پیرەژنێكی پشت چەماوەی (( لێو ڕەش داگەڕاوی .. باسك ڕەق و تەقە )) [6] . بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆكنووس لەم كورتە چیرۆكەدا ، لە زۆر ڕووەوە لە ژێر كاریگەری بێهوودەیی ئەوروپیدایە . لەلایەك

---

[1] ڕەوف بێگەرد ، ( هێشتا هەر چاوەڕوانە ) ، ل 56

[2] د. محمد مندور ، الادب و مذاهبە ، ص 159

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 161

[4] بڕوانە : سامی خشبە ، كێشەكانی شانۆی هاوچەرخ ، ل 23

[5] ڕەوف بێگەرد ، ( هێشتا هەر چاوەڕوانە ) ، ل 56

[6] هەر ئەو سەرچاوەیە ، 59

**چەشنی چاوەڕوانی گۆدۆ لەبەرامبەر چاوەڕوانییەکی بەردەوامدا دامان دەنێ . لەلایەکی دیکەشەوە ڕەچاوی زۆرێك لە بنەما هونەرییەکانی ئەو ئەدەبەی کردووە ، هەر لە کەم کردنەوەی بایەخ و چەمکەکانی کات و شوێن و ڕووداوەوە بۆ سیمای کاراکتەرەکانی و پەنابردنە بەر خەون و لایەنی نائاگایی .**

## چیرۆکی شــــــــەو

**کورتە چیرۆکی ( شەو ) ی ڕەوف بێگەرد ، یەکێکی ترە لە کۆمەڵە چیرۆکی بوار . چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا باس لە چوار ڕۆشنبیری دەوروبەری هەرەس دەکات ، سیانیان چیرۆکنووسن و ئەوەی تریان شاعیرە . ئەم ڕۆشنبیرانە لە تێڕوانینیاندا بۆ ژیان ڕەشبین و نائومێد دەردەکەون . ئەم چیرۆکە وەك لە کۆمەڵە چیرۆکەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە لە ساڵی 2211 نووسراوە . دیارە ڕووداوە ڕامیارییەکانی ئەو قۆناغە کاریگەری لەسەر تێڕوانینی زۆر لە ڕۆشنبیران هەبووە . گەرچی ئەم ڕۆشنبیرانە لە سەرەتادا خاوەن بیروباوەڕ دەردەکەون بەتایبەتی کە (( سەروبنی باسێکیان هەڵدەپێکا و شییان دەکردەوە ، لێیان زیاد دەکرد ، زیاتر . بچوك دەبووەوە ، بچوکتر ، دەبوو بە هیچ لە پڕێکا وەك چیایەکی سەخت بڕینی ستەم بوو ))[1] . چیرۆکنووس پتر لە تەکنیکێ لە گێڕانەوەدا پەیڕەودەکات ، هەندێ جار لە ئەنجامی شارەزایی زۆری چیرۆکنووس تەنانەت لەبارەی بیرکردنەوەی ناخی کەسەکانی و لە ڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمەوە ، ڕوونکردنەوەی پێویستمان دەداتێ . هەندێ جاریش لە ڕێی مۆنۆلۆگێکەوە کاراکتەر بە لێکدانەوەکانی ناخی ئاشنامان دەکات . هەندێ جاری دیکەش لەڕێی دیالۆگێکەوە لە هەڵوێست و بیروباوەڕی کاراکتەرەکان دەگەین . گومان**

---

[1] ڕەوف بێگەرد ، شەو ، ل 29

لەوەشدا نییە کە چیرۆکنووس (( هەموو تەکنیکەکانی چیرۆك ، بۆ خزمەتی ناوەڕۆك و بیرەکانی بەکاردێنێ ))[1] .

ئەم دەستە کۆمەڵە ڕۆشنبیرە یەکەم جار وەك ڕۆشنبیری خاوەن هزر و هۆش دەردەکەون . بڕوا و متمانەی زۆریان بەخۆیان هەیە ، بڕوا بوونی ئەمان بە خۆیان سەرەتا لەو مۆنۆلۆگەدا دەردەکەوێ کە یەکێ لە ڕۆشنبیرەکان لێکدانەوەکانی ناخیمان پێ ئەڵێ(( ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوان سوسەیان بکردایە دەمێك بوو پاکۆ درابووین ))[2] گەرچی ئەم باوەڕە لای ئەوان ئاماژەیەکی ڕوونی هۆش و بە ئاگایی ئەوان نیشان ئەدات ، بەڵام خاوەن یەك هەڵوێست نین و ڕاڕای و خۆپەرستی ئەمانە هەر لەیەکەم گفتوگۆ و دیالۆگی نێوانیاندا خۆی دەردەخات :

– لە یادماندا وێنەی سێ چیرۆکنووس و شاعیرێك هەڵدەواسن .

– من پاڵەوانێتی دوای مردنم ناوێ .

– ئەی چۆنە خۆم بتانکەم بە وێنەیەکی شیعری و چەپڵەتان لەسەر وەرگرم .

– هەر کەسە و لە چاوی خۆیەوە بۆ شتەمان دەڕوانێ ، تۆیش چاوەڕوانی کەرەسەیەکی نوێیت بۆ کارەکەت .[3]

ئەو کاتەی دەچنە نێو دوکانی کابرا کورتە بنەکەوە و دەکەونە گفتوگۆ لەگەڵیدا و پێیان دەڵێ : (( ئێوە دوا ئاژووی کاوانن و بەدوای کڵاوی بابردووا وێڵن ))[4] . هەر زوو ڕووی ڕاستەقینەی خۆیانمان بۆ دەردەخەن ، کە دەستە ڕۆشنبیرێکی ڕاڕا و بیر مۆڵەقن و زۆر لەو باوەڕانەی تا ئەو کاتە بۆ ئەوان باوەڕ بووە ، ئێستا لێی پاش گەزبوونەوتەوە بە ڕادەیەك کە ئەم سیفەتە زاڵە بەسەر بیرکردنەوە و باوەڕەکانیاندا . تەنها پێکەنینێك ئەوان ئاسودە دەکات و سیمایەکی شپرزەش ئەوان تەواو دەڕوخێنێ و بێورەیان دەکات . ئەو دیالۆگە چڕو کورتانەی نێوانیان واقیعی حاڵی ئەوانمان بۆ بەیان دەکەن :

– هاتینەوە سەر سفر .

– بووینەتە تەرمۆمیترێکی بێگیان ، لە چرکەیەکدا بەرزبوونەوەیەکی بێئامان و هاتنە خوارەوەیەکی بێسنوور .

---

[1] کەمال مەمەند ، بوار ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ، ل 62

[2] ڕەوف بێگەرد ، شەو ، ل 29

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 29

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 27

**- دەبوو سەرەتا بمانزانیایە ئۆتۆمبیلێکی قورمیشین .**
**- ئێستاش بەدوای تراویلکەوەین .** [1]

**ئەم تێڕوانین و لێکدانەوانە لە ئاست هەڵوێستێکدا ، بێکەڵکی و پووچی بوونی ئەم ڕۆشنبیرانەمان بۆ دەردەخەن . کاتێ مرۆڤێ هەست بەوە بکات لە ئۆتۆمبیلێکی منداڵانەی قورمیش کراوە . ئەوە بێگومان گرنگی و بایەخی وك مرۆڤێ لەدەست داوە . مرۆڤێکە ناماقوڵییەکانی دنیا و دەوروبەرەکەی ڕێگەی ئەوەیان لێ بڕیوە کە هەست بە ئامانج و هیوا و ئاواتێ بکات . ئەگینا هەموو دەزانین ئامێرەکان بێهەست و بێسۆز و بێویژدانن . کاتێ مرۆڤێکیش وەك ئامێرگەلێکی بێگیان و بێهەست و سۆزی لێ بێت ، ئەڵبەتە ئەبێ خاڵی لەیکچونیشیان هەر ئەوە بێ . دواجاریش دوای هەست کردن بەوەی کە دوای تراویلکە کەوتوون ، کارێکی پووچ و بێئامانج و بێهوودەیە .**

## چیرۆکی خاڵێك لـــــــــە دوای ژمارەوە *

**چیرۆکی ( خاڵێك لە دوای ژمارەوە ) ی ڕەوف بێگەرد یەکێکە لەو کورتە چیرۆکانەی ئەم قۆناغەیە کە هەر لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە تارمایی بێنرخی و بێبایەخی مرۆڤێکمان دێتە بەرچاو . ئەم کورتە چیرۆکە باس لە مرۆڤێك دەکات کە چیرۆکنووس هەر لەسەرەتاوە لە ڕێگەی وەسفێکی وردەوە بێکەڵکی بوونی ئەومان لە ژیاندا بۆ دیاری دەکات (( هەموو ڕۆژانێکی تەمەنت ئەبێتە گەواڵە هەورێکی ڕەوەند و بەدەم شەماڵی کوێستانەوە تەرە ئەبیت .. دەمێك تۆپێك هەوری و ، جارێکیش دووکەڵێکی سپی باریکیت ، لەگەڵ کزەی شەماڵدا ڕوو لە ئاسۆ دەکەیت پێش ئەوەی ڕووت بە پەنجەی لوتکەکاندا بساویت ڕەشەبا بەرەو شوێنێکی ترت ڕاپێچ ئەدات ))** [2] **.**

**چیرۆکنووس هەر لە ڕێی شارەزای و خوێندنەوەی زۆری خۆیەوە بۆ کاراکتەرەکەی ، نەك پووچی و بێبایەخی ئێستای پاڵەوانەکەی ، بەڵکو هی ڕابرووشی دەخاتـــە ڕوو (( لەبیرتە بەر لە ئێستا تارماییەکی زۆر بچوك بوویت و لە هەڵمی ناو دەمێکی زستانت ئەکرد .. کە**

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 31

* ئەم کورتە چیرۆکە لە ژمارە ( 46 ) ی گۆڤاری بەیان ، کانوونی یەکەمی 1799 دا بڵاوکراوەتەوە . دواتر لەگەڵ هەندێ کورتە چیرۆکی دیکەدا لە ساڵی 1791 لە کۆمەڵە چیرۆکی ( هەوار ) دا چاپی کردوونەتەوە .

[2] ڕەوف بێگەرد ، کۆی چیرۆکەکانی ، ( شەو ) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چ 1 ، سلێمانی ، 2116 ، ل 139

گەورە بوویت ورگت سێبەری پەیداکرد ، ڕێگاکان هەستانە سەرپێ و بواری ئەوەیان نەدایتێ بیان شێلیت ، ڕەوەز و هەڵۆنگوتەکان کەوتنە نفرت لیکردنت )) [1] . دیارە ئەم پاڵەوانەی کە چیرۆکنووس بەو شێوەیە باسی دەکات ، مرۆڤێکی نامۆ و بێزارە لە دەوروبەر و ژینگەکەی خۆی ، چونکە ژینگەکەی خۆی ئەو شـــــارەیە کە (( هاڕەی مەکینە زلەکان و ، ژاوەژاوی کارگەری )) [2] ، ئارامی و ئاسودەیی بۆ ئەم تیانەهێشتۆتەوە . بۆیە لە پێناو دۆزینەوەی ئاسودەیی و بەختەوەری ، دەیەوێ لەو جەنجاڵی و ئاڵۆزییەی شار دوورکەوێتەوە و ڕوو لە سروشت دەکات . لە یەکەمین هەنگاویدا کە چاوی بە سەپانێك دەکەوێ لە سەر خەرمانێك ، پاش وچانێك دەکەونە گفتوگۆ و پرسیاری تەمەن لە سەپانەکە دەکات ، بۆی دەردەکەوێ کە دە ساڵ لەئەو مناڵترە . بەڵام سەرسنگی ئەم (( کێڵگەیەکی پەموو بوو ، قۆزاخەکان دەمیان تیاکردبووەوە )) [3] لە کاتێکدا مووی سپی بەلەشی ئەویان نەوێرابوو . چیرۆکنووس لەسەر زاری پاڵەوانەکەیەوە ، ئەندازەی خێرا ڕۆشتنی تەمەنی مرۆڤمان لەو ژیانە ئامێر ئاسایەی پاڵەوانەکەیدا بۆ دەخاتە ڕوو . ئەلبێر کامۆ لە ( ئەفسانەی سیزیف ) دا کە باس لە سەرچاوەکانی هەست کردن بە بێهوودەیی لای مرۆڤ دەکات ، چەند سەرچاوەیەك دیاری دەکات . یەکێك لەو سەرچاوانە هەستکردنە بە خێرا ڕۆیشتنی تەمەن و لە هەمان کاتدا هەست کردن بەوەی کە تەمەن هێزێکی ڕووخێنەرە [4] . تارمایی ئەو ژیانە جەنجاڵ و وشك و ماشێن ئاسایە تەنانەت واز لە خەونەکانیشی ناهێنێ تەواو لایەنی نەستی ئەوی داگیرکردووە . ئەو کە بە هیوای ژیانێکی هێمنتر ڕووی لە دەشت و دەر و سروشت کردووە ، ئەو کاتەی لەسەر کانییەکی نێو دێیەکە پشوویەك بەجەستە و ورگە زلەکەی دەدات ، دەکەوێتە پڕخەی خەوێکی قووڵەوە (( بەرەو ژاوەژاوەکە ئەگەڕایتەوە ، قرچەی گەرما ئەیکردیتە کولێرەیەکی سوتاو ، بەرەو سێبەرێك پەلت ئەهاویشت . لەپاڵ ئۆتۆمبیلێکدا ئەکەوتیت بۆنی گریس و بەنزین کاسیان ئەکردیت )) [5] .

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بێزاری و ماندووبوونی لە ژینگەی وەڕسکەری شار و لە پێناو بەدەستهێنانی ئاسودەیی ڕوو لە ژینگەی پاك و خاوێنی شار دەکات ، بەڵام هەر زوو ئەوەشی بۆ دەردەکەوێ کە ناماقوڵی و بێمانایيەکانی ژیان لەوێش بە شێوەیەکی دیکە

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 139

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 139

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 139

[4] بڕوانە : انولد.ب.هنجلف ، موسوعة المصطلح النقدی اللامعقول ، ص49

[5] ڕەوف بێگەرد ، کۆی چیرۆکەکانی ، ( شەو ) ، ل 137

دەبینرێت و ئارامی و بەختەوەری بۆ مرۆڤ نایەڵنەوە . ئەو کاتەی بەمەبەستی وچانێك ڕوو لە ماڵە تاریکەکەی ئەوپەڕی دێ دەکات و لەگەڵ پیرێژنە جەرگ سوتاوە تەنیاکەدا دەکەونە گفتوگۆ و ڕاز گۆڕینەوە ، لەپاڵ ئەوەی زیاتر لە سەختی و ناهەمواری ژیانی لە ژینگەکەی خۆی لە سایەی پێشکەوتنە مەزنەکانی شارستانیەت و زانستدا بۆ ڕوون دەبێتەوە ، ئەوەشی بۆ دەردەکەوێ کە لێرەش خۆشی و کامەرانی بۆ مرۆڤ لەسایەی ڕژێمی فیودالیزمدا بوونی نییە . هەر ستەم و زۆرداری ئەو ڕژێمە بوو جێی بە پیرێژن و تاقانە کوڕەکەی لەق کرد ، بەڵام وەك پیرێژن دەڵێ : (( زوڵم و زۆری ئاغا ڕەواندینی ، بەڵام نەمزانی لەو دڵڕەق و بێویژدانتر مەکینەو گۆبەندی شارە )) [1] . لە دیدی پیرێژنی جەرگ سوتاودا کە لە کاتێکدا ناهەمواری و بێویژدانییەکانی ئاغای زۆرداری بینیوە ، بەڵام (( شار ئاسنگەر خانەیەکە بۆ خۆی )) [2] . ئەم باوەڕانە لای پیرێژن لە کاتێکدا زوڵم و ستەمی زۆری ئاغاکانی بینیوە ، بەڵام ناهەمواری ژیان لە شاردا و لە سایەی پێشکەوتنە ناسروشتییەکانی زانست و ڕژێمی سەرمایەداریدا ، قورستر و سەختر دەبینێتەوە ، بەو پێیەی کە ئێستا گەڕاوەتەوە زێدی خۆی ، پتر ئەو باوەڕەکانی پاڵەوان جێگیرتر و بەهێزتر دەکات . بۆیە دەبینین کۆمەڵە دیمەنێکی بێزراو یەکسەر بە مێشکی دەتەننەوە (( ژاوەژاوی گەراجێکی گەورە ، دووکەڵی خەست ، گۆشتی قوتو ، هاڕەی مەکینە ، هەوای بۆگەن ، مرۆڤی بەقورمیش پێگرتوو ، سەروچاوی ناشرینی ماکیاج کراو )) [3] . ئەمانە ئەو دیمەنە تاڵانەی مێشکی پاڵەوانن کە چیرۆکنووس بە تەکنیکی مۆنتاژ خوێنەری پێ ئاشنا دەکات . ئەو هێندە بێزار و وەڕس و نامۆیە بەو دیمەنە ساختانەی شار کە پێی وایە لەوێدا (( خۆشەویستی مردووە ، گۆرانییەکان بێتامن ، نە بۆنی مێخەکی سەرسنگ و بەرۆك ئەکەیت ، نە چاوی پڕ لەکل ئەبینیت ، هەموو شتەکان ڕووکەشن ، چاوی بچوك گەورەیە و ڕوومەتی سیس و زەردیش سورە گوڵێکی بێبۆنە )) [4] . بوونی خۆشی لەم ژیانە نامۆ و بێزراوەدا ، هێندە بێمانا و پووچ دەبینێتەوە کە وا هەست دەکات (( لە عارەبانەیەکی سەرگیراو داین و چاومان بەستراوەتەوە ، نەئەزانین بۆ کوێمان ئەبەن نەسەر لە ڕێگاکەش دەرئەکەین ، زنجیرەیەکین

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 141

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 141

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 141

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل142

بەداوی یەکدا تەنیا ئەوەمان پێسپێراوە لغاوەکەی لــــــــە دەممماندا بگرین و شوێنیان بکەوین )) [1] .

به گەڕانەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە ڕەوف بێگەرد ئەم چیرۆکەی تیانووسیوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە سەرمایەداری ڕەنگە سەرەتاکانی بناغەی خۆی وەك ڕژێمێك لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا داکوتابێ . بەڵام بەو شێوەیەی کە چیرۆکنووس باسی دەکات (( هاڕەی مەکینە زلەکان و ژاوەژاوی کارگەی شار )) [2] ، بێگومان سەرمایەداری لەو قۆناغەدا هەنگاوی وا گەورەی لە پەرەسەندندا نەنابوو . بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم واقیعەی چیرۆکنووس سەبارەت بە ژیانی پێشکەوتووی شار باسی دەکات زادەی خەیاڵی چیرۆکنووسە . لە ڕاستیشدا باس کردنی ڕووداوێ کە هێشتا ڕووی نەداوە و دەشێ لە داهووتوودا بە پێی یاسای پێویستی و شیان ( الضرورة و الاحتمال ) ڕووبدات ، کارێکی دروستە بۆ هونەرمەند [3] . محەمەد فەریق حەسەنیش باس لە سەختی و دژواری بوونی سەرمایەداری بەو ئاستە پێشکەوتووە و فیودالیزم لە هەمان کاتدا لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا دەکات [4] ، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە سەرمایەداری لە نێو هەر کۆکەڵگایەکدا باڵادەست بێ ، ئاسودەیی و ئارامییەکانی مۆرۆ گەر بشمێنن زۆر سنوردار ئەبن . سەرمایەداری ئەوروپی پەرەسەندنە خێراکەی ئەوەی بۆ سەلماندووین کە لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی زیاتری ئەم ڕژێمەدا ، نامۆ بوون و گۆشەکیریش دەبنە سیمایەکی دیاری مرۆڤ لە بری بووە کۆمەڵایەتییەکەی ، چونکە هەر لە بنەڕەتدا نامۆبوون دەرەنجامی قۆناغی سەرمایەدارییە . دیارە چیرۆکنووس ئەگەرچی کاری لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی ئامێری شار کردووە کە دەرهاویشتەی پێشکەوتنی سەرمایەدارە ، بەڵام دەیەوێ ئەوەشمان پێ بڵێ کە لە گەڵ تێپەربوونی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا ، مرۆڤ بە هۆی ناماقوڵییەکانی ژیانەوە نەی توانیوە ئاسودەی بەختەوەری دەستەبەربکات .

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل142

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل142

[3] بڕوانە : ارسطو طاليس ، فن الشعر ، ت : عبدالرحمان بدوی ، دار الثقافة ، بيروت – لبنان ، 1793 ، ص 26

[4] بڕوانە : محەمەد فەریق حەسەن ، پاڵەوان لە کۆمەڵە چیرۆکی – بوار – دا ، ل 24

# چیرۆکی : نێچـــــــیر

**محەمە موکری یەکێکە لە چیرۆکنووسە دیارەکانی ئەم قۆناغە . هەر لەسەرتای قۆناغەکەوە کار و چالاکی نوسینی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەبینرا . سەرەتای هەوڵەکانی ئەو لە چیرۆکنووسیندا ، بە ڕوو کردنە تەکنیکی نوێ و شێوازی نوی بووە [1] لەم ڕووەوە لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکنووسێکی لاوی دیکەدا ، جێدەستیان لە قۆناغەکەدا دیار و ئاشکرایە [2] .**

**کورتە چیرۆکی ( نێچیر ) باس لە مرۆڤێکی نامۆ و تەنها دەکات کە گیرۆدەی لێکدانەوە بە سوێیەکانی ناخی بووە و وەڕس و بێزار دەردەکەوێ . هەر لەسەرتای چیرۆکەکەوە لەوە حاڵی دەبین کە ئەم مرۆڤە کەسێکی ڕۆشنبیرە و لە چینی هەژار و ڕەنجدەریشە (( وەکو چۆن شەو نووخنی و خەم و بیرچوونەوە و بێپارەییم گرتووەتە خۆم ، ئەویش ئاوها دایك ئاسایی دەستی بەسەرا گرتووم )) [3] . بە سەرنج دانێك لە دەوروبەری پاڵەوانەکە ، لەوە**

---

[1] حوسێن عارف ، شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (91) دا ، ل 9

[2] ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور ( 1791 – 1791 ) ، ل 193

[3] محەمەد مەکری ، نێچیر ، مەڵبەندی کۆمبیوتەری تیشك ، چ 2 ، 1779 ، ل 94

دەگەین کە چەند لێکدانەوەکانی ناخی ئالۆزن ، هێندەش دەوروبەرەکەی ئالۆز و شێواو دەردەکەون و سیمای بێزاریی ماندوو بوونیان پێوە دیارە (( چرایەکی کز ، نیوە تاریکی ، بێدەنگی ، سەرما ، دووکەڵی جگەرە ، چەن شووشەیەکی بەتاڵ ، هەندێ کتێبی پەرت و بڵاو ، ڕۆژ ژمێرێکی کۆن هی چەن ساڵێك لەمەوبەر ، یەك دوو لاپەڕەی شیعری گریاو ، دوو سێ وێنەی ئافرەتی ڕووت ، دەستەیەك کاغەزی قومار ، لە ژوورێکی کۆن و بچوکا )) [1] .

چیرۆکنووس ئەگەرچی تەواو پەنجە ناخاتە سەر هۆکارەکانی نائارامی و شپرزەیی پاڵەوانەکەی ، بەڵام هەر لە سەرتاوە ئەوە بەدی دەکەین کە هەژاری و نەبوونی ، خۆشی و ئارامییان بۆ ئەم مرۆڤە نەهێشتۆتەوە . ئەم دۆخە بووە بە مایەی لێکدانەوەی زۆر و دواجاریش بێزاری و هەراسان بوون . پێویستە ئەوەش بڵێین کە نائارامی و بێئۆقرەیی (( ئەنجامی خۆ خواردنەوە و ئەندێشەیەکی گشتییە سەبارەت بەژیان ، نەك خەم و پەژارەیەکی شەخسی ڕۆژانە )) [2] . ئەو بێدادی و ئازارەکانی خۆی لەنێو خەم پەژارەیەکی گەروەتردا دەبینێتەوە . بەردەوامی ئەم حاڵەتە لای پاڵەوانی چیرۆکەکەی تووشی ناڕەحەتی کردووە و هەست دەکات بە چەشنی سیزیف بۆ هەمیشە لە نێو بێدادی و ناماقوڵییەتدا درێژە بە ژیانێکی بێمانا و بێهوودە دەدات (( ئاە .. ئەمشەویش وەکو دوێنێ و پێرێ و پێرار نەمتوانی کارێ بکەم کە شەوگارەکانم لە یەك نەچن )) [3] . بێگومان دووبارەبوونەوەی ژیان وەك خۆی ، هۆکارێکی گرنگی هەست کردنە بە بێهوودەیی ، چ جای ئەوەی دووبارە بوونەوەکە ، دووبارەبوونەوەی ئازار و خەم و پەژارە بێت . بۆیە کە دەبینین سەریش کردۆتە مەی خواردنەوە ، لە پێناو ساتێ دوورکەوتنەوەیە لەو پەژارەو ناڕەحەتییانە ، بەڵام دیارە مەیش دادی نادات و لە توانایدا نییە بۆ چەند ساتێ بە ئارامی و ئۆقرەییان بسپێرێ (( ئاە .. ئەم شەویش مەست نەبووم .. نەمتوانی خۆم بەجێبێڵم و باز بەسەر سێبەری خۆمدا بدەم ، نازانم من زوێر بووم لە عارەق ، یا مەستیم پێڕەوا نابینێ )) [4] . دیارە ئەمانە هۆکاری پێویستن بۆ ئەوەی نرخ و بایەخی ژیان لای ئەم مرۆڤە بێمانا و پووچ بکەن و هەست بە بوونی هیواو ئاوات و ئامانجێك لە ژیاندا نەکات و گاڵتەجاڕانە لەژیان بڕوانێ (( ئەشێ

---

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 94

[2] حوسێن عارف ، چیرۆکی نێچیری محەمەد مەکری و هەڵسەنگاندنێك ، ل 169

[3] محەمەد مەکری ، نێچیر ، ل 94

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 94

جیاوازی ئەم شەو و شەوانی ڕابردووم ئەم وڕێنانە بێت .. پیاح بۆ هەموو تەمەنم وڕێنەکردن نەبووە ؟ )) [1] .

دابڕان و گۆشەگیری ئەم پاڵەوانەی محەمەد موکری ، چەشنی دابڕان و تەنیایی کاراکتەرە بێهوودەکانی ئەورووپایە . ئەوان پێیان وابوو دەرەنجامی بارودۆخە شێواو شپرزەکەی جەنگی جیهانی دووەم ، مرۆڤ لە تەنیایی و گۆشەگیرییەکی سەختدا درێژە بە ژیانە بێ‌مانا و ناماقوڵەکەی دەدا . پاڵەوانی ئەم چیرۆکەی محەمەد موکریش لە تەنیایی و گۆشەگیرییەکدا دەژی کە دەنگی بەکەس ناگات (( ئەی هاوار خەڵکینە .. کێ دەڵێ دەنگم دەگاتە کەس ؟ نا .. نا .. هەموو دنیا کەڕن ..نەخێر.. من لاڵم .. تڕحێو )) [2] بۆیە کە دەنگی بەکەس ناگا و کەس گوێ بیستی نابێ ، دەکەوێتە مۆنۆلۆگێکی هەمیشەییەوە . ئاشکراشە کاتێ مرۆڤ لەگەڵ خوددا کە دەکەوێتە گفتوگۆکردن ، پێویستی بە ڕستەو دەستەواژە و وشەگەلێ نییە چەشی ئەوانەی لە گفتوگۆی ئاشکرا دا مرۆڤ پەنایان بۆ دەبات تا بیان درکێنێ . چونکە سروشتی مۆنۆلۆگ وایە شێواو و پچڕ پچڕ و نادیار دەبینرێ . بۆیە حوسێن عارف دروستی وتوە کە (( شێوەی هونەری لای محەمەد موکری زیاتر مۆنۆلۆگە ، پڕ بە پڕی ئەم جۆرە ناوەڕۆکە شان بەشانی یەکتر دەڕۆن )) [3] . پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دەکەوێتە گفتوگۆ و خۆدواندنێکی ئاڵۆز و نادیارەوە ، لێکدانەوەکانی ناخی پێی دەڵێن کە مرۆڤێکی سەربڕاوە و بوون و نەبوونی هەر یەکە . نرخ و بایەخێك مەبەستێك لە بوون خۆیدا بەدی ناکات (( هێشتا هەر باشە .. ئەوە نییە سەربڕاوی و ماویشی ، ئەخۆی ئەخۆیتەوە .. ئەوە نییە جگەرە ئەکێشی ، ئەوە نییە بۆشاییەکت لەم جیهانـــــە گەورەیەدا پڕکردۆتەوە )) [4] . لێکدانەوەکانی ناخی ئاوی پێ دەڵێن کە دەشچێتە بەر ئاوێنەی ژوورە بچوك و تاریکەکەی ، دیارە لە توانای ئاوێنەکەدا نییە مرۆڤە بێ‌سەرەکەی ناخی نیشان بدات . سەرەنجام لێکدانەوەکانی ناخی و لێکدانەوەکانی ئێستای بەیەکدا دەچن و لە هەڵچوونێکا ئاوێنەکە بە مشتەکۆڵەیەك دەشکێنێ . هێدی هێدی خوێن لە برینەکەی دەستییەوە دادەچۆڕێ تا دوا دڵۆپی خوێن ماڵئاوایی لە جەستەی دەکەن . ئەو پێی وایە (( مەرگ لەگەڵ

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 94
[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 95
[3] حوسێن عارف ، چیرۆکی نێچیری محەمەد مەکری و هەڵسەنگاندنێك ، ل 169
[4] محەمەد مەکری ، نێچیر ، ل 94

هەموو ساتەکانی تەمەندا هاو هەنگاون ))[1] تا دواجار بڕیار بەسەر خۆی و ناخیشیدا دەدات . بە پارچە شوشەیەکی ئاوێنە شکاوەکە سەری لێ دەکاتەوە .

## ئـــــــەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و سەرنج و شیکردنەوەمان لە نێو باس و بەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا ، دەتوانین ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین :

– بێهوودەیی وەك ڕێبازێکی فیکری و ئەدەبی ئەگەرچی ڕەگ و ڕیشەکانی لە قوڵایی مێژوودا دەبینرێن ، بەڵام لەپاش جەنگی جیهانی دووەم لە فەڕەنسا سەری هەڵدا و دواتر بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپیدا بڵاوبووەوە .

[1] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 95

– نووسەران و پێشڕەوانی ئەدەبی بێهوودەیی بۆئەوەی کاری هاوبەش و کۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییان هەبێ وەکو ڕێبازە ئەدەبییەکانی پێش خۆیان ، تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ ژیان کۆی کردبوونەوە کە ژیان و دەوروبەری مرۆڤ بێمانا و ناماقوڵە .

– ناوەکانی ئەبسێرد و عەبەسی و ناماقوڵ و بێهوودەیی و پێشڕەوەکان ، کۆمەڵە ناوێك بوون کە دواتر لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بەسەریاندا سەپێنرا . ئەگینا ئەمان ناوێکی دیاریکراویان لە خۆیان نەناوە .

– ئەدەبی کوردی بە گشتی و چیرۆکی کوردی بەتایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە کوردستانی باشوور ، لە ڕێی کاریگەری ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبییەوە بەم بیروباوەڕە نوێیانە ئاشنابوون و بەناوی تازەگەرییەوە هاتنە ناو ئەدەبی کوردی .

– کورتە چیرۆکی کوردی لە سەرەتای حەفتاکان و لەپاش بەیانی یازدەی ئازار ، گۆڕانی جۆری بەخۆوە بینی و هەنگاوی بەهێزی بە ئاراستەی پەرەسەندندا نا . لە ناوەڕۆکدا هەندێ بیروباوەڕی نوێی وەك بێهوودەیی لەپاڵ بابەت و پرسە گەلێکی دیکەدا بۆ بوون بە بابەت ، لە فۆرمیشدا تەکنیك و شێوازی نوێ بۆ دەربڕینیان دەستەبەر بوو .

– شکستی جاریکی دیکەی شۆڕشی کوردی لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ، جۆرێك لە ڕەشبینی و نائومێدی بۆ ڕۆشنبیری کوردی دروست کرد . دەتوانین ئەمە بە هۆکارێکی گرنگی دابنێن لە چڕ و بەهێز نیشاندانی بێهوودەیی و بێماناییەکانی ژیان لای هەندێ لە چیرۆکنووسان .

– بێهوودەیی لە ئەدەبی کوردی بەگشتی لە چیرۆکدا بە تایبەتی لای هەندێ چیرۆکنووسانمان بە تایبەت ( ڕەوف بێگەرد ، حوسێن عارف ، محەمەد مەولود مەم ) وەك دیاردە دەبینرێت ، بەڵام نەبووە بە ڕێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو .

– چیرۆکنووسان : محەمە مەولود مەم ، حوسێن عارف ، دڵشاد مەریوانی ، سەلاح شوان ، ڕەوف بێگەرد ، محەمەد موکری ، لەو چیرۆکنووسانەن کە بیروباوەڕی بێهوودەییان لە

حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا  لا دەبینرێت ، بەڵام لای ڕەوف بێگەرد بێهوودەیی ، پانتاییەکی گەورەی  بیری ئەوی پێکهێناوە . بەتایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکی بوار دا .

## ســـەرچاوە کوردییەکان :

کتێب /


1- ئازاد بەرزنجی ، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری ، چاپ و پەخشی سەردەم ، هەولێر ، 2116
2- ئەحلام  مەنسور ، بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ( 1791 – 1791 ) ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، 1777
3- ئەلبیر کامۆ ، بەدحاڵی بوون ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە : حەمە کەریم عارف ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2113

4- ئەلبیر کامۆ ، ڕۆمانی نامۆ و لێکدانەوەیەك ، و : حەمە کەریم عارف ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر 2113

5- ئەلبێر کامۆ ، کالیگۆلا ، و : فوئاد عەبدوڕەحمان ، چاپخانەی نەوەرەس ، سلێمانی ، 1794

6- بیر لویس دی ، لێکدانەوەیەك لە مەڕ کامۆ ، و : حەمە کەریم عارف ، چاپخانەی دار الشؤن الثقافیة العامة ، بغداد 2116

9- پۆڵ ستراتێرن ، کیرکەگۆر ، و: ئازاد بەرزنجی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2113 ،

9- پەریز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ( لەسەرتاوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ) ، کۆمپیتەر و چاپی دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، 2111

7- جورج رسل تیلر ، یونسکۆ نموونەیەکی زیندووی شانۆی بێهوودە ، و : یاسین قادر بەرزنجی ، لە چەند باسێکی شانۆییەوە وەرگیراوە ، چاپخانەی : دەزگای ئاراس ، هەولێر ، 2119

11- حەمە سەعید حەسەن ، هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، 2115

11- حوسێن عارف ، بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ( 1725- 1793 ) ، چاپخانەی : ڕۆشنبیری و لاوان ، چ 1 ، بەغداد ، 1799

12- حوسێن عارف ، تویشوی سەفەرێکی سەخت ، چاپخانە : دار السلام ، بغداد ، 1797

13- حوسێن عارف ، کلافەیەك ژانی تووڕە ، چاپخانەی : النعمان ، نەجەف ، 1791

14-حسین عارف ، چیرۆکی هونەری کوردی (1925- 1960) ، دار الحریة للطباعة ، بەغداد ، 1977

15-خورشید ڕشید ئەحمەد ، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی : جاحظ ، بغداد ، 1797

16- دیڤید ماکداول ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، و : ئەبوبەکر خۆشناو ، چاپخانە : وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2115

19- رەزا سەید حسێنی ، قوتابخانە ئەدەبییەکان ، و : حەمە کەریم عارف ، چ 1 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، 2116

19- ڕەوف بێگەرد ، بوار ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، 1799

17- ڕەوف بێگەرد ، کۆی چیرۆکەکانی ، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چ 1 ، سلێمانی ، 2116

21- ڕەوف حەسەن ، کرێکار و چیرۆکی کوردی ، چاپخانەی علاء ، بەغداد ، 1792

21- زاهیر ڕۆژ بەیانی ، چیرۆکی هونەری کوردی ( شێوە و شێواز و بونیاد ) ، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی ، چاپخانەی خانی ، چ 2 ، دهۆك 2008

22- سابیر ڕەشید ، چیرۆکی کوردی ، چاپخانە : ڕۆشنبیری ، هەولێر ، 2115

23- ساموئیل بیکیت ، کۆمەڵە وتارێکی وەرگێڕاو : شۆڕش مجەمەد حوسێن ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2114

24- ساموئێل بیکیت ، کۆتاییی گەمە ، و : مستەفا قەسیم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، 2119

25- ساموئیل بیکیت ، لەچاوەڕوانی گۆدۆدا ، و : ئەحمەد محەمەد ئابلاخی ، چاپخانەی : دار الحريه ، بغداد 1791

26- سامی خشبە ، کێشەکانی شانۆی هاوچەرخ ، و : مەحمود زامدار ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1793

29- شوکریە (د) ، ئەدەبی کوردی هونەرەکانی ئەدەب ، چاپخانەی : زانکۆی سەلاحەدین ، 1797

29- صەباحی غالب ، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ( 1725- 1791 ) ، دار الحرية للطباعة والنشر ، بغداد ، 1797

29-عبدالرزاق بیمار ، پەخشانی کوردی ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1779

31- عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 1799

31- عەلائەدین سجادی ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، 1978

32- عەلائەدین سجادی ، مێژووی پەخشانی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چ : 1 ، هەولێر ، 2111

33- علی تاهیر بەرونجی(د) ، کاریگەری ڕوانگە لە نوێکردنمەوەی شیعری کوردیدا ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، سلێمانی ، 2119

34- عوسمان یاسین ، فردیرك نیتشە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، چ : 1 ، هەولێر ، 2111

35- عومەر مارف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوەی هونەری یان هەڵبزڕکاندن ، چاپخانەی : علاء ، بغداد ، 1799

36-عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوەی بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (1925- 1969) ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ،1978

39- عیزەدین مستەفا ڕەسول(د) ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، بە ڕێوەبەرایەتی چاپخانەکانی خوێندنی باڵا ، بەغداد ، 1797

39- عیزەدین مستەفا ڕەسول (د) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، 1797

37- فەرهاد پیربال(د) ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، دەزگای وەرگێڕان ، چاپخانەی منارە ، چ 2 ، هەولێر 2116

40-فرانز کافکا ، دادگایی ، و : کاروان حەسەن ، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، سلێمانی ، 2117

41- فریدیك نیتشە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، چ :1 ، هەولێر ، 2111

42- کەمال مەمەند میراودەلی ، فەلسەفەی جوانی وهونەر ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، 1797

43- كمال مەمەند میراودەلی ، چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی ، چاپخانەی الحوادث ، بغداد ، 1791
44- کریس کۆچێرا ، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا ، و : حەمە کەریم عارف ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاودێر ، چ 4 ، هەولێر ، 2119
45- مەلەك یەحیا سەلاحی ، هزرە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا ، و: هیوا مەجید ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر 2119
46- مارف خەزنەدار (د) ، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ، المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة ، بغداد 1794 .
49- مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی (1714-1745) ، بەرگی پێنجەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2115
49- محەمەد کەریم هەوامی ، درامای کوردی لە نێو درامای جیهانیدا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2111
47- موراد حوسێن عەباسپوور ، ژیان و کەسایەتی کافکا ، و : ئیسمایل ئیسمایل زادە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، 2119
51- مومتاز حەیدەری و د. شوکریە ڕەسول و د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس ، کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر ، چاپخانە : وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر 2113
51- نەوشیروان مستەفا ئەمین ، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، 1779
52- هیمدا حوسین(د) ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چ 1 ، هەولێر ، 2119
53- هیمداد حوسێن (د)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2119
54- هیمداد حوسێن(د) ، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی کوردی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، 2119
55- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی . سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1979 - 1732 . هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە 2115
56- یاسین عومەر ، کیمیاگەرانی وشە ، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم ، 2116
59- یوجین یونسکۆ ، کورسییەکان ، و : هەورامان وریا قانع ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی 2112

## سەرچاوە عەرەبییەکان

### کتێب /


1- احمد كمال زكى ، دراسات فى النقد الادبى ، دار الاندلس ، بيروت ، 1791

2- ارسطو طاليس ، فن الشعر ، ت : عبدالرحمان بدوى ، دار الثقافة ، بيروت - لبنان ، 1793

3- ارنولد.ب.هنجلف ، موسوعة المصطلح النقدى اللامعقول 5 ، ت: د.عبدالواحد لؤلؤة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ،1797

4- البير كامو ، اسطورة سيزيف ، ت : انيس زكى ، منشورات دار مكتبة الحياة ، بيروت

5- جاك جويشاردنو و جين بيكلمان ، دراسات فى المسرح الفرنسى المعاصر ، ت : شاكر النابلسى ، دار الفكر ، القاهرة ، 1761

6- جورج ولورث ، مسرح الاحتجاج و التناقض ، المركز العربى للثقافة والعلوم ، بيروت

9- حسن سعيد السيد ، الاغتراب فى الدراما المصرية المعاصرة بين النظرية والتطبيق ( 1761-1767 ) ، الهيئة المصرية ، القاهرة ، 1796

9- حسن محسن ، المؤثرات الغربية فى المسرح المصرى المعاصر ، دار النهضة العربية ، القاهرة ، 1797

7- حسين مروة ، دراسات نقدية ، بيروت ، 1796

11- حمادة ابراهيم ، اعمال يونسكو ، وزارة الاعلام الكويتية ، كويت 1799

11- حنا عبود ، مسرح اللامعقول – نظرة فى المؤثرات العامة ، م : موقف الادبى ، اتحاد كتاب العرب ، عدد :81 ، كانون الثانى ، 1978

12- حياة جاسم محمد ، الدراما التجريبية فى مصر (1761-1791) و التاثير الغربى عليها ، دار الاداب ، بيروت ، 1793

13- عطارد حيدر ، مسرح اللامعقول ، اتحاد كتاب العرب ، دمشق ، 1773

14- سامى خشبة ، قضايا مسرح المعاصر ، منشورات وزراة الاعلام العراقية ، دار الحرية للطباعة ، بغداد 1799

15- سامية احمد اسعد(د) ، فى الادب الفرنسى المعاصر ، مطابع الهيئة المصرية العامة ، القاهرة ، 1796

16- سعد عبدالعزيز ، الاسطورة والدراما ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة ، 1766

19- صبرى حافظ ، اللغة واللامعقول فى مسرح يونسكؤ ، م : الاداب ، ع 11 ، اكتوبر 1763

19- عبدالرحمن ياغى ، فى الجهود المسرحية العربية من مارون النقاش الى توفيق الحكيم ، دار الفارابى ، بيروت ، 1777

17- عبدالرزاق الاصفر ، المذاهب الادبية لدى الغرب ، من منشورات اتحاد كتاب العرب ، 1777

21- على جواد الطاهر(د) ، الخلاصة فى مذاهب الادب الغربى ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، 1793

21- عمادالدين خليل ، فوضى العالم فى المسرح الغربى المعاصر ، مؤسسة الرسالة ، سوريا ، 1799

22- عيزالدين مصطفى رسول(د) ، الواقيعية فى الادب الكردى ، دار المكتبة العصرية ، بيروت ، 1766

23- فؤاد دواره ، مسرح توفيق الحكيم ، مطابع الهيئة المصرية العامة ، القاهرة ، 1796

24- فؤاد المرعى و محمد مرشحة ، الادب و النقد فى الغرب ، منشورات جامعة حلب ، 2111

25- كلود ابستادو ، يوجين يونسكو ، ت : قيس خضور ، منشورات اتحاد كتاب العرب ، 1777

26- كولن ولسن ، المعقول واللامعقول فى الادب الحديث ، ت : انيس ذكى حسن ، منشورات دار الادب ، ط 4 ، بيروت ، 1799
29- لطفى فام ، المسرح الفرنسى المعاصر ، الدار القومية للطباعة و النشر ، القاهرة ، 1764
29- ليونارد كابل برنكو ، مسرح الطليعة ، ت: يوسف اسكندر ، دار الكتاب العربى ، القاهرة ، 1769
27- مارتن اسلن ، دراما اللامعقول ، ت : صدقى عبدالله خطاب ، وزارة ارشاد و الانباء ، كويت ، 1791
31- محمد زكى العشماوى ، دراسات فى النقد الادبى المعاصر ، دار النهظة ، بيروت ، 1796
31- محمد عبدالمنعم خفاجي ، مدارس النقد الادبى الحديث ، الدار المصرية اللبنانية ، القاهرة ، 1775
32- محمد غنيمى هلال(د) ، فى النقد المسرحى ، دار النهظة للطبع و النشر ، القاهرة ، 1755
33- محمد مندور ، فى المسرح العالمى ، دار الكتب ، القاهرة ، 1767
34- محمد مندور(د) ، الادب و مذاهبه ، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع ، ط 7 ، مصر- الجيزة ، 2111
35- محمد مندور(د) ، مسرح توفيق الحكيم ، دار النهضة للطبع والنشر ، ط 2 ، القاهرة ، 1766
36- موسى السودانى ، دراسات فى المسرحية الحديثة ، منشورات وزارة الاعلام العراقية ، بغداد ، 1795
39- موسى السودانى ، دراسات فى المسرحية الحديثة ، وزارة الاعلام ، بغداد ، 1795
39- نانسى سلامة ، تاثير ايونسكو على صلاح عبد الصبور فى مسرحيته مسافر الليل ، ت : سامى خشبة ، 1793
37- نجيب محفوظ ، اللص والكلاب ، دار القلم ، بيروت ، **1975**
41- نجيب محفوظ ، ثرثرة فوق النيل ، دار القلم ، بيروت
41- نعيم عطية ، مسرح العبث مفهمه وجذوره واعلامه ، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر ، القاهرة ، 1791
42- نهاد صليحة(د) ، المسرح بين الفن و الفكر ، الهيئة المصرية للكتب ، القاهرة 1795
43- يحيى البشتاوى(د) ، دراسات فى الادب المسرحى ، دار اكندى للنشر و التوزيع ، ط 1 ، 2117
44- يوسف عبدالمسيح ثروت ، دراسات فى المسرح المعاصر ، منشورات مكتبة النهضة ، بغداد ، ط2 ، 1795
45- يوسف عبدالمسيح ثروت ، مسرح اللامعقول و قضايا اخرى ، منشورات مكتبة النهضة ، بيروت _ بغداد

## گۆڤارەکـــــــان


1- ئایدیا ، ژ : 21-22 ، ئازاری 2111

2- ئێستا ، ژ 6 ، تەموزی 1779

3- ئێستا ، ژ 16 ، تشرینی یەکەمی 1779

4- ئێستا ، ژ 19 ، شوباتی 1777

5- بەیان ، ژ 4 ، ساڵی 1970

6- بەیان ، ژ9 ، مایسی 1793

9- بەیان ، ژ 51 ، ساڵی 5791

9- بەیان ، ژ 41 – 41 ، ئازاری 1799

7- بەیان ، ژ 43 ، تەموزی 1799
11- بەیان ، ژ 46 ، کانوونی یەکەمی 1799
11- بەیان ، ژ 57 ، شوباتی 1791
12- بەیان ، ژ 61 ، نیسانی 1791
13- بەیان ، ژ 61 ، ئاداری 1791
14- بەیان ، ژ 97 ، مایسی 1792
15- بەیان ، ژ 111 ، ئابی 1795
16- بەیان ، ژ 111 ، ئابی 1795
19- بەیان ، ژ 133 ، تەمووزی 1799
19- بەیان ، ژ 142 ، نیسانی 1799
17- بەیان ، ژ 147 ، تشرینی دووەمی 1799
20- دەفتەری کوردەواری ، بەرگی 3 ، مایسی 1970
21- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 21 ، ساڵی 1794
22- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 42 ، تەموزی 1795
23- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 49-47 ، مایسی 1796
24- ڕۆشنبیرە نوێ ، ژ 54 ، تشرینی یەکەمی 1796
25- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 55 – 56 ، کانوونی یەکەم 1796
26- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 63 ، ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1799
29- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 65 ، کانوونی دووەم و شوباتی 1799
29- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 66 ، ئاداری 1799
27- ڕۆشتبیری نوێ ، ژ 69 ، نیسان و مایسی 1799
31- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 69 ، حوزەیران و تەمووزی 1799
31- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 67، ئابی 1799
32- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 99 ، تشرینی یەکەم ، 1797
33- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 99 ، کانوونی یەکەمی 1797
34- ڕۆشنبیرە نوێ ، ژ 99 ، تەموزی 1791
35- ڕۆشنبیری نوێ ، ژ 119 ، حوزەیرانی 1799
36- ڕۆژی کورد ، ژ 1 ، ساڵی 1713
39- ڕۆژی کورد ، ژ 2 ، ساڵی 1713
39- ڕۆژی کوردستان ، ژ 55 ، حوزەیران و تەمووزی 1797
37- ڕۆژی کوردستان ، ژ 45-46 ، ئازار و نیسانی 1799

41–ڕوانگە ، ژ 1 ، 1791
41– ڕوانگە ، ژ 2 ، 1791
42– ڕوانگە ، ژ 3 ، 1972
43–سەردەم ، ژ : 22 ساڵی 2112
44– کاروان ، ژ 2 ، تشرینی دووەمی 1792
45– کاروان ، ژ 15 ، کانوونی یەکەم ، ساڵی دووەم ، 1793
46– کاروان ، ژ 17 ، نیسانی 1794
47– کاروان ، ژ 37 ، تشرینی یەکەمی 1984
49– کاراون ، ژ 62 ، کانوونی دووەم و شوباتی 1799
47– کاروان ، ژ 216 ، ئایاری 2116
51– کاروانی ئەکادیمی ، ژ 1 ، ب 1 ، 1779
51–گەلاوێژی نوێ ، ژ 1 ، 1779
52–گەلاوێژی نوێ ، ژ 11 ، 1779
53–گەلاوێژی نوێ ، ژ 2 ، ساڵی یەکەم ، تەمووزی 1799
54– مامۆستای کورد ، ژ : 31 و 31 ، ساڵی 1776
55–نووسەری کورد ، ژ 2 ، س 1 ، نیسانی 1791
56– نوسەری کورد ، ژ 4 ، خولی دووەم ، ئابی 1980
**75**– نووسەری کورد ، ژ 9 ، مایسی 1793
59– نووسەری کورد ، ژ 7 ، ئابی 1793

## ڕۆژنامەکان :

1– کوردستانی نوێ ، ژ : 5197 ، ساڵی 2111
2– کوردسانی نوێ ، ژ 911 ، 16 / 11 / 1774
3–بیری نوێ ، ژ 223 ، 1799/1/9
4– هاوکاری ، ژ135 ، 1792
5– هاوکاری ، ژ : 136 ، 19
6– التاخی ، ع 2119 ، 1795 /7/9

## نامە زانکۆییەکان

### ا : ماستەر

1- تالیب محەمەد ئەحمەد ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود ( مەم ) ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 1773

2- تاهیر محەمەد عەلی ، لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی حوسێن عارف ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 1771

3- محەمەد دلێرئەمین محەمەد ، ڕۆڵی گۆڤاری گولاوێژ لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا ، نامەیەکە پێشکەش کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 1797

### ب : دکتۆرا

4- ئیبراهیم قادر محەمەد ، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا ( 1791- 1791 ) ، نامەیەکی دکتۆرایە پێشکەش بە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 1779
5- تالیب محەمەد ئەحمەد ، هێما لە چیرۆکی هونەری کوردیی کوردستانی باشوور ، نامەیەکی دکتۆرایە پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە ، ساڵی 2111

## سەرچاوە ئەلەکترۆنییەکان :

**1-http://www.banias.net/nuke/html/modules.php?name=News&file=article&sid=3714**
**2-http://www.BBCArabic.com/**
**3-http://www.fononsalamieh.yoo7.com/montada-f5/topic-t129.htm**
**4-http://www.myportail.com/actualites-news-web-2-0.php?id=2557**
**5-http://www.faculty-yu-edu.jo/nassary**
**6-http://www.st-takla.org/**

## چاوپێکەوتنەکان :

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ د . فازیل جاف ، بەرواری 19 / 7 / 2117 لە وەزارەتی ڕۆشنبیری .

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ، بەرواری 2117/11/14 لە کافتیریای ئوتێل ئاشتی .

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوف بێگەرد ، بەرواری 4 / 9 / 2111 لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

# ملخص البحث

ظهر العبثية كمذهب فكري و ادبي بعد الحرب العالمية الثانية نتيجة لدمار و مأساة تلك الحروب . بنيت هذه الفلسفة على اساس اللاجدوى وتفاهة الحياة . ويرى العبثيون بأن الأنسان ضائع ولم يعد لسلوكه معنى فى الحياة المعاصرة ، وهو يسعى بدون جدوى في هذا الكون ولا يفهم معنى وجوده . العبثيون هم مجموعة من المفكرين ليس لديهم عقيدة ولا إيمان بأى شيئ . وكانوا ينظرون بتفاهة و عدم الجدوى لجميع المؤسسات الاجتماعية و الاقتصادية و السياسية .

مع أن الأفكار العبثية و التأملات عن الوجود و العدم ، كان موضع تسائل عند المفكرين و الفلاسفة فى اعماق التاريخ ، ولكن حتى ظهور ( اسطورة سيزيف ) لألبير كامو لم يسنح لهذه الفلسفة إطارا منطقيا . وفى الحقيقة يعتبر كامو اول من استخدم هذه الافكار فى اعماله الادبية . و لم يكن العبثيون فى واقع أمرهم مدرسة او جماعة ، بل كان يجمعهم نظرة فلسفية واحدة الى الحياة ، وهى عبث و تفاهة الحياة . وقد تمرد هؤلاء على المدرسة التقليدية

العريقة و جميع أسس الفنية للأدب ، وقد رأوا ان تصوير اللامعقول فى الحياة لايمكن ان يخضع لقواعد الفن المنطقية .

بدأ تأثيرات هذه المذاهب الادبية الحديثة من فرنسا ثم إنتقل ألى الدول الاوربية الاخرى حتى وصل الى الشرق . وقد تأثر الادب الكردي فى بدايات السبعينات من القرن الماضي تأثيرا واضحا بالافكار العبثية نتيجة للأزدهار الملحوظ فى الحركة الثقافية و الادبية الكردية وإنفتاحها أمام تلك التيارات الحديثة فى ذلك الوقت . ولم يكن كتابة القصة القصيرة بعيدا عن تلك التطورات و التأثيرات . وقد حاولنا فى هذا البحث ان نؤشر و نحلل تلك القصص المؤثرة بفلسفة العبث . فى المنتصف السبعينات من القرن الماضي ، شهد الحركة التحررية الكردية نكسة أخرى . وكان لهذه الضروف السياسية ردة فعل سلبي في الحركة الثقافية و الادبية الكردية . وترك نوعا من التشاؤم فى نظرتهم للحياة . وقد حاولنا ايضا نؤشر و نحلل قصص ما بعد هذه المرحلة التاريخية .

## Summery

After the Second World War , the Absurd was appeared as a an ideological and a literal method as a result of the destruction and the calamity of war in Europe . The main idea of this philosophy came from the bases that life is essentially meaningless. The main supporters of this philosophy believe that man's attempt to understand the meaning of life and also of his existence is futile. Those were a number of people who had no faith in any ideas and in existence. They thought that all the social and political institutions were meaningless. Although man from the early days of history tried to guess the meaning and value of his existence and death, no philosophical opportunity come to light until Albert Camoes wrote his famous book " Le Mythe de Sisyphe " . Indeed Camoes was the first philosopher who dealt with absurd and the meaningless of man's existence in a literary work. In the second half of the last century a great number of famous French writers had also gathered under the same philosophical thoughts and trends, but without having a specific literary manifestation. However, those are considered as the most prominent writers of absurd method who dealt with the meaningless of existence. Those writers stood against all the traditional

principles of art and literature because they believed that it is impossible to analyze the absurd of life through logical rules   of art and literature.

The impact of that modern trend of literature was first started from France and then it spread throughout the other western countries, and soon it oriented towards the east. In the seventies of thee last century the Kurdish literature had witnessed a remarkable development vas a result of the good political conditions .Of course the Kurdish novel, being an important part of Kurdish literature had also been affected by the said political development. We have tried to identify the said novels in order to analyze them particularly as regards the influence of the absurd philosophy.

The setback of the Kurdish national movement in the middle of the seventies of the last century had a negative impact on the Kurdish cultural and literary trend as a result of the disappointment and the frustration the Kurdish writers felt during that time. Similarly, we have tried to explain and analyze the short stories written after the setback under the influence of the psychological feeling and frustration.

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا .

ناو : پ . ی . د . محەمەد ئەحمەد سەعید
بەروار : / / /

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو : پ . ی . د. دڵشاد عەلی
سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا
بەروار : / / /

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت .

ناو :
ئەندام
بەروار : / / /

ناو :
سەرۆکی لیژنە
بەروار : / / /

ناو :
ئەندام
بەروار : / / /

ناو :
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار : / / /

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا

ناو :
ڕاگری کۆلێژی زمان
بەروار : / / /

# پێشکەشـــە بە ...

- دایکی هەمیشە دڵسۆزم

- ڕۆحی پاکی باوك و برا جوانەمەرگەکانم

- سۆمای چاوانم یاد و ئارش و میوان

- سەرجەم دڵسۆزانی زمان و ئەدەبی کوردی

# سوپاس و پێزانین ...

- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێز پ.ی.د. محەمەد ئەحمەد سەعید ( کەساس جەباری ) کە هەمیشە هاندەر و یارمەتیدەرم بووە و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە گرتە ئەستۆ و لەو ڕووەوە هەوڵی زۆری لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیەدا داوە .

-سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ مامۆستایانی بەڕێزم لە کۆلێژی زمان ، کە لە زانیاری و تێبینی پێویست بێبەشیان نەکردووم .

- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێزان کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی زمان و سکرتاریەتی بەشی کوردی کە هاوکاری پێویستیان کردووم

- سوپاسی و پێزانینی زۆر بۆ هاوکاری و ماندووبوونی کارمەندانی کتێبخانەی گشتی چەمچەماڵی بەڕێز ، بە تایبەتی کاك ئامانج کە زۆر هاوکاری کردووم .

- ڕێز و سوپاسی زۆرم بۆ شاعیر و ڕوناکبیر گەورە لەتیف هەڵمەت کە سودی زۆرم لە سەرنج و تێبینییەکانی بینیوە و هاوکاری زۆری کردووەمە .

- سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ مامۆستا ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی کە لە تێبینی و هاوکاریکردنم درێغی نەکردووە

- سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ هەر بە ڕێزێك گەر بە تەنها وشەیەکیش بێ لە هاوکاری کردنم دوو دڵ نەبووە .

# نـــــــــــاوەڕۆك


پێشەكی ............................................................ 1

بەشی یەكەم :  مێژوو و چەمكی بێهوودەیی ........................ 4

مێژووی بێهوودەیی .............................................. 5

زاراوەی بێهوودەیی .............................................. 11

چەمكی بێهوودەیی .............................................. 11

هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ئەدەبی بێهوودەیی ........................ 13

تایبەتمەندییەكانی ئەدەبی بێهوودەیی ............................ 13

شێوەكانی بێهوودەیی .............................................. 44

بەشی دووەم : سەرهەڵدانی بێهوودەیی لە ئەدەبی عەربی وكوردیدا.......... 44

سەرهەڵدانی بێهوودەیی لە ئەدەبی عەرەبیدا ......................... 45

بزوتنەوەی ئەدەبی كوردی لە حەفتاكانی سەدەی بیستەم ................. 51

چیرۆكی هونەری كوردی لە حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا .................33

بەشی سێیەم : بێهوودەیی لە چیرۆكی هونەری كوردیـــی كرمانجی خواروودا
( 1794 – 1794 ) ................................................ 94

بەیانی یازدەی ئازارو كرانەوەی چیرۆكی كوردی بە ڕووی جیهاندا .......... 91

بێهوودەیی لە چیرۆكی كوردی پاش بەیانی یازدەی ئازار .................. 95

چیرۆكی ئەوەی زوو ئەمرێت .. ؟ ......................................... 99

چیرۆكی قووچكە ...................................................... 94

چیرۆكی سەرەتاو دوایی ............................................. 93

چیرۆكی خوویەكی پووچ ............................................. 95

چیرۆكی ئەندێشەی مرۆڤێكی سەوداسەری دوا هەواڵی ئەم جیهانە جەنجاڵە .... 74

چیرۆكی دان هێڵ و .. شتی تریش ...................................... 69

چیرۆكی گەڕیدە ...................................................... 66

هەرەس و كاریگەرییە نەرێنییەكانی لەسەر چیرۆكی كوردی.............. 101
چیرۆكی ئەی دوای ئەوە ؟ ................................................ 143
چیرۆكی عاجباتی هەشتەم .................................................149
چیرۆكی مەرگی نابینێ .................................................... 113
چیرۆكی 1 + 1 = 1 ............................................................ 114
چیرۆكی بـــوار ............................................................ 117
چیرۆكی هێشتا هەر چاوەڕوانە .......................................... 131
چیرۆكی شەو ................................................................ 133
چیرۆكی خاڵێك لە دوای ژمارەوە ........................................ 139
چیرۆكی نێچیر ............................................................. 113
ئەنجام ......................................................................... 115
سەرچاوەكان ................................................................ 119
كورتەی نامە بە زمانی عەرەبی
كورتەی نامە بە زمانی ئینگلیزی